# فەلسەفەی هیگڵ

عبدالفتاح الدیدی
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:
ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل



وا باشە لەو دەسپێکەدا پێکهاتەی فەلسەفەی سروشتی هیگڵ بخەینە ڕوو، چونکە بەردەوام هەر کەسێك لەو فەلسەفەیە نزیك کەوتبێتەوە، ناچار بووە تەماشای بکاتو لێی ڕابمێنێت. ئەو تەماشاکردنەش جۆرێك لەپۆلێنکردن دەخوازێت، ئەو پۆلێنکردنو دابەشکردنەش کارێکی ئەوەندە مەترسیدار نییە، بەڵکو کارێکی ئاساییەو لەگەڵ ئەو فەلسەفەیە دەگونجێت، چونکە پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیەو ئامانجەکانیشی ڕووەو ئەوە

دەچن.ڕەنگە وا باشتر بێت بۆ فەلسەفەی هیگڵی، لەبریوشەی دابەشکردن، وشەی "مانا — **THEMA**" بەکار بێنین، دەڵێم واباشترە بگوترێت فەلسەفەی هیگڵی لەسێ مانای سەرەکی پێکدێت — وەکو ئەوەی د. عبدالرحمن بدوی کاتێك لەکتێبێك لەبارەی شیلنگ قسە لەسەر هیگڵ دەکات — کاتێ د. بدوی دەڵێت فەلسەفەی هیگڵ لەسێ مانای سەرەکی پێکدێت، ئەوە زۆر ورد بووە لەتێگەیشتن لەو فەلسەفەیە، چونکە بەشەکانی ئەو فەلسەفەیەی لەوێنەی جیاجیادا کۆنەکردۆتەوە، بەڵکو بەیەکەوەژیانی کۆ کردۆتەوە.

ڕێبازی هیگڵ لەو سێ مانا سەرەکییە پێکدێت:

٢) ئایدیا — بیرۆکە **DIE IDEE**

٢) سروشت **DIE NATUR**

٣) ڕۆح **DER GEIST**

ئەم سێ مانایەش بەیەکەوە بۆ یەك مانا دەگەڕێنەوە کە بیرۆکەی ڕەهایە. بیرۆکەی ڕەهاش لای هێگڵ ئەو خودە هەمەکییەیە کە هەموو شتێك ڕێکدەخات. هەموو شتێکیش تەنیا بریتییە لەگەشەکردنو پێشڤەچوونێکی دیالیکتیکییانەی ئەو بیرۆکە ئەسڵییە. ئەو خودە هەمەکییەش هەمان مانای بیرۆکەو وێناندنی هەیە لای هیگڵ. مانای ئەڵمانی وشەی بیرۆکە — **BEGRIFF** مانای گشتیو هەمەکیو ئیدراکی

تەواوە، ئالێرەوە "وێناکردن" وشەیەکە مانای گشتیو هەمەکی دەگەیەنێت. بۆیە وێناکردنی هیگڵی بریتییە لەهەمەکییەتێك کە هەموو دەستنیشانکراوەکانی لەنێو پێشڤەچوونی دیالیکتیکیدا رێکدەخرێتو لەخۆیانەوەیان دەگرێت. بۆیە وێناکردن بەرەهایی عەینییە. ئەوەش گرنگترین توخمی نێو ئەو مەسەلەیەیە. خودی بیرۆکە خۆی بەدیهێنانی تەواوی وێناکردنە، کەواتە یەکێتی ڕەهای وێناکردنو بابەتییە. ئالێرەوە مانای ئادیالیزم لای هیگڵ پەیوەستی مانای بابەتگەرایی بووە. وجود هیچ کاتێك ناگاتە مانای حەق، تەنیا ئەگەر بیرۆکە یەکێتی نێوان وێناکردنو واقیع بێت. بەوەش، وجود دەبێتە بیرۆکە، نەتەنیا بەمانا گشتییەکەی وجودی ڕاستەقینەی یەکێتی نێوان وێناکردنو حەقیقەتی واقیعی، بەڵکو بەمانایەکی وردتر لەوەش، ئەویش یەکێتی وێناکردنی خودیو بابەتییە.

بیرۆکە بریتیە لەڕەها کە سێ قۆناغ لەخۆیەوە دەگرێت لەسێ چرکەساتدا کە ئەوانەن: ڕەوشو نەفی ڕەوشو پێکهاتەی ڕەوشو نەفییەکەی. دەکرێت بەو شێوەیەش گوزارشت لەو چرکەساتەنە بکرێت: بابەت ــــ **THESIS**و دژە بابەت ــــ **ANTITHESIS**و لێکدراوێك لەبابەتو دژەکەی ــــ **THESIS**، لێکدراو لەڕێگای بەرزکردنەوە ــــ **AUFHEBEN** ــــ ەوەی هەریەك لەبابەتو دژەکەی.

ئەگەر ئەو چرکەساتانە وەکو قۆناغێك وا بن لەنێو بیرۆکەدا، ئەوە بەهەمان شێوەشن لەنێو هەریەك لەسروشتو رۆحدا. بیرۆکە بریتییە لەهەموو ئەو مانایانە: بیرۆکەو سروشتو رۆح. ئەو دیالیکتیکەی کە لەنێو بیرۆکەدایە، لەنێو سروشتو رۆحیشدایە. ئەوەی لەنێو بیرۆکەدا ڕوودەدات لەنێو هەر سێ مانادا ڕوودەدات: بیرۆکەو سروشتورۆح. هیچ گواستنەوەیەك بەدی ناکرێت لێرەوە بۆ ئەویتریان، یا لەئەویتریانەوە بۆیەکێکیتر. ئەوانە سێ مانان بۆ خودی بیرۆکە. بیرۆکە خۆیشی بریتییە لەبیرۆکەو سروشتو رۆح. بیرۆکە بریتییە لەبیرۆکەی پەتیو بنچینەی هەموو بوویێکی سروشتیو رۆحییە، ئەوە خۆیەتی کە لەخودی خۆی دەردەچێتو جارێکی تر خۆی لەسەر شێوەی سروشت لەنێو کاتو شوێندا پیشاندەدات. جارێکی تریش دەگەڕێتەوە نێو خۆیو لەڕێگای ئیستیلابەوە ــ گۆڕانی بۆ سەر شێوەو خودێك کە خۆی نەبێت ــ لەشێوەی رۆح یا عەقڵێکی ڕاستەقینەو هزرێکی هەستکردوو بەخودی خۆیدا دەردەکەوێتەوە.

لەبەرانبەر ئەو سێ چرکەساتەدا، هەر سێ بەشە ناسراوەکەی فەلسەفەی هیگڵی دێت: لۆژیك، فەلسەفەی سروشت، فەلسەفەی رۆح یا عەقڵ.

تەنیا لێرەدا ڕاستە ئەگەر وشەی بەش بەکاربێنین لەبەرانبەر سێ ماناکەی پێشووتردا و لەبەرانبەر سێ چرکەساتەکەی دیالیکتیکدا. جگە لەو سێ بەشەی کە فەلسەفەی هگێلی پێکدێنن: لۆژیك و سروشت و ڕۆح، هەڵەیە گەر وشەی بەش بەکاربێنین، چونکە وشەی بەش، گوزارشت لەبوونی جیاوازی و ناکۆکی و دابڕان دەکات، تەنانەت لێرەش لەنێو ئەو بەشانەشدا، لۆژیك دەبێتە سیستەمی دەستنیشانکردنی پەتی هزر بەشێوەیەك زانستە فەلسەفییەکانیتری وەکو سروشت و فەلسەفەی عەقڵ وا دەردەکەون وەکو ئەوەی ئەوانیش لۆژیك بن. لۆژیك ڕۆحێکە باڵی بەسەر ئەو بەشانەشدا کێشاوە، وەکو ئەوەی بابەتی لۆژیك خودی بابەتی سروشت و فەلسەفەی عەقڵیش بێت. بەڵام عەقڵ بەشێوەیەکی پەتی لەنێو لۆژیکدایەو بەشێوەیەکی شاراوەش لەنێو فەلسەفەی ڕۆحدا جێگیرەو هیچ کەسێکیش کە لەفەلسەفەی هیگڵ بکۆڵێتەوە پێویستی بەوە نییە لەو زانیارییە سەرەتاییە ئاگادار بکرێتەوە.
نووسەر دەتوانێت لەکاتی خستنەڕووی فەلسەفەی هیگڵ ـ یدا هەر لەسەر ئاستی سێ ماناکە کار بکات و بمێنێتەوە، بیرۆکەو سروشت و ڕۆح، بەبێ ئەوەی ناچار بێت خۆی پەیوەستی بەشە ڕاستەوخۆکانی ئەو مانایانە بکات. واتا نووسەر دەتوانێت شرۆڤەی فەلسەفەی هیگڵ بکات و خۆی لەبنەمادا پەیوەستی ئەو سێ مانایە بووبێت، بەبێ ئەوەی بچێتە نێو جیاکاری بابەتی نێوان بەشەکانی فەلسەفەو سێ بەشەکەی هیگڵ: لۆژیك و سروشت و ڕۆح. بۆیە لێرەدا مانا گشتییەکان لەتەرتیبی گشتی دەمێننەوەو لەگەڵ ئەوەی دەستنیشان ناکرێن بەوانەی ڕاستەوخۆ لەنێو زانستە فەلسەفییەکاندا دێنە بەرانبەریان، بۆ ئەوەی بتوانێت ئازاد بێت لەنمایشکردنی بابەتەکان و بتوانێت ئەو فەلسەفەیە لەنووسەرو خوێنەران نزیك بکاتەوەو کێشەکانیش بەشێوەیەکی سووك و سانا بخاتە ڕوو. هەر واشم کردووە لەنێو کتێبەکەی تری خۆمدا" هیگڵ" کاتێك هەڵسام بەنمایشکردن و خستنەڕووی فەلسەفەی هیگڵ بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەلایەنی سەمتی گشتی فەلسەفەکەوە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵمداوە لەڕوانگەیەکی نوێوە پێشکەشی بکەم کە ڕوانگەی مێژووە. بۆیە هاتم پێوەندی هزری هیگڵ ـ یم بەبابەتی هەمەکی نێو ئایینی مەسیحی گرێداو لەڕوانگەی تێڕوانینی هیگڵ بۆ مێژوو وەکو نمایشکردنێکی سەرەتاییانە خستە ڕوو تاوەکو لەلایەك ئاستەنگییەکانی نێو هزری هیگڵ ئاشکرا بکەین و لەلایەکی تریشەوە دەستنیشانی چەمکی مێژوو بکەین وەکو شادەماری بنچینەیی ئەو فەلسەفەیەو ئەو بنەمایەی کۆنترۆڵی کیانەکەی

کردووه. دواتریش هاتم هەمان نمایشی تەقلیدیم پیادە کرد: لۆژیك‌و سروشت‌و رۆح.
کێشەیەکی تریشم تووش هات کاتێك کتێبەکەی پێشووترم دەخستە ڕوو، هەر لەسەرەتاشەوە هەوڵمدا هەڵوێستێکی دیاریکراوی لێوەربگرم بەشێوەیەك ئەو بەهای ئەو ڕاڤەکردنە پیشان بدات کە من دامهێنا لەتێڕوانین لەهیگڵ ـــ دا.
ئەو کێشەیەش کێشەی گواستنەوە بوو لەلۆژیکەوە بۆ سروشت‌و بۆ رۆح، چونکە ئەو دووانە دوو بەشن، یا دوو بەشی تەواو جیاوازن لەبەشی یەکەم لەنێو فەلسەفەی هیگڵ ـــ یدا.
ئێمە لێرەدا قسە لەبارەی سروشت‌و رۆح ناکەین وەکو ئەوەی مانابن لەنێو فەلسەفەی هیگڵ ـــ دا، بەڵکو وا باسیان دەکەین وەکو ئەوەی بەش بن، فەلسەفە بن لەنێو چوار چێوەی فەلسەفە گشتییەکەی، قسەکردن لێرەدا لەبارەی فەلسەفەی سروشت‌و فەلسەفەی رۆحە.
لۆژیك وەکو بەشێك یا لقێك لەفەلسەفەی هیگڵ بایەخ بەبیرۆکە پەتییەکان یا وتەزاکان دەدات. زانستی لۆژیك هەوڵدەدات ئەو بیرۆکە پەتییانە لەیەکتری هەڵبهێنجێت. کەچی ڕۆڵی فەلسەفەی سروشت‌و فەلسەفەی رۆح لەلای هیگڵ زۆر ڕوون‌و تێگەیشتراو نییەو هەرگیز بە شێوەیەکی کۆتاییش ڕوون نەبوو، یا ئەوە بۆچوونی ئەوکەسانەیە کە بەشێوەیەکی قوتابخانەییانە شرۆڤەی هزری هیگڵ دەکەن. بۆیە بەردەوام کێشەکەیان کێشەی گواستنەوە بووە لەلۆژیکەوە بەرەو سروشت یا رۆح. مەبەستم فەلسەفەی سروشت‌و فەلسەفەی رۆحە. بێگومان پێشیان وایە کە گواستنەوە لەفەلسەفەی لۆژیکەوە بۆ فەلسەفەی سروشت یا فەلسەفەی رۆح کارێکی گەلێگ قورس‌و زەحمەتە، چونکە گواستنەوەیە لەچوارچێوەی هزری پەتییەوە بۆ چوارچێوەی شتە عەینییەکان.
کاری فەلسەفەی سروشتی نییە بایەخ بەشتە ئەپستراکتە پەتییەکان بدات، شتی وەکو بوون‌و هۆکارو جەوهەر، بەڵکو تەنیا بایەخ بەوشتانە دەدات کە بەکردارەکییانە بوونیان هەیە، شتی وەکو مادەو ڕووەك‌و ئاژەڵ. فەلسەفەی رۆحیش لەلایەنی خۆیەوە بایەخ بەشتە کردارەکییە هەبووەکانی نێو جیهان دەدات، عەقڵی خەڵك‌و ڕووداوەکانیان‌و سیستەم‌و بەرهەمی هونەری‌و ئایین‌و فەلسەفەیان.
لەنێو سیستەمی هیگڵ ـــ یدا، گواستنەوە لەفەلسەفەی سروشتەوە بۆ فەلسەفەی رۆح، مانای گواستنەوەیە لەهزرو بیرۆکەوە بۆ شتەکان، ئەوەش چرکەیەکی سادە نییە لەنێو ئەو سیستەمەدا، چونکە زیاتر لەهەڵهێنجانی لۆژیکی دەچێت لەنێو خودی زانستی لۆژیکدا، بۆیە دەگوترێت کە ئێمە لەوحاڵەتانەدا ڕوو

بەڕووی بازدانێکی ئەستەم دەبینەوە لەبیرۆکەوە بۆ شتەکان. هەر لەوبارەیەوە گوتراوە کە ناکرێت هیچ شتێك لەبیرۆکەو هزرەکان هەڵبهێنجێنرێت، تەنیا هەندێك بیرۆکەو هزری تر نەبێت، هیچ شتێك لەبیرۆکە هەڵناهێنجێنرێت تەنیا بیرۆکە نەبێت. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی گریمانی ئەوە دەکات کە هزری مرۆڤ دەتوانێت لەنێو سیستەمی هزرە ئەپستراکت بووەکاندا شتی جامدی وەکو کورسیو سەیارە هەڵبهێنجێت، لەو گریمانە دەچێت کە پێی وایە دەکرێت لەنەبوونەوە شت بەرهەم بێتو بێتە بوون.

لەنێو چوارچێوەی لۆژیکدا دەکرێت وتەزایەك لەیەکێکی تر هەڵبهێنجرێت، ئەوە کارێکی ڕاستو دروستە مادام هزر لەنێویدا جێگیر بووەو سوورە لەسەر بەرهەمهێنانی هزرو بیرۆکەیەك لەیەکێکی تر. بەڵام بانگەشەکردنی ئەوەی کە دەکرێت هەندێك شت لەنێو هزری ئەپستراکتدا هەڵبهێنجرێتو بێتە دی، وەهمێکی ناماقووڵە. دەبێت هیگڵ ــ یش هەر وای کردبێت کاتێك لەلۆژیکەوە چووە سەر فەلسەفەی سروشت.

بەڵام مەسەلەکە تەواو جیاوازە کاتێك لەوبارەیەوە دەگوترێتو ئەو ئاستەنگییانەی دێتە پێشی. مەسەلەکەش پێویستی بەبازدان نییە لەهزرەوە بۆ شتەکان بەو مانایەی خراوەتە ڕوو، فەلسەفەی سروشتو فەلسەفەی رۆح بایەخ بەشتە جوزئییەکان نادەن، بەڵکو تەنیا بایەخ بەهزرەکان دەدەن. هیگڵ ـــ یش لێرەدا وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی شتەکان لەهزرو بیرۆکە هەڵبهێنجێت. کەچی لەواقیعدا ئەو سروشت هەڵناهێنجێت، بەڵکو بیرۆکەی سروشت هەڵدەهێنجێت. بەگوزارشتێکی تر، هیگڵ لەڕێگای ئەو هەڵوێستەیەوە نایەوێت سروشت لەبیرۆکە هەڵبهێنجێت، بەڵکو تەنیا گەرەکییەتی بیرۆکەی سروشت هەڵبهێنجێت.

دەتوانین لەنێو فەلسەفەی سروشتدا لای هیگڵ تێبینی ئەوە بکەین وەکو ئەوەی ئەو ئاژەڵ لەڕووەك هەڵبهێنجێت، کەچی لەڕاستیدا ئەو بیرۆکەی ئاژەڵ لەبیرۆکەی ڕووەك هەڵدەهێنجێت. ئەگەر هیگڵ لەنێو فەلسەفەی رۆحدا کۆمەڵی مەدەنی لەخێزان هەڵدەهێنجێتو دەولەتیش لەکۆمەڵی مەدەنی، ئەوە ئەو تەنیا بیرۆکەی ئەو سیستەمانە لەیەکتری هەڵدەهێنجێت. نابێت هەرگیز ئەوە لەیاد بکەین کە هیگڵ لێرەو لەوێ تەنیا مامەڵە لەگەڵ هزرو بیرۆکەکان دەکاتو لەوانە زیاتر بایەخ بەهیچی تر ناداتو هەرگیز شتێکی تری لا گرنگ نییە تەنیا هەڵهێنجانی بیرۆکەیەك نەبێت لەبیرۆکەیەکی تر.

هیگڵ زۆر بەڕاشکاوی لەبرگەی ژمارە(٢٤٦)ی کتێبی ئینسکلۆپیدیادا، جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە فەلسەفەی سروشت چەمکێکی

فراوانەو بابەتەکەشی هەمان ئەو تومخە گشتییە تایبەتەیە کە ناونراوە فیزیا، بەڵام لەشێوەی وەزعیخۆی بۆ خۆیدا، واتا بەوەی کە ئەو ڕوخسارێکی هەستییە، یا لایەنی درك پێکراوی نێو شتەکانە، یا بەو سیفەتەی کە مودرکێکی هەستییە. بەگوزارشتێکی تر، بەتێڕوانینی هیگڵ فەلسەفەی سروشت ڕەچاوی تومخی گشتی نێو فیزیا دەکات وەکو بابەتێك بۆ مەعریفەو ئیدراکمانو لەلایەنی پێداویستی ناوەکی پەتی لێی دەکۆڵێتەوە، بەپێی دەستنیشانکردنی تایبەت بەبیرۆکە. بەومانایە بێت بەپێی قسەی هیگڵ، بیرۆکە دەستنیشانکردنێکی ڕەهایە. وەکو ئەوەی هیگڵ لەکۆتایی لۆژیکیشدا دەنووسێت، دەبێت ئەو بابەتە لەنێو فەلسەفەدا ڕوون بکرێتەوەو، واتا بابەتی دەستنیشانکردنی تایبەت بەبیرۆکە، چونکە زانست وای لێدێت وەکو بیرۆکەیەکی لەبارەی خۆیەوە هەبێت وەکو چۆن هەمان بیرۆکەی هەیە لەبارەی بیرۆکەی پەتی. هیگڵ لەبارەی بیرکەوە گووتوویەتی کە بریتییە لەتومخێکی ئازادو بزاڤەکەشی پەڕینەوەو بازدان نییە لەشتێکی ترەوە، بەڵکو پێشڤەچوونە. وەرچەرخان ڕێك ناکەوێت تەنیا لەگەڵ بیرۆکە نەبێت، چونکە تەنیا گۆڕان پێشڤەچوونە. پێویستیشە سروشت وا تەماشا بکەین کە سەمتێکە لەکۆمەڵێك پلەو پایەو یەکێك بەسەر ئەویتردا هەڵدەکشێتو نزیکترین حەقیقەت دادەهێنن لەو حەقیقەتەی کە لێی دەردەکەوێت. ئەو بیرۆکە دیالیکتیکییەی کە دەست بەجڵەوی ئەو پلەو پایە سەمتیانەوە دەگرێت، پرنسیبی ناوەکی خۆیەتی. ئالێرەوە هیگڵ ئەو هزرانەی کە لەفەلسەفەی سروشتو فەلسەفەی ڕۆحدا هەڵیاندەهێنجێت، وا دەریان دەخات وەکو ئەوەی بیرۆکەیەك بن بەمانای **"BEGRIFF"**، ئالێرەشدا لۆژیکی دیالیکتیکی بەوردترین مانا بەکار دێنێت. هیگڵ لەسەر ڕەوتی هەڵهێنجانی بیرۆکەیەك لەیەکێکی تر بەردەوام دەبێت وەکو ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەبیرۆکەی خێزان هەڵهێنجێتو بیرۆکەی دەولەتیش لەبیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەوەش مانای وایە کە هیگڵ ڕووەو ئەوە دەچێت بیسەلمێنێت کە بیرۆکەیەك بەهەموو دەلالەتە هەڵهێنجراوەکانییەوە بیرۆکە کە لەخۆیەوە دەگرێت وەکو ئەوەی لەبیرۆکەی یەکەمدا هاتووە کە دواتر بیرۆکەی تری لێ هەڵهێنجراوە. بەردەوامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەلسەفەی سروشتو فەلسەفەی ڕۆح تەنیا شتە هەمەکییەکان هەڵدەهێنجنو هەرگیز وردەکارییەکان هەڵناهێنجن. هەمەکییەکانیش خۆیان بریتین لەبیرۆکەو وێناکردن. بۆیە

هەڵهێنجانی ئەو ڕووەکەو ئەو ئاژەڵە یا خێزانە یا دەولەتە، بریتییە لەهەڵهێنجانی وێناکردنی تایبەت بەوانە، واتا ئەوە هەڵهێنجانی بیرۆکەکانە، مادام ئەو زاراوانە بەتەنیا بەسەر ئەوشتانەدا ناسەپێن کە ئاماژەیان بۆ دەکەن، بەڵکو بەسەر هەموو ئەو جۆرانەدا دەسەپێن کە ئەوشتانە لەخۆ دەگرن. ئالێرەدا لەنێو فەلسەفەی سروشتو فەلسەفەی رۆحدا ڕەوشەکە بەهەمان شێوەی ڕەوشی لۆژیك دەبێتو ئێمە تەنیا بایەخ بەوێناکردنەکان دەدەینو تەنیا وێناکردنەکان لەیەکتری هەڵدەهێنجین.

لێرەدا ڕەخنەیەکمان دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە ئەو فەلسەفەیە بریتییە لەفەلسەفەی ئەپستراکت بووەکان، بەحوکمی ئەوەی هەر لەنێو چوارچێوەی ئەپستراکتیش دا دەمێنێتەوە ناتوانێت دەست بداتە شتەکانو ناتوانێت ببێتە واقیعو بەسەر ئەوشتانەدا پراکتیك نابێت کە لەجیهاندا هەن، کەواتە سەمتێکی بۆشو بەتاڵی پڕ هەوایە لەنێو ئاسماندا.

بەڵام ئەو ڕەخنەیە زۆر خۆی ڕاناگرێت، ئێمەش دووبارە خوێنەر وشیار دەکەینەوە کە هیگڵ توانیویەتی لەوبارەیەوە دۆزینەوەیەکی گەورە بەدەست بێنێت. هیگڵ پێی وایە تاکە شتێك لەو بڕوایەدایە کە ئەو شتەو تاکیشە، بێگومان ئەستەمە درك بەوە بکەین کە یەك شت هەبێت، بەدەر بێت لەتاکە شتێك. لێرەدا هیگڵ نالێت تەنیایی بەتەنیا هەیە دوور لەسیفەتی تاکێتی. چونکە دابڕان لێرەدا دابڕانێکی لۆژیکییە، واتا دابڕانێکی هزری پەتییە. بێگومان وتەزاش خۆی بوونی نییەو ناتوانێت بەتەنیا وەکو خۆیشی بوونی هەبێت. بۆیە دەبێت چەندایەتییەك هەبێت، هەر شتێك بێت، ئاسن، لۆکە، گرنگ دەبێت چەندایەتی بێت. ناکرێت چەندایەتی لۆکە بەحەقیقەت لەواقیعدا لەلۆکە جیا بکرێتەوە، بەڵام دەکرێت چەندایەتی لەلۆکەو ئاسن جیا بکرێتەوە، سانایە بیرۆکەی لۆکە لەبیرۆکەی چەندایەتی داببڕێت، چونکە ئەوانە دوو بیرۆکەی جیاوازن.

بەپێی ئەوانەی خرانە ڕوو، ئێستا دەرکەوت کە وتەزاکان ــ سەرەڕای ئەپستراکت بوونیان ــ حەقیقەتێکنو لەدەرەوەی شتە ڕاستەقینەکانەوە بوونیان نییە. لەڕاستیدا ئەو هەنگاوەی هیگڵ لێرەدا ناویەتی، ئەنجامی گەورەی لێکەوتۆتەوە، چونکە بوونی وتەزاکان بووە بوونێکی بابەتیو ڕاستەقینە، بەوەش وتەزاکان بوونە شتی بابەتی بونیادنراو، بگرە بوونە حەقیقەتێکی سەربەخۆ لەهەر عەقڵێك یا زەینێکی جوزئی. وتەزاکان شتی ڕاستەقینەن، بەڵام بوونیان نییە. هەر شتێکیش کە بوونی هەیەن بۆ نموونە، مێز، لەکۆتایی شیکردنەوەدا دەبێتە هەمەکییەت.

مێز هیچ شتێکی تێدا نییە، جگە لەپتەوی‌و قەبارەو ڕەنگ‌و ڕەهەندەکانی تر نەبێت، هەموو ئەو توخمانەی کە مێزیشی لێ پێکدێت، بریتین لەهەمەکییەت. دیارە ڕەتکردنەوەی ئەو هەمەکییەتە، ڕەتکردنەوەی بوونی بابەتی خودی مێزەکەش دەگەیەنێت. وەکو ئەوەی هیگڵ لەنێو کتێبی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحیش دەڵێت، شتە هەمەکییەکان ڕاسترین شتن کە لەنێو یەقینی هەستیدا بوونیان هەیە. هەمەکییەکان هەرچەندەی بەتاڵ بن لەبوونی سەربەخۆ، بەڵام هەر حەقیقین.

خەریکبوو لەولایەنەوە لێکچوونێکی گەورە لەنێوان هیگڵ‌و ئەفلاتون دروست بێت، هیگڵ لەبابەتگەرایی وتەزاکاندا پشتی بەهەمان ئەو هۆکارانە بەستووە کە ئەفلاتون ــ ی هانداوە جەخت بکاتە سەر بابەتگەرایی هەمەکییەکان بەگشتی. کەچی هیگڵ بڕوای بەبابەتگەرایی هەمەکییەکان هەیە وەکو حەقیقەتێك، نەوەکو بوونێکی سەربەخۆ. جۆری ئەو بابەتگەراییەی بۆ هەمەکییەکان دەگەڕێتەوە، بریتییە لەبابەتگەرایی حەقیقەت، نەوەکو بابەتگەرایی بوون.

بەڵام لێرەدا پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەین لەحاڵەتی هەریەك هەمەکییەکان‌و وتەزاکان‌و هەمەکییە هەستپیکراوەکاندا. هەمەکییەکان خاوەنی بوونێکی بابەتین، کەچی وتەزاکان خاوەنی بوونێکی بابەتی سەربەخۆن، هەمەکییە هەستپێکراوەکانیش خاوەنی بوونێکی بابەتی پشت ئەستوور بەئەوانیترن‌و هەرگیز سەربەخۆ نین. هەر ئەوەشە کە والتەر ستیس پێشنیاری دەکات لەژێر ڕۆشنایی نووسینەکانی هیگڵ خۆیدا ،بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ببێتەوە یا هەولبدات بەدرێژی بیخاتەڕوو. وتەزاکان مەرجی لۆژیکی هەموو ئەزموون‌و وشیارییەکن. بۆیە مەرجی لۆژیکی ئەو لایەنەن لەوشیاری کە لەهەمەکی هەستپێکراو پێکدێت. سەرەڕای دانپێدانانی هیگڵ بەوەی کە جیهان‌و ئەزموون لەپێش هەمەکی‌و وتەزاکان بوونیان هەبووە، ئەگەرچی ئەو دانپێدانانە بەشێکی سەرەکی ڕیبازی هێگڵ ــ بیە بەحوکمی ئەوەی بەڕەهایی خۆی دەدداتە دەست ئەو بۆچوونەی کە شتە جوزئییەکان دەکەونە پێش هەستکردن بەهەمەکییەکان، بەڵام سیستەمی لۆژیکی پێویستی بەپێشینەیی وتەزاکان هەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵهێنجانی هەمەکییە هەستپێکراوەکان لەوتەزاکانەوە، وەکو ئەوەی هەمەکییە هەستپێکراوەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەنجام‌و دەرکەوتەی ئەو وتەزایانە بن.

ستیس جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە هیگڵ لەنێو فەلسەفەی سروشتدا ئەو کارەی

ئەنجامداوە، ئەگەرچی خۆیشی زۆر بەڕوونی کاری لەسەر ئەولایەنە نەکردووە. وەکو ئەوەی ئەوکارە تەنیا ئینسیاقێکی سروشتی هزری مەزهەبی هیگڵ ـــ ی بووبێت لەوردەکاریو جوزئیياتەوە، بەبێ هەستکردنێکی ڕاستەوخۆ بەپێداویستی ڕوونکردنەوەو جەخت کردنە سەریو دەرخستنی بەشێوەیەکی تایبەتی. ستیس گەیشتە ئەو ڕایەی کە بەپێی ئەو بۆچوونە، دەبێت دان بەسێ جۆری جیاوازی بوونەوە بنرێت.

وتەزاکان بوونێکی سەربەخۆیان هەیەو خاوەنی پیشینەیەکی لۆژیکین، ئەوەش حەقیقەتە. کەچی هەمەکییە هەستپێکراوەکان خاوەنی بوونێکی نا سەربەخۆن. ئەو هەمەکییانە نەگەیشتوونەتە پلەی بوون، چونکە هەمەکییەکن نەبوونەتە خاوەنی تاکگەرایی خۆیان. ئەوەش ناودەنریت بەردەوام بوون یا مانەوە. لەکۆتاییشدا، شتی تاکگەرا هەن، تەنیا ئەوانەش خاوەنی بوون.

بێگومان هەموو ئەو شرۆڤاتەی ستیس پێشکەشی دەکات ڕاستو دروستن، تەواو گونجاوو کۆکن لەگەڵ هەموو ئەو گریمانانەی کە سیاقی سەمتی پەتی تایبەتی هیگڵ پێویستی پێیان هەیە. بەڵام ئەوەی کە لەبنەڕەتدا لەو کێشەیەدا گرنگە، ئەو شتە بدۆزینەوە کە چۆن هیگڵ هەمەکییەکانی خۆی دروست دەکردو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکردنو دەبوونە هۆی

پێویستی بوونی شتگەرایی کە خوی تێدا نماینده بکاتو هەمەکییەکان پێیەوە پەیوەست بن. ئەو شێوازە دیالیکتیکییە هیگڵ ـــ ییە شێوازێکی ڕەسەنەو پەیوەستە بەجەوهەری هزری هیگڵو فەلسەفەکەی. ئەو پشت بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەمەکییانە دەبەستێت کە پەیوەستن بەکیانی شتگەرایی هەموو شتە هەبووەکانو وشیاری خودی لای کەسەکانو خەڵك، لەدوای ئەوانەشەوە هەموو گەردوون کێش دەکات بەهەموو ئەو شتانەی کە تێیدایە.

ئەو لەهەموو لایەکەوە هزرەکان بەکار دێنێت، بەڵام ئەو هزرانەی بەستۆتەوە بەو شتانەی کە بەرجەستەی دەکەنو ئاوەژووی دەکەنەوەو سروشی لێوەر دەگرن، بۆیە هەڵهێنجانی بیرۆکە لەبیرۆکەکان، وەکو هەڵێنجانی شتەکان بوو لەخودی خۆیان. لەنێو کایەی سروشتیدا بێت، یا لەنێو کایەی رۆحدا، هیگڵ ئەو دۆزینەوەیە بەکاردێنێتو لەو ڕێگایەوە ڕۆدەچێتە نێو شتە هەبووەکان، ئەو کاغەزە سپییەی کە من شتی لەسەر دەنووسم، تەنیاو تەنیا بریتییە لەهەندێك هەمەکی وەکو سپییێتیو چوار گۆشەو کشاوو دەست لێدراوو .. تاد. لەو لاپەڕەیەی کە ئەو وشانەی لەسەر دەنووسم تەنیا هەندێك لەو هەمەکییانە هەیە. دانپێدانان بەبوونی هەر شتێك جگە لەو هەمەکییانە، دانپێدانانە

بەبوونی شتێکی تەواو نەناسراو لەدەرەوەی بواری هزرو مەوداکەی. هەڵهێنجانی هەموو ئەو هەمەکییانەش وەکو هەڵهێنجانی ئەو شتانەیە کە بەڕاستی بوونیان هەیە لەنێو جیهاندا. هیگڵ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەموو شتێك جگە لەهەمەکییەکان وەهەمەو شتەکان هەمووی لەهەمەکییەکانەوە پێکدێت‌و هەموو شتێکەو

لەدەرەوەی ئەو هەموو شتێك ناڕاست‌و ناتەواوە.لەنێو سیستەمی هیگڵ ـــ یدا شتێکی تر تەنیا، ئەوەی هەیە تەنیا هەڵهێنجانی هزرە لەهزر. هیچ شتێك لەنێو ئەو سەمتەدا بەدی ناکەین ئاماژە بێت لەسەر ئەوەی شتەکان لەهزرەکانەوە هەڵبهێنجێنرێن. وەکو ئەوەی مانای وابێت کە هەڵهێنجانی بیرۆکە لەبیرۆکە بەس بێت بۆ داهێنانی شتی تر لەپشت بیرۆکەکانەوە. گواستنەوە لەهەر بیرۆکەیەك بۆ بیرۆکەیەکی تر بازدان‌و گواستنەوە نییە، بەڵکو گواستنەوە لەبیرۆکەوە بۆ بیرۆکەیەکی تر پێشڤەچوون دەخوازێت‌و تەنیا لەو حاڵەتەدا ڕوو دەدات. لۆژیك بایەخ بەبیرۆکەکان دەدات، فەلسەفەی سروشت‌و فەلسەفەی ڕۆحیش هەر وا دەکەن. یەکێك لەو شتانەی لەنێو فەلسەفەی هیگڵ ـــ دا ڕەوایە، دانانی سروشتە وەکو ئەوەی بەردەوام پێدەری لۆژیك بێت، ئەگەرچی ناکۆکیشن‌و وەکو دوو بەشی ئەو فەلسەفەیە دەردەکەون.

بۆیە دەبینن کە لەکتێبەکەی ترمدا "هیگڵ" لەشێوازی نمایشی سکۆلاریستی دوور کەوتمەوەو بەشەکانی فەلسەفەی هیگڵ ـــ م بەو شێوەیە خستە ڕوو، لۆژیکزانی، فەلسەفەی سروشت، فەلسەفەی ڕۆح، وام کرد بەدوای یەکدا بێن وەکو زەمینەخۆشکردن بۆ چوونە نێو بەشە یەك لەدوا یەکەکانی فەلسەفەی هیگڵ، لەگەڵ خستنە ڕووی ڕاڤەکردنێکی تازەو دابەشکردنێك کە پەیوەست بوو بەلێکجیاکردنەوەی لقێك لەگەڵ لقێکی تر. سەرەتا هاتم لۆژیکی هیگڵ ـــ م خستە ڕوو، دواتریش لەبەشی حەوتەمدا ڕۆچوومەتە نێو فەلسەفەی سروشت، واتا سێ بەش دوای لۆژیك. دوای ئەوەش لەبەشی نۆیەمەوە چووینە نێو فەلسەفەی ڕۆح تاوەکو کۆتایی کتێبەکە. بەو جۆرە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تازە دروست بکەین‌و جۆرە دابەشکردنێکی تر کە خۆی باسی ناکات پێڕەو بکەین، هاتی چووینە نێو بەشەکانی فەلسەفەی هیگڵ.

ئەوەی لێرەدا گرنگە جارێکی تریش جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ناکرێت شتەکان لەبیرۆکەکان هەڵبهێنجرێن‌و ناکرێت شتەکان لەبیرۆکەکانەوە لەدایکبن، یا بیرۆکەکان هۆکاری

بوونی شتەکان بن. دەشێت بڵێین لۆژیکی هیگڵ لەناسنامەی نێوان هزرو ئەو شتە دەست پێدەکات کە مادەی بیرکردنەوەیە. بۆیە نابێت وا لەگواستنەوە لەهزر ــ لۆژیك ــ بەرەو سروشت تێبگەین، یا درك بە بەرجەستەکردنی هزر ــــ لۆژیك ــ بکەین لەنێو سروشتدا بەمانای ئەوەی هزری ئەپستراکت دەتوانێت ببێتە هۆی بوونی شتەکان، بەڵکو دەبێت وا تەماشای بکەین وەکو ئەوەی کە پێشڤەچوونی هزرو بابەتەکەیەتی بەو وێنەیەی کە لەئەنجامی هەموو ئەو پێشڤەچوونانەوە دەردەکەوێت. نابێت واش تەماشای سروشت بکرێت بەو سیفەتەی کە شتێکی داهێنراوە یا لەڕێگای لۆژیکەوە دروستکراوە، چونکە هزر خۆی بابەتی ئەوە، واتا ئەو خۆی ئەو شتە سروشتییانەیە کە دەخرێتە بەر دەستی. لەنێو کتێبی ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکانی هیگڵ ــــ دا، سروشت خۆی هەر لەسەرەتاوە بوونێکی نادیاری هەیە، ئەوە کتێبەش لەنێو کتێبەکانی هیگڵ ــــ دا شوێنگەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە دوا قۆناغی هزریو دوا پێشڤەچوونی تێڕوانینو بۆچوونەکانی پیشاندەدات. لەو کتێبەدا بڕیاریداوە وا لەهزر بکات هەوڵبدات یەکسان بێت لەگەڵ شمولی واقیعی ڕاستەقینە، بەشێوەیەك پێیداگرتووە لەسەر ئەوەی سروشت ئیلحاق بکات بەبیرۆکەو بیخاتە ناویەوە.

چارەسەری کۆتاییش لەلایەن گەشبینی مێژوویییەوە کە گرێی عەقڵانییەتی نێو فەلسەفەکەی کردەوە. ئەو گەشبینییە بوو بەبنچینەی ئەوەی کە ناسراوە بەماقووڵییەتی هەمەکی بوون کە چارەسەری هەموو شێوەیەك لەشێوەکانی بوون دەکات وەکو شێوەیەك لەشێوەکانی عەقڵ. گواستنەوەش لەلۆژیکزانی بەرەو فەلسەفەی سروشتو لەفەلسەفەی سروشتیشەوە بەرەو فەلسەفەی رۆح، لەسەر بنچینەی سەرهەڵدانی یاساکانی سروشت دێت لەبونیادی عەقڵی بووندا و بەردەوامی لەنێو یاساکانی عەقڵدا .بەڵام بۆچی چارەسەری لەلایەن مێژووەوە دێت؟ نهێنییەکە ئەوەیە کە مێژوو بریتییە لەحەقیقەتێك کە لەچرکەساتی پێکهاتنو دروستبووندایە، واتا خەباتە لەپێناو گونجانو هەماهەنگی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی مرڤدا. ڕاستگۆییش لەلایەنی ئەوەوە سیفەتێك لەسیفەتەکانی هزر نییە، یا ڕێزێك بێت بەتەنیا بخرێتە سەر مەسەلەو حوکمەکان، بەڵکو سیفەتێکە بۆ حەقیقەتی خودی کردەکە دەگەڕێتەوە. چونکە ڕووداوەکە خۆیش بەڕاست دادەنرێت ئەگەر ئیمکانیاتی بابەتی بێنێتە دی.
لێرەدا ڕاستگۆیی هاوشانی بیرۆکەیە بەمانای بیگریف، چونکە بیرۆکە ــ بیگریف ــــ بەدوو

مانا بەکار دێت، ئەو سروشت لـەوێوە دەگرێـتو بەڕاستگۆترین شێوە گوزارشتی لێدەکات، بـەڵام لەهەمان کاتیشدا مانای بەدیهێنانی کردەیی ئەو سروشتەیە یـا ئـەو جەوهەرەیـە لـەنێو وجـودی عەینیدا.هیگڵ مانای ئەوە بەدەستەوە نادات کە پێوەندییـــەکی ناســـنامەیی لـــەنێوان هـــزرو حەقیقەتدا هەیـە، بـەڵام جـەخت دەکاتـە سـەر ئەوەی کە بیرۆکـەی ڕاسـت نماینـدەی حەقیقـەت دەدەکات ئەگەر ئەو حەقیقەتـە لەپێشڤەچـوونیدا بگاتـە قۆنـاغی ڕێکـەوتنو ڕاسـتگۆیی. بۆیـە لەلایـەنی کردەییـەوە پاڵپشـتی لـەو بیرۆکەیـە دەکات لەڕێگای مێژووەوەو نماینده کردنی وەکـو ماقووڵییەتی هەمـەکی بـوون، ئـەوەش لایـەنی بەرانبەری لایەنی پێشووترە. ئـەو ماقووڵییەتـە هەمەکییە وجودی پرەنسیپەکانی هزرو وێنەکانی لەپرنسیبی حەقیقـەتو وێنـەکانی وەردەگرێـت، بەشـێوەیەك یاسـاکانی لۆژیـك لـەو یاسـایانە هەڵدەهێنجرێت کـە حـوکمی خـودی حەقیقـەت دەکـەن. بۆیـە هەرچـەندەی بزاڤـی حەقیقـەت پێشبکەوێت، ئەوەندە عـەقڵ کیـانو یاسـاکانی تەواوو پوخت تر دەبێت. یا بەگوزارشتێکی تـر، هیگڵ ــ یزم فەلسەفەکەی خـۆی بـەوە کۆتـایی دێنێـت کـە ڕاییگەیـەنێت مێـژوو تەواوکـەری حەقیقـەتی عەقڵـە، بـەو جـۆرە مێـژوو وەکـو تەواوکەری حەقیقەتی عەقڵ دەردەکەوێتو پلەی یەکەم وەردەگرێت لەنێو فەلسەفەی هیگڵ ــ دا.

سەرچاوە:

فلسفه هيجل، تأليف: عبدالفتاح الديدى، مصر، ١٩٧٠.

# ئوسولییەتو عەلمانییەت لەنێوان سیاسەتو ئاییندا

## " دەست نیشانکردنی ئیشکالیەتەکان"

د. ئیبراهیم ئەبراش
و: حیکمەت نامیق، ئازاد گراوی



### بەشی یەکەم

وتەیەکی بـەناوبانگی ڤـۆلتێر هەیـە دەڵێـت: " پێش ئەوەی قسـەم لەگەڵـدا بکـەی زاراوەکانـت دیـاری بکــە" ئــەم وتەیــە پێویســتە بــەیاد بهێنرێتـــەوە ئەگـــەر ئێمـــە لەچوارچـــێوەی توێژینەوەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی بـــین کـــە تێیـــدا چەمکەکان جـۆراو جـۆر دەبـنو هەندێکیشـیان

ناکۆك‌و دژیەك دەبن دەربارەی یەك کێشە. زاراوەکە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵگری ڕاڤەکردنی زۆرەو لەکاریگەری ئایدیۆلۆژی‌و خودی رزگاری نابێت. کە توێژەر بەگوێرەی تێڕوانین‌و ڕاڤەکردنەکانی بۆ چەمکە بەکارهاتووەکان بەکاریان دێنێت.

ئەو زاراوەیە کە داماڵینی واقعەو ڕێگەمان پێ دەدا لەم مییانەدا گوزارشت لەم واقعە بکەین، ئەمە بنەمای زمانی مامەڵەی مرۆڤو هۆکاری گوزارشت کردنە لەبیرو حالەت‌و بارودۆخە دیاریکراوەکان. پرۆسەی دەستنیشانی ورد کە گرنگییەکی زۆری هەیە لەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی، چونکە لەڕێگای ئەم دەستنیشانکردنەوە توێژەر دەتوانێت ئەم زانیارییانە دیاری بکات کە لەسەری پێویستە کۆی بکاتەوە، هەروەها خوێنەریش هەر لەسەرەتاوە دەتوانێت بزانێت مەبەستی توێژەر چییە لەم چەمکانە یان ئەو کێشەیە چییە کە جێگای موناقەشەیە. دەستنیشانکردن‌و پێناسەکردنی چەمك یان زاراوەو شارەزایی بوون بەمەبەستەکانی بەتایبەتی لەدەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم.

بەشێوەیەیکی زۆر گەورە ئاوێتەو تێکەڵاوی شتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و دونیاییەکان دەبێت. زۆرجار ئەو پێناسەیە لەخودی چەمکەکەوە هەڵناهێنجرێت، واتا لەوەی کە بریتییە لە داماڵینی واقیع، بەڵکو ئایدیۆلۆژیاو پەرۆش بوون‌و پەی پێبردن بەسەریدا زاڵ دەبێت. بۆیە ئەو زاراوەیە لەمیانەی ئەوەی بۆی زیاد دەکری‌و تیاشیدا نییە.

گوزارشت لەشتێك یان لە کۆمەڵە شتێك دەکات کە پەیوەندی بەواقیع نییە دەربارەی شتێك کە پێویستە بەو شێوەیە بێت کە ئەو عەقڵە دەیەوێت لە بەکارهێنان‌و مامەڵە کردن بۆ زاراوەکە، نەك دەربارەی شتێك کە بەکردەوە بوونی هەیە وە ئەمە وای کردووە بونیادی فیکری (عەرەبی-ئیسلامی) کە پڕە لەم چەمکانە.

بریتی بێت لەبنیاتنانی تێڕوانینی خودی داماڵراو لەواقیع بیرێکە کە پەیوەستو مەحکوم‌و ناچارکراوە بەچەمك‌و زاراوەکان کە بڕوا وایە ڕوون‌و ئاشکرا بێت، کەچی لەڕاستیدا دوورە لە ڕوونی‌و بابەتی. هەموو کەسێك یان بزوتنەوەیەکە یان سیستەمێکە پانتایی ڕەوشتی‌و بەهای ئیجابی‌و سلبی بەگوێرەی ئارەزووی خۆی دەخاتە سەری. ئەم کارە تەنها لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی‌و بیری ئیسلامی هاوچەرخ کورت نەکراوەتەوە، بەڵکو لەسەر ڕەوتە فکرییەکانی تریشا جێبەجێ دەبێ وەك نەتەوایەتی‌و سۆسیالیستی. ئەوەی زیاتر ئاڵۆزی‌و تەشویش

دەكات بەكارهێنانی چەمكەكانە وەك ئامێرێك بۆ داماڵینی واقیع، زۆربەی ئەم زاراوەو چەمكانە بەرهەمی واقیعی كۆمەڵایەتی نین كە هەوڵ دەدات گوزارشتی لیّ بكات. لەبونیادی زمانەوانی‌و عەقڵی خەڵك وەرنەگیراون كە دیاردەكە پێك دەهێنن، بەڵكو چەمك‌و زاراوەی وەرگیراون لەفەرهەنگی‌و زمانەوانی ئەوروپی‌و لەزانستە كۆمەڵایەتییە رۆژئاواییەكان. زیادەڕۆیی ناكەین ئەگەر وتمان لاگیری گەورە لەقاموسی چەمكی كۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی بریتین لەچەمكی خوازراوو لێكدراوو بەشێوەیەكی توند بەسەر واقیعدا سەپێنراوە: دەوڵەت، دیموكراتییەت، ئۆپۆزیسیۆن، عەلمانییەت‌و حزبەكان، پەرلەمان...تاد.
ئەمانە كۆمەڵە چەمكێكن بەسەر ئەو شتانە دەسەپێنرێن كە مەرج نییە گوزارشت لەواتای ڕاستەقینەی ئەم چەمكانە بكات هەروەك گوزارشتە واقیعییەكانی شارستانییەتی رۆژئاوا بەرجەستە دەكات، ئەمە مانای وانییە كە ئێمە وەك جیهانی ئیسلامی حاڵەتێكی تەواو دابڕاو پێك دەهێنین لەجیهان‌و بەهاوشارستانییەتەكەی‌و بیرەكانی، بەڵام مەبەست ئەوەیە كە ئەم چەمكانەی ئاماژەیان بۆ كرا لایەنە زانستییەكەیان‌و مصداقییەتەكەیان بەشێوەی داماڵین لەڕێك‌و پێكی گوتەو عەقلانییەتی ئامانجەكانی وەرناگرێت، بەڵكو ئەم مصداقییەتە لەپەیوەست بوونمان بەواقیعی كۆمەڵایەتی دیاریكراو وەردەگرێت لەتوانایی لەسەر مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم واقیعەو گۆڕانكارییەكانی كە خزمەتی مرۆڤی تیایە، بەڵام داماڵین لەو واقیعەی كە پەیدابووەو سەپاندنی بەشێوەی ستەمكارانە بەسەر واقیعێكی كۆمەڵایەتی گۆڕاو نابێتە هۆی بەدەست هێنانی هەمان ئەو سەركەوتنەی كە دەوڵەتان بەدەستیان هێناوە. نابیّ ئەم چەمكانە وەك گوتەی ئامادەكراو وەربگیریّ، بەڵكو وەك نموونەو گونجاندنی لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی هەموو كۆمەڵگایەك وەربگیریّ. دووكەس لەسەر ئەوە ناكۆك نین كە دیاردەی فراوانبوونی ئوسولی ئیسلامی سیاسی یەكێكە لەكێشەكانی ئەمڕۆو خۆی فەرزكردووەو ماوە ماوە بەشێوەی جیا جیا لەولاتێك بۆ ولاتێكی تر گوزارشت لەخۆی دەكات‌و مومارەسەی رەفتارێك دەكات كە دەشێت جیاواز بێت لەڕواڵەتە دەرەكییەكاندا. بەڵام لەجەوهەرو مەرجەعیەتە عەقڵی‌و بیروباوەڕەكانی ڕێك دەكەوێت كە بانگەشەی بۆ دەكات، بەڵام ئەم كارە تەنها لەسەر (هەڵگرانی) ئایینی ئیسلام كورت نەبۆتەوە بەڵكو لەرۆژئاواشدا هەیە وەك لایەنێكی بابەتەكەوە جێی كردۆتەوە لەگرنگی پێدان‌و ڕاگەیاندن بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەو پۆلێن کردنیو مەترسییەك کە هەڕەشەی لێ دەکاتو هەڕەشە لەشارستانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ دەکات.

دیارە بەیادهێنانەوەی پەروەردگار یان پیرۆزی ڕۆژێ لە ڕۆژان (غائیب) نەبووە لەژیانی سیاسی گەلانی ڕۆژهەلاَت بەگشتی ڕۆژهەلاَت جیهانی ڕوحانیەتە وەکو ئەوەی ڕۆژئاواییەکان دەلێّن، ئەمەش لەوە هەلّقولاّوە کە سەرچاوەی ئایینە ئاسمانییەکانە، بەلاّم وەیادهێنانەوەی پەروەردگارو دانانی بەمەرجەعیەت بۆ هەندێکیان بۆ حەرامکردنو حەلال کردن بۆ پێوانی شەرعیەت لەسەر ئەو بارودۆخەی کە هەیە یان داماڵین ئەمڕۆ شێوەیەکی زۆر توندی وەرگرتووە لەدروستکردنی حاڵەتێکی ئایینی بە کۆمەڵ وای کردووە هەموو ئەو بارودۆخانەی کە هەیە سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتی سیستەمو ئایدیۆلۆژییەکانو پەیوەندییەکان چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو بخرێتە ژێر کرداری هەلّسەنگاندنی نوێ، نەك لەسەر بنەمای شەرعیەتی یاسایی یان میللی، بەلّکو لەسەر بنەمای مەدای پەیوەست بوونی بە شەریعەتی ئیسلامیو ڕێنماییەکانی پەروەردگار هەروەك هەلّگرانی ڕەوتی ئایینی دەستنیشانی تەعالیمەکانی دەکەن لەسیستەمی نێو تەکنۆکراتیو بزوتنەوە سیاسییە ئایینییەکان. هەرکاتێك سەرت بەرز دەکەیتەوە ڕووبەڕووی ئایین دەبیتەوە، ئەگەر قسەت کرد دەربارەی سیاسەتو دیموکراسییەت دەبێت پەیوەندی بدۆزییەوە لە نێوانیانو لەنێوان ئیسلامو بەدیاریکردنی شورا و ئەگەر قسەت کرد دەربارەی ئابووریو گەشەپێدان پێویستە هەلّوێستی دین لەم چالاکییانە وەیاد بهێنییەوەو بەدیاریکراوی حەرامو حەلالییان بخەیتە ڕوو ئەگەر قسەت کرد دەربارەی خێزانو ژنخوازی کە زۆرترین بابەتە جێگای گفتوگۆو موناقەشە بێت وەکو بلّێ خوا هیچ ئیشی نییە، تەنیا ئافرەت نەبێتو چی لەبەردەکاتو چۆن جلو بەرگ لەبەر دەکات، وسروشتی پەیوەندی بەپیاوو کۆمەلّگا چۆنەو بەسەر هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانیدا گشتاندووە، بۆیە موسلمانان لەهەموو کۆمەلّگاکان زیاتر ئاهەنگ بۆ ئایینەکەیان دەگێڕن. خوا چۆتە نێو ژیانمانو ڕەگەزێکی گرنگ پێك دەهێنێ لەشێوازی بیرکردنەوەو عەقڵو هەستی هۆشیاریو ناهۆشیاریمان. لەگەلّمانە لەهەلّسانو لە نووستن، لەمالّو لەکار، لەبازرگانیو لەسیاسەت، لەڕەفتاری خێرو لەڕەفتاری شەڕ، بە شێوەیەکی تر ئەو هەستە پێویستە کە عەقلّی ئیسلامیمان لەعەقلّەکانی تر جیادەکاتەوە، بەلاّم ئەو پەروەردگارەی یادی دەکەینو ئەرکی خۆمانی پێ دەسپێرین، مەرج نییە پەروەردگاری جیهان بێت، پەروەردگاری

ڕەهای بێ کۆتایی، پەروەردگاری هەموان، بەڵکو پەروەردگارێکە خەیاڵی دەکەین‌و جیای دەکەینەوە بەپێی ئارەزووو پێودانگمان، وا بڕوا دەکەین کە پەروەردگارێکە تەنها بۆ ئێمە هەیەو هیچ خەمی نییە مەگەر خەمی ئێمە نەبێ، پەروەردگارێك کە دەمانەوێ وەڵامی چاکە یان خراپەمان بداتەوە، پەروەردگارێك کە کاتێ یادی دەکەین کە مەبەستەکەمان بێتەدی، و لەبیری دەکەین کە بەرژوەندیمانی تیابوو. ئەم دیاردەیە لەقوولاییدا کێشەی پەروەردگار یان ئایین یان ئیسلام نییە، بەڵکو کێشەی ئەو عەقلیەتانەیە کە مامەڵەیان لەگەڵ دادەکات وە چۆنیەتی ئەرك پێ سپاردنیان لە ژیانی رۆژانەمان، سروشتی عەقلی رۆژهەلاتی‌و سروشتی بونیادی کۆمەڵگای ئیسلامی،حالەتی گەورەکردن‌و بەترس پیشاندان‌و پیرۆزکردنی دیاردە دنیایی‌و ئاینی‌یەکان زیاد دەکەن،وە حاڵەتی شپرزەی ئایینی‌وپشێوی دروست دەکەن بۆ ڕازی کردنی ئەم عەقڵیەتەو، بۆ پێدانی مسداقیەتی ئایینی پیرۆزی بە حاڵەتی بێ هێزی‌و بێ توانایی لە واقیع‌و مل کەچ کردن بوون بۆ واقیع‌ومامەڵە تێگەیشتنی لەگەڵیدا.

گرفت لە خودی ئایین دا نییە بەڵکو لەو عەقڵیەتانەیە کە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەن، کە ئەمیش هەمان عەقڵ‌و هەمان بونیادی عەقڵی کۆمەلایەتی‌یە، کە فەشەلی هێناوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی دنیایی — نەتەوەیی، سۆسالیستی‌و لیبڕالی وە لە ئەرك پێ سپاردنی لەوەی کە خزمەتی مرۆڤی کۆمەڵگای ئیسلامی تیا بێ، ئەمانە عەقلیەت‌وسیستەمێکن کە دووبارە خۆی بەرهەم دێنێتەوە،وە دووبارە واقیع بە خراپەو بونیاتەکەی‌و بەها باوەکانی بەرهەم دێنێتەوە بە شێوەیەکی شێواوی، ئەگەر دیاردەکانی گۆڕانی ماددیمان جیا کردەوە- دروست کردنی کۆمەڵگایەکی بە کاربەری زیندەگی نا بەرهەم هێن-ئەوا بونیادی کۆمەڵگاکانی‌تر نەگۆڕاوە. بە نیسبەت سیستەمە شۆڕشگێرییەکان، گوتاری ڕەسمی نەگۆڕاوە، کە گوتارێکی تەبشیری بەرزە بەبێ ئەوەی تێگەیشتراو بێت ئەزبەر دەکرێت،بە نیسبەت سیستەمە پارێزگارەکان سەرکەوتوو نەبوون لە ئەرك پێ سپاردنی پەیوەندی‌و کرانەوەکانی بەرامبەر ڕۆژ ئاواو بیری لیبڕالی، لە رووداو گۆڕانکارییە جەوهەریەکانی کە لە سیستەمە عەقلی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و دەروونییە باوەکان ڕوو دەدات بەڵکو کورت بۆتەوە لەسەر توێکڵەکانی شارستانیەتی رۆژ هەلاتی ماددی بە کار بەرەکی‌و شێوازی ڕواڵەتی مومارەسەی دیموکراتی، چونکە زۆربەی ئەم سیستەمە پارێزگارانە شەرعیەتیان لە رابردوو وەردەگرن، پارێزگاری کردن لەوەی کە هەیە،

نەك لە ئاییندەو ئەو گۆڕانكارییەی كە هەیە. گۆڕانكاریو هەڵوەشاندنەوەی بونیادی كۆمەڵگای تەقلیدی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو كۆمەڵگایە شەرعیەتەكەی لە دەست بدات، لە دواییدا بیانووی بوونیشی لەدەست دەدا.

لەواقیعدا ئەو كێشەیەی كە خراوەتە ڕوو، زۆر ئاڵۆزو قووڵو مەترسیدارترە لەوەی سیاسیو نووسەرو عەلمانییەكان ڕای دەگەیەنن، ڕواڵەتە دەرەكییە شكلیەكان ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی كێشەكە نین، چونكە كێشەكە ڕەهەندو ڕووی جیاوازی هەیەو پرۆسەی عەقڵەكەی لەڕووی زانستییەوە لەمیانەی مامەڵەكردن لەگەڵ گوزارشتە دەرەكییەكانی نییەو بەڵكو لەمیانەی نقووم بوونە لەبونیادی قووڵی ئەو عەقڵەی كە مامەڵەی لەگەڵدا دەكاتو لێكۆڵینەوەی هۆكارە كۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی كە هاندەرە بۆ دەركەوتنی، وەك ئیشكالیەتی كۆمەڵایەتی دنیایی. ئەو پەروەردگارەی بەردەوام بوونی هەیەو ئامادەیە بەبێ دابڕان، و ئیسلام-قورئانو سوننەت- زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵە بوونی هەیەو كۆمەڵە ئایینییەكان بەئایەتی قورئانی نوێ یان فەرموودەی نوێ نەهاتوون. هەروەها ئەم بزوتنەوە ئایینییانە، یان هەڵكشانی ئایینی بەگشتی لەسەر شێوەی شەپۆلن، لەماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر بەدیاردەكەونو بزر دەبن، ئەو بزربوونو شاراوەییەو پاشان دەركەوتنەوەی هۆكارەكانی دیار نامێنێ لەبارودۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووری، واتا ملكەچی مەرجە دنیاییەكانە نەك ئایینی.

عەلمانییەت: لەو چەمكانەیە كە خرایە نێو ئەو وتوێژە توندەی نێو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی لەبارەی پەیوەندی ئایین بەدونیاوە.

هەندێكیان وەك شێوازێكی ژیانو حوكمی دژ بە شەریعەتی ئیسلامی دەری دەخەن، هەندێكی تریش دژ بەئیسلامی دانانێن، بێگومان چەمكی عەلمانییەت چەمكێكە لەرۆژئاوا سەری هەڵداوە، نیمچە كۆ دەنگییەك لەلایەن پسپۆڕان هەیە عەلمانییەت مانای دابڕاندنی ئایینە لە دەوڵەت. لەدیدی ئەواندا عەلمانییەت ڕەگەزێكی بنەڕەتی لە پێشكەوتنی شارستانییەتی رۆژئاوا پێك هێناوە، و یەكێكە لەرەكیزەكانی، و ئەمەش لەدیدی ئەماندا پێویستی بەجێبەجێكردنی عەلمانییەتە لەجیهانی ئیسلامی بۆئەوەی ببێتە رەكیزەی ڕاپەڕینی شارستانی، و ئەمانە لایەنگری "تیۆری بوژانەوەنە. لێرە ئەو چەمكو شیكردنەوە جۆراوجۆرانەی كە بۆ عەلمانییەت كرا لەلایەن نووسەرانی عەرەب باسیان ناكەین، ئەو گفتوگۆیانە لەسەرەتای سەدەی بیست لەگەڵ شۆكی نوێخوازی دەستی پێكرد، پاشان فراوان بووو بەریەك كەوت لەگەڵ عەلمانییەتی كەمال

ئەتاتورك لەتوركیا، بەلاّم ئێمە ئەو چەمكە ڕوون دەكەینــەوە كــە بەعەلمانییــەت بەخشــراوەو لەحالــەتی دژایــەتی لەگــەڵ ئیســلام دانــراوە وا پێناسەی عەلمانییەت كراوە بەوەی كە دابڕانــدنی ئایینە لەدنیاو دەوڵەتو سیاسەت، ئەمە مانای ئەوەیە كە بوارێكی تایبەت هەیە بۆ پەروەردگار، بواری تریش پــەروەدگار پەیوەنــدی پێــوە نییــە، ئەمەش لەدیدی هەندێ ڕەوتی ئــایینی دژایــەتی هەیە لەگەڵ چەمكی پــەروەردگاری ڕەهــای بــێ كۆتایی، پەروەردگاری ئاسمانەكانو زەوی، ئەوەی تواناداره بەسەر هەموو شتێك، و ئەوەی كە هیچ كارێ ڕوونادات بەبێ زانیاریو ڕێ پێدانی ئــەو، هــەروەها دژایــەتی هەیــە لەگــەڵ تێڕوانینیــان دەربارەی ئیسلام كە ئــاینو دنیــاو عیبــادەتو مامەڵەكردنە.

ڕەنگە پێناسەی عەلمانییــەت وا بگەیــەنێت كــە دابڕاندنی ئایینە لــەدنیاو دەوڵــەتانی ڕۆژئــاوای عەلمانییــەت وازیــان لەبــەها مەسیحییەكان هێنــاوە، ئــایین هــیچ بــوونێكی لەپەیوەندییــە ناوخۆییو دەرەكییەكاندا نەماوە. ئەمە كارێكی نادروستە، شارستانییەتی ڕۆژئــاوا هێشــتا پێــی دەوترێت (شارستانییەتی ڕۆژئاوای مەسیحی)و دامو دەزگاكانو ڕەهەندە ئایینییەكان تــا ئێســتا كاریگەرن. بنكەكانی (بەمەسیحی كــردن) كــە ڕۆژئاوا لەناوچــەكانی جیهــان دەیچــێنێ لــەهیچ كــەس شــاراوە نییــە، بــەڵكو دیــدی مرۆڤێكــی ئاسایی ئەورووپی بــۆ هــەڵگرانی ئایینــەكانی تــر مەحكومە بەڕەهەندی ئایینی، لەگەڵ ئەو دیــدە دوژمنكارانـــەی كـــە ڕۆژئـــاوای مەســـیحی لەمیانەیدا سەیری جیهانی ئیسلامی دەكات.

تێگەیشــتنی ڕاســتەقینە بــۆ عەلمانییــەت كــە ڕۆژئاوا گرتوویەتــە بــەر كاروبــاری ئــایین پــاوان نــەكراوە لەســەر كۆمــەڵێك كــە بانگەشــەی میانگیری نێــوان مــرۆڤو پــەروەدگاری دەكــات، عەلمانییەت تەسلیم بوون ڕەتدەكاتــەوە، بــەوەی كە كاروباری دنیا ڕاستەڕێ نابێت تــەنها ئەگــەر لەسەر بنەمای جێبەجێكردنی دەق یان ڕێنمــایی ئاین ڕوونو دیاریكراو ڕێكخــرا، و عەلمانییــەت بوونی پەروەدگار رەتناكاتــەوەو شــەڕی لەگەڵــدا ناكات، بــەڵكو قبــوولی پێكــەوە ژیــان دەكــات لەگەڵیو یادی دەكرێ، بەلاّم نــەك وەكــو دەقــی یەكلاكەرەوەو توندوتیژ بەڵكو وەك ڕوحو بــەهاو بنــەمای نیگــا بـــۆكراوو گونجـــان لەگــەڵ تایبەتمەندییەكانی هەمو كۆمەڵگایــەكو لەگــەڵ هەموو پێشــهاتە كتوپڕەكــان، عەلمانییــەت بــەم شێوەیە واتا ئەرك پــێ ســپاردنی ئــایین لــەڕووی عەقلانییــەوە بــەوەی كــە خزمــەتی كۆمــەڵگاو مرۆڤی تێدا بێت. ودژایەتی لەگەڵ ڕۆحــی ئــایین نــەبێت، ئەگــەر ئــایین بــۆ خزمــەتی مــرۆڤ بەكارهێنراو بەرژەوەندی كۆمەڵگای تێدابوو.

ریشەی مێژوویی عەلمانییەت لەئەوروپا کە هاوکات بوو لەگەڵ بزوتنەوەی ڕینیسانس، لەسەر بنەمای غیابی پەروەردگار یان پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ ئایین بونیاد نراوە، بەڵکو بەحاڵەتی قۆرخ کردنی لەلایەن گرووپێکی دیاریکراو دەرهێنرا، وئاسۆکانی فراوان بوو بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێو پێشڤەچوونی عەقڵی بەشەری، و ئەمانەش بواری مەعریفین کە لەلایەن پیاوانی ئایینی قەدەغەکرابوون، بەمەش فەرمانڕەوایان لەدەست پیاوانی ئایینیو ڕاڤەکردنیان، ڕزگاربوون. کەنیسە لەسیاسەت دابڕێنرا بەجۆرێك کە پیاوانی دەوڵەت وایان لێهات کە شەرعیەتیان لەلایەن گەلەوە بەدەست بهێنن. پیاوانی ئایینو دامو دەزگا ئایینییەکان بوونە بەشێك لەبزاڤی کۆمەڵگاو پێشکەوتنو دامو دەزگاکانی، لەسەریانە بیسەلمێنن کە خزمەتی کۆمەڵگا دەکەنو لەگەڵیدا هەڵدەکەن، نەك پشت ببەستن بەشەرعییەتی خەیالی وەرگیراو لەسەرچاوەی خودایی کە گومانی تیایە ئەمانە لەبەرامبەریدا نوێنەرایەتی ئەو بکەن. عەلمانییەت شێوازێکی کۆمەلاّیەتیو ئابووری بۆ پیرۆزی زیاد کرد.

واتە کاری کرد لەسەر بەژینگەیی کردنی پیرۆزیو ئاسان کردنیو گۆڕینی بۆ ڕەوشتو بەهای دنیایی، ئەوەی کە پیرۆزە ئەوە نییە کە پیاوانی ئایین دەیڵێن، بەڵکو پیرۆزییەکەی لەتوانای بۆ خزمەتی مرۆڤو کۆمەڵگا وەردەگرێت، بەوەی کە دژایەتی نەکات لەگەڵ روحی ئایینو بەها، وە هەروەها یاسای دانراو دژایەتی یان ڕەوتی دەقی ئایینی ناکاتەوە، بەڵکو ئەمەی دوایی تێدا بێتو نوێنەرایەتی بکات، کە خزمەتی مرۆڤ بکاتو نوێنەرایەتی ویستی ئوممەت بکاتو کۆ دەنگیو ڕەزامەندی گەلی لەسەر بێت، و ئەمەش ناکرێت مەگەر لەلایەن پەروەردگار وەرگیراو نەبێت، بەلاّم ئاسانکردنی عەلمانییەتو کورت کردنەوەی لەپەیوەندی دوو لایەنەی دژ بە یەکی گریمانە بۆکراوی نێوان ئایینو سیاسەت. یان ئایینو دەوڵەت، یارمەتی نادات لەتێگەیشتنی هۆکارەکانی سەرکەوتنی عەلمانییەت لەرۆژئاواو سەرنەکەوتنی لەوڵاتە ئیسلامییەکان، لێرەدا هەندێك تایبەتمەندی ئیسلام دەخەنە ڕوو، جیای دەکەنەوە لەمەسیحییەت، وەك گرنگترین هۆکارەکانی ئاستەنگی بەردەم جێبەجێکردنی عەلمانییەتو لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام چینی پیاوانی ئایینی تێدا نییە هەروەك لەمەسیحییەتدا هەیەو ئیسلام لەجەوهەریدا ئایینو دنیایە، ناکرێ جیاوازی بکەین لەنێوانیان. پێمان وایە ئەم هۆکارانە هەر چەندە هەندێ توانای راڤەکردنیان هەیە، بەلاّم قەناعەتکار نین، ئەوەی بەقووڵی لەمەسەلەکە بکۆڵێتەوە،

پێویست ناکات ئەوەندە زیرەك بێت تاوەکو چینێك پیاوایئاییینی کاهینی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بدۆزێتەوە، بگرە ئەوانە لەکاهینەکانی مەسیحییەتیش داخراوترو دواکەوتووترن.

ماوەیەکی درێژە ئایین بوارێکی پیرۆزبووەو جێگای موناقەشە نەبووە، جیهانێکی داخراو بووە بۆ پیاوانی ئایینی تەقلیدی لە پێشەوایانی مزگەوتەکانو شێخو زانایان کە تێگەیشتنی ئایینو ڕاڤەکردنی قۆرخ دەکەن بە شێوەیەك کە ڕێك بکەوێ لەگەڵ بەرژەوەندیو ئارەزووی یان بەرژەوەندیو ئارەزووی ئەوانەی لە دەسەلاتن، هەروەك ئایین قۆرخ کراوە لەلایەن دەسەلات کە بەشێوەیەك بەکاری دەهێنی خزمەت بەمەبەستەکانی بکات، ئەمەش کەلێنو دوورکەوتنەوەی نێوان خەلکی ئاساییو تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئیسلامو زانینی مانا قووڵەکانی زیاتر دەکات، ئەمەش هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو گرووپی پێشەوا-پیاوانی ئایینی تەقلیدیو دەسەلاتە، ئەم هاوپەیمانێتییەش گرووپێکی گەورەی لەهاولاتیان دروست کردووە بە تایبەتی رۆشنبیرانی لاو، کە پەنایان بردۆتە بەر ئایدۆلۆژیای عەلمانییەتو فکری عەلمانییەت وەردەگرن. بۆ ئەوە نا تاوەکو کوفر بەئیسلام بکەن، بەلکو لەبەرئەوەی ئیسلامی ڕەسمیو تەقلیدی تێنوێتیان ناشکێنێتو ڕێگایان پێنادا بەبیرکردنەوەی عەقلانی لەگەلێداو هەر هەولێك لەلایەن رۆشنبیرانی لاو بۆ پرسیارکردنو لێکۆلینەوەی دەربارەی چەند کارێك کە دەدرێتە پاڵ ئیسلام بەئاراستەی بێ بڕوایی بەخواو زەندیقی راڤە دەکرێ. چونکە بەردەوام پرسیارو راڤەکردن لە پسپۆڕایەتی شێخە تەقلیدییەکان یان لەپسپۆڕایەتی دەسەلاتو ئەو کۆڕو کۆمەڵە زانستییە ئایینییانە دابووە کە سەر بە دەسەلات بوون. ئەوەی زیاتر چەمکی ئیسلامی لەزەینی خەلکدا شێواند، ئەوەبوو کە هەندێك شت تێکەلاوی ئیسلام کراوەکە پەیوەندی پێیەوە نییەو لەلایەن توێژێکی دیارکراوی فەقێو زانایانی دەسەلاتەوە کۆنترۆلکراوە، بریتییە لە بلاوبوونەوەی نەخوێندەواریو نەزانیو نەبوونی مەنهەجی خوێندن، و لەم کۆمەلگایانە ڕێژەی نەخوێندەواری (٦٠٪) زیاترە، ئیتر چۆن دەتوانین باس لە کۆمەلگای موسلمان بکەین، کە ئیسلام تەنها بەسرووتو عیبادەت دابنێین نەك بە شارستانییەت.

ئەوەی زیاتر کێشەکەی توندو ئالۆزتر کرد دابەشبوونی کۆمەلگای ئیسلامییە، کە کەمینەیەکیان پەروەردەکراون بەپەروەردەیەکی هاوچەرخی عەلمانیو رۆشنبیرییەکی تێرکراو بەرۆحو بەهای رۆژئاوا. و زۆربەیان نەزانو

هەژارو نەخوێندەوارنو پەروەردەو فێرکردنیان تەقلیدییە، یەکەمیان هیچ لەبارەی ئیسلام نازانێ، تەنها ناوەکەی نەبێت، وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات وەك شتێکی کەلەپوور کە کاتی بەسەرچووە، و هۆکاری دواکەوتن بەشارستانییەت دەخاتە ئەستۆی ئیسلام. هەندێ پێکهاتەی ئەم دەستە بژێرە کە لەدەسەڵاتی سیاسی دان لەگەڵ بڕوانەبوونی تەواویان بەشەریعەتی ئیسلامی، بەڵام دروشمەکانی ئیسلام بەرز دەکەنەوەو خۆیان بەپارێزەری دەزانن، بۆئەوەی شەرعیەتی ئایینی بەخۆیان بدەن، ئەمەش لەمیانەی گۆڤارە ئایینییەکانداو کە عەقڵی ئەو جەماوەرەی کە بەبۆماوەییو تەقلیدی دینداربووە بێ هۆش دەکاتو بەمەش بەرژەوەندیو سیاسەتەکانی دێنێتەدی.

لەکاتێکدا واقعی رەفتاری ئەم دەستەبژێرە سیاسییەو شێوازی ژیانی زۆر دوورە لەئیسلام، دووەم، زۆربەیان هەژارو نەدارو نەخوێندەوارن کە لەلادێو دەوروبەری شارەکان کەڵەکە بوونەو مومارەسەی چەند سرووتێکی ئایینی دەکەن کەوا بڕوا دەکەن ئیسلامە، وەتا مەنهەجەکانی فێرکردن لە قۆناغەکانی یەکەمەوە تەقلیدییە، تەکنیکیو عەلمانییە لەقۆناغەکانی باڵا، وە هەمان شت بەنیسبەت خوێندنە ئایینییەکان، بەداخەوە جۆری ئاراستەکردنو جۆری ئەو کەسە ئایینییانەی ئاراستەیان دەکەن هیچ خزمەت بەئیسلامی راستەقینە ناکەن. ئەو ئیسلامەی بەقوتابیان دەگەیەنرێ، راستیو ناڕاستیو ئەفسانەی تێدا تێکەڵ دەکرێ، وە لەمیانەیدا مامەڵە لەگەڵ سۆزو غەریزەی ترس لەلای قوتابیان دەکرێ. لەبڕی مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵیانز وە ئیسلام دەبێتە جیهانی ترسو تۆقاندن کە ئاگری دۆزەخو شەیتانەکانی تیایەو سزا تیایدا ناپچڕی، وە ئەو بابەتانەی کە کۆنترۆڵی خوێندنو کتێبە ئایینییەکانی قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانەیان کردووە، وەك کێشەکانی ژنهێنانو تەڵاق دانو جۆری جلو بەرگو میراتو زیناو ئارەق، کە ئەمانە لەکاروبارە گرنگەکانن، بەڵام بنەڕەتی نین، کەچی کێشە ڕاتەستەقینەکان زۆر دوورن لەم خوێندنو وانانەو وە چۆن دەکرێ موناقەشەی کاروباری جەوهەری بکرێو ئەوانەی سپێردراون بە خوێندنی ئایینیو فێرکردنی تەقلیدی بەگشتی خەڵکێکن کە بەعەقڵیەتی رابردوو دەژین، وە بەزانیارییەکانی سەردەم ئاشنا کراونیو بێ ئاگان لە کێشەکانی ئەمڕۆ، وە کتێبە کەلەپورییەکان سەرچاوەی هەموو زانیاریو بوارو ئاستی تێگەیشتنیانە، وە لەوە ترسناك تر مەنهەجی پەیڕەوکاروو ئەو رۆحە باوەی لەم پەروەردەیەدا هەیە، رۆحی دروستکردنو داهێنانو کارکردنی

مرۆڤ دەکوژێو بە گەڕاندنەوەی هەموو کارێکیان ئـەنجامێك بـۆ ویسـتی خـوداو تواناکـانی، وەك ئـەوەی ویسـتی مـرۆڤ لـەکاروکردەوە شـتێکە دژایەتی هەیە لەگەڵ ویستی خودا.

مرۆڤ تەنها دەبێتە ئامێرێك کە هیچ هێزو ڕۆڵی نییە لەم ژیانە، تەنها چـاوەڕێی ویسـتی خـوداو تەسلیم بوون بۆ ویستی خـودا دەکـات ئەمـەش دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی نەوەیەکی پەککەوتە تەنها چاوەڕێی ویستی خودا بکـاتو تەسـلیمی ئەو بێت. حوکمی سـتەمو برسـییەتیو هـەژاری لەویسـتی خـودا بێـت، هـەروەها شکسـتمان لەبـەردەم دوژمـن، هـیچ ڕۆڵو توانـایی ئێمـەی لەبەر پەرچدانەوەی تیا نییە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەم وانانەیان دراوەتە پـاڵو ئـەو کەسـانەش کـە برەو بەم فیکرە سلبیانە دەربارەی ئیسلام دەدەن، زۆربـەیان شـێخە بەتەمەنـەکانن، کـە زمـانو زاراوەیەك بەکاردەهێنن کە هـی ئـەم سـەردەمە نییەو وە موناقەشـەی بابەتگـەلێك دەکـەن کـە پەیوەنـدی بـەژیانی ڕۆژانـەوە نییـە. ئەمـەش ئیزدواجیەتی کەسێتی لای ئـەو کەسـە دروسـت دەکات کە ئـەم فکرانـەی پێگەیشـتووە، لـەلای زانایەکی دیـاریکراو، بۆیـە کـاتێ دەچـێتە نـاو ژیان، لەگەڵ جیهانێکی ترو ژیـانێکی تـر پێـك دادەدا. وە دەبێتە قوربانی ئەم دوو جیهانە دژ بە یەکـە، وە ئـەم وێنـە لەدێهاتـەکان زۆر نـامۆتر دەبێت، کە نەزانیو نەخوێندەواری بـاڵی بەسـەر کێشـاون. وە لای دانیشـتوانی دێهاتـەکان- کەنزیکـەی نیـوەی ژمـارەی دانیشـتوان دەبـن- ئیسلام دەگۆڕێ بۆ سـرووتو ئەفسـانەو خـەڵك لـەماناکانی ناگـەن، وە تەقلیـدی عادەتـەکانی دانیشـتوانی شـار دەکەنـەوە، لەنوێـژکردنو ڕۆژگرتنو حەجو قوربانی کردنی جـەژن...هتـد، وەك جۆرێك لەدەرخستنی پێگەو خۆچوواندن بـە شارستانیو جیاوازی شکلی لە خەڵکانی تر، یان وەك جۆرێك لە تەقالیـد، بـەبێ تێگەیشـتنێکی هۆشـیارانە بـۆ نـاوەڕۆكو روحـی ئیسـلام، وە نەزانینی مێژووو یاساو ئوسولی ئیسلام.

لێرەدا بۆمان ڕەوا دەبێت کە بپرسـین: ئایـا یـەك ملیـار موسـلمان لەجیهانـدا هەیـە؟ ئایـا ئـەو دەوڵەتانەی کـە بەدەوڵـەتانی ئیسـلامی پـۆلێن دەکرێن بە کردەوە موسـلمانن؟ ئایـا سیسـتەمو پارتو کۆنگرانەی بەناوی ئیسلام قسە دەکـەنو ئالأی ئیسلام بەرزدەکەنەوە بەکردەوە موسلمانن؟ ئەوەی ئیسـلامی راسـتەقینە ناشـیرینو خـراپ دەکات، ئەوەیە کە بەواقیعی حـالی موسـلمانان بـەراوردی بکـەین، واتـا بـەراوردی بکـەین بەدواکـەوتنو نەهامـەتیو نـەزانیو ڕەگـەز پەرسـتی، هـەموو ئەمانـە خۆیـان بەئیسـلام دادەنێن، جا یان بەهۆی نەزانییە- کە زۆربـەیان وا بـاوەڕ دەکـەن کـە ئەمـە ئیسـلامی

ڕاستەقینەیە- یان دوو ڕوویی‌و بەرژەوەندی هەندێکی تره کە تێدەکۆشن بۆ پێدانی شەرعیەتی ئایینی بۆ هەڵس‌و کەوت‌و سیاسەت‌و بەرژەوەندییەکانیان بەهەڵقۆستنەوەی هەست‌و سۆزی ئایینی شاراوەو شێواندراو لەلای میللەت‌و نەزانینیان بە حەقیقەتی ئیسلام، بەلاَم قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ئیسلام لەهەمان کات لەڕووی ئاین‌و دنیا لە مەسیحییەت جیایە، وە لەسەر ئەم بنەمایە، داواکردن بە جێبەجێکردنی حەرفی دەقەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص)، و گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشیدین وەك مەرجەعیەتێکی پاڵپشت، ئەمە پێویستی بەڕوون کردنەوە هەیە. بێگومان لەو سەردەمەدا، ئیسلام وابووە، دەقەکانی تایبەت بەمامەڵەو ڕێکخستنی کاروباری خەڵك بەس بوو بۆ وەلاَم دانەوەی زۆر لە گرفت‌و کێشەکانی ئەو سەردەمە، بەو مانایەی کە دەق هاوتا بوو لەگەڵ واقیع، هەروەها تایبەتمەندێتی کەسێتی پێغەمبەرو کەسێتی خەلیفەکانی راشیدین لەو سەردەمەدا ڕۆڵی هەبووە لەم بوارەدا. بەلاَم ئەمڕۆ ژیان بەردەوام پێش دەکەوێ‌و ئاڵۆز دەبێ، و دەقی ئایینی مانا راستەوخۆکانی لەگەڵ واقیع دوور کەوتۆتەوە، ئەو واقیعەی زۆر ئاڵۆزو جیاوازەو هەندێکی لەگەڵ هەندێکی تر دژیەك دەبێت. و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاکان لە یەك دووربن، کە هەر کۆمەڵگایەك خاوەن سیستەمی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلاَیەتی‌و زمانەوانی‌و رۆشنبیری جیاوازی هەیە.

لێرەدا ناکرێ خۆمان نەزان بکەین لەبوونی ئەو ئاستەنگانەی کە لەسەر ئاستی جێبەجێکردن هەیە، لەوەی کە پەیوەستە بەوەی کێ مافی ئیجتیهادی هەیە، ئەو بابەتانەی کە دەکرێ ئیجتیهادی تێدا بکرێ، ئەم کاروبارانە ئەوەندە ئاسان نین، هەروەك ئەوانەی دەڵێن: "ڕاستی ڕوونەو ناڕاستیش ڕوونە" وای دەبینن، چونکە کۆمەڵگاکان ئاڵۆزن، وە ئەو بابەتانەی کە گومان‌و ناڕوونی تیایە- ڕاستە یان ناڕاستە- زۆرن.

قەبارەی زانیاری مرۆڤ بەتەنها لەو دەیەیی دوایی، چەندین جار زۆر ترە لەو زانیارییانەی کە لەسەدەی حەوتی زاینی باو بووە. ئەم پێشکەوتنە مەعریفییە پێویستی بەتێکەڵکردن هەیە لەسیستەمی بەهاو فکرو بیروباوەڕە ئیسلامییەکان، وە پێویستی بە پرۆسەی گونجاندن‌و پێکەوە ژیان لەنێوان ئیسلام‌و مەعریفەدا هەیە. بەتایبەتی کە ئەم مەعریفەیە لەدایك بووی بیرو بەها ئیسلامییەکانمان نییە، بەڵکو لەیەکێکی تر هاتووە بەبەهاو بیروباوەڕەکانی.

کەواتە کێ مافی ئیجتیهادکردنی لەم کاروبارانە هەیــە، ئایــا هــەموو مرۆڤێــك شــیاوی ئیجتیهادکردنــــە؟ یــــان لەپســــپۆڕایەتی کاربەدەستانە؟ یان لە پسـپۆڕایەتی شـارەزایانی ئـەو بابەتەیـە کـە جێگـەی ئیجتیهـادە؟ وەلاّم دانــەوە بەقســەیەکی تێنەگەیشــتوو نییــەو پرسیارکردنیش شتێکی تازەو نـوێ نییـە، بـەلاّم بارودۆخی نەزانیو هەژاری کە جیهانی ئیسلامی تیایدا دەژیت، وە لەسایەی دەست بەسـەراگرتنو زەوت کــردن کــە لەلایــەن رۆشــنبیریو شارستانییەتی سەرکەوتوو گـۆڕاو مومارەسـەی دەکرێت، وە لەسایەی دەسەلاّتی پیاوانی ئـایینی تەقلیدی بەسـەر کاروبـاری ئـایینی، وە دانـانی موناقەشــە تیایــدا لەچوارچــێوەی شــتە قەدەغـەکراوەکان، لـەژێر رۆشـنایی هـەموو ئەمانە، کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد دەگۆڕێ بۆ کێشەی بارگرانیو ناڕەحەتی، کـە ئـالۆزی زیـاد دەکات لەگەڵ جیاوازی بـارودۆخی موسلمانانو جیاوازی سیستەمو رۆشـنبیریيانو غیـابی یـەك دەوڵەتی، ئایین دەگۆڕێ بۆ ئامێرێك کـە لایەنـە ناکۆکەکان بەکاری دەهێنن لە کۆمەڵگاکان هـەر لایەنەو خزمـەتی مەبەسـتەکانی پـێ دەکـات، زۆربەی ئەو ئیجتیهادانەی کە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان دژیەك دەبن دەربارەی یـەك بابەتـە، چونکە مەرجەعیەت لەراڤەکردنو تـەئویل روحو

بـەهای ئیسـلام نییـە، بـەڵکو لـە بەرژەوەنـدی سیاسی دنیابیە.

لێرەدا گرفتەکە لەدەقی ئایینیدا نییـە، چـونکە دەقــی ئــایینی موخاتەبــەی کۆمەڵگایــەکی دیاریکراو دەکات بەزمانو چەمکەکانو نموونـە لەواقیعی ژیانی کۆمەڵگاکە. دەق، وەك زمـانو مفــردات، لــەو ســەردەمەدا تایبــەت بــوو بەکۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی، بـەلاّم ئیسـلام وەك رۆحو بەها بۆ هەموو کاتو شوێنێك بوو.

ئەمڕۆ جێبەجێکردنی ئیسلام واتای ئەوە نییە کە پێویسـتە واقیـع ملکـەچ بکـرێ بـۆ دەقێکـی دیــاریکراو، بــەڵکو دەرهێنــانی ئیســلام لــەو دەقانەی کە خزمـەتی مـرۆڤو کۆمـەڵگای تێـدا دەبێت. کاتێ دەڵـێین تـەئویلی دەق ئەمـە واتـا دانــانی دەقو یاسـای دانـراو کـە وەلاّم دەرەوەی داخوازییەکانی ژیانو سەردەم بێت کە دژ نـەبێت لەگــەڵ روحــی ئیســلام. رەتکردنــەوەی گوتــەی بەدروست دانانی یاساکانی مرۆڤایەتی کە ژیـانی خەڵك لەبوارە جیاجیاکانی ژیان رێك دەخات، وە خۆ بەستنەوەو کۆتو بەندی بە دەقی قورئـانیو فەرمودەی پێغەمبەر(ص)، بـەبێ نـەرمو نیـانی نواندن لە مامەڵەکردندا، واتـا، یـەکێ لـەم دوو گریمانەیـە: یەکـەم ئەوەیـە کـە دەقـی ئـایینی، قورئانو فەرمووده، وەلاّمـی بـۆ کێشـەو شـتە نوێیــەکانی ســەردەم پێیــە، هــەموو شــتێکی

بچووك‌و گەورە دەقێکی ئایینی هەیە کە ڕاستەوخۆ وەلاّمی بداتەوە ئەمە مانای ئەوەیە دەتوانین- لەدەقی پیرۆز (قورئان‌و فەرموودە) دەقەکان دەربارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان‌و تیۆری دەوڵەت‌و ئابووری‌و بیمەو کۆمپانیاکان، حەبی قەدەغەکردنی سك پڕی، و منالاّن زەڕوەو، لە دەقی ئایینیدا نییە، وە ناکرێ تیای بێت، لەدیدی موسلمانە پێشینەکان، ئەمانە باسکردنە لەشتی نامۆو شتێك کە تێی ناگەی.

گریمانەی دووەم: گوتنی ئەوەی کە خوا، نازانێ چی بەسەر جیهان دادێ لەگۆڕانکاری‌و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، کە ئەمانە کاروبارێکی ڕەتکراوەن‌و پێویستە لەیاد بکرێن. بێگومان ئەم دوو گریمانەیە ڕەت دەکرێتەوە. کەواتە ئەو شتەی نزیکە لە لۆژیك، وە لەحەقیقەتی دەقی ئایینی، ئەوەیە کە بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە تەئویل کردنی دەقی ئایینی‌و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەسانایی‌و دانانی ئەم تەئویل‌و ڕاڤەکردنانە لەیاسا دانراوەکان کە وەلاّمی کێشەکانی سەردەم بداتەوە. وە وای لێ نەکات کە دژ بێت لەگەڵ ڕوحی ئیسلام‌و بنەما ڕەوشتییەکانی، بەمانای ئەوەی کە یاسا دانراوەکان- لەسیاسەت‌و ئابووری‌و کۆمەلاّیەتی‌و زانستەکانی تر....هتد.

دەچێتە بواری ئیجتیهاد لەکاروبارە تازەکان، وە ئەمەش لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر(ص) ڕێك دەکەوێت کە دەفەرموێ: ئێوە زاناترن بەکاروباری دنیاتان کەواتە، ئەو تایبەتمەندییەی کە هەندێکیان باسی دەکەن، تایبەتمەندی ئیسلام نییە بەتەنها، وە جیاکردنەوەی لەئایینە ئاسمانییەکانی تر، بێگومان ئەو تایبەتمەندییە بوونی هەیە، بەلاّم سنووردارە، بەلاّم تایبەتمەندی بارودۆخی موسلمانان، تایبەتمەندی کۆمەلاّیەتی‌و سیاسی‌و ئابوورییە، ئەو بارودۆخانە نادرێنە پاڵ ئیسلامی ڕاستەقینە، بەڵکو دەدرێنە پاڵ بانگهێشتکاران‌و ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، لەدواییدا کاتێ بەراورد دەکەین لەنێوان ئەو عەلمانییەتەی لەرۆژئاوای مەسیحیدا هەیە، بەو چەمکەی کەلەسەرەوە باسمان کرد.

ئەو عەلمانیەتەی کەقسەو باس دەربارەی دەکرێت لەجیهانی ئیسلامی پێویستە ئەو بارودۆخەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاو بگیرێن کە لەپێش‌و لەکاتی جێبەجێکردنی عەلمانییەت لەرۆژئاوا مەرجەکانی سەرکەوتنی ڕەخسا.

بەراوردکردنی بەو بارودۆخە باوەی لەجیهانی ئیسلامدا هەیە، وە بڕوامان وایە کە ئەوەی خزمەتی ئیسلام دەکا، مامەڵەکردنی بەنەرم‌و نیانییە لەگەڵ گوتەی ئیعجازی دەقی قورئان لەجیاتی گۆڕینی دەقە پیرۆزەکە بۆ لەغزو کۆت

لەسەر عەقڵو لەمپەر خستنە بەردەم پێشکەوتنو داهێنانکاری. قسەکردن بە ئیعجازی دەقی قورئانی لەکاتی دابەزینی قورئان ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو، بەنیسبەت خەڵكو كۆمەڵگا دیاریكراوەکان. کە زمانو بارودۆخی تایبەتیان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەجیهانێکی گۆڕاو، و بارودۆخی کۆمەڵگاکانو زمانو ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، دەست گرتن بەتێگەیشتنی وەستاو بۆ ئیعجازی قورئان وەك زمانو دەربڕینەکان، زیاتر ئیسلام خراپو ناشیرین دەکات لەوەی سوودی پێ بگەیەنێ. چونکە خۆ بەستنەوە بەئیعجازی دەق، هەندێ لەهەڵگرانی زمانی عەرەبی ئیقناع دەکات، بەڵام ناتوانێ ئەو خەڵکانە ئیقناع بکات کە لەزمانو ڕۆشنبیرییەکانی ترن. بەڵام دەرخستنی روحی ئیسلامو بەها داهێنەرەکانی توانای زۆری هەیە لەسەر ئیقناع کردن چونکە وەك بەهاو پەروەردەیەکی جوان مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا دەکات، وە هەر دەمارگیریو داخرانو دواکەوتنێك لەئیسلام دوور دەخاتەوە، وای لێ دەکات توانای وەرگرتنی کاروبارە تازەگەرییەکانی هەبێتو دەرگای فراوان بۆ ئیجتیهادو تەئویلکردن لەبەردەم پسپۆڕانی کاروبارە تازەگەریەکان والا بکاتەوە، و وای لێبکات توانای تێگەیشتنی هەموو ڕۆشنبیرییەکانی جیهانی هەبێت.

ئەم تێگەیشتنە بۆ ئیعجازی قورئان، ڕێگا بەهەموو شارەزاو پسپۆڕو زاناو توێژەران لەهەموو ڕۆشنبیریو ڕەگەزەکان دەدات بەکرانەوە بەڕووی ئیسلامو خواردنەوە لەزانستو ڕێنماییەکانی بەبێ مەرجی قووڵ بوونەوەیان لەزمانی عەرەبی، بەڵکو ئەوەندە بەسە بۆیان کە بەروحی ئیسلام تێربن. عەقڵی عەلمانییەتو هۆکارەکانی سەرکەوتنیو تێگەیشتنی میکانیزمی کارو جێبەجێکردنەکانی لە ڕۆژئاوا، ڕاستەڕێ نابێت مەگەر لەچوارچێوەی دیدێکی هەمە لایەنە نەبێت بۆ مێژووی ئەوروپا لەسەدەی شانزدەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، کە لەم کاتو ساتانە بووە سەرهەڵدانی گۆڕانو ڕووداوو شۆڕشو مەرجە بابەتییەکانی ڕەخساند بۆ سەرکەوتنی عەلمانییەتو وەرگرتنی ئەو تایبەتمەندییە گشتییانەی کە ئەمڕۆ هەیەتی. ستەمە جیاوازی بکەین لەنێوان عەلمانییەتو ئەو شۆڕشە ئایینیو سیاسیو کۆمەلآیەتیو ئابوورییەی کە ئەوروپا بەخۆیەوەی بینی، کە کەشو هەوایەکی شیاوی بۆ سەرکەوتنی عەلمانییەت ڕەخساند. شۆڕشی ئایینی بووە نموونەی شۆڕشی عەقڵی لەلای مرۆڤی ڕۆژئاوا، کە وای لێکرد لەجێگای هەموو ئەو پرسیارانە

دابنێ کە پەیوەستە بە دیدو بۆچوونی بەرامبەر بەئایین، و هەموو ئەو پرسیارانەی لەمێشکی دەخولێنەوە لەراڤەکردنو چەمكو تێڕوانینەکانی دەربارەی نەفسیو دەوروبەریو هەموو کاروبارێك کە دەدرێتە پاڵ دین. دووبارە چاوی خشاندەوە نەك تەنیا بە ئایین بەڵکو لەدانانی ئایینو ئەرك پێ سپاردنیو پەیوەندییەکانی بەبوارەکانی تری ژیان.

هەروەك چۆن شۆڕشە سیاسیو کۆمەلایەتییەکان لەفەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیا...هتد، مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوە، وە ئەو هاولاتییەی دروست کرد کە مافو ئەرکەکانی بزانێت، و پەیوەندی دەسەلاتدارو میللەتی دیاری کرد. چەمکی ویستی نەتەوەو مافی هەڵگیرسانی شۆڕشو گۆڕینی دەسەلاتدارەکان بەدەرکەوت، وە مافی قۆرخ کردنی ئایینیو پیرۆزی یان قسەکردن بەناوی پەروەردگاری لەدەسەلاتداران سەندەوە، واتا شەرعیەتی ئایینی لەدەسەلاتداران سەندەوە شۆڕشی پیشەسازی ریزی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوەو مرۆڤایەتی مرۆڤی چەسپاند ئەویش بەدابینکردنی بارودۆخی ژیانی سەرفرازو شەریفانەو ڕزگارکردنی مرۆڤ لەهەژاریو نەداری. و هاولاتیانی بەرهەمهێنی بەخشی. شۆڕش زانستی عەقڵی مرۆڤی لەخورافەو ئەفسانە ڕزگارکردو پرۆسەی تەحەکوم کردنی لەدیاردە سروشتیو کۆمەلایەتییەکانو تێگەیشتنو راڤەکردنی ئاسان کرد، بەوەی کە بەشێکی حەقیقەتەکانی لەخودای دایە، نەك لەسەرچاوە دەرەکییەکانی.

محمد ئەرکۆن ئاماژەی بەوە کردووە کە عەلمانییەت هەڵوێستە بۆ فکر لەبەردەم دوو کێشە، یەکەم: کێشەی مەعریفە، چۆن بتوانین دیاردەکان بناسین؟ چۆن بەشێوەیەکی وردو هاوتا لەجیهان بگەین؟ نابێ مرۆڤ لەمافی تێگەیشتن بێ بەش بکەین بەهەر بیانوویەك بێت.

دووەم: چۆن ئەم مەعریفەیە پاش دۆزینەوەی بگەیەنرێتە کەسانی تر؟کاتێ دەگەینە ئەنجامێکی نوێو دیاریکراو لەبواری زانستی، بەرپرسیاریەتیەکمان لەئەستۆدا دەبێت کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە دۆزینەوەکان، کە ئەویش بەرپرسیاریەتی گەیاندنە، واتا گەیاندنی ئەم ئەنجامانە بۆ کەسانی ترو جەماوەر، محمد ئەرکۆن ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە ئەو زۆری چەشتووە لەم لایەنەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەی کە پەیوەستە بە فکری ئیسلامیو فکری عەرەبی. بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانرێت بووترێت ئەوەی سەرکەوتنی عەلمانییەتی لەرۆژئاوا بەهێزکرد، و خەڵك قبووڵیان کرد، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە مامەڵەکردنیان لەگەڵ عەلمانییەت وازهێنانە لەمەسیحییەتەکەیان. ئەوەیە کە کۆمەڵگای رۆژئاوای عەلمانی ژیانێکی باشتری بۆ خەڵك

ڕەخساند لەوەی کە پێشتر هەبوو، کە یارمەتی دان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەیان،و هێزو توانای پێدان بۆ تەحەکومك کردن بەسروشتو کۆمەڵگا.بەبێ ئەوەی پێویستیان بەفتوای پیاوانی ئایینی بێت، یان چاوەڕێی چارەسەری ئاسمانی بن، یان لەدنیادا ڕابکەن بۆ دوارۆژ، لەگەڵ نکۆڵی نەکردنیان لەدوا ڕۆژ پاش مردن، ئەوەی کاریان لەپێناویدا کرد تەنها دوا ڕۆژ بوو، وە کاریان بۆ دنیایان کرد، و کاریشیان بۆ دوا ڕۆژ کرد بەهەردوو چەمکی دوارۆژ. دوارۆژی پاش مردنو دوارۆژ بەمانای ئایندە، دوارۆژ واتای لەبیرکردنو خۆنەزان کردن لەدنیا بەئێستاو ئاییندەی ناگەیەنێ، بەڵکو ئاییندەی بێ کۆتاییە.بەم شێوەیە هەرچەند توانای مرۆڤ زیادی کرد لەتێگەیشتنی ژیانو تەحەکوم کردن لەواقیعو چارەسەرکردنی کێشەکانی، پێویستی بەڕاکردن لەواقیع بۆ خەیاڵ یان ئایدیۆلۆژیا یان ئەفسانە یان چاوەڕێ کردنی بۆ چارەسەرە ئاسمانییەکان بۆ کێشەکانی کەمتر دەبێتەوە، هەروەها پێویستی بە یادکردنەوەی پەروەردگار بۆئەوەی لەجێگای ئەودا چارەسەری کێشەکانی بکات کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە باوەڕی لاواز بووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی باوەڕبوون بەخواو بەگەورەیی خواو سوپاسو ستایشی خوا لەسەر بەخشینی عەقڵی بەشەری بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەخۆی چارەسەری کێشەکانی بکات.

### بەشی دووەم

## دیاردەی هەڵکشانی ئسوڵی

## (فەندەمیتالیزم)

### ڕوخساری ئایینیو سەرچاوەی دونیایی

ڕوویەکی تری کێشەکە، ئەوەیە کە ناودەبرێت بە (هەڵکشانی فەندەمیتالیزم)، لەجیهانی ئیسلامی تێگەیشتنی عەلمانییەت تەنها بەتێگەیشتنی ئوسوڵیەتی ئیسلامییە، وە لەمەی دوایی ناگەی مەگەر لەمیانەی پەیوەندییە مشتومڕە دژ بەیەکەکان لەگەڵ بانگەوازیکارانی عەلمانییەتو جێبەجێکردنەکانی لەسیستەمو دەستوور عەرەبیو دەستووری وڵاتە ئیسلامییەکان.

لەوانەیە پێویست نەکات بۆ چەمکی "ئوصوڵییەت" بگەڕێینەوە بۆ ئوصولە ڕۆژئاواییەکان، هەروەك هەندێ نووسەری عەرەب وای بۆ دەچن.

ئوصولییەت لەڕووی زمانەوانیو ماناو زاراوەوە لەزمانی عەرەبیو مێژووی ئیسلامییەوە وەرگیراوە، کە لە "اصل"دا هاتووە. ئەصلی شتێك بنچینەیەکە کە لەسەریدا ئەوەستێو

گەشە دەکات. وە گەڕانەوە بۆ ئوصولی ئیسلامو بناغــە یەکەمینــەکانی نــەك بەشــتێکی نــوێ لەمێژووی ئیسلامیو کــە ئەمــەش ڕەهەنــدێکی زەمەنیبــەخش بــەدیاردەی ئوصــولی دەدات کــە توانی بگاتە قۆناغی "دامەزراندنی سیستەمی" لەناو کۆمــەڵگا، واتــا بــووە بەشــێك لــەواقیعی کۆمەڵایەتی، کە کۆمــەڵگا مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکـــــات نـــــەك بـــــەئامانجی دۆزینـــــەوەی چارەســـەرکردنێکی کۆتـــایی وەك دیاردەیـــەکی کۆمەڵایەتی-ئایینی، بەڵکو بۆ گونجانو ســازان لەگەڵیداو وەرگرتنــیو ڕامکردنــیو بەژینگــەیی کردنی بەشێوەیەك زیان بەڕێكو پێکــیو کــۆکی کۆمەڵایــەتی نەگەیەنێــ، ئەســتەمە پێشــبینی کردن بەڕیشەکێش کردنی ئەم کێشە- دیاردەکە- لەماوەیەکی نزیــك، لەسایەی هــەمان بونیــادە عــەقڵیو کۆمەڵایەتییــەکانو وە لەســایەی ئــەو مــەرجو بارودۆخانــەی کــە لەپێشــدا ئامــاژەی پێکــرا، بەتایبــەتی کــە هــەموو لایەنــەکان تێدەکۆشن بۆ بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییـــــەکانیان، وە لـــــەنێو ئەمانـــــەدا سیستەمەکانیش کە سکالا لەدیاردەی توندڕەوی ئــایینی دەکــەن دووبارەبوونــەوەی "تونــدڕەوی ئــایینی"یــان بزوتنــەوە ئوصــولیيەکانو بونیــان لەزۆربــەی کۆمــەڵگا ئیســلامییەکان لەگــەڵ جیاوازی شێوەکانی گوزارشت کردن کــە هەنــدێ جار حاڵەتی تەقینەوەو توندوتیــژی وەردەگرێــت، هەندێ جاریش حاڵەتی پێکەوە ژیان لەگەڵ ئــەو بارودۆخــەی کــە هەیــەو، دەرکــەوتنی کێشــەکە لەسەر شێوەی پلەکانو لەماوە پچڕ پچــڕەکان، و وەرگرتنی شێوازێکی کۆمــەڵیو جەمســەرگیریو هەموو ئەمانە پاڵنەری ئەوەن کە بڵێین: هۆکــارە ڕاستەقینەکانی دروکــەوتنی دیاردەکــە هۆکــاری دنیاییە کە پەیوەستە بە مەرجەکانی ژیانو شێوە جیاوازەکانی سیستەمی ژیان. ئەگەر بــارودۆخی سیاســیو کۆمەڵایــەتیو ئــابووری ڕێگایـــدا بەفەراهەم کردنی مەرجەکانی ژیانێکی باشتر بــۆ کۆمەڵگاو و هاوسەنگی کردن لەنێوان پێکهاتــە جیاوازەکــــانی، و فەراهــــەم کردنــــی پێداویســتییەکانی پێکــەوە ژیــانی ئاشــتیانەی پێکهاتــەو تائیفــە جیاوازەکــانی کۆمــەڵگا- پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە نەك بــەزۆرەملێ- کێشەکە بەشێوە توندڕەوییەکەی کاڵ دەبێتەوەو پاساوی ئامادەیی پەروەردگار بۆئــەوەی جێگــای مرۆڤ بگرێتەوە بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانیان نامێنێ.

بەڵام ئەگەر هاوسەنگی نەکراو سیاسەت بێ توانا بوو کــە دروســتکردنی حاڵــەتی پێکــەوە ژیــانو ســازان لــەناو کۆمــەڵگاو بــارودۆخی ئــابووری دووچاری گرفت بۆوەو، فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاکان نــەیانتوانی چارەســەری کێشــەکانی کۆمــەڵگا

بکـەن، و لاوان لەحاڵـەتی بـێ کـاریو دەسـت بەتاڵی ژیانو متمانـە نـەما لەهـەموو شـتێك، بزوتنـەوە ئایینییـەکان وەك هۆکـاری هانـدانو وروژانـدن دەردەکـەون، یـان وەك هۆکـاری جەمسەرگیری یان وەك هۆکارێکی رەتکردنـەوەو نارەزایی- یان هەموو ئەمانە- بۆئـەوەی بچـێتە گۆڕەپانەکـەو گوتـار بـداتو لایەنگرەکانیشـی بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە بەرنامەکـەیان ئەلتەرناتیڤەو توانای چارەسەرکردنی کێشـەکانی کۆمـەڵگای هەیـە، واتـا ئـەو چارەسـەرە پێشنیارکراوانە مۆرکێکی ئایینی بۆ زیاد دەکات بەهۆی غیـابی یـان فەشـەل هێنـانی چارەسـەرە دنیاییـە عەلمانییـەکانو بـەلاّم کێشـەکە لەجەوهەریدا بەدنیایی دەمێنێتەوە.

بێگومـان تونـدڕەوی ئـایینی هەڵسـوکەوتێکی ناعەقلانیـە، لەکاتێکـدا ئیسـلامو ئایینـداری بەشێوەیەکی گشتی، لەمەبەستو واتـا قووڵـە روحـیو ڕەوشـتییەکانی، هـەڵسو کـەوتێکی عەقلانییـە، بـەلاّم ئـەوەی ئایینـداری دەکاتـە کارێکی ناعەقلانی، واتا دەیگەیەنێتـە قۆنـاغی جەمسـەرگەری وەسـتاوە لەسـەر بـەکافرکردنی کەسانی تر.

عەقلانییەتی ئەو واقعەیە کە هەیە لەسیستەمو دامو دەزگـاو رەفتارەکـان. تـیرۆرو تۆقانـدنی سیسـتەمەکانو گەندەڵییـەکانیو نـەمانی مەرجەکانی ژیـانێکی رێزدارانـە، و هەڵوێسـتە ناعـەقلانیو ڕەگەزپەرسـتییەکانی رۆژئـاوا لەمامەڵەکردنی لەگەڵ گەلانی ئیسلامی، بووەتە هۆی وروژاندنی ناعەقلانی لەلای ئایینداران، کە ئەمەش لایـەنی تونـدڕەویو وەرگەڕانـە لەسـەر خودو دوژمنایەتی کردنی کەسانی ترە. هەرچەند بەعـەقلانیکردنی واقیـع کـرا لەسـەر بنـەمای دادگەریو ویژدانو ڕێزگرتنی مرۆڤایەت مـرۆڤو مافەکانی، هەڵچوونو تەقینەوەی لە ئاییـنداران دامـاڵی کـە بیـانگۆڕێ بـۆ مومارەسـەکردنی رەفتاری ناعەقلانی.

واتـا بـۆ دیـاردەی تونـدڕەوی ئـایینی یـان بەشێوەیەکی ترو هەرچەندە ئێستامان لـەدوێنێ باشتردانا- وە ئەمە سوونەتی ژیـانو سروشـتی ئەو پێشکەوتنەیە کە هەمیشـە بـەرەو پێشـەوە دەڕوا- کـە هەنـدێ بزوتنـەوەی ئـایینی خۆیـان دەگۆڕنو خۆیان دەگونجێننو دەیکەنە نموونەیـەك کە پێویستە وابن.

هەرچند کۆمەڵگا موسـڵمانەکان بـەتوانا بـوون لەسـەر تەحـەکوم کـردن لـە واقعەکـەی داوەو رزگاربوون لەهۆکارەکانی دەست بەسـەرداگرتنو زەوت کـردن کـە حـوکم بەپەیوەندییـەکانی بەکۆمەڵگاکانی تر دەکات، ئـەوا پێویسـتی بـۆ هانابردن بەرابردووو بەپێشینە چاکەکان کـەمتر

دەبێتــەوە، وە پاسـاوی بلاّوبونـەوەی ئـارەزووی ئایینی توندڕەوی نامێنێ.

کەواتە هۆکارە راستەقینە شاراوەکان کە لەپشت تەقینـەوەی دیـاردەی تونـدڕەویو کلپەسـەندنی ململانێی نێوان "ئوصولییەکان" لەلایەكو نێوان سیستەمو هێزە "عەلمانییـەکان" لەلایـەکی تـر، هۆکـاری دنیاییــە، کێشــەکانی پەیوەســت بەهەژاریو بـێ کـاریو بالاّدەسـتی بێگانـە، و بێزاریو نائومێدی کە باڵی بەسەر ئەم نەوەیـەدا کێشـاوە، واتـا ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـت نییـە بـە باوەڕبوون بە خـوداو باوەڕنـەبوون بـەخودا، یـان موسـڵمان نـێنو هــەروەها هەنـدێ بزوتنـەوەی ئیسـلامی لایـەنی رەفتـاریو سـرووتی لـەئایین دەخەنە ڕوو کە ئەمەش گوزارشت لە حەقیقـەتی کێشـــەکە ناکـــاتو یارمــــەتیش نـــادات لەچارەسەرکردنیدا، چونکە زۆر بەسانایی مامەڵە لەگەڵ جەوهەری کێشەکە ناکات. تـا لەلایـەنی ئـاایینی بـاوەڕی. چـونکە ئێمـە لەسـەردەمی پێغەمبەرانو نێردراوانو قدیسەکان نین، چـونکە ئـەم بزوتنەوانــە، یــان ئــەو کەســانە نــاتوانن بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە پەیوەنـدییان بـە پەروەردگار هەیەو یان بانگەشەی ئەوە بکەن کـە نهێنی پـەروەردگاریان قـۆرخ کـردووە، نـاتوانن بانگەشەی ئەوە بەکن کە بەئایەتی قورئانی نوێو فــەرموودەی پێغەمبــەر(ص) هاتوونـە، کەواتـە هەوڵدەدەن بۆ ئایین کە بـۆ هەمـووانـە، بـەکاری بهێنن لەپێناوی ئامانجە سیاسیو کۆمەڵایـەتیو ئابوورییەکان، واتا بەشێوەیەکی گشتی ئامـانجی دنیاییــە کــە گوزارشـت لــە پێداویسـتییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا ناکات.

باوەڕ دەکەین کە ئەرك پێ سپاردنو بەکارهێنانی ئایین بۆ چاکەی دنیا کارێکی هەڵە نییـە بـەڵکو ئەمە بنەماو ئامانجی ئایینـە، بـەلاّم پێویسـتە بەعەقلاّنی بکـرێ ئەمــەش لەمیانـەی دووبـارە چاوخشاندنەوە پێی، نەك تەنها لـەخودی ئـایین، بەڵکو لـەو جێگایـەی کـە لەکۆمـەڵگا داگـیری دەکـــات، بێگومـــان بزوتنـــەوە ئایینییـــەکان مصداقییەت بەدەست دەهێنن بەدانانی پێگەیەك وەك حاڵــەتی ڕەت کردنــەوەی واقعێــك کــەوا جیاوازی لەسەر گەندەڵییەکەی نییـەو وە لەسـەر پێویســتی گــۆڕینیو دەبێتــە پێگەیــەك وەك چوارچێوەیەك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کـە لەئـەنجامی کێشـانەوەی ئایـدیۆلۆژیاکانی تـر دروست دەبێت.

وەك گوزارشـت کـردن لەناسـنامەی جیاکـاری لەیــەکێکی تــر-ڕۆژئــاواو زایــۆنیزم- کــە دوژمنکارییــــــە نەتــــەوەییو ئــــــایینیو شارسـتانییەکەی ناشـارێتەوە بەرامبــەر هــەر کەسێك کـە موسـلمان بێـ، واتـا لـەم حاڵەتـە ئیسلام دەبێتە دوا هێڵـی بـەرگری کـە عـەرەب

پشتی پێ دەبەستن تاوەکو لەناو نەچن‌و کۆتاییان پــێ نەیــەت وەك نەتەوەیــەك‌و کۆمەڵەیــەکی بەشــەری شارســتان‌و ئــەو ترســەی کــە وڵاتــانی ئــەوروپی‌و زایــۆنیزم دەری دەبــڕن لەمـــەددی ئوصولی، کۆکردنەوەی سیســتمە عــەرەبییــەکان‌و بــەکارهێنانیان لــەدژی ئوصــولییەکان، بــەڵکو خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی‌و فیتنــە، هــەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی دەوڵــەتانی داگیرکارو هەندێ سیستەمی عـەرەبی لەوەی کــە بزوتنــەوە ئوصــولییەکان ئــابرووی ئــەو واقعــە گەندەڵە ببەن‌و هێــزە نــەیارەکان بــۆلای خۆیــان ڕابکێشــن. ئــەم واقعــەی جیهــانی ئیســلامی خزمەتی بەرژەوەندییــەکانی ڕۆژئــاواو زایــۆنیزم دەکات، بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لەوەدایە کە بەرگری لــەم واقعــە بکــات بەدژایــەتیکردنی بزوتنــەوە ئوصولییەکان بەمەنهەجێکی داڕێژراوو حیســاب بۆ کراو، واتا نەك بەدژایەتی کردنێکی ڕەهــا بــۆ هــەموو بزوتنــەوە ئوصــولییەکانو بــەڵکو بــۆ ئەوانەی کە سیاسەت‌و مومارەسەکانیان لەگــەڵ بەرژەوەندی ڕۆژئاوا یەك ناگرتەوە.

بێگومان ئایین وەك ڕەگــەزێکی جەمســەرگەری‌و جیاواز لەیەکێکی تــر، وەك بەهایــەکی روحــی‌و ڕەوشـــتی، بەدرێـــژایی مێـــژوو ڕۆڵێکـــی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە لەجەنگەکانی گــەلان دژی دوژمنەکانیان‌و ڕابوونیان لەغەم‌و کێشــەکانیان‌و جۆشــدانیان‌و بــەڵام ئــەم ڕۆڵــەی ئــایین نــەدەکرا بگێڕدرێ ئەگەر بهاتایە ســەرکردایەتییەکی ژێــر بوونی نەبا کە لــەم بــوارەدا ئــایین بەشــێوەیەکی جوان‌و باش بەکاربهێنێ، هەروەها ئەگەر بێــت‌و کۆمــەڵگایەکی چالاك‌و کارامــەو داهێنــەر بــوونی نەبایە، و بوونی ڕۆشنبیران‌و زانایان کە ئامرازی دەستی دەســەڵاتی سیاســی نــەبن، واتــا ئەگــەر مــەرجـــە بابەتییـــەکان-سیاســـی ئـــابووری کۆمــەڵایــەتی- فەراهــەم نەبایــە کــە کــەش‌و هەوایەکی شیاو بۆ ئایین بڕەخسێنێ، ئــەوا ئــەم ڕۆڵــەی نــەدەگێڕا. ئــەو جیاوازییــەی لــەنێوان مەســیحییەتی ئــەوروپا لەســەردەمی تــاریکی‌و مەسیحییەتی ئــەوروپا لەســەردەمی ڕووناکیــدا هەیە، دۆزینەوەی کتێبێکــی پــیرۆزی نــوێ یــان دەقێکــی ئــایینی کــە لەســەردەمی پێشــینەکان نییــە، ئــەو جیاوازییــە لــەوازهێنانی ئــەوروپا لەسەردەمی ڕوونــاکی‌و پاشــتر لــەکتێبی پــیرۆز نییـــە، بـــەڵکو جیاوازییەکـــە لـــەگۆڕانی عەقڵییەتەکان، و دەرکەوتنی چین‌و دەســتەبژێری نوێیەو کەیاخیبوون لە قۆرخ کردنی ئایین لــەلای هەندێ کەسو یاخی بوون لەسەر بەنــەزان کردنــی کۆمەڵگا بەناوی ئایینو و ڕاڤەکردن‌و تەئویلێکی نوێیــان بــەئایین‌و ڕۆڵــی لەکۆمــەڵگا بەخشــی، هەمان کار بەنیسبەت شارستانیەتی ئیســلامی، لەسایەی ئیسلامدا- قورئان‌و سووننەت.

موسلمانان ڕەسەنترین شارستانیەتیان دورست کرد، هەر لەسایەی ئیسلامدا- قورئانو سوونەت- موسلمانان گەیشتنە نزمی، کەواتە گرفتەکە لە قورئانو سوونەتدا نییە، بەڵکو لەو کەسانەیە کە مامەڵە لەگەڵ قورئانو سوونەتدا دەکەن، گرفتەکە لەسیستەمو سەرکردەو دامو دەزگاو ڕۆشنبیرانە، گرفتەکە لەوەیە هەندێ کەسی دیاریکراو "نهێنی پەروەردگار"یان قۆرخ کردووە، و ئایین بەکاردێنن نەك لەخزمەتی پەروەردگارو بەشەرییەتو میللەتان، بەڵکو بەکاری دێنن بۆ خزمەتی بەرژەوەندی کەسێتیو گرووپی بەتەرسك.

کەواتە، لەسایەی ئەو تەنگژەیەی ئوممەتی عەرەبی پێیدا تێپەڕ دەبێتو لەسایەی ئەو هێرشە دڕندانەی کە داگیرکەرو زایۆنیزم دەیکات بۆ لەناوبردنی ئەوەی ماوەتەوە لەلایان لەهێزو عزرەتو ڕێزگرتندا، دەکرێ ئایین بەکاربهێنرێت وەك ڕەگەزێکی هێزو توانا، ڕەگەزی یەکگرتنو ڕاپەڕین بۆ خەمەکان، بۆئەوەی هەڵسێ بەو ئەرکانەی کە سیستەمو ئایدیۆلۆژیا هەرەس هێنراوەکان نەیانتوانیوە پێی هەڵسن، بەلاَم نەك لەمیانەی مامەڵەکردن لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەوەی کە بزوتنەوەی "زیندووبین" بەڵکو مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا وەك بزوتنەوەیەکی ئایندە، بزوتنەوەیەك کە باوەش بەئێستا دەکاتو چاوی لە ئاییندەیە نەك لەڕابردوو- مەگەر دانانی ڕابردوو بەپەندو وانەی نیگا بۆ کراو-وە بەرتەسك کردنی دیاردەکانی پیرۆزکردن لەسەر بنەماکانی ئیسلام کە هیچ جیاوازیو ڕاجیایی لەسەر نییە، تا پەیوەندی نێوان پەروەردگارو مرۆڤ بمێنێتەوە، وە قبوول نەکرنی دانانی هەرکەسێك کە ببێتە جێگری خودا لەحەرامکردنو حەلال کردن، وە لەبەخشینی بلیتی لێخۆشبوون یان بەڵێن دان بەئاگری دۆزەخ، بێجگە لەم کاروبارانە وەك دامو دەزگاو فکرە کۆمەلاَیەتییەکان کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت مصداقییەتو حەقیقەتەکانی لەدەرکەوتن لەسەر کەسانی تر وەردەگرێت. نەك بەبانگەشەکردنی ئیسلام بوونی، بەڵکو بەتوانا بوونی لەئیسپاتی فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاکانی تر.

مەعقول نییە واقعێکی گەندەڵو شارستانییەتی ڕۆژئاوای ماددی سەرکەوتووو ڕووبەڕوو بکەینەوە بەروحانیەتو دەقەکانو مێژوو، بەڵکو پێویستە بە واقعێکی بەهێزو یەکگرتوو پێکەوە بەستراو ڕووبەڕووی ببینەوە، دەنا چۆن مەعقول دەبێ بانگەشەی مەزنی ئیسلامو مەزنی شارستانییەتی موسلمانان بکەین، و ئێمە لاوازو پەرتەوازەو دواکەوتووبین؟ بوونی تەنها قورئانو سوونەتی پێغەمبەرو پاراستنیانو بوونی مێژوویەکی پڕشنگداری پڕ لە دەسکەوتی

شارستانی بۆ ئێمە هیچ شتێك لەم واقعە ناگۆڕێو دوو دڵی واقعمانو دواکەوتوویمان لە (ویستی خودا) نییەو بەڵکو ئەمە بەویستی مرۆڤو تەمەڵیو دواکەوتوویانەو بۆ دەرچوون لەم حاڵەتە بەچاوەڕێ کردنی ویستی مرۆڤو کارکردنیان دەبێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتیو ڕەوتی مێژوو بەردەوام بە گوێرەی ویستی بەهێزانو چالاك کاران دەڕۆن، هەموو مەزنێتی شارستانییەتی ئیسلامی ڕابردووو، ئەمڕۆ ناتوانێ کولێرەیەك بداتە منداڵێکی برسی.

هەموو پەیڕەوکارانی ئایینەکانی تر، ئاسمانی بێت یان نەبێت، کە پایەیان لە ئیسلام کەمترە، چاوەڕێی ئیزنی پەروەردگار یان نیگای پەروەردگاریان نەکردووە بۆئەوەی بارودۆخیان پێشبخەنو مەرجەکانی ژیانیان باش بکەن، شکستهێنان یان گرفتێك کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە نەیان گەڕاندوەتەوە بۆ ویستێکی سەرووەری ویستی مرۆڤ، بەڵکو لە گرفتەکانی خودی خۆیانو سیستەمو پەیوەندییەکانیان کۆڵیوەتەوە، هەروەها بەویستی خۆیانو بە قەناعەتێکی عەقڵیو، بەپاڵنەری بەرژەوەندی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان، لەم سەرچاوەوە کە باوەڕدارن بەوەی کە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن خێری دنیاو باشترکردنی بارودۆخو مەرجەکانی ژیانی مرۆڤی تێدایە، کارێکە کە پەروەردگار پێی ڕازییە، چونکە پەروەردگار لەو بەندانەی ڕازی نابێت کە پاڵدەدەنەوەو بەندەی سلبیو لاوازنو ئەمانە وازیان لەئایینەکەیان نەهێناوە، مەسیحییەکانیش وازیان لە مەسیحییەتەکەیان نەهێناوە، بودیەکانیش کوفریان بە بودا نەکردووەو یەهودییەکانیش وازیان لەیەهودییەت نەهێناوە، هەرکاتێك ئەمانە بەهێزبوون لەگەڵیاندا ئایینەکانیشیان بەهێزبووە.

ناکرێ نکۆڵی لەوە بکەین پەنابردن بۆ ئیسلام وەك هێڵی بەرگری حاڵەتی گەڕانەوەی عەرەبی دەوەستێنێت ڕەگەزی ئامادەبوونو هاندانە، وەك گوزارشت کردنێك لەملکەچ بوون لەژێر بالادەستیو زەوت کردنی کەسانی تر، و وەك ناسنامەیەکی جیاکاری، دەبێتە کارێکی ڕەواو پاساو بۆ هێنراوە، تاوەکو ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دەگێڕێ کە شۆڕشو پرۆژەیەکی ژیارییە، کە گریمانەی ئەوە دەکرێ ببێتە ڕێگایەکی ئەرك پێ سپاردنی ئایین بەئاراستەی یەکبوون نەك دووبەرەکیو جیاکاریو بەئاراستەی بنیاتنانی ئاییندە نەك ڕوانین بۆ ڕابردوو، بەڵکو جیاکاری لەسەر بنچینەری باشترینیانو دەرخستنە، کەبنیاتنراون لەسەر توانایی کارکردن لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئێستا. لەو کاتەی کە لەگەڵ جەوهەری ئیسلامو، توانای دروستکاری

بێ کۆتایی دژ دەبێتەوە، ئەوا لەناو خودی دەقەکان بەندی دەکەین، یان دەبخەینە پاڵ ئەو بارودۆخەی کە هەیە، یان دەبێتە ئامرازێك بەدەست کەسێك، یان کۆمەڵێك، کە پەروەردگار بەبێ ئەمان ئامادەیی نییە. مەعقوڵ نییە کە خودای پەروەردگاری جیهان دژی بەندە بەهێزو شارستانییەکانی بێت، پەروەردگار، پەروەردگاری موسلمانانو جیهانە دەبێت پەسەندکراو بێت، بەڵکو بانگەوازی هەموو کەسێك بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئالأی باوەڕداران، بەڵکو زۆر باشە شکاندنی بەربەستی ئەو ترسە حەرامەی کە زیادەڕۆیی تیاکراوە، لەدەقە ڕوون ڕاشکاوەکان وەرنەگیراوە کە کێشەکانی دنیا دەگرێتەوە، ترسان لەحەرام- بەئەندێشە کراوو دروست کراوو بەڵکو تێکەڵکراو نەك حەرامکراوێك کە دەقێکی ئاشکرای ئایینی لەسەرە، پێدانی سیفەتی پیرۆزی لەسەر بارودۆخو کەسەکان بەناوی ئیسلام، شتێکە لەگەڵ جەوهەری ئیسلام دژ دەبێتەوەو زیانی زیاترپێ دەگەیەنێت لەوەی سوودی پێ بگەیەنێت. ئەمەش کارێکە خەڵك ئەترسێنێو دووریان دەخاتەوە لەئیسلام لەبری ئەوەی نزیکیان بکاتەوە.

ناکرێ ئێستا هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە حەقیقەتی پەروەردگاری لایە، یان وا بانگەشە بکات کە سروشی بۆ هاتووە وە هەروەها هەرکەسێك- یان بزوتنەوەیەك- کە قسە لەسەر ئیسلامو بەناوی ئیسلام دەکات، ئەوە قسە لەتەئویل کردنێکی تایبەت یان دیدو بۆچوونێکی تایبەت دەکات، کە لەلایەن پەروەردگارەوە ڕێگای پێ نەدراوە، و لەسەرووی مرۆڤەوە نییە.

پێودانگی حوکم لەسەر هەر ڕاڤەکردنێك یان بانگەشەیەك دەربارەی ئاین پێوەرەکردەییەکەی خۆی لە خاوەن بوونی حەقیقەتە خوداییو بەرگری کردنی گفتوگۆی تیاناکات. بەڵام لەواقعی مرۆڤایەتی، لەتوانایی لەسەر بەکارهێنانی بەهاو بنەما ڕەوشتییەکانی ئیسلام بۆ خزمەتی مرۆڤ دایدەنێتو هەڵی دەسەنگێنێو سازانو گونجاندنانەی بۆ بارودۆخە تازەکان دەکرێت کە پێشینییەکان لەگەڵیدات نەژیاون. ئیسلام کۆشکێکی بەردەوامە بەرەو کامڵ بوون، هەرکەسێك- یان کۆمەڵێك- بانگەشەی ئەوە بکات کە گەیشتووەتە کامڵ بوونی ئیسلامی، و نوێنەرایەتی حەقیقەتی ئیسلامیو نموونەی کامڵ بوونی ئیسلام دەکات، ئەوا دژی خودایە کە ڕەهاو بێ کۆتاییەو دژی ئیسلامیشە کە بۆ هەموو سەردەمێكو مرۆڤێکە.

## پوختە

لەکۆتاییدا دەڵێین: زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لەسەر ئیسلام سوورن زۆربەی ئەو کەسانەن کە

لەسەر ڕێزگرتنی مرۆڤو مرۆڤایەتییەکەی سوورن، ئیسلام تەنها پەروەردگار نییە بپەرستریٚو دەقەکان بپارێزرێنو پیرۆز ڕابگیرێن، هەروەها مرۆڤیش، کە ئایین لەپێناویدا هاتووە، ئیسلام هاتووە بۆئەوەی بەشەرییەت لەبارودۆخێکی نزمو کۆیلایەتی بگوازێتەوە بۆ ژیانێکی ڕێزدارانە. زۆربەی ئەو خەڵکانە-کەسەکان یان بزوتنەوەو پارتو سیستەمەکان — کە ئیسلامن، زۆربەی ئەمانە ڕێزی مرۆڤ دەگرنو بەرژەوەندییەکانیان دەهێننە دیو دەنگ هەڵدەبڕن بۆ ئازادیو پابەندبوون بەدادپەروەریو ڕاستیو ویژدان. بێگومان سیستەمە گەندەڵو دەستەبژێرە سیاسییە بەکرێ گیراوەکان بانگهێشتی تێکۆشان لەدژیو بەرەنگاربوونەوەی بەهەموو ڕێگایەك دەکات.

بەڵام ئەم ستەمو گەندەڵییە لەدروستکراوی بەشەرو ویستی بەشەرەکانە، بەرەنگاربوونەوەی ئەرکێکی نیشتمانییەو بەرژەوەندی میللەتی تیایە، ئەم بەرەنگاربوونەوەیە پێویستی بە پێدانی بۆیەیەکی ئایینی نییە بۆئەوەی مەشروعییەت وەربگرێ. مەعقوڵ نییە سەرکۆنەی قۆرخ کردنی ئایین لەلایەن سیستەمەکانو بەکارهێنانی ئایین بۆ خزمەتی مەبەستەکانیان بکرێ، کەچی لەهەمان کاتدا هەندێ هێزی تر خۆیان دەردەخەنو بەناوی ئایینەوە قسە دەکەنو دەدوێن!

هەر سیستەمێكو هەر پارتێكو کۆمەڵێك کە پەنا دەباتە بەر ئایین بۆ بەدەستهێنانی مەشروعییەتو مصداقییەت، ئەوا گوزارشت دەکات لەدانپێدانانی لەبیٚ کۆتایی لەبەدەستهێنانی مەشروعیەتێکی میللیو مصداقییەتێکی وەرگیراو لەتوانابوونی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگا، مصداقییەتێك کە هەڵقوڵابێت لەهەستی خەمەکانی خەڵكو وەڵام دانەوەو چارەسەرکردنەکانی کێشەو گرفتەکان بێگومان موسلمانان خۆیان پاراستووە بۆ بەدەستهێنانی شوێنێك لەبەهەشت، بەڵام هەر پێویستیان بەژیانێکی ڕێزدارانە هەیە لەدنیاو پێویستیان بەکاروماڵو قوتابخانەو نەخۆشخانە هەیە.

## کۆتایی

لەمیانەی بەشەکانی ئەم کتێبەدا هەوڵماندا پێناسەی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی لەهەردوو ڕەهەندی تیۆری/ الابستمولوجی لەلایەكو بابەتە بایەخ پێدراوەکانی لەلایەکی تر بکەین، ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە ئەو هەوڵەمان لەهەموو لایەنەکان تەواوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی کە دەورووژێنرێن دەربارەی زانستی

کۆمەڵناسی سیاسی تیایە، بەڵکو ئێمە پاش کۆتایی هێنانمان بەو کتێبە پرسیارمان وروژاندووە زیاتر لەوەڵاّم دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە خراوەتە ڕوو.
بێگومان ئەو هەوڵەمان زۆر کەمو کوڕی تێدایەو ڕەنگە هەندێ کەمو کوڕی مەنهەجیشی لەبابەتەکان بێت، داوای لێبووردن لەخوێنەران دەکەین، چونکە ئەم زانستە لەخودی خۆیدا لەحاڵەتی دامەزراندنەو رەصیدە تیۆرییەکەی لاوازە گەر بەراوردی بکەین بەزانستەکانی تر، تا لەسەر ئاستی بوونی کتێبەکانی-بیانیو عەرەبی- کە واق وڕمانو دوودڵی باڵی بەسەر کێشاون، لەنێوان خۆدانە پاڵ زانستی سیاسەت یان زانستی کۆمەلاّیەتی سیاسی.
لەهەوڵو کۆشش بۆ بایەخ پێدانی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی چڕو پڕ نووسینەکانی هەندێ لەپسپۆڕانی ئەم بابەتەمان تەوزیف کرد، هەروەك خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات ئێمە لەبەشی دووەمدا باسی هەندێ بابەتی زانستی کۆمەلاّیەتی سیاسیمان کرد، ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە جۆرێك لەکەساسی بێتو بەلاّم پۆزشمان هێنایەوە، کە ئێمە ناتوانین باسی هەموو بابەتێك بکەین کە جێگای گرنگی پێدانی ئەم زانستە بێت، چونکە هەر یەکێك لەم بابەتانە پێویستی بەدانەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وا باوەڕ دەکەین ئەم بابەتانە بەگرنگترین پوزەکانی پسپۆڕایەتی زانستی کۆمەلاّیەتی سیاسی دادەنرێت، لەگەڵ پەراوێز نەختستنی بابەتەکانی تر وەك کۆمەڵگای مەدەنی، دیموکراسی، بزاڤە کۆمەلاّیەتییەکان. ڕای گشتی.
بە گەڕانەوە بۆ پێناسەی زانستی کۆمەلاّیەتی سیاسی کە گرنگی بەواقعی کۆمەلاّیەتی سیاسی دەدات زیاتر لەگرنگی دان بە تیۆرە سیاسییە ئامادەکراوەکان، گرنگی ئەم زانستەو تێگەیشتنی واتاکانی دەلالەتە قوڵەکانی لە چەمكو ئەو پێناسە ڕەوتانە بۆ گوتەکانی وەرناگرێ.
بەڵکو لەمیانەی مامەڵەکردن لەگەڵ واقعو لەشیکردنەوەی بونیاتە سیاسیو کۆمەلاّیەتییە دەرکەوتووو قووڵەکان وەردەگرێت کە مۆرکێکی تایبەت دەبەخشێتە کاروباری سیاسی لەهەموو کۆمەڵگایەك، وە توانابوون لەنزیك کردنەوەی بەشێوەیەکی زۆر زانستی. لێرەدا بڕوامان وایە کە ئەو ئەرکەی بەزانایانو بیرمەندانی ئەم زانستە سپێردراوە پێویستە توێژینەوە لەواقعی کۆمەڵگاکانیان بکەن تاوەکو تێبگەن ئەم سیاسەتە چۆن لەولاّتەکانیان کار دەکات، گوتەی "ئێوە چۆن بن ئاوا دێتەوە ڕێتان" لەبۆشاییدا ناهاتووەو وە گوتەیەکی بێ ماناش نییە.

ژمارەیەك لەبیرمەندانی عەرەب هەستیان بەگرنگی خاڵی دەرچوون لەكۆمەڵایەتی/ رۆشنبیری بۆ تێگەیشتنی سیاسی كردووە، پاش چەندین ساڵ لەكاوێژكردنی پشت خەیاڵە تیۆرییەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا، هەوڵی تێوە گلاندنی بەشێوەیەكی ستەمكارانەو ئامێرەكانی شیكردنەوەی سیستەمە سیاسییەكانیانو تێگەیشتنی میكانیزمی كارەكانی، گەیشتنە ڕێگایەكی داخراو، لێرە ئاماژە بە كۆمەڵێك بیرمەندانی عەرەب دەكەین ئەوانەی كە باوەڕیان وایە زانایانی كۆمەڵناسی سیاسین، كە كارەكانیان بەڵگەیە لەسەر مەنهەجەكانیان، لەوانە حلیم بركاتو محمد عابد الجابری، محمد اركون، برهان غلیون، سعدالدین ابراهیم، هشام شرابی، تاهر لبیبو ئەوانی تر.

لەكۆتاییدا دەڵێین زانستی كۆمەڵایەتی سیاسی پێویستی بەزانایانی تایبەت هەیە، ئێمە لەجیهانی ئیسلامی پێویستیمان بەفراوان كردنی بواری گرنگی دان بەم زانستە نوێیەو بابەتەكانی هەیە، بەتایبەتی كە چەندین كێشەی سیاسیو ئابووری كۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ولاَتانی ئیسلامی دەبێتەوە كە تایبەتمەندی خۆی هەیەو هاوشێوەی نییە لەدەوڵەتە پێشكەوتووەكان یان شێوەی جیاواز وەردەگرێت، ئەم كێشانە پێویستیان بەتوێژینەوەی زانستی هەیە لەسەر دەستی بیرمەندانو زانایانی ئەم ولاَتانە، لەگرنگترین ئەم بابەتانە: ئوصولییەت- پەیوەندی ئایین بەدنیا- غیابی ئیندماجی كۆمەڵایەتی- بلاَوبوونەوەی گیانی هۆزگەراییو دەمارگیری تائیفی، تەنگژەی بوژانەوە، قەیرانی رۆشنبیرانو رۆشنبیری، نامۆبوونی سیاسیو قەیرانی دەوڵەت.

خوێندنی زانستی كۆمەڵایەتی سیاسی لەزانكۆی مەغریبو كۆلیژەكانی مافو ئاداب وەك زانستێكی سیاسی نەك وەك زانستێكی كۆمەڵایەتی بە هەنگاوێكی ئیجابیو ئاماژەیەكی هاندەر دەژمێردرێت لەسەر كرانەوەی زانكۆی مەغریب بۆ هەموو شتێكی نوێ، كارەكەش وەك بارمتەی ویستی مامۆستایانو قوتابیان دەمێنێتەوە، كە پاڵ بەو زانستەوە بنێن بۆ بەرەو پێشبردنیو بابەتو ئیشكالەتەكانی دەوڵەمەند بكەن بەگفتوگۆو موناقەشەو لێكۆڵینەوە دوور لەترسان لە قەدەغە سیاسی یان ئایینی یان كۆمەڵایەتییەكان، ئێمە وەك رۆشنبیرانو زانایان دروستمان كردووەو گەورەمان كردووەو و كردوومانە بەربەستی گۆڕانی نێوانمانو نێوان تێگەیشتنی واقعەكەمان لەسەر حەقیقەتەكانی، ڕزگاربوون لە ترس مەرجێكی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بەمەعریفەی زانستی كۆمەڵگاو ژیان بەتەواوی.

# نیگەرانی لەئازادیی‌و دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیاری

رابەر تەلعەت



ئازادی پرسێکە لێوانلێوە لە نیگەرانی، کە زۆرجار مرۆڤ لەئاستیدا هەست بەنیگەرانی دەکات. نیگەرانییەك ئەو نازانێت لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، یان ئەوەی ڕەنگە خۆی لەزانین‌و ئاشکراکردنیدا بەدوور بگرێت، نەکا لەناکاوێکدا دەرگای بەختەوەری بەڕوویدا دابخرێت‌و ڕەوانەی دۆزەخ بکرێت.

لێرەدا هەندێك وای دەبینن کە هەستی وەکو نیگەرانی (دردۆنگی)و بێزاری‌و وەڕسی‌و هێڵنج هەستی (ئۆنتۆلۆجی)ی بنەڕەتین‌و گوزارشت لەلایەنە تاریکەکانی دۆخی مرۆیی ئەکەن[1]. دۆخێك تیایدا بوونی مرۆڤ لەپێشەوەی هەموو شتەکاندا، تا ئێستا پرسیارێکی سەروالایەو هەموو وەڵامە ئایینی‌و فەلسەفییەکانیش لەبەرامبەر ئەم پرسەدا لەسەر تەوەرێکی دیالیکتیکیدا دەخولێنەوەو یەك بەدوای یەك دێن‌و دەڕۆن، بێ ئەوەی بتوانن نیگەرانییەکان سەبارەت بەم (بوون)ە بڕەوێننەوە. لێرەشەوە پرسیارێك سەر هەڵدەدات: ئایا دەکرێت ئەو نیگەرانییەی سەبارەت بەئازادی هەیە، تێکەڵی بکەین بە بابەتێکی فراوانترو بڵێین نیگەرانییە سەبارەت بە (بوون)؟

بەڵام بەلای (بێردیاییف)ەوە ئازادی لەبوون هەڵناهێنجرێ، بەڵکو ڕەگ‌و ڕیشەی خۆی لە (نەبوون) عەدەمدا، دائەکوتێت ((ئەگەر بمانەوێت زاراوەی ئۆنتۆلۆجی بۆ بەکاربهێنین، ئازادی هیچ بنەڕەتێکی نییە، نە زادەی بوونەو نە بوون ئازادی دیار دەکات)) ئەمەش وای لێ دەکات بڵێت کە ئازادی ((لەخەرەندێکەوە پەیدا دەبێت کە بەر لەبوون هەیە...کرداری ئازادی کردارێکی ئەوەڵێن‌و تەواو نائەقڵیشە))[2].

وا دیارە بەم گوزارشتەی بێردیاییف سەبارەت بەئازادی، مەسەلەکە کۆتایی نایەت‌و نامانگەیێنێتە حەقیقەتی ئازادی‌و ڕازی نیگەرانییەك کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، بەڵام دەرگا بەسەر چەندین پرسیاردا والا دەکات

دەربارەی ئەو (نەبوون)ەی کە بێردیاییڤ بە ماڵی ئـازادی وەسـف دەکـاتو (هایدگـەر) دەیکـات بەسەرچاوەی دردۆنگیو نیگەرانییەکانی مرۆڤ. لەکوێ بەدوای نەبووندا (العدم) دەگەڕێین؟ چـۆن دەستمان پێی ڕادەگات؟ ئایا لەسەرمان پێویست نییە کاتێك بەدوای شتێکدا دەگـەڕێین- دەبێـت لەپێشدا زانیارییەکی گشتیمان دەربـارەی ئـەوە هەبێت کە ئەو شـتە بـوونی هەیـە؟ لەڕاسـتیدا مرۆڤ لەسەرەتاداو لەزۆربەی کاتەکاندا ناتوانێـت دەست بەگەڕانو سۆراغکردن بکـات تـا ئـەوەی لەبەراییدا پێشبینی بۆ بوونی ئەو شتە نەکردبێت کە بەدوایدا دەگەڕێت. وە ئـەوەی ئێسـتا ئێمـە بەدواییدا دەگەڕێین بریتییە لـە (نـەبوون)، ئایـا لەکۆتاییدا گەڕانێك هەیە بەبێ ئەو پێشبینییەی باسمان لێوەکرد....گەڕانێك کە لەسەر دۆزینەوەو کەشـــفکردنێکی ئەبســـتراکت وەســـتابێت؟ هەرچۆنێك بێـت ئێمـە نـەبوون دەناسـین، هـەتا ئەگـەر بێتـوو ئـەوە شـتێك نـەبێت جگـە لـەو وشەیەی کە هەموو ڕۆژێك بەزمانمان دەیڵێینەوە. ئا ئەو نەبوونە ملکەچە، نەبوونێکی ڕەنگ پەڕیو ((ڕەنگ هەڵبزرکاو))و تووشبوو بەکەم خـوێنی، نەبوونێك کە دەورو خـولی وتـەکانمانی داوە بـێ ئەوەی کەوامان لێ بکات تێبینی بکـەین. ئـەو نەبوونە بەبێ دوودڵێ دەتوانین پێناسـەیەکی لـەم شێوەیەی لێ دابتاشینو بڵێین ((نـەبوون بریتییـە لەزەوتکردنێکی بنەڕەتی واژەی بوون))[٣].

بەجۆرێك کە هایدگەر پێی وایە گرفتی ((بـوونو نـەبوون) بەشـێوەیەکی یـەکانگیر وابەسـتەی یـەکترنو لێکـدی جـودا نابنـەوە، بگـرە ئێمـە ناتوانین بەکێشەو گرفتی بوون بگەین، تەنها لەو ڕێگایەوە نەبێت کە دەبێت لەپێشیدا ڕووبەڕووی گرفتی نەبوون ببینەوە. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی بـوونو نـەبوون بـەلای هایدگـەرەوە بـریتین لەیەکەیەکی یەکگرتوو[٤].

واتا بەبێ دۆزینەوەیەکی ڕاستەقینە بـۆ نـەبوون، شـتێك نییـە بـەناوی بـوونێکی خـودیی یـان ئازادییـەوە. بەمـەش دەگەینـە وەڵامـی ئـەو پرسیارەی تایبەتە بە ((نەبوون)). نەبوون شـتێك نییـە، هـەروەك چـۆن بەرووبـەکی گشـتی ئامادەیشی نییە، وە نەبوون بۆخۆی یاخود لەتەك بوونەوە دەرناکەوێت، بەڵکو ((نەبوون)) بریتییـە لـەپێش مـەرجێك بـۆ دۆزینـەوەو کەشـفکردنی (بوون)[٥].

کەوایـە لێـرەدا خالێـك بـەدی ناکرێـت تیایـدا ((بوونو نـەبوون)) یـەکتری بـەجێ بهـێڵنو بـن بەدوو جەمسەری ئاراستە پێچەوانە، ئەو دووانـە بەیەکەوە پێکهێنەری پارادۆکسی بوونی مرۆیین. ئازادییش وەك پرسێکی ئاڵۆزو تەمومژاوی بەدەر نییـە لـەم کەینونـەی ((بـوون)و ناکرێـت وەك

ڕەهەندێکی میتافیزیکی‌و لەدەرەوەی ئەو گشتەی بوونەوە تێی بڕوانین.
بۆیە ئازادی یەکێك لەپرسە بنەڕەتییەکانی بوون (**EXISTENZ**) پێکدەهێنێت‌و وابەستەیەکی ڕیشەیی هەیە لەنێوان بوونی مرۆڤ‌و مەسەلەکانی سەربەستیدا. چونکە ئازادییە ماهییەتی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ دیاری دەکات.
وە ئەگەر بێتوو نەبوون زەوتکەرێکی بەهێزی واژەی بوون پێکبهێنێت، ئەوا هەمان ئەو نەبوونەیە کە لەڕێگای نیگەرانییەوە خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەمەش لەسرووشت ئەو نیگەرانییە نزیکمان دەخاتەوە کە سەبارەت بەئازادی هەیە. چونکە یەکێك لەپاڵنەرەکانی نیگەرانی لەنێو پرسی ئازادیدا، ئەو ئازادییە خۆیەتی وەك شتێکی ئەزموون نەکراو، زۆربەی ئەو شتانەش کە لەپێشدا نەناسراون یاخود ئەزموون نەکراون دەکرێت ببنە مایەی نیگەرانی بۆ مرۆڤ، لەبەرامبەریشدا ((نەبوون)) وەك بابەتێکی ئەزموون نەکراو لەدەرەوەی بوونە واقیعییەکەماندا. لەئازادیدا مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بابەتێکی پاسیڤ بێت، خودێکی ئەکتیڤە. لەم بارەشدا مرۆڤ پێویستی بە وزەیەکی باش هەیە بۆ تێپەڕاندن لەوابەستە بوونەوە بەرەو ڕاستەوخۆ ئەزموونکردنی ئازادی.
ئازادی بریتی نییە لەتیۆرێکی فەلسەفی ڕووت، بەڵکو کارو کاردانەوەو کردارە لەنێوان مرۆڤ‌و دەوروبەرەکەیدا، بەجۆرێك هەموو پانتاییەکانی ژیانی ئەو مرۆڤە داگیر دەکەن.
لەهەمان کاتدا ئازادی بەرەنگاربوونەویەکی هەمیشەییەو دژی سیستەمە داچەقیوەکانی بیرکردنەوەو ڕەفتار، هەر بۆیەش بەشێکی نیگەرانی لەئازادیدا، نیگەرانییە لە پێشهات‌و ئەنجامە نادیارەکانی کرداری ئازادانە.ئازادی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ژیانی ڕاستەقینەیە، بەدەر لەو وێنە خەیاڵییانەی ڕژێمەکانی بیرکردنەوە بەرسەمانیدا فەرز دەکەن‌و دیوارێك لەنێوان خودو هۆشیاری خودیماندا دروست دەکەن‌و ڕێگا لەکرانەوەمان دەگیرێت بەڕووی ئازادیدا. بەلاّم نابێت لەیادمان بچێت، ئازادی بەر لەهەر شتێك پرۆسەیەکە تیایدا واپێویست دەکات مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ خودی خۆیدا پەیدا بکات‌و بەقووڵایی ناخی خۆیدا ڕووبچێت.کەچی دیسانەوە مرۆڤ نیگەرانە لەڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ خودی خۆیدا، چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت مرۆڤ لەم کارەیدا وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دەسکەوێت، کاتێکیش سەرنج دەدات دەبینێت وێنەیەك کە خۆی لەسەر خودی خۆی پێی گەیشتووە، زۆر جیاوازە لەگەڵ وێنەی ئەو خودەی کە سیستەمە دۆگماکان لەپێشدا پێیان بەخشیبوو. لەم حاڵەتەشدا مرۆڤ

دەکەوێتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەختەوە، تیایدا ناچار دەبێت یەکێك لە وێنەکانی خودو کەسایەتی خۆی لەناو بەرێتو لەگەڵ ئەویکەیاندا ژیانو بوونی خۆی یەکلایی بکاتەوە.ئەمەش وامان لێدەکات جارێکی دیکەشبگەڕێینەوە لای هایدگەر کاتێك قسە لەسەر ڕەسەنایەتی دەکات. مانای ئەم ڕەسەنایەتییە چییە؟ چۆن بوون، بوونێکی نارەسەن دەبێت؟

چی وا لەمرۆڤ یاخود مرۆڤایەتی دەکات کە زۆربەی ژیانی یان هەمووی دوور لەم ڕەسەنایەتییە بەرێتە سەرو ڕۆژانە نوقمی ناو ڕووکەش ببێت؟ هایدگەر دەڵێت ((ئەو مرۆڤەی کە خودی خۆی هێزی بەسەریاندا دەشکێت یاخود ڕێگایان بۆ دەگرێتە بەر، بەلاّم ئەو مرۆڤەی کە ژیانێکی دوور لەڕەسەنایەتی دەباتە سەر، مرۆڤێکە دەست لەم بەرپرسیارێتییە هەڵدەگرێتو لێدەگەڕێت کەسانی دیکە تواناکانی بۆ دەستنیشان بکەن یاخود بۆی پڕ بکەنەوە، ڕێگە دەدات بە (نادیار) یا ناوی بنێین (خەڵك) یا خودی ڕای گشتی تا ئەوەی بەسەردا فەرز بکەن))[٦].

لەڕاستیدا مرۆڤ لەڕێگای بوونی خۆیەوە لەخۆی تێدەگاتو هەر لەڕێگای توانا خودییەکانیشییەوە دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کە خودی خۆی بێت یان نا.

مرۆڤ لەڕێگای ئازادی هەڵبژاردنەوە جۆری ئەو ژیانە دیاری دەکات کە بۆی گونجاوەو لەگەڵ تواناکانیدا یەك دەگرێتەوە، بەمەش ئەو مرۆڤە دەبێتە خاوەن بوونی ڕەسەنی خۆی، هەر خۆشی دەبێت پارێزگاری لەم بوونە بکات، کە دەرئەنجام ئەویان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی گەورە کردۆتەوە لەژیاندا. کەچی زۆرجار دەبینین مرۆڤ لەئاست هەڵبژاردندا کائینێکی لاوازەو توانای بڕیاردانی کەمە، ڕەنگە ئەمەش بۆخۆی ترس بێت لەبەرپرسیارێتییەکانی هەڵبژاردن.

سەرباری هەموو ئەمانەش مرۆڤ لەگەڕانو سۆراغکردنی ئازادیدا، خۆی دەدۆزێتەوە. بۆیە ئەمە تەنها گەڕانێکی ئەبستراکت نییە لەناو پانتاییەك لە ((نەبوون))دا، بەڵکو لێرەدا مرۆڤ خۆی دەبێتە بابەتی ئەو گەڕانو سۆراغکردنەو لەپرسیارکردنییەوە سەبارەت بەئازادی، دەگات بەبەشێك لەحەقیقەتی خۆیی.

ئازادیش هەروەك بەلای هایدگەرەوە ماهییەتی حەقیقەت پێکدەهێنێت..

پەراوێزەکان

١- جۆن ماکواری- فەلسەفەی بوونگەرایی...و/ ئازاد بەرزنجی. سلیمانی ٢٠٠٥. لا ١٨٨.

٢- هەمان سەرچاوە، لا٢٠٦.

٣- مارتن هیدجر- ما الفلسفه؟ ما الميتافيزيقا..ترجمه/ فؤاد كامل، محمود رجب، الطبعة الثانية. بالقاهرة ١٩٧٤. ص١٠٨.

٤- هەمان سەرچاوە. لا٣١.

٥- هەمان سەرچاوە. لا١١٥.

٦- مارتن هيدجر- نداو الحقيقه...ترجمه وتقديم و دراسه/ د. عبدالغفار مكاوى. دار الپقافه بالقاهره. ١٩٧٧. ص٥٣.

# جیهان وەکو نەمەتێکی لۆژیکی

## دەروازەیەك بۆ بونیادگەری پاشینەیی

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل



بونیادگەری شێوەیەکە لە شێوەکانی تیـۆرو لـە ماوەی شەستو حـەفتاکانی سـەدەی بیستـەمدا کاریگەری کردە سـەر چـەندین لقـی مـەعریفی وەکو فەلسەفەو تیۆری کۆمەڵایەتیو زمانزانیو ڕەخنـەی ئـەدەبیو شـیکردنەوەی کلتـووریو دەروونشـیکاریو مێـژووی هـزرو فەلسـەفەی زانسـتەکانو ئـەنترۆپۆلۆژیاو...تـاد. زەحمەتـە بتوانین پێناسەیەکی تەواو گشتگیر بـەم تیـۆرە بدەین، چونکە بۆ ماوەیەك وەك ڕێبازێکی ئاینی لێهاتبوو. بونیادگەری یەکەم جار لـە فەرەنسـا سەری هەڵدا، لـە فەرەنسـا ڕۆشـنبیران ڕۆلێکـی گەورەتر لە ژیانی گشتی‌دا دەگێـڕن بـە بـەراورد لەگەڵ بەریتانیاو ئەمریکاو کارەکانیان هەنـدێك جار خەڵك کێش دەکاتو لایـەنگری وا دروسـت دەکات کـە خـاوەنی ڕۆشـنبیریەکی تایبـەت بـە خۆیانن، دواتر بونیادگـەری لـە نێـو ڕیـزی لاوە ئەکادیمیەکاندا لە بەریتانیاو ئـەمریکا هەنـدێك لایەنگری بۆ خۆی پەیدا کردو لە نێو ژینگەیەکی هزری وا ڕێگای خۆی کردەوە کە زۆر جیـاوازترە لەوەی کە لە فەرەنسادا هەیە. بە گشت زانکـۆ ئـەمریکیو بەریتانیـەکان گومـان لـەو بـیرو بۆچوونو هزرانە دەکەن کە لە فەرەنساو ئەڵمانیا سەر هەڵدەدەنو بە هزری ئاڵۆزو تێرامانی قورس تەماشای دەکەن، هەر لەبەر ئەوەش بونیادگەری دووچاری ڕەخنەی زۆر بـووە. بەرسـڤی تیۆرەکـە لەم دوو وڵاتەدا هاوشێوەی ئەو کاردانەوەیە بـوو کە لـە دەروازەی ئـەم کتێبـەدا باسـم لێـوەکرد، چونکە لایەنگرانی چوونە نێو جیهانی تایبەت بە خۆیانو بـە شـێوەیەکی ئـاڵۆزو سـەختو دژوار دەیاننووسـیو بـەرەو دەمـارگیریو چەقبەسـتن چوون، چۆن لە ململانێش لەگـەڵ میتۆدگـەرایی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕوویدا، ئاواش هەنـدێك لەوانە لە زانکۆکان دەرکرانو ڕزقیان بڕێنرا.

ڕەگو ڕیشـەی بونیادگـەری وەك قوتابخانەیـەکی هـزری دەشـێت بـۆ چـەند ڕەگـۆ ڕیشـەیەك

بگێردرێتەوە، یەکێکیان دەگەرێتەوە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای بەریتانیو فەرەنسی، ئەو ئەسلەش لێرەدا بایەخێکی زۆری نییە. ئەویتریشیان بەشێکی بنچینەیی لە کولتووری سۆسیۆلۆژیای فەرەنسی پێکدێنێت وەکو ئۆگست کۆنت لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمو دۆرکایم لە سەرەتاکانی سەدەی بیست، بە تایبەتیش لە بیرۆکەی بوونی کۆمەڵگا وەکو کیانێکی سەربەخۆ لە تاکەکانیەوەو بیرۆکەی حەقیقەتە کۆمەلآیەتییەکان وەکو ئەوەی پێکهاتەیەك بن لە وێناکردنی کۆمەلآیەتی. هێڵێکی تری سێیەمیش هەیە بۆ فەلسەفەکاری ئەڵمانی کانت دەگەرێتەوە بەو بیرۆکە گرنگەی لە بارەی ئەوەی مرۆڤ خاوەنی هەندێك مەلەکاتی عەقلیەو لە سایەیەوە جیهان بە سیستەم دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەیەکی تریش هەیە بۆ بونیادگەریو لە هەمووشیان گرنگترەو بۆ قوتابخانەی زمانزانی بونیادگەریو کارەکانی فردیناند دی سۆسێرو قوتابخانەی فۆرماڵیستی ڕوسی لە رەخنەی ئەدەبیدا دەگەرێتەوە. وەکو چۆن رەگو ریشەی زۆری هەیە، ئاواش بونیادگەری بو بە لقی زۆر، بەلآم کەسایەتیە هەرە ناودارەکانی تا ئێستاش هەر فەرەنسین وەکو: کلۆدلیڤی شتراوس (ئەنترۆپۆلۆژیا)، لویس ئەلتۆسێر (تیرۆ کۆمەلآیەتیو فەلسەفی)، رۆلان بارت(رەخنەی ئەدەبیو توێژینەوەی کولتووری)، کرستین میتز (رەخنەی سینەمایی)، جاك لاکان (دەروون شیکاری)، میشیل فۆکۆ (مێژووی هزر)، جاك دریدا (فەلسەفە).

رێبازە هزریەکانیش هەروەکو رێبازە تازەکان زوو ون دەبن، رەنگە ئەو توێژە توندەی لە بارەی بونیادگەریەوە سەری هەڵدا پاڵی بە بونیادگەرەکانەوە نا بە شێوەیەك پێشڤەی ببەن کە هەڵی بوشێنێتەوە، چونکە ئەو ناوانەی ئێستا پەیوەستن بە پۆست بونیادگەری، پێشتر پەیوەست بوون بە بونیادگەری، ناوی وەکو فۆکۆو دریدا. دواتریش لە بەشی دەیەمدا باس لە پێشڤەچوونی ئەم رەوتانە دەکەم لە پێوەندیان بە مارکسیزمی بونیادگەری لای ئەلتۆسێرەوە، بەلآم ئێستا، مەبەستمە جەخت بکەمە سەر بونیادگەری بەو سیفەتەی کە تیۆرێکە لە مانا گشتیەکان نەوەکو تیۆرێك بێت لە بارەی کۆمەڵگاوە.

## تێڕامانێکی سەرەتایانە

ئەم بەشە بۆ چارەسەرکردنی نموونەی زمان تەرخان دەکەم. بونیادگەری پێی وایە هەموو بەرهەمە مرۆڤایەتیەکان شێوەی زمانەوانین، ئەو بۆچوونە ئەوەش دەگرێتەوە کە من ناوم نابوو (هزرە گشتیەکان). بیرۆکەی من لە بارەی میتۆدگەرایی سیستەمی کۆمەلآیەتی ئەوە بوو

که ئێمه کاتێك قسه لەگەڵ خەڵکانی تر دەکەین ئەوه ئەو زاراوانە بەکار دێنین کە پێشتر مانادارنو مانای وایان پێدەبەخشین کە لەگەڵ سیاقەکەدا بگونجێت. گووتم دەکرێت ئەو مانایانه وەکوو بوارێکی تر لە بوارەکانی واقیعی کۆمەلأیەتی دابنرێن. ئێستاش گەرەکمە بڵێم بونیادگەری بۆ تێگەیشتن لەم بواره یارمەتیمان دەدات، چونکه دەتوانین کۆمەڵێك هزری گشتی یا تیۆرێکی دیاریکراو یا ئەوەی ناوی دەنێین سەلیقه وەربگرینو بروانینە بونیادی شاراوەی ئەم هزرانە، واتە هۆی ئەوەی بەم شێوەیە دەردەکەونو لۆژیکەکەیان، ئەلێرەوە ناونیشانی ئەم بەشە سەرچاوە دەگرێت کە بریتییە لە (جیهان وەکو نەمەتێکی لۆژیکی). وەکو چۆن دەتوانین بڕوانینە کۆمەڵێك هەڵبژاردنو کردە جیاجیاکانی هاوڕێیەکمانو هەوڵبدەین لە میانەیەوە بچینە نێو لۆژیکی شاراوەی پشت کارەکانی ئەم هاوڕێیەمان بۆ ئەوەی تێبگەین، ئەوە دەکرێت هەمان شتیش بەسەر گوزارشتە جیاجیاکانی یەکێك لە پیاوە ئاینییەکانی مەسیحیش پراکتیك بکەین.ئەو قسانەی من مانای وا نیە که پێم وایه بونیادگەری تیۆرێکی باشه به بێ‌ئەوەی قسەم لەسەر هەبێت. سەرەتا دەمەوێت جیاوازی لە نێوان بونیادگەری وەکو میتۆدێكو بونیادگەری وەکو کۆمەڵێك گریمانەی میتافیزیکیدا بکەم. مەبەستم لە میتۆد شێوازێکه بۆ تەماشاکردنی جیهانو بیرکردنەوە لێی به شێوەیەك بتوانین هەندێك شت بدۆزینەوە پێشتر لێمان شاراوە بووە، ئەوەش هەندێك جار دانانی گریمانەی دیاریکراویش دەگرێتەوە لە بارەی جیهان. بۆ نموونه، ئەگەر من له نێو فرۆکه یا شەمەندەفەرێکدا بمو بمویت بزانم سەفەرەکەم چەند دەخایەنێت، گریمانەی ئەوە دەکەم کە لە کاتی دیاریکراوی خۆمدا دەگەمه جێو له کاتی چوونەدەرەوەمدا بروسکه لێم ناداتو...بەم شێوەیە.ئەم گریمانانە دەبنە گریمانەی میتافیزیکی ئەگەر من وا حیسابم بۆ کردن کە بە ڕاستی ڕوو دەدەن، واتا هەموو شەمەندەفەرەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیان دەردەچنو منیش بەر بروسکی ناکەوم. پێم وایە بونیادگەری وەکو میتۆدێك سوودمەندە، چونکه دەتوانێت بمگەیەنێته مەعریفەیەکی دیاریکراو که بەبێ ئەو زەحمەت بوو پێی بگەین. دەمەوێت تێرامان لەم گریمانانەوە دەست پێ‌بکەم بە شێوەیەك وێنەیەکمان لە بارەی کەلەشی ئەم ئاژەڵە پێبدات کە ناوی بونیادگەرییە، دواتر چاوێك بە میتۆدەکەدا دەخشێنمو هەوڵدەدەم ئەوەی بۆ خواردن دەست دەدات جیای بکەمەوەو ئەو خالأنەش روون بکەمەوە که ئەم بەشانه بە کەلەشەکه دەبەستێتەوە، ئەم کارەشم لای زۆر له

بونیادگەرەکان بە کاری قەسابێکی راشکاو دەچێت، چونکە گریمانە تیۆریەکان ئەو بەشە پڕ لە ژیانەی نێو تیۆرەکەن.

## گریمانە میتافیزیکیەکان

مەبەستم لە گریمانە میتافیزیکیەکان ئەو وتەزایانەن کە پەیوەستن بە سروشتی جیهانو ناکرێت بسەلمێنرێن بۆیە دەبێت بڕوایان پێبکەین، ئەگەر بەڵگەی یەکلاکەرەوەش لە دژی ئەم بڕواکردنە هەبێت.

یەکەم : جیهان وەکو ئەوەی بەرهەمی هزرەکانە چەند جارێك ئاماژەم بۆ ئەم رایە کرد کە پێی وایە جیهانی دەوروبەرمان بەرهەمی هزری خۆمانە- ئەم رایەش رەگو ریشەی دەگەرێتەوە بۆ کانت، یا شێوەیەکی شێوێنراوی بۆچوونەکانی ئەوە. ئەم رایە یەکێکە لە گریمانە سەرەکیەکانی بونیادگەریو بانگەشەی بونیادی شاراوەی هزرە گشتیەکانو لۆژیکیەکەی دەکات، بەوەش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێمە چۆن- یا هزرەکانمان چۆن- ئەو جیهانە دروست دەکەن کە دەیبینین.

لەبەر ئەوە بۆ نموونە، کاتێك لیڤی شتراوس دەڵێت ئەو بونیادی شاراوەی نێو سەمتی خزمایەتی کۆمەڵگای قەبیلەی دۆزیوەتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بونیادی شاراوەی زاراوەکانی خزمایەتی دۆزیوەتەوە، واتا ئەو هزرانەی دۆزیوەتەوە کە لە سایەیەوە ئەو کۆمەڵگایانە باس لە خزمایەتی دەکەن. پێویستە من لێرەدا باسی هەمان ئەو رایەش بکەمەوە کە هەندێك راستی لەم بۆچوونەدا هەیە، چونکە ئەو مرۆڤانەی بیروبۆچونیان جیاوازە تا رادەیەك لە نێو جیهانی جیاوازدا دەژین، بەلاَم جیهان بەرەنگاری ئەم هزرانە دەبێەوە، بۆیە مەسەلەکە دەبێتە لێك نزیك خستنەوەی ئەم دوو رایە بەرەو یەکتری. بونیادگەریش لە شێوە توندرەوەکەیدا هیچ حساب بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیە ناکات، لیڤی شتراوس خۆی گوێ بەوە نادات ئەگەر رەفتارەکانی پەیوەست بە خزمایەتی جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی لەم زاراوانەدا پێشبینیان دەکەین.

زۆر جاریش ئەم گریمانەیە بە شێوەی هێرشبردنە سەر هەر هەوڵێك وەردەگرێت کە گەرەکیەتی لە رێگای تاقیکردنەوەوە تیۆرەکان بسەلمێنێت، چونکە ئەگەر تیۆرەکانمان ئەم جیهانەی ئێمە بەرهەم بهێنێت، ئەوە چ پێویست دەکات لە واقیعدا تاقی بکەینەوە؟ لەبەر ئەوە هیچ شتێك نادۆزینەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە هەیەو خۆمان دامانناوە. هەر تێڕوانینێکیش پێی وابێت تاقیکردنەوەی ئەزموونی رۆڵێکی هەیەو دەبێت ببینێت(ئەوەش رای خۆمە) ئەوە بە

ئەزموونگەرایی ناودەبرێت ئەوەش خراپترین وشەیە لە نێو فەرهەنگی بونیادگەریدا.
دووەم : جیهان وەکو نەمەتێکی لۆژیکی
بونیادگەری بەردەوام جەخت دەکاتە سەر تەرتیبی لۆژیکی یا بونیادی شاراوەی نێو مانا گشتیەکانو گریمانەی ئەوەش دەکات کە ئەم (بونیادە)- دوای کەمێکی تر زیاتر روونی دەکەمەوە- لەگەڵ بونیادی جیهان هاوشێوەیە، ئەوەش هەندێکجار بە دەستپێکردن لەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت مادام زەین بەشێکە لەم جیهانە، کەواتە دەبێت ئەو بیرۆکانەی بەرهەمیان دێنێت هەمان بونیاد بن کە جیهان مولْکداریێتیان دەکات. ئەم رِایەش گرەوێکەو دەبێت لە دژی حەتسی خۆمان بێکەین- مادام جیهانی راستەقینە بەڵگەی ئەوەمان پێدەدات کە جیهانێکی نالۆژیکیە- ئەوەش وا لە بونیادگەری دەکات بکەوێتە نێو ئەوەی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا بە (تەڵەی لۆژیك)ناوم برد. هەر تیۆرێك تەواو لۆژیکی نەبێت تەواو بەتاڵە، مادام ئەستەمە تیۆرێکیش هەبێت تەواو لۆژیکی بێت، ئەوە دەبێت بکەوینە نێو چاڵێك کە کۆتایی نییە.

## سێیەم: مردنی خود

(مردنی خود) دروشمێکە زۆر پەیوەستی بونیادگەریە. خود بە مانای ئەوەی ناوم برد بە بکەرو کردەو کەسەکان. ئەو بیرۆکەیەی لێرەدا بونیادگەرەکگان هێرشی دەکەنە سەر ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆیان هزرو کارەکانیان دادەنێن، لە برِی ئەوەش گریمانەی ئەوەش دەکەن کە مرۆڤ دروستکەری هزرەکانیانو کارەکانیشیان لە سایەی هەڵبژاردنو برِیارەکانیانەوە دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو ئەنجامی بونیادی شاراوەی نێو هەموویانە، واتە لە لۆژیکی ئەم هزرانەدایە. بۆ نموونە، ئەگەر من مەسیحیەکی ئایندار بم، ئەوە من قسە لە بارەی مەسیحیەتەوە ناکەم، بەڵکو ئەوە مەسیحیەتە لە میانەی منەوە قسە دەکات. هەندێك لە بونیادگەرەکان زێدەرِۆیی دەکەنو دەڵێن مرۆڤ قسە ناکەن، بەڵکو لە سایەی بونیادی شاراوەی نێو زمانەوە قسەیان پێدەکرێت، کتێب ناخوێننەوە، بەڵکو لە سایەی کتێبەوە دەخوێنرێنەوە، کۆمەڵگا دروست ناکەن، کۆمەڵگا ئەوان دروست دەکات.
جارێکی تریش دەتوانم بۆچوونێکی میانرەوانە بخەمە روو. بەراستی ئێمە بەردەوام بە هزرەکانمانەوە بەستراوینەتەوەو رێگاکمان نادات باسی هەندێك مەسەلەی دیاریکراو بکەین، بگرە ناچاری کردووین شتێك بڵێین کە مەبەستمان نەبووە، هەر هەمووشمان لە ململانێدا این لەگەڵ هزرەکانمان، بەڵام ئەوەش مانای وا نییە کە هزرەکانمان- یا بە مانایەکی تر بونیادە

شاراوەكانی- بمانكات بە بوكۆڵە. تا ئێستاش هەڵبژاردن‌و مەبەست‌و ئامانجەو بەهاكان ڕۆڵیان هەیە پێكهێنانی كردەكانمان‌و هەموویان پێویستیان بە تایگەیشتن هەیەو لەسەرمان نەنووسراون. ئێستاش وا تەماشای بونیادگەری دەكەم وەكو ئەوەی میتۆد بێت‌و ئەسلی هەریەك لەم گریمانە میتافیزیكیانە ڕوون دەكەمەوە. كاتێكیش لە دوو بەشی داهاتوودا تیۆری كۆمەلآیەتی بونیادگەری بە شێوەیەكی گشتی دەخەینە ڕوو، ئەوە ئەو گریمانانە سەر لە نوێ‌و بەردەوام سەرهەڵدەدەنەوە، چونكە تەوەترو زەحمەتی دروست دەكەن كە دەبنە هۆی بەشبەش بوونی ئەم تێڕوانینە.

## بونیادگەری وەكو میتۆدێك

مەبەستم لێرە لە (میتۆد) ئەوەیە كە بونیادگەری دەتوانێت ڕێنیشاندەری شیكردنەوەی مانا گشتیەكان بێت، چونكە دەتوانێك هەندێك هزرمان پێبدات لە بارەی ئەوەی بە دوایدا دەگەرێین‌و چۆن دەكرێت ئەو شتانە بدۆزینەوە كە بە دوایاندا دەگەرێین. سەرەتاش بە زمانزانی دەست پێدەكەم وەكو نموونەیەكی بنچینەیی دواتریش دەچمە سەر تەماشاكردنی ئەوەی چۆن ئەم نموونەیە فراوان دەكرێت.

## نموونەی زمانزانی

زۆرجار دامەزراندنی زمانزانی نوێ بۆ فردینانـدكردنی سۆسێر دەگێردرێتەوە، زۆر بە سادەیی دەڵێن، زمانزانی بەر لە سۆسێر بایەخی بە ڕوونكردنەوەی پێشقەچوونی زمان دەدا لە میانەی كاتدا، بەلآم سۆسێر وەكو دۆركایم بەرەو ئەوە چوو كە ئێمە ناتوانین شێوازی كاری هیچ شتێك بزانین ئەگەر تەنیا بە دوای مێژووەكەیدا بچین، بەڵكو پێویستە لە سەرمان تەماشای پێوەندی نێوان بەشەكانی بكەین. چۆن ناتوانین لە كۆمەڵگا تێبگەین تەنیا ئەگەر تەماشای پەیوەندیە بونیادنراوەكانی نێوان بەشە جیاجیاكانی نەكەین، ئاواش پێویستە ئێمە تەماشای پێوەندیە بونیادنراوەكانی نێوان بەشە جیاجیاكانی زمان بكەین ئەگەر دەمانەوێت تێبگەین. هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هەر دیاردەیەك لە میانەی تێڕامان‌و بە دوواداچوونی مێژووەكەیەوە، بە (نەزعەی مێژووگەرایی)ناو دەبرێت، ئەوەش دیسان وشەیەكی ناشیرینی نێو فەرهەنگی بونیادگەرییە.

### ١) ئاخاوتن‌و هێما

فرمانی زمان ئەوەیە توانای بەردەوامبوون لەگەڵ یەكتری بە مرۆڤ بدات، ئێمەش پێویستیمان بەوە هەیە بروانینە ئەو شێوازەی كە تێیدا سەرجەم توخمەكانی زمان لە ڕێگای پەیوەندی نێوان ئەو

تۆخمانــەوە بەشــداری لــەم کردەیــەی گەیاندنــدا دەکەن، ئەم کارەش لە ڕێگای تێڕامان لە نموونــە جیــاو دابراوەکــانی زمانــەوە نابێــت، بــەڵکو پێویستە ئێمە بروانینە سەرجەم زمان بە یەکەوە، واتا جیاکاری نێــوان زمــانو ئاخــاوتن. کــردەی ئاخافتن، واتە ئەو کاتــەی دەمــم دەکەمــەوە بــۆ ئەوەی قســەیەك بڵــێم بــەردەوام کردەیــەکی تــا رادەیەك دەگمەنە، بۆ نابێتە بابەتێك بۆ زانست، بەڵام زمان جێگیرەو هەموو کەسێك کــە قســە دەکات دەسگیری دەکات، واتە ئەو مادە خامەیە کە رستەکانمانی لێ‌دروست دەکەین. هەر زمانێك لــە ژمارەیــەکی دیــاریکراوی دەنــگو بنــەمای ڕێکخستنی ئەم دەنگانە پێکدێتو تا رادەیــەکی زۆریش لەوە دەچێت کە لە قوتابخانە فێری دەبین. ئاخافتن ئاماژەیە لەسەر ژمارەیەکی بێکۆتایی لە رستە کە دەکرێت لە ریگــای بــەکارهێنانی ئــەو دەنگۆ بنەمایانەوە دابڕێژرێت. یارییەکان نموونەی بەسوودمان لەو بارەیــەوە پێــدەدەن، بــۆ نموونــە، یاری شەترەنج، لە تەختەیەكو چەند پارچــەیەكو هەندێك بنەمای یــاری پێکــدێت، ئەوانــە شــتی جێگیرنو هەرچەندە ئــەم یارییــە بــەردەوام بێــت هەروەکو خۆیــان دەمێننــەوە. ئاخــافتنیش ئــەو شێوازەیە کــە یاریزانێــك یــاری پێــدەکاتو لــە یاریزانێکەوە بۆ یاریزانیکی تر دەگۆڕێت، بۆیــە زمان بونیادی شاراوەو لۆژیکی پشت ئاخافتنە.

**٢) هێما**

تۆخمەکانی ئەم بونیادە یا لۆژیکە (هێماکــان)نو ئێمەش لە ژیانی رۆژانەماندا وشــەی(هێمــا) بــە چــەندین شــێوەی جیــاواز بــەکاردێنین، بــوونی ملوانکەیەك لە ملادا لە شێوەی خاچ مانای وایە مــن مەســیحیم، هــەوری رەش هێمــای بارانــە، گلۆپی سوور لەبەر شەقامەکان مانای وەســتانە. شارلز پێرس کە فەلســەفەکارێکی ئەمریکییــەو یەکێکــە لــەو باوکــە دەگمەنانــە ئەوروپیانــەی بونیادگەری، سێ جۆرەو شێوەی هێما لە یەکتری جیا دەکاتەوە: یەکــەم، ئیکــۆن. لــەم حالەتــەدا پەیوەندیەکە پێوەندی هاوشــێوەیە، چــونکە ئــەو خاچەی بە ملی منەوەیە لەو خاچە دەچــێت کــە مەسیحی لەسەر لە خــاچ دراوە. دووەم، ئامــاژە بۆکراو، لەم شێوەیەدا پێوەندیەکــە پێوەندیــەکی هۆکارێتییە ، وەکو پێوەندی نێوان هەورو باران. سێیەم، رەمز، پێوەندی لێرەدا پشت بە عورف یا ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، ئــەوەش زۆر جار بە پێوەندیەکی تیعتیــادی دادەنرێــت، واتــا هیچ پەیوەستێکی پێویست نییە لە نێوان رەنگی سوورو وەستانی سەیارە لەبەر شەقامدا، چــونکە دەشێت ڕەنگەکە شینیش بێت، یا پرتەقالی بێت ،بەلام بەرێکەوت واهــاتووە کــە خــەڵك ڕەنگــی سوور بەمانای وەســتان یــان مەترســی حیســاب بکەن ، ئەم ڕێکەوتنــەش واقیعێکــی دەرەکیــەو

بەســـەر تاکـــەکانی کومـــەلگادا ســـەپێنراوە ،خۆئەگەر بریار بدەم لای خۆمەوە رەنگی ســور بکەمە مانای ڕۆیشتن و رەنگی سەوزیش بکەمە مانـــای وەســـتان ،ئـــەوە بێگومـــان ،نـــاتوانم بۆماوەیەکی ئەندامی کۆمەلگەبم.

هێماکـــان، واتەیەکـــە بنچـــینەبییەکانی زمـــان ،هێمـــای ئیمتیبـــاتین،چـــونکە لـــەنێو وشـــەی (سەگ)هیچ شتێك نیە ئاماژەبێت بۆبونەوەرێکی تووکداری خاوەن چوار پێ ، ئێمە دەتوانین ناوی لەو جۆرە ئاژەڵە بنێین (مامۆستا) بـەڵام کـاری واناکەین . هیما دوو رووی هەیە، دال مەدلول ، پیوەندی نێوانیشیان وەکـو پیوەنـدی نیـوان دوو رووی دراوێکە . دال لایـەنی مادیانـەی هێمایـە وەکـــو ئـــەو دەنگـــەی دەری دەبـــرین کاتیـــك دەلـــێین(ســـەگ) ئـــەو وێنـــەو هێلانـــەی لەســـەر دراوێکدا هەن، ئەم لایەنەش بەبێ مەدلول هـیچ مانایەکی نیە ، چونکە مەدلول ئـەو چـەمکەیە کەدەنگەکە ئاماژەی بودەکات .

هەردوو لای هێماش بۆ یەکتری گرنگن، چـونکە چەمك لەمیانـەی دەنگـەوە نـەبێت گوزارشـتی لێناکریت .

زور گرنگـە ئـەوەمان بـیر نەچـێت کەمـەدلول چەمکە نەوەك شـتێکی مـادی ، چـونکە ئێمـە بـەرەو ئـەوە دەچـین پێمـان وابێـت وشـەکان وابەشتەکانەوە نووساون وەکو ئەوەی ناوی خۆیان بێت و لەسەریان نوسـرابێت، بـەڵام زمـان زانـە بونیادگـەرەکان ئـەم جـۆرە پیوەسـتبونە بـەلاوە دەنێن وجەختدەکەنە سەر جیاوازی چەمك لەگەل خودی شتەکەدا. دەکرێت لەم بارەیەوە نموونەی زۆر بێنینەوە : خـودی چـەمکی بازنـەیی نیە، چەمکی (سەگ) یش خۆی ناحەپێت .

بەلام ئەم جۆرە لێك جیاکردنەوەیـە هەنگاوێکـە بـەرەو گریمانـەی میتـافیزیکی کـەوا لەشـتەکان دەکـات ئەوانـــەی لـــەناو جیهانـــدا دەیـــانبینین داهێنراوو دەسکردی زمان و بیری ئێمە بن.

ئەوەش وەکو ئەوەی پێموایە هەنگاوێکە پاساوی خـۆی هەیـە، چـونکە ئـەوە شـتیکی جـێگیرە کەوشەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەنێو شتەکاندا ناڕوێت، بەڵکو تـەواو لـەو شـتانە جیـاوازە کـە ئاماژەیـان بـۆ دەکـات.پێوەنـدی سـێنتاگی و پێوەندی پارادیگما دەتوانین بلێین پێوەندی نێـوان هێماو ئەو شتەی ئاماژەی بۆدەکات پێوەندیەکی ئیمتیباتیە،قسەیەکی نیـوەی راسـتیە ، چـونکە مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی ڕێکەوتن نیە لەسەر مانای هەر هێمایەکی نێـو زمـان بەشـێوەیەکی سەربەخۆ، بەڵکو ئەوەیە کەمانای ئەم هێمایانـە ڕێکەوتنی وایان لەسەر کراوە گوایـە بونیـادێکن بۆهەر یەکیك _ گلۆپی سوری هاتوچۆ بەشـتێك لە بونیادێك کەڕەنگی سەوزیش دەگرێتەوە،سوور مانای بوەستە چونکە سەوز مانـای رۆیشـتنە .

مانای هەرهێمایەكی زمانەوانی پشت بەپێوەندی ئەو هێمایە دەبەستێت لەگەل هێماكانی تردا . ئێمە دەزانین سیٚ مانای چیە، لەبەر ئەوەی دەزانین پێوەندی چۆنە لەگەلٚ یەك و دوو چوار و... تاد . ئەگەر دەنگیك سادە وەكو هێمایەك وەر بگرین ، ئەوە هەردوو وشەی god,dogیەك هێمایان هەیە بەلاٚم وانیە چونكە دوو مانای جیاوازیان هەیە و دەنگەكانیش لەنێو ئەم دوو وشەیەدا پێوەندیان جیاوازە . بەم شێوەیە ئەلتۆسێر پێی وایە مانای (نامۆیی) لای ماركس لەكارەكانی دواییدا جیاوازە لەگەل ماناكەی لەكارەكانی بەراییدا، چونكە پێوستە بەهەندیك چەمكی جیاوازەوە . دۆزینەوەی توخمە جەوهەریەكانی نێوزمان لەسایەی میتۆدی(گۆراوی هاوشان )ەوە دەبێت، وشەیەك بارستایەك وەردەگرین و بەكردەیەكی زەینی هەر هەموو توخمەكانی بەتوخمی تر دەگۆرینەوە ،ئەگەر گۆرانێك لەدەلالەتی ماناكە رویدا، ئەوە ئێمە توخمی دالمان دۆزیوەتەوە.بۆنمونە ،ئەگەر وشەی dog وەر بگرین و d یەكە بگۆرین بەhبۆئەوەی وشەكە ببێتە hog،ئەوە لەم حالاتەدا توخمیكی دالم دۆزیوەتەوە.زور جار بونیادگەرەكان ئەم توخمانە لەشێوەی دوالیزمی رێكدەخەن وەكو هەردوو مانگی h-d. لیڤی شتراوس پێی وایە زەینی مرۆڤ واراهاتووە بەردەوام جیهان لەسەر شێوەی دوالیزمی رێكدەخات. دەشێت هێما لەسەر دوو ئاستدا شیبكرێتەوە، ئاستی پێوەندی سێنتاگی وئاستی پێوەندی پارادیگمی.

ئاستی یەكەم زیاتر لەئاستی دووم پشت بەبنەماكان (رێزمان) دەبەستێت.

ئاستی پێوەندی سێتاگمی ئاماژە بۆدەنگ یاهێما دەكات كەدەشێت بەدوای یەكدابێن یا بەدوای یەكیشدا نەیەن لەنێو زنجیرەیەك پێوەندی سێنتاگمیدا. بەم شێوەیە ئێمە لەنێو زمانی ئینگلیزی ئاوێتەی وەك (**HD**) بەدی ناكەین ، لەكاتێكدا ئاوێنەی وەكو (**DH**)بەدی دەكەین . بۆیە هەندێكجار لەقوتابخانەكاندا هەندێك لەوبنەما رێزمانیانە دەخوێنرێت تاوەكو یارمەتی قوتابی بدات بەتەواوی وشەكان بخوێنێتەوە،وەكو ئەوەی كە دەلێت :(پیتیiبەردەوام پێشe دێت تەنیالەدوای پیتی cنەبێت). دەشێت وا تەماشای ئاستی پارادیكمی بكرێت وەكو ئەوەی میحوەری ئاسۆیانیەی زمانەو ئاستی سینتاگمیش میحوەری ستونیە، پێوەندی سێنتاگمی ئاماژەیە بۆ كۆمەلێك وشەی پەیوەست بەو وشەیەی بە دوایدا دەگەرێین، ئەوەش بە حوكمی لێكچوونی مانا یا دەنگەكەی. بۆیە لە هەمان ئەو سەمتەی كە وشەی **DOG** دێت دەشێت وشەی **HOG** و **BOG** و **CUT**، **BITCH** و **GOLDEN**

**RETRIEVER** و ...تـــاد بدۆزینـــەوە. هـــەر جارێکیش وشەیەك لەم وشانە بـەکاردێنین ئـەوە دێـین لـە خشـتـەیەکی وەکـو ئـەوەی خـوارەوە هەڵدەبژێرین.

بە پێـی ئەوانـەی لـە نموونـە زمانەوانیەکانـەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین ئەوە بـە دی بکـەین کـە چۆن گریمانە میتافیزیکیەکان رەگو ریشەیان لـە نێو ئەم میتۆدەدایە بە بێ‌ئەوەی بـە شـێوەیەکی لۆژیکیانە لێی هەڵقولابێت. پێم وایـە پاسـاوێك هەیە بۆ تێرامان لە زمان نەوەکو لـە ئاخـاوتن، بـەلاّم ئـەوەش مانـای وا نیـە کـە ئاخاوتنەکـە مەحکومە لە سایەی زمانەوەو دەبێت چاوپۆشی کەسی قسەکەر بکەین. کەواتە مانـای وشـەیەك یا هێمایەك پشت بە پێوەنـدی لەگـەڵ وشـە یـا هێماکانی تر دەبەستێت‌و رەمـزە بـۆ چـەمکێك نەوەکو بۆ شتێکی مادی، بـەلاّم ئـەم قسـەیەش مانای ئەوە نییە کـە وشـە یـا هێمـا بـە هـیچ شێوەیەك پێوەندی بە هـیچ شـتێکی دەرەکیـەوە نییە یا ئەو خۆی ئـەو شـتە دەرەکییـە دروسـت دەکات. هیوادارم تا ئێـرە تـوانیبێتم ئـەوە ڕوون بکەمەوە کـە بونیادگـەری هـەوڵ دەدات بگاتـە بونیادی شاراوەی نێو زمانەوە، واتە بگاتـە ئـەو توخمـە بنچـینەیی‌و بنەمایانـەی حـوکم لـە پێوەندییەکانی دەکـەن، واتـە لـۆژیکی نـاوەوەی زمان. ئەوەی خوارەوەش نەخشەکەیە:-

**فراوانکردنی نموونەی زمانەوانی : سیمیۆتیکا**

زاراوەی**SEMIOTICS** سیمیۆنیکایە(هێماناسـی) یا( مانا گشتیەکان) دەنرێت‌و هەموو هێمایـەك دەگرێتـەوە نـەوەکو تـەنیا هێمـای زمانـەوانی. ئێستا مەبەستم ئەوەیە تەماشای دوو نموونە لـە شیکردنەوەی ویل رایت بۆ فیلمەکانی خۆرئـاوای ئەمریکا کە باس لە ژیـانی گاوانـەکان دەکـات، ئەوەشی بۆ خستنەرووی شـیکرنەوەی بـە سـوود لەم بوارەدا.

ئەو قسەیەی دەڵێت نموونـەی زمانـەوانی فـراوان بۆتەوەو بۆتە تیۆرێکی گشتی یـا زانسـتێك بـۆ هێمـا، قسـەیەکی زۆر ورد نییـە، راسـتر وایـە بگوترێت زمانزانی بـە شـێوەیەکی زیـاتر نزیـك بەکارهێنراوە وەکە ئەوەی دواتـر بـاس لـەم دوو نموونەیە دەکەم. ئەم فراوانبوونـە لـەم گریمانەیـە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێـت هـەموو بەرهەمـە مرۆڤایەتیـەکان لـە قۆناغێـك لـە قۆناغەکانـدا شـــێوازی گەیانـــدنو دەشـــێت چـــۆن زمـــان شـیدەکرێتەوە ئـاوا شـیبکرێتەوە، بـە هـەمان شێوەی دابەشکردنی نێوان زمانو ئاخاوتن. بـەم جۆرە لیڤی شتراوس بانگەشەی ئەوە دەکات ئـەو یەکەی بنچـینەیی سـەمتەکانی خزمایـەتی یـا زمانەکـەی دۆزیوەتـەوە کـە تێیـدا سـەمتە جیاجیاکانی خزمایـەتی هـەر هۆزێـك یەکسـانە لەگـەڵ قسـەکەردا. وەکـو ئـەوەی لـە بەشـی

داهاتووشدا دەیبینین، لویس ئالتۆسێر دەستنیشانی یونیادی شاراوەی نێو سەرمایەداری یا (زمانەکەی) دەکات بە شێوەیەك هەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دەبێتە کردەی جیاوازی ئاخافتن. کەچی سیمیۆتیکا خۆی مامەڵە لەگەڵ بوارێکی فراواتنر دەکات لە بواری بەرهەمە کولتووریەکاندا. توخمو هێمانیشی وەکو خواردنی جیاوازن کە هەریەك بۆ خۆیانم بە تەنیا هەن،. بەڵام لەسەر ئاستی پارادگمیدا کۆمەڵێك بنەما هەیە بۆ گونجانی هەر خواردنێك لەگەڵ یەکێکی تردا. ئێمە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا هەرگیز خواردنی شیرینو سوێر بەیەکەوە تێکەڵ ناکەین هەرگیز محەلەبی بەسەر مریشکی کولاوڵدا ناکەین، یا مەرەگە بەسەر مۆتەو ئایسکرێمدا ناکەین. ئەگەر لە ژەمیشدا ئەم خواردنە هەبوو ئەوە بەدوای یەکدا دەیانخۆین. لەسەر ئاستی سینتاگمی‌یش دا لیستێك هەیە ئێمە شتەکانی تێدا هەڵدەبژێرین، گۆشت لەگەڵ جۆرێك لە سەوزەی دیاریکراو، ئەوە هەمان کردەی‌ئاخافتنە کە توخمەکانی ئاخافتنو بنەماکانی بەکار دێنیت. گریمانەکەش لێرەدا وایە کە دەکرێت وەکو پرەنسیپێك هەموو بەرهەمێکی مرۆڤانە بەم شێوەیە شیبکرێتەوە.

**میتۆلۆژیا تازەکان**

بارت لە شیکردنەوەی میتۆلۆژیا تازەکاندا چەمکی پەیوەندی نێوان دالو مەلول بەکاردێنێت، بەڵام بەرەو ئەو گریمانەش دەچێن کە دال رەنگە ئاماژە بۆ شتێکی ماددی بکات وەکو ئەوەی ئاماژە بۆ بیرۆکەیەکیش دەکات. لێرەشدا پشت بە کارەکەی لیڤی شتراوس دەبەستێت لە بارەی میتۆلۆژیا لە نێو کۆمەڵگا قەبیلەییەکاندا، چونکە میتۆلۆژیا ئەو شێوازەیە کە لە میانەیدا کۆمەڵگا جیهانی خۆی رێکدەخاتو کێشەکانی پێچارەسەر دەکاتو وێنەیەك بۆ خۆی دروست دەکات گرێنتی ئەوەش دەکات ئەندامانی تەبەنی ئەم وێنەیە دەکەن. ئێستا نموونەیەك لە بارەی شیکردنەوەکانی بارت دێنمەوە کە زۆر لە نموونەکانی خۆی جیاواز نییە، نموونەکەش وێنەیەکە لە رۆژنامەی بەریتانی کە ساڵانە لە کوتایی مانگی ئۆگست لاپەرەیەك وێنە بلاٚودەکاتەوە، چونکە لەم کاتانەی ساڵدا ڤیستیڤاڵی نۆتیەنگ هێل لە شاری لەندەن ساز دەکرێت. نۆتیەنگ هێل ناوچەیەکی شاری لەندەنە کە کێشەی ئەتنی تێدایە، ئەم ڤیستیڤاڵەش ساڵانە لە لایەن هیندییە خۆرئاواییەکانەوە سازدەکرێتو لە ئەسلدا بەشێکە لەو ڤیستیڤاڵانەی لە ناوچەی دەریای کاریبی سازدەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا لە شاری لەندەن هەموو رەگەزەکان بەشداری تێدا دەکەنو

زۆرجاریش کاری توندو تیژیو ئاژاوەگێری تێدەکەوێت.

کەچی وێنەی رۆژنامەکە بریتیە لە پۆلیسێکی سپی پێست کە کەسێکی رەش پێستی لە باوەش گرتووەو بە یەکەوە سەما دەکەن، هەندێك جاریش کەسە رەش پێستەکە کڵاوی پۆلیسە سپی پێستەکەی کردۆتە سەری خۆیەوە. دەتوانین لەم وێنەیەدا هێمایەك ببینین کە دال (توخمی ماددی جۆرەها هێمای رەش کە لەبەر لاپەرەکەدا دەبینین)و مەدلول (پۆلیسێکە سپی پێست کاریبی کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن)ی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە. ئەم وێنەیە بەشێکە لە میتۆلۆژیاکە چونکە مانایەکی تری تێدایە ئەو دالە دەبەزێنێت کە دروستی کردووە. وێنەکە وەك هێمایەك چۆتە نێو زمانێکی ترەوە بەو سیفەتەی کە دالی مەدلولێکی ترە، دالی کۆمەڵێك بیرو بۆچوون کە ناکۆكو ناتەبایە لەگەڵ هەندێك رووداو کە هەمان رۆژ روو دەدەن.

ئەم بیروبۆچوونە میتۆلۆژیانە وێنەیەك پێکدێنن لە بارەی خوودی کۆمەڵگا خۆیەوە، یا وێنەیەك پێکدێنن کە کۆمەڵگا هیواخوازە لەسەری بێتو بەم شێوەیە بێت، وێنەیەکی تێدایە هەموو رەگەزەکان یەکتریان خۆشدەوێتو کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، وێنەیەك رەشپێستەکانی کاریبی بە دابو نەریتی خۆیانەوە بەشداری لەو جۆرە ژیانە دەکەن کە سپی پێستەکان تێیدا دەژینو گومان لە نێوان پۆلیسی سپی پێستو کەسانی رەش پێست نامێنێت بە شێوەیەك پۆلیس کڵاوی لەسەر دەکەنەوەو دەیخەنە سەری ئەوان، کڵاوەکە هێمای دەسەڵاتە، لە پێناوی کاتێکی خۆشدا. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی تر قسە لەسەر ئەم وێنەیە بکەین بەو سیفەتەی کە هێمایە، ئەوە دەکرێت وا تەماشای بکەین وەك ئەوەی مەدلولی زمانێکی ترە(میتا زمان)، واتە ئەگەر ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی عەقلانی شیبکەینەوە سانایە ئەوە بە دی بکەین چۆن میتۆلۆژیای تازە واقیعێك حەشار دەدات کە دەشێت لەسەر لێواری تەقینەوەدا بێت. ئەوەی ئەم شیکردنەوەیە پەردەی لەسەر لا دەبات ئەوەی چۆن لەسەر دوو ئاستی جیاوازدا مانای وێنەیەك بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها ئەو هێزە کارایانەش ئاشکرا دەکات کە لە پشتەوە کار دەکەن. لە نێو ژیانی گشتیدا کۆمەڵێك توخمی میتۆلۆژی بونیان هەیە، وەك ئەو هێمایانەی سیاسیەکان بەکاری دێنن بۆ پەیداکردنی لایەنگر بۆخۆیانو سیاسەتەکانیان، دروشمی وەکو دیموکراتیەتو زۆرینەی بێدەنگو هەرەشەکانی کۆمۆنیزم، هەموو ئەو هێما میتۆلۆژیانە زۆر زیاتریان مەبەستە لەوەندەی کە دەیڵێن. دەکرێت

میتۆلـۆژی‌و میتازمـانی بـەو نەخشـەیە روون بکرێتەوە کە لە بارت وەرگیراوە.

**٢) فلیمەکانی خۆرئاوای ئەمریکا- فلیمی کاوبۆی**

رایت زمانی فلیمە کاوبۆییـەکان واتـە بونیـادی شـاراوەیان وەسـف دەکـات، لـە واقیعـدا ئـەو مامەلە لەگەڵ چوار جـۆرە فلـیم دەکـات، مـن لێرەدا تەنیا قسـە لەسـەر دوو جۆریـان دەکـەم، فلیمی گرێچنی تەقلیدی‌و ئەو فلیمانەی باس لـە بابـــەتی تۆلەســـەندنەوە دەکـــەن. توخمـــە بنچینەییەکانی فلیمی کاوبۆیی یا هێماکانی زۆر بە روونی لە کەسایەتی پالەوان‌و کۆمەڵگاو کـە بە شەرانگێزەکان دەردەکەوێت. رایت کۆمـەڵێك فرمانی نهێنی بۆ هەر جۆرە گرێچنێك داناوە بـە شێوەیەك هەر فرمانێك وەسفی پەیوەندی نێـوان توخمەکان دەکـات، یـا لایـەنی جیاکاریـان جیـا دەکاتەوە. هەمان ئەو فرمانانـەش دەکرێـت بـە هێمای ئـاڵۆزتر دابنـرێن. لـە رێگـای میتـۆدی گۆرانکاری هاوشان دەگەینـە ئـەو هێمایانـەوە، ئەگەر شیکردنەوەکەی رایت راست بێت ئەوە هەر گۆرانێك لە یەکێك لـە توخمـەکان دەبێتـە هـۆی گۆران لـە گرێچـنی. لـە راسـتیدا ئـەو فرمانـە سـەردیانەی رایـت دەیانخاتـە روو بـریتین لـە لیستێکی وەسفی بەلاّم ئێمە زۆر جـار دەتـوانین لەسەر شێوەی بنەما بیانوسینەوە(دەبێت) لە بری (پێکدێت) بەکاربێنین، بۆ نموونە ، بلێین: (دەبێت پاڵەوان نامۆ بێت لەو کۆمەڵگایە). ئەو فرمانانە بەدوایەکدا هاتنی روداوەکانیش دەگرێتەوە، واتە ئاستی پەیوندییە پارادیگمییەکان، چونکە هـەر فرمانێك رێگا لەبەردەم رووداني فرمانەکەی تـر خۆشدەکات. لە نێـو گرێچـی تەقلیـدیدا ناشـێ هیچ شتێك رووبدات تا ئەو کاتەی پاڵەوانەکـەی دێت، خودی پاڵەوان لەو کۆمەڵگەیـە جیـاوازەو کەسێکی نامۆیە، ئەو کاتە ململانـێ لـە نێـوان کۆمەڵگاو کەسی شـەرانگێز روودەدات. ئەگـەر ئێمە بێین ئەو فرمانانـە لەسـەر شـێوەی بنـەما بنوسینەوە ئەوا نەخشەیەکمان لە بـارەی فلیمـە کاوبۆییەکان دەستدەکەوێت بە شێوەیەك هـەموو فرە جۆرەیەك مومکن دەبێت بە بێ ئـەوەی کـار لـــە گرێچـــنی بنچـــینەیی بکـــات. ئەگـــەر بگوازێینـــەوەو بچـــینەوە ســـەر پێوەندیـــە سێنتاگمیەکان، ئـەوە دووبـارە خۆمـان لـە نێـو میتۆلۆژیـادا دەدۆزینـەوەو، رایـت ئـەم ئاسـتە لەسەر بنچینەی دوالیزمی رێك دەخات‌و بـریتین لــەو کێشـانەی کـە گرێچـنی چارەسـەریان بـۆ دەدۆزێتـەوەو چـواریان دەستنیشـان دەکـات‌و چـوارەمیان زۆر گـرینگ نییـە، وەکـو : نێـو کۆمـەڵگا- دەرەوەی کۆمـەڵگا، بـەهێز- لاواز، باش- خـراپ، دەشـتەکی-شارنشـینی. ئەوانـە

دوالیزمی وان دەکرێت لە خودی فلیمەکانەوەهەڵبهێنجرێنو سیفاتن دەلالەت لە کەسایەتیەکان دەکەن. بە پێی بۆچوونی رایت، ئەم دوالیزمانە رێگایەکن لە سایەیەوە ئەندامانی کۆمەڵگەی نوێ جیهانی خۆیان بە دی دەکەنو دابەشی دەکەنە سەر باشو خراپو بە هێزو لاوازو ئەوەی نێو کۆمەڵگاو ئەوەی لە دەرەوەی کۆمەڵگاوە ئەم بارودۆخەش جۆرێك لە تەوەتور دروست دەکات، چونکە چۆن دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا کە بەم شێوەیە لە نێو خۆی دابەش بووە بگەینە رێکەوتن؟ فلیمە کاوبۆییەکان چارەسەریەکمان پێشکەش دەکەن- چارەسەریەك مەرج نییە بشێت لە ژیانی خۆماندا پراکتیکی بکەین- ئەگەرچی رایت پێی وایە ئەم چارەسەرەیە نموونەیەك بە جیا بۆ هەر کردەیەك پێشکەش دەکات، ئەوەش چارەسەریەکە تەوەتورەکە لادەبات. لە خستنەرووی کارەکەی رایت ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێك لە دژکاریو ناکۆکیە سەرەکیەکان لە نێو لیستەکەدا نییە، ئەویش تاکۆکی نێوان تاكو کۆمەڵگایە. ئەوەی فلیمە کاوبۆییەکانیش پێی هەڵدەستن بریتیە لە پێشکەشکردنی نموونەیەك بۆ بەلاوەنانی تەوەتووری نێوان تاكو کۆمەڵگا، جا فلیمەکان بە هەر جۆرێكو شێوەیەك بن فرە چارەسەریش بن. بونیادگەرەکان زۆر جار وشەی کۆد- Code- بە کار دێنن، بە مانای هونەریە وردەکەی نییە، بەڵکو بۆ سروشدانە بە بوونی پەیامێکی شاراوەی نادیار. بەوەش فلیمی کاوبۆیی ئەو تەوەتورو چارەسەریانەیە.

## لایەنە باشەکانی میتۆدی بونیادگەری

دەمەوێت فلیمی کاوبۆیی ئەمریکی وەکو نموونەیەك بۆ ئەو شتانە بەکاربێنم کە میتۆدی بونیادگەری یارمەتیمان دەدات بیاندۆزینەوە. بیرۆکەی بونیادی شاراوە یا لۆژیکی ناوەوە، رێگامان پێدەدات ماددەکان بە شێوازێك پۆلێن بکەین کە پێشتر مومکن نابێت ئەگەر بە یەك ئاست مامەلە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بکەین. دەکرا تاوەکو چاومان ئاوی دەکرد تەماشای ئەو فلیمانە بکەین بەبێ‌ئەوەی رێگایەك بدۆزینەوە بۆ پۆلین کردنیان ئەگەر بە شێوەیەکی یەکسان مامەلەمان لەگەڵ هەر رووداوو کەسایەتیەك بکردبا. چونکە لە فلیمێکدا پاڵەوانەکە دەکەوێتە خۆشەویستی کچێکەوە کەچی لە یەکێکی تردا ناکەوێتە خۆشەویستیەوە، لە یەکێکدا شەرخوازەکان بە سزای خۆیان دەگەن، کەچی لە یەکێکی تردادەرباز دەبن. بۆیە دەکرا چەند جۆرە فلیم هەیە ئەوەندە شێوە پۆلینکردنە هەبێت. بێگومان بونیادگەری میتۆدێکمان

پێشکەش ناکات هەڵەو کەم‌و کوری تێدا نەبێت، چ میتۆدێك هەیە هەڵەو کەم‌وکوری تێدا نەبێت؟ ئەوەی بونیادگەری پێمانی دەدات ئەوەیە دەمانباتە سەر کرۆکی ئەو بابەتەی لێی دەکۆڵینەوەو بزانین چی لە ژێر ئەو گۆرانانەی سەر روودا هەیە، لەبەرئەوەی هەر تەنیا توخمە بنچینەییەکان پۆلێن ناکات، بەڵکو پێوەندی نێوان ئەم توخمانەش پۆلین دەکات، یا راستر وایە بڵێین ئەو بنەمایانەش پۆلێن دەکات کە حوکمیان دەکات، مانای وایە پیشەسازی فلیمی کاوبۆیی ئەمریکی خراوەتە بەر دەست بۆ پشکنینی لێوردبوونەوە، ئەوەش رێگامان پێدەدات بزانین ئەم پیشەسازیە چۆن بەرێوە دەچێت. ئەوەی لێرەدا گرینگە رێکخستنی ئاستی پێوەندی سێنتاگمیە لەسەر شێوەی دوالیزمی کە زنجیرەیەك پێوەندی پارادیگمی دەیخاتە کار تاوەکو هەولی چارەسەرکردنیان بدات. بویناگەری پەردە لە رووی ئەو رێگایانە هەڵدەداتە کە بەرهەمە کولتووریەکان کاری پێدەکەن، واتە ئەو رێگایانەی ماناکانی خۆیانی پێدەگەیەنن.

پێم وایە بونیادگەری تێگەیشتنی باشترمان بۆ بونیاد پێدەدات. تیۆری کردە چەمکێکی هەیە بۆ سەمت، بەلاّم لێرەدا سەمت لەلایەن توخمەکانیەوە دەبینرێت نەوەکو لەلایەن پەیوەندییەکانیەوە، لەکاتێکدا بونیادگەری بایەخ بەپەیوەندییەکان دەدات. ئەگەر جەخت بکەینە سەر فیلمەکانی خۆرئاوای ئەمریکاو هەولّماندا لەسەر بنچینەی رۆڵی پاڵەوان‌و شەڕخواز پۆلینیان بکەین، ئەوە مانای وایە رۆڵی جیاواز دەبێتە هۆی بوونی جۆری جیاواز لەم فلیمانە، هەروەها مانای پشکنینی رۆڵەکانە لەسەر بنچینەی سیفەتی کردەوەیی کەسەکان، ئەوەش شتێکە رەنگە لەجۆرێك بۆ جۆرێکی تر ئەم فلیمانە زۆر جیاواز نەبێت. رایت ئەوەشی روون کردۆتەوە کە توخمەکان رەنگە لەهەموو جۆرەکاندا وەك خۆیان بمێننەوە، بەلاّم پێوەندی نێوان خودی توخمەکان مانای جیاوازیان پێدەدات. ئەم جۆرە تێڕوانینە لەبۆ زیادبوونی ئاستی جیاواز ئاگادارمان دەکاتەوە، ئاستێك بشێت لەیەکەم تەماشاکردنەوە تێبینی بکرێت. ئێمە دەتوانین بیرۆکەی ئەم ئاستانە بەبیرۆکەی سەمت لای فەرمانگەرای بەراورد بکەین‌و ئەم بیرۆکەیەش مامەڵە لەگەڵ یەك ئاست دەکات ((یەك ئاست لەئاستەکانی واقیعداو کەچی ئەو مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك ئاستی ئەبستراکت بوو دەکات)).

بەگوزارشتێکی تر دەڵێین بونیادگەری رێگامان پێدەدات ئەو جیاکارییە بکەین کە دیڤید لۆکۆد پێی گەیشتبوو کاتێك جیاکاری کرد لەنێوان

تەواوکاری سەمتو تەواوکاری کۆمەڵایەتی جگە لەوەش، بونیادگەری ئاماژە بۆ ئاستی شاراوەو نادیار دەکات، ئەوەش ئاستێکی گرنگترەو واتا ئەو ئاستە بەشێك لەهێزی راڤەکردنی تێدایە کاتێك بەئاستی سەر ڕوو بەراوردی دەکەین.

## خەوشەکانی ئەم میتۆدە

### تێڕوانینی کورتکراوەی:

هەموو خەوشەکانی ئەم میتۆدە بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستە بەو گریمانە میتافیزیکیانەی ئێستا کە بونیادگەری پێ دەناسرێتەوە بریتییە لەخولیای ئەم میتۆدە بۆ ڕۆچوونە نێو ئەم گریمانانەوە بۆیە تواناکاری لەسەر جیاکردنەوەی یەکێك لەم بونیادە شاراوانە یا دۆزینەوەی لۆژیکەکەی بایەخێکی راڤەکارانەی هەیەو دەشێت تیۆریست کێش بکات تاوەکو واقیع لەم ئاستانەدا کورت بکاتەوە بەشێوەیەك هەندێك لایەن ئەم مانایانە لەدەست بدات کە لەسەر ڕوودا وجودیان هەیە. بۆنموونە، ئەو دیمەنانەی کە لەسەر رووی فیلمەکانی خۆرئاوای ئەمریکا هەن دەکرێت قووڵیو دەوڵەمەندی بە فلیمەکە بدەن بەبێ ئەوەی دەستکاری مانای شاراوەی ناوەوەی بکەن، چونکە دەشێت ئەم دیمەنانە دیمەنی پێوەندییەکی سێکسی یا رەگەزی بێ یا پەیوەست بن بەهەندێك هەڵوێستی مێژووییەوە. ئەم نەزعەیە بۆ کورت کردنەوە، واتا رەچاونەکردنی هەندێك لایەنی لاوەکیو بەلاّم گرینگ بۆ توێژینەوە نەزعەیەکە لەنێو ئەو جیاکارییەی نێوان ئاخافتنو زمانیش دایە چونکە ئەم لایەنانە دەکەونە نێو ئاستی ئاخافتن. دەشێت کورتکردنەوە لەوەش زیاتر بڕوات، بۆ نموونە، وەسفکردنی پێوەندی نێوان زنجیرەیەك پێ،ەندی پارادیگمیو پێوەندی سێنتاگمی کە لەدژەکاندایە بەشێوەی هاوکێشەیەکی حەبری، دەکرێت ئەم شێوازە بەسەر هەموو جۆرە فلیمەکانی خۆرئاوای ئەمریکا پراکتیك بکرێتو دواتریش دەتوانین هاوکێشە یەك بەئاستێکی بەرزتریش پێشڤەببەین بۆ وەسفکردنی بنەمای گۆڕانەکانی نێوان سەرجەم جۆرە جیاجیاکان. باخوێنەر دڵنیابێت لەوەی مەبەستم نییە کارێکی وا بکەم، ئەگەرچی مومکینیشەو لیڤی شتراوس هەندێکجار لەکاری لەم جۆرە نزیك دەکەوێتەوە. پێدەچێت لەکاتی پراکتیك کردنی ئەم شێوازەدا هەموو ماناکان لەدەست بچنو تەنیا هاوکێشەیەکمان بۆ بێنێتەوە کە بەکەڵکی کەس نایەت. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم ڕایت ئەم جۆرە ڕاهێنانانە ئەنجام نادات، بەڵکو بەرەو لای پێچەوانە هەنگاو دەنێت کە من بانگەشەی بۆ دەکەم، واتا شیکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی سەر ڕوو.

## پرسی گۆڕان

کێشەی گۆڕان لە رەخنەگرتن لە پێشڤەچوونی مێژوویيو ئارەزووەکردن بەرەو ئەوەی خود وا حساب بکرێت کە مەحکومە بە بونیادە شاراوەکان سەرهەڵدەدات. مەبەستیش

لەشیکردنەوەی بونیادگەری ئەوەیە جێگای تێڕامانی مێژوویی بگرێتەوە، بەڵام ئەو بونیادەی ئاشکرابووە دەرکەوت کە حەقگیرە، واتا کۆمەڵێکە لەنێو تۆخمەکاندا سەریان هەڵداوە. بۆ نموونە، بڕوانە ڕایت، ئەو دەتوانێت گرێچنی تەقلیدیو سێ جۆری تریش دیاری بکات، بەڵام ناتوانێت بەپشت بەستن بەشیکردنەوەی بونیادگەری ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی ئەم جۆرە جیاوازانە پێشڤەچوونو بۆچی گرێچنی تەقلیدی گۆرانی بەسەرداهاتووە. بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامێکی راستی ئەم پرسیارانە بداتەوە، هاتووە لەدەرەوەی چوارچێوەی فیلمەوە تەماشای پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەوەش لەم سیاقەدا بەمانای گەڕانەوە بەرەو خود دێت، واتا ئاخافتن. زۆر لە بونیادگەرەکان دەڵێن ناکرێت لە گۆڕانی زمان تێبگەین تەنیا بەگەڕانەوە بۆ ئاخافتنو خود نەبێت، بەڵام ئەو بونیادگەرانەی نوێنەرایەتی بزاڤی نوێی بونیادگەری دەکەن ئەم مەسەلەیە بەلاوە دەنێن، بۆیە دەبینین ناچارن قسە لەبارەی گۆڕانکارییەکان دەکەن وەکو ئەوەی رووداوی سیحری بنو بەبێ هۆکار روویاندابێت.

دواتریش راڤەکردنی ڕایت بۆ فیلمەکانی خۆرئاوای ئەمریکا بەهەموو جۆرەکانییەوە، پێشتر گریمانی بوونی جیهانێك دەکات لەدەرەوەی بونیادی ئەو هزرانەی کە ئەم فیلمانە ئاماژەی بۆ دەکەن، جیهانێك ئەم بونیادە بەرهەم دێنێت، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لای کەسێکی بونیادگەری توندڕەو رێگا پێدراو نییە، چونکە پێویستە لەسەری گریمانی ئەوە بکات کە جیهانی دەرەکی بەتەواوی مەحکومە لەسایەی بونیادی هزرەکانەوە.

## لەمانا گشتیەکانەوە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی

لەم بەشەدا وا تەماشای بونیادگەریم کرد وەکو ئەوەی رێگایەکە بۆدەستنیشان کردنی بونیادی شاراوە یا لۆژیکی مانا گشتییەکان، ئەو بونیادانەی ناچارین هەرهەمومان لەباوەشیاندا بژینو لەمیانەیاندا کاربکەین ئەگەر نەتوانین بەوردی وا تەماشاشیان بکەین کەناتوانن دەستنیشانی ئەو شتانە بکەن کە دەیکەن یا بیریان لێدەکەینەوە. وامامەڵەم لەگەل بونیادگەری کرد وەکو ئەوەی بەشێك بێت لەتیۆری کۆمەڵایەتیو بایەخ تەنیا بەیەك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی بدات. بەڵام ئێستا ئەوە گەرەکمە بگوازمەوە سەر بونیادگەری وەکو ئەوەی تیۆریکی گشتی کومەڵایەتییە هەوڵدەدات دەوری هەموشتێك بداتوبایەخ بەهەموو لایەك بدات،بەدەربرینێکی تر ، ئەوەی مەبەستمە بیکەم ئەوەیە سەر لەنوێ بگەرێمەوە سەر پارسۆنزو تیۆرە گەورەکە،ئەگەرچی ئالێرەدا تیۆرەگەورەکە جورێکی زۆر جیاوازە و گریمانە میتافیزیکیەکانیش ڕۆلێکی گەورە تر دەگێرن، چونکە پێم وایە بەش بەشبوونی تیۆرەکە بۆتە هۆی وجودی .

# کۆمەڵی مەدەنی

بەختیار محەمەد



چـەمکی کۆمـەڵی مـەدەنی لـەواتا تازەیـەو لەبەکارهێناندا کۆنەو بەو فۆرمەی کە ئێستاکە دراویـەتی جـاران هـەبوو، بـەلاّم فۆرمەکـەی لەخزمـەتکردنی خـاك‌و ولاّت‌و دروست کردنـی خـانووو بـەرەو بـەخێوکردنی مـەڕو مـالاّت دەبینییـەوە. چـەمکی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەکاتێکدا بۆ کاتێکی تر جیاوازە لەشوێنێك بـۆ شوێنێکی تر جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. هەروەکو ئێستاکە بـۆ خۆمـان زۆر بەئاشکرا دیارە هەر هـەمان چـەمك مـەدەنی‌و دیموکراسـی لــە بــۆ خــەڵکێك تــەعبیر لــە سەربەســـتی‌و ئـــازادی‌و هەســـتکردن بەبەرپرسیاریەتی دەکات، بەلاّم بۆ ئێمـە بووەتـە لێشاوێکی ئیمپریالیزمی دەوڵەتە زلهێزەکان کـە لەپـەنای ئـەو چـەمکانەدا وەکـو بیانوویـەك ئێسـتاکە دەسـتیان بەسـەر زۆر لەبەرژەوەنـدی ولاّتاندا داگرتووەو بەردەوامیش هەوڵ دەدەن کـە دەست بەسەر ولاّتادا بگرن. واتـە هـەر هـەمان چەمك لەهـەمان کاتـدا بـۆ هاولاّتیـانی خۆیـان مانای هەیە، بەلاّم بۆ ئێمە بێ مانا.

کۆمەڵی مەدەنی وەکـو چـەمکێکی پراکتیکـی جاران لـەناو مێشـك‌و دڵ‌و دەروونـی هاولاّتیـان پراکتیزە دەبوو. هاولاّتی خۆی هەوڵ دەدا بزانێت مافەکانی چینە کە بەسـەرییەوە هـەن‌و دەبێـت داوای چ مافێك بکـات‌و داوا لـەکێ بکـات‌و چ داوایـەك پراکتیـزە بکـات. و ئـەو مافانـەی کەهاولاّتییـەك هەیـەتی بەسـەرییەوە. چـونکە کۆمەڵگـەی مـەدەنی هـەرکارێکی کردبێتـە فاکتـەرێکی سـەرەکی بـۆ پرەنسـیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەوا لەکۆتاییدا بەرژەوەندی گشـتی لێ کەوتۆتـەوە. بـەلاّم لـەو سـەردەمەی ئێستاو لەدوای ئەوەی کە زۆربـەی ئامانجـەکانی هاتنە سەر پەڕەکانی رۆژنامەو لەناو رێکخـراوو حزبەکاندا خۆی بینییەوە ئەم جارەیـان گـۆڕا لـە دەزگایەکی فیکری‌و ویـژدانی کـە عـەقڵ بڕیـار

بدات. بۆ چەند ڕێکخراوێك کە ئامانجەکان لەخۆ دەگرێت لەپێناوی پراکتیزەکردنی. واتە ئەگەر بێتوو زۆرینەی کۆمەڵگا داوایەکی هەبێت کۆمەڵێك کۆ دەبنەوە هەر جۆرە ڕێکخراوێك بێت دەیکەنە پرۆگرامی ڕێکخراوەکانیان ئامانجو مەبەستەکانیان دەخەنە بەردەم حکومەت تاوەکو بۆیان دەستەبەر بکات.

بەهۆی فراوان بوونی جیهانو زیاد بوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی، مرۆڤ تەنها لەناو ئەم پێداویستییانەدا دەتوانێ ژیانی دەستەبەر بکات. لەژیانی تایبەتی خۆیدا لەپاشماوەکان بەدرێژایی گۆڕانی ئەو قۆناغانەی کە بەسەرداهاتووە تا گەیشتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ کە زانایانی بواری سۆسیۆلۆژی بیر لە سەربەخۆیی کردنی ئەم بوارە بکەنەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەیەك بنیاتبنرێ لەسەر ئەو پرەنسیپەی کە مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانە ماددییەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت. بەو شێوەیەی کە عەقڵو بیر وردە وردە کۆمەڵگەی گۆڕیوە لەسەر پرنسیپە تەقلیدیو ئایینییەکان دوری خستۆتەوە تاکی خزاونەتە ناو بوارێکی تری مرۆڤایەتی. ئەویش زیاتر کارکردنە بەهەستو نەستەکانی تاك.

بەهیچ شێوەیەك بەند نەبێت بەیاسایەکی دیاریکراوەو چەسپاوەوە بەڵکو هەرچی ویژدان عەقڵی تاك قبوولی کرد ئەوا دەبێتە بنەمایەك بۆ چاکەی مرۆڤایەتی، هەرچی عەقڵو ویژدانی قبوولی نەکرد ئەوا بەژیانی کۆمەڵگەی تەواو دەبێت. بیرکردنەوە لەچاکەو خراپەی کۆمەڵگە بەندە بەئەخلاقی تاکەوە کە تاچەند ڕەچاوی ئەو دەوروبەرە دەکات کە تیایدا دەژی بەبێ ئەوەی یاسایەك یاخود ئایدیۆلۆژیایەك کاری لەسەر بکاتو لەسەر تاك فەرز بکات لەسەر هەڵسو کەوتی تاك لەگەڵ دەوروبەریدا.

بەکورتی مانای کۆمەڵی مەدەنی هەستکردنە بەبەرپرسیاریەتی لەلای تاكو دابینکردنی مافی مرۆڤ لەهەموو مامەڵەیەك کە دەیکەن لەگەڵ کۆمەڵگادا، جا چ سیاسی یان بازرگانی یان سۆسیۆلۆژی....هتد هاتنە دەرە لەو فەزایە کۆمەڵایەتییەی جاراو کرانەوەیە بەڕووی فەزایەکی فراوانتر کە پەیوەندییەکانی تاك بەسەر هەموو جیهان دابەش دەکات. وەکو چاودێریکیش دەچێتە پاڵ دەسەڵاتدار بۆ چاودێریکردنی هەموو دەزگاکانی حکومەتو سیاسەتوانانو بازرگانان تاوەکو نەبنە دەسەڵاتێکی ڕەها لە کۆمەڵدا.

لەڕەهەندی مێژووی ئەمڕۆی دیموکراسیدا هاتنە ئارای چەمکێکی تازەی مێژووی بەنێوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پڕ لەبابەخو جێگەی دیالۆگو لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ پرەنسیپەکانیو ئامانجو فاکتەرەکانی، چونکە هەموومان دەزانین

بەهاتنە ئارای هەر واتایەکی تازە بۆ نێو ژیان زۆربەی ماناو چەمکەکانی بەر لەخۆی دەخاتە گومانەوە. کە پرەنسیپەکانی ئەم چەمکە ئاشکرایە کە نەیانتوانیوە خواستەکانیان بۆ بهێنێتەدی بۆیە تووشی شکستو پێداچوونەوەو بیرلێکردنەوە بووینە لەمەڕ شێوازی پراکتیزەکردنیو ڕازیکردنی هاولاتیو جەماوەر بۆ بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك تاوەکو بتوانین ژیانێکی تازە بەدەر لەخەیاڵەکانی مرۆڤ فەراهەم بکەن، بۆیە چ کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، یا هەر کۆمەڵگەیەکی تر بێت ئەگەر بیەوێت واقعێك لەسەر لۆجیکی عەقڵ بنیاتبنێت، دەبێت سەرەتا چارەسەر بۆ زۆربەی کێشەکانی بدۆزێتەوە ئینجا بێتە سەر باسکردنو پراکتیزەکردنی.

گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی بەتەنها نەیتوانی ئەم ئامانجانە بپێکێت، چونکە خودی دیموکراسی لەسەر پرەنسیپەکانی کاروکاردانەوەی واقیعی زانستیو فیزیاییدا دامەزرابوون. بەو فۆرمەی ئەگەر مرۆڤ کاری کرد شتێك دەبێت بیخوات ئەگەرنا دەبێت بەبرسیەتی بمێنێتەوە واتا بەدەر لەکارکردن بۆ بەدەستهێنانی هیچ ڕێگەیەکی تر نییە مرۆڤ لێیەوە بتوانێت ئەم پارەو نانەی بەدەستی بهێنێت بۆیە ڕێگە چارەی گەڕانەوە بۆ واقیعی ناوەڕۆكو هەستی مرۆڤایەتیو ژیری بۆ بەرهەمهێنانو کارکردنو یاساو حکومەت. واتا بەدەر لەچاو ساغو پەککەوتە. ئەوانی تریش مافی بەدەستهێنانی نانو ژیانیان هەبێت. کە هەموو ئاینەکانیش لەسەردەمی خۆیان تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە. بەزەکاتو سەرفترە.

بەڵام بۆ ئەمڕۆ دەبێت سەرچاوەیەکی تر هەبێت، چونکە بەردەوام بەدوای کۆندا شتی نوێ دێت. کە مرۆڤ هان دەدات بۆ زیندوو کردنەوەی کردەوەکانیو هەستکردن بەو شتانەی کە لەسەریەتیو دەبێت پرۆسیسیان بکات. جا بەهەر فۆرمێك بێت. لەو سەردەمەی ئێستاماندا ڕێکخراوەکانی (NGO) هاتنو شوێنی زۆر شتیان گرتۆتەوەو بەردەوامیش مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی لەسەریەتی لەبەرامبەر خەڵکدا پراکتیزەی بکات ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بیرێك لەو پارەیە زۆرەی کە هەیەتی بکات بەخێر یا لەهەر پرۆژەیەکی تردا وەگەریان خات ئەوا سەدان ڕێکخراوی خێرخوازیمان هەیە کەدەتوانن ئەو مەبەستەی بۆ بهێنێتەدی نەوەك تەنها لەرۆژە موقەدەسەکاندا. بەڵکو هەموو رۆژێك ئامادەیە ئەو داوایانەی بۆ پراکتیزە بکات. ئەوەی گرنگە بوونی ئەو ڕێکخراوانەیە لە رۆژێکی نا موقدەسدا هاولاتی ئەو شتەی هەیەتی دەیبەخشێت جیا لەو سەپاندنەی کە رۆژە

موقدسەکان بەسەری دەسەپێنن یان حکومەتەکان. ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەبەخشینی ئەو شتەی بێ ئەوەی چاوەڕێی کەمترین دەستکەوت بێت لەو بەخشینەی کە ئەو بەخشییەتی، بەڵکو تەنها هەستێکی روحیە واقعێکی بەسەر داسەپاندووە ئەویش کۆمەڵگەی مەدەنییە.

لێ سەندنەوەی ئەولەویات لە حکومەتو حزبو بەرژەوەندخوازییەکان یاخود دەسەلاتداران کاری ئەم سیستەمەیە. یاخود لێ سەندنەوەی متمانە بەجەماوەرو هاولاتی، متمانە بەو فۆرمەی تاکە ئیتر هاولاتی دژایەتی حکومەت بکاتو حکومەتیش دژایەتی جەماوەر بەڵکو متمانە واتە بەردەوام دەسەلاتدار لەنێو دڵەڕاوکێدا بژیت لەبەرامبەر رازی بوونو نەبوون لەکارەکانی حکومەتو دەست وەرنەدان بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەهەموو کاروبارەکانی تایبەتو گشتی بەگوێرەی خوساتەکانی خۆی نەوەکو خواستەکانی هاولاتی. چونکە هەموو کارێك کە لەناو کۆمەڵگادا بێت کاری حکومەتو دەسەلات نییە دەست وەربداتە ئەو نێوەندە.

ئەوەی زیاتر پەیوەندی هەیە بەحکومەتو دەسەلات، ئەو هێرشانەیە کە دەکرێتە سەر حکومەتو ئەمنو ئاسایشی ولات. هەر کارێك ببێتە هۆی شێواندنی ڕاستیو پەیدابوونی چینی سوخۆرەکان لۆبیو ئەوانەی کە لەپشت پەردەوە دەست لەکاروباری ولات وەردەدەن لەپێناوی بەرژەوەندی خودی خۆیانو مافەکانی هەموو ئۆرگانەکانی تری کۆمەڵگا پێشێل دەکەن. ئەو لەباتی کاری حکومەت خۆی لەبەرژەوەندییەکانی گشتیدا خۆی دەبینێتەوە نەوەکو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. لەگەڵ ئەوەی کە گرنگی تاكو گشتی خۆی لەناو یەك چوارچێوەدا دەبینێتەوە بەلام بۆ حکومەت جیاوازییەکی زۆری هەیە. چونکە حکومەت بۆی هەیە هەر کارێك بکات ئەگەرهاتوو لە بەرژەوەندی چەند کەسێكو گرووپێکی کۆمەڵگاش دانەبێت یان لەبەرژەوەندی چەند کەسو گرووپو تاقمێکیش بدات لەپێناوی بەرژەوەندی ئەوانی ترەوەو بۆ کۆمەڵگا، بەلام هەرگیز بۆی نییە کە کارێك بکات کە لەبەرژەوەندی گشتی بدات. چونکە خواستی زۆرینە لەکۆتاییدا دەبێتە خوساتی جەماوەرو کۆمەڵگاو دەسەلات.

زۆرجار کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە جێگەی پرسیارکردن لەلایەن جەماوەر بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە تازە پێیان ناوەتە ناو گۆڕانەوەو بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراسیو مەدەنی هەنگاو دەنێن چونکە پڕەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلای ئەم کۆمەڵگایە ئاشنا نییە.

مەدەنییەت هەموو ئەو دابو نەریتو ئایینانەی کە کۆمەڵگا لەسەری دەڕوات بە فۆرمە کۆنەکەی یان هەموو ئەو بنەما کەلتوورییانەی کە کۆمەڵگا لەسەری دەڕوات لەشێوەی پابەندبوون بەعەشیرەتێکی دیاریکراو لەچوارچێوەی یەك کۆمەڵداو لەچوارچێوەی یەك خێزاندا کە بەشێوەی هەرەمێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەڕێژرێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی تەنها بۆ ئەو خێزانەی کە لەناویدا دەژیت وە لەسەر بنەمای نزیکی ئەو کەسانە لەیەکتری بەهۆی دایكو باوك یاخود باکگراوندێکی عەشایری، هەڵدەوەشێنێتەوەو بەفۆرمێکی تازە واتا ئەم جارەیان لەوچوارچێوە داخراوەدا دەری دەهێنێتو دەیخاتە بازنەیەکی فراوانتری مرۆڤایەتی ئیتر مرۆڤ هەر پابەند نییە بەوەی کە لە چ بنەماڵەیەکەو سەربە چ خێزانێکە. بەڵکو مەدەنییەت ئەم جارەیان بەجیهانێکی تر چ لەبەرامبەر یەکتردا چ لەبەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا. چیتر مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا وابەستە نییە تەنها بەنەریتو دابو کەلتووری ئەو شوێنەی کە تیایدا لەدایك بووە. بەڵکو بۆی هەیە کە لەهەر شوێنێك بێت بەشوێنی ڕاستەقینەی خۆی بزانێتو بەهەمان فۆڕم ئەو ئەركو مافانەی هەیە کە لەشوێنە بنەڕەتییەکەدا هەیەتی.

کۆمەڵگەی مەدەنی مانای دەسەڵاتێکی سیاسی لەنێو سیستمێکی سەرۆکایەتی ناگەیەنێت، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی هەستێکەو مرۆڤ دەبزوێنێت وادەکات زیاتر بەدوای بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا بڕواتو بەدوور بێت لە کەمتەرخەمی لەکارو پیشەکەیدا چونکە کەمتەرخەمی یەکەمینو گەورەترین شکستە لەکاردا.

کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ئەوەی زۆربەی بیریاران دەڵێن کاری پارێزگاریکردنی ئابووریو سامانی دەوڵەتو هاولاتییە لەدەست تێوەردانی دەوڵەت. چونکە ئابووری تایبەتمەندی خۆی هەیە، واتە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. بەڵام لەباشترین حاڵەتدا کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەی قبووڵ نییە کە بازرگانەکانو کۆمپانیاکان هەموو شتێك مۆنۆپۆڵ بکەن وەك ئەوەی کە ئێستاکە دەیبینین بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام داوای دەست تێوەردان دەکات نەوەك لەلایەن دەسەڵات، چونکە بۆ دەسەڵاتیش هەیە کە دەستکاری بازاڕ بکات بەڵام ویژدان لەکاری مامەڵە باشترە.

دیموکراسی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا واتە بەکارهێنانی عەقڵو لۆجیك لەتەواوی کارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی کاری ئارەزوومەندانەی بۆ

بەپێرەوەچوونی داخوازییەکانیانو بانگەشەکانی دیموکراسیو مەدەنی.
دەبێت ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە دەسەلاتدار سیاسییەو خاوەن هێزێکی نکۆڵە لەبەرئەوەی دەزگاکانو یاساو هێزی سەربازی لەبەردەستدایە ئەوە جگە لەوەی سیاسی خاوەن فرو فێڵی بەهێزن بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی ئێمە لەرێگەی هەستو سۆزو ویژدانەوە هاولاتی جگە لەوەی کە مافی دەخورێت خاوەن سۆزێکی نکۆڵە بۆیە زوو کاریگەر دەبێت بەقسەی دەسەلاتدار لەبەرئەوەی خودی حکومەتو دەسەلاتدار جۆرێك لەمتمانەیە لەناو دڵو دەروونی هاولاتی.
زۆرجارلەبێ ئاگایی خودی هاولاتیانە لەئەرکو مافو یاساکانە کە دەبێت دەسەلاتدار ئەگەر هاتوو دەسەلاتی کەوتە دەست دەبێت پراکتیزەی بکات کەمو کورییەکانی دەچێتە خانەی نەشیاویو لێ نەهاتووی بۆیە دەست لەکار بکێشێتەوە. چونکە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لەلای ئەم هاولاتیە نزم بۆتەوە.
پتەوکردنی یاخود پتەوبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرەتا پەیوەستە بەتێگەیشتنی ئەو کۆمەڵگەیە کە بمانەوێت تیایدا بەرجەستەو پتەوی بکەین.
ئینجا ویستی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی. چونکە کۆمەڵگەی مەدەنیو پتەوبوونی دەبێت ئەو هاولاتییە بزانێت کە پەیوەستە بەوەوە. ئەو دەتوانێت پتەوی بکاتو هەر ئەویش دەتوانێت وابکات کە پتەو نەبێت، چونکە پرەنسیپە هەرە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بریتییە لە رێکخراوە نا حکومییەکان وە ئەم رێکخراوانەش گرنگی بۆ هەر یەکێکیان پەیوەستە بەسەرچاوەی دارایی ئەم رێکخراوانە کە پێکهاتووە لە پشتیوانی ئەندامانو بازرگانەکانو گروپو کۆمەڵە جیاجیاکان لەگەڵ حکومەتو گەورە بەرپرسان.
جا هەر چەندی ئەم رێکخراوانە لەلایەن ئەندامانەوە پاڵپشتی بکرێن لەرووی داراییەوە، ئەوا ئەوەندە ئەم رێکخراوانە دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن یاخود بەشێوەیەکی تر کار بۆ هاولاتیان بکەن بۆ بەرژەوەندییەکانی هاولاتیان جا هەرچەندی کاری ئەم رێکخراوانە سەربەخۆو بۆ هاولاتیان بێت ئەوا کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئاسانتر دەبێتو پتەوتر بێت، بەلام پێکهێنانەکە بەو مەرجە بێت کە خۆمان بزانین کە ئەم رێکخراوە بەراستی مەدەنییەو پەیوەندی لەگەڵ حکومەت نییە.
هەرچەندە ئەگەرهاتوو حکومەتیش وابریاری دا کە ئەم رێکخراوە رەسمییەو خاوەنی بەڵگەنامەی دامەزراندنیش نییە چونکە هەموو خواستێکی میللەت کە پشتگیری لێ بکرێت ئەوا دەبێت بەدۆکیۆمێنتو پێویستی بەهیچ رەزامەندییەکی تری حکومەت یاخود هەر لایەنێكو رێکخراوێکی تر نییە چونکە خواستی میللەت ئەبێت دەسەلاتدار پراکتیزەی بکات نەوەك هاولاتی یاساکانی حکومەتو دارو دەستەکەی...

# ئەم هزرمەندە بێسوودە

نووسینی: **ANDERS OLSSON***

و: لەسویدییەوە: هەندرێن

لـە٢یدیسـێمبەری ١٩٨٧دا نامەیـەکم لـەژاك دێریدا پێگەیشت، ئەو لـەو نامەیـەدا سوپاسی من دەکا بۆ کتێبی "ئەو دەقە نەناسراوە"ی کـە لەزستانی ١٩٨٧دا چاپمکردو بۆ یەکـەم جـاریش بوو کە لەشێوەی کتێبدا هزری ئـەو بەخوێنـەری سویدی پێشکەش بکرێت.

بەڵام کە من باسی ئەو نامەیەی دێریدا دەکـەم هـەر تـەنیا بـۆ بەبیرهێنانـەوەی مێـژوو نییـە. بەڕاشکاوی بڵێم نامەکە سەرسامی کـردم، نـەك لەبەر ئەوەی چونکە دێریدا دەڵێ کە ئەو هەوڵیدا بەهۆی دەقێکەوە "ڕێگایەك بگرێتە بـەر"، ئـەو دەقەش بەزمانێك نووسراوە کە بۆ ئەو نامۆ بوو. دێریـدا ئـەو دەقـە لەگـەڵ شـیعرێکی چـکۆڵە دەنێرێـت، کـە بەقەڵـەم پەنـدانی مەرەکـەب نووسـرابوو، هـەروا مێـژووی ٢ی دیسـێمبەری ١٩٨٧ی لەسەر تۆمـار کرابـوو. شـیعرەکە زۆر کورتـەو بـە شـێوەی زمـانێکی ئاسـان خـۆی دەنوێنێت کە پیتی بەرایی پەیڤەکان بەگـەورەیی نووسـراونو جـارێکی تـریش بـە تـۆخکراوی نووسراونەتەوە. دەستپێکی وشەکان بەوێنەی S, E,L,N وەك چەشنە کۆدێـك دەسـتپێدەکەن، بەڵام من نەمتوانی ناوەڕۆکەکانیان شیبکەمەوە. مـن تـا ئـەمڕۆ نەمهێشـت ئـەم شـیعرە بڵاوبکرێتەوە، چونکە هەرگیز شوێنێکی گونجاوم بۆ ئەم شیعرە نەدۆزیەوە. دڵنیـام کـە دێریـداش شیعری تری نەنووسیوە. هەرچـۆنێك بێـت ئـەو لەنامەکەی دواتری کە بۆی ناردم نووسیبووی کە چۆنت پێخۆشە وا لەگەڵ دەقەکە مامەڵـە بکـە. شیعرەکە بەم جۆرەیە:



**ENCORE AIME**
**DE MAIN**
**LE TRAIT QUI DANS LE JOUR**
**PASSÉ**
**AURA'N**
**UNE PROMESSE-'MEME PAS ETE D**
**SAUVE**

دەکرێ وەرگێڕانەکەی ئەوها بێت:
که بەردەوام ئەڤینداری بکەی
بەدەست
وەك سیمای ئەو رۆژەی
که بەسەرچوو
تەنانەت نە
پەیمانی- ئازادبوونێك
هات

بەم جۆرە ئەم شیعرە باس لەسەرکەوتنی نووسین دەکا، کە بریتییە لەوەی لەرێگای چالاکی دەستەوە ئەشق ئاراستەی ئەو کەسایەتییەی رابردوو بکرێت، کە پێویست ناکات گوێ بەرێکخستنی پەیمان بدات. سەرەرای ئەمەش لەگەڵ ئەو جولانەوەیەدا بەنێو کاتی هەنووکە، رابردووو دەرفەتێکدا بەلام نەك ئایندەیەکی بانگکراو، رزگار بوونێك دێتە ئاراوە.

ئەمەش بەپرۆسەی نووسین دەچێت، رەنگە زۆرینەی نووسەرانیش ئەو بارەیان بەیاد بێتەوە. هەڵبەت ئەوەی کە وادەکات ئەو گۆرانە لەو شیعرە سادە ئالۆزە، هەروا زۆر دێریدە ئاسایە روودات، دوو شتە. یەکەمیان دێری دووەمی "de main"ە، کە بەلێکجودا کراوەیی نووسراوەو هەڵبەت مانای "بەدەست" دەگەیەنێت. بەلام کاتێ مرۆڤ بەهۆی لێکچوونی دەنگەکان پێکەوە بیخوێنێتەوە، پەیڤی "**DEMAIN**" دەبێتە "بەیانی" لەدۆخێکی وادا ئاراستەی سەرتاپای شیعرەکە بەرەو پێشەوە، رووەو رێکخستنی پەیمانەکە رێدەکاتو کە هێشتا نیشانەی لێ نەگیرابوو.

ئەوەی کە زیاتر وادەکات ئەو دووانە روونو ئاشکرایە ئامادە بێت ئەوە کرداری "**SAUVE**"ی کۆتایی کۆپلە شیعرەکەیە، کە هاوکات دەکرێ مانای " رزگار بوون" بگەیەنێت. هەروا دەکرێ پەیوەندی بە سیما. "**LE TRAIT**"ی هەوە هەبێت، بەهەمان شێوەش پەیوەندی بەمنی نووسینەوە هەبێت. لەو بارەدا نووسین بەدیمەنی رزگار بوون دەچێت، کە بەواتای والتەر بێنیامین ئەوە ئەرکی رەخنەگرە ئەو کارە ئەنجام بدات. ئەو بە ئاوردانەوە بەرەو رابردوو پاشماوەی پارچە وردەکان بۆ ئایندەیەکی بەرێوە دەرباز دەکات. رەنگە پەیمانەکە لەوەی پێشوودا ئامادە نەبووبێت، وەلێ گەر ئەوە لەشێوەی نەرێتی بگوترێت- "تەنانەت نە"- پێویستە گرینگو شیانی گەرانەوەکان نیشان دەدا. روانینی دێریدا بۆ زمان زۆر نزیکە لە بێنیامین، هەروا نزیکە لەو تێروانینەی ئەو کە پێی وایە زمان بەبەردەوامی لەمێژوودا کاریگەری هەیە. بەم جۆرە پێویستە من وەرگێرانەکەی خۆم دووبارە بکەمەوە:
کە بەیانی بەردەوام

ئەڤیندار بیت
وەك سیمای ئەو رۆژەدا
کە بەسەرچوو
تەنانەت نە
پەیمانی- ئازادبوونێکیش
هات

لێرە ئەو سیمای رابردووە کە بەنووسین ئازاد بوو. شیعرەکە مەبەستێکە شیعریەتێك لەخۆی هەڵدەگرێت. رەنگە ئەوە شیعرە وەك شیعر هێندە تایبەت نەبێت، بەلاّم ئاماژە بەشتێك دەکا کە زۆرجار هەمیشە کە مرۆ لەسەر دێردا دەئاخڤێت فەرامۆش دەکرێت. من ئەمرۆ خوێندمەوە کە خەڵك لەئەمریکادا لەسەر کێ دەبێتە میراتگری دوای دێریدا شەڕیانە. ئایا ئەو بەڕاستی فەیلەسووفێکی گرینگ بوو؟ دێریدا هەمیشە هزمەندێك بوو لەناو گفتوگۆیەکان ئامادە بوو، ئەمەش ئەوی رێزدار کرد. بەلاّم ئەوەی کە دەبێ بگوترێت ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوەگەریی/ DECONSTRUCTION هەرگیز میتۆدێك نەبووە کە دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوە، بگرە جۆرە تیۆرییەکیش نەبووە. بەڵکو وەك هزرکردنەوەیەکی هەندێك بێسوود خۆی نیشاندا، بەلاّم وێڕای بێسوودییەکەی ئەرکێکی گرینگی هەبوو ئەویش پەنجە درێژکردن بوو بۆ سەر سنوورەکانی ئەو سیستەم‌و هەرارکیانەی، کە لەکولتووری ئێمەدا دەسەلاّتدار بوون.

هەڵوەشاندنەوەگەریی لەبری ئەوەی تیۆری‌و میتۆد بێت، بەڵکو وەك خوڵقاندن (**CREATION**) دەهەزرێ، هەڵبەتە فەیلەسووفانێکی زۆر خۆیان بۆ ئەو پرسیارە تەرخان نەکردووە. هێراکلیتۆس/ **HERAKIEITOS**، هێگل، نیتشە، هەروا هایدگەریش ئەو کارەیان کرد، بەلاّم گەر مرۆ وەك بوون بهێنرێ ئەوکات سەخت دەبێت کە وشەی "هەم/**IS**" بەکار بێنێت. ئەمەش ڕەنگە باشترین شرۆڤەکردن بێت لە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەگەریدا. دێریدا جارێك نووسی کەهەڵوەشاندنەوەگەریی "ئەوەی کە ڕوودەدا"، لەمەش راشکاوتر "ئەوەی کە ئەمرۆ ڕوودەدا". ئەوەی کە ڕوودەدات‌و ئەوەی کە دەبێ بەبوون/ **CREATES**، گەورەرترە لەوهەبوونە،هەیە/ **IS**. با بگەڕێمەوە بۆ خودی ئەو شیعرەی کە دێریدا بۆی ناردبووم. ڕەنگە ئەو کۆدە دەکرێ وەك شتێك کە "لە ڕوودانە/ **HAPPENING**"، خودی خوڵقاندن/**CREATION** بخوێنرێتەوە: **ELNS** لە "**ELLE NAISSE**" دەچێت، "ئەو (**ELLE**) دەزێ، مندالّی دەبێت". زمانو نووسین، شیعر، واقیع، ئەوانە هەموویان لەزمانی فەرەنسیدا راناوی مێینەن: ژنێك مندالّی دەبێت، دەزێ (واتا لەکاتی ئێستادا ڕوودەدات، و. کوردی)......

* **ANDERS OLSSON**، پرۆفیسۆره لـه زانسـتی ئەدەب، له زانكۆی ستۆكهۆلم.

تێبینی:

شایەنی باسەو ئەندەش ئۆلسۆن ئەم وتارەی بـه بۆنـەی كۆچـی دوایی ژاك دێریدا نووسـیوەو لەبەشـی كولتـووری رۆژنامـەی رۆژانـەی **DAGENS NYHETEr**، ١٧ ئۆكتۆبـەری ٢٠٠٤دا بلاوی كردۆتەوه. دەخوازم بلێم، هەندێك لەپێشـەكی نووسەرم پشتگوێ خست، چونكه باس لەو زانیارییانه دەكا، كه كەی‌و چۆن هزری دێریدا به خوێنەری سوێدی ئاشـنا كـرا. وەرگێڕانی ئەو دەقه لای منەوه پەیوەندی نییه بەوەی كه چۆن ئەو نووسەره سوێدییه ستایش‌و سەرەخۆشی خۆی بـۆ دێریـدا نووسـیوه، بـەڵكو ئـەو وەرگێڕانـەی مـن دەگەڕێتـەوه بـۆ شیعرەكەی دێریداو خوێندنەوەی ئەو نووسەره سـوێدییه. واتـا حەزم كرد لەڕێگای ئەو وەرگێڕانەوه ئەو یارییەی كـه لـەنێوان فەلسـەفاندنی شـیعرو شـیعراندنی فەلسـەفەوه لـەو دەقـەدا ئامادەیه بگوازمەوه ناو زمانی كوردی. به واتایەكی تر، حەزم كرد، بۆ چێژی خۆم، بەزمانی نووسین ئـەو دەقـه بخوێنمـەوەو دواجـاریش پێشكەشـی ئـەو خوێنەرانـه بكـەم ڕەنگـه(؟!) ئەوانیش، بەهەمان چەشن، یان به چەشنێكی جیـاواز، چـێژی لێ وەربگرن، دەبا ئەوەش جەخت بكەمەوه كه من لەنووسین‌و وەرگێڕانی ئـەم جـۆره دەقانـەدا، بێجگـه لەچـەند خوێنـەری "نەناسراو"و نووسەری" نـەبینراو"، خوێنـەر گـەل‌و نووسـەر گەله" ناسراو"و "بینراو"ەكان لەزەین ناگرم. چـونكه ئـەمڕۆ ئەو خوێنەر/ نووسەرگەله، لەناو ئـەو گـەڕەلاوژەی نووسـینی كوردیـدا، كـه لێـوان لێـوه لـه لاسـاییكردنەوەو كاسـبی-حیزبچیەتی، وێڕای خەنی خۆشی له گوتنەوەی گوتراوەكانـدا، كه بەناوی "نوێگەری"و نووسەرانی" لێهاتووو داهێنەر" لـه "ئاهـەنگ"و "ڤیسـتیڤاڵەكان" نمـایش دەكـرێن، سـەرگێژن بەدوای سەرژمێری خوێنەرانیان‌و "جەماوەرانـدنی" نووسـین‌و زمانیان.

# دەربارەی وەرگێڕانی ئەدەبی

میلان كۆندیرا

و : لەعەرەبیەوە: محەمەد حسین

لەزانكۆكانا وەك نـەریتێكی لێهـاتووه كەهـەمو جارێـك تەماشـای كـاره ئەدەبیـەكان ئەكرێـت لەڕوانگەی ئینتمای دەقەكەوه بۆگەلێكی دیاری كـراو . هـەروەها دەبیـنین تـەنها پسـپۆرەكانی بواری ڕۆشـنبیری ئـەڵمانی بۆیـان هەیـه خۆیـان بەكارەكانی هیرمان بروخـەوه(( **H . BROCH** )) خەریك بكەن، گەركەسـێكیش بیـەوێت كـار لەسەر بەرهەمـەكانی { جـۆیس و بروسـت } بكات هەرهەمان شێوازه . ماوەیەكی زۆره ئەم جۆره كارانه نیگـەرانم ئـەكات . چـۆن دەكرێـت هەسـت بەڕەسـەنایەتی بروسـت وبـروخ بكـەین گەربێتو ئیشكالیەتی ڕۆمانی هاوچەرخ لەبەرچاو نەگرین ، كه ئەم ئیشـكالیەته دواجارلەسـەرویی ناسیۆنالیزمەوەیه .ئـەمڕۆ گـەر خوێنـدكارێك بیەوێت لێكۆڵینەوەیەك لەسەر (( غـۆمبرۆفتش )) بنوسێت مامۆستاكانی ناچاری ئەكەن یەكـەم جار دەبێت زمانی پۆڵەنـدی بزانێـت . وەهـەر

بــەهۆی ئــەم دەنگۆنەتەوەییــەوە یــە ئــەبینین بەگۆشەگیریەکی لادێیانــەی بــەجیهانی کــراوەوە حوکم ئەدەن بەسەر هــەمو ئــەو لێکۆڵینەوانــەی لەسەر غۆمبرۆفتش ئەکرێت ، بەتایبەتی ئەوانەی دورن لەپۆڵەنــداوە .ئایابەرزکردنــەوەی مــەرجی لێکۆڵینــەوەی نوســەران بەزمانــە ڕەســەنەکەی خۆیان بەس بۆبینینی وردبینیــەکی زانسـتیانەی زیادەڕۆیە ، ئایا هەر کەسێك زمانی دانیمــارکی نەزانێت مافی ئەوەی نیە کیرکگاردبخوێنیتــەوەو گفتوگۆی لەسەر بکات ؟

لەوانەیــە لێــرەدا بێهــودە نەبێـــت چــەند پرسیارێکی لــەم جــۆرە بکــەین :- ئایــا کــاری ئەدەبی قابیلی گواستنەوەیە بەبێ کەم وکــوڕی ؟ ئایا لەتوانادا هەیەکۆششی ستاتیکی نوســەرێك بگوێزرێــــتەوە و وەربگێڕرێـت ؟ ئەمەیــە ئــەو پرسیارە گرنگەی تایبەتە بــەوەرگێڕان .گــەربێتو وەرگێڕانی پاك و ڕاستگۆمان نەبوایە چۆن ئێستا ئەدەبێکی گشتیمان ئەبوو .

هەمو جارێك دەوترێت وەرگێران وەك ئاوێنەیــەك وایــە یــان ئــەوەتا شــتەکان وەك خــۆی نیشــان ئەداتەوە یان ئەوەتا جوانتر لــەخۆی ، مــن هــیچ بۆچــونێك نــابینم لەمــە گەمــژەتر بێــت !هــیچ وەرگێڕانێــك جــوان نیــە تائــەو کاتــەی پــاك وڕاستگۆنەبێــت ، دەکرێت کەسێك بڵێت ئەمــە نابێـــــت ومەحاڵــە ،چــونکە هەموشــــەیەك لەزمانێکی دیاریکراودا بەرامبەرێکی هاوواتــای نیە لەزمانێکی تردا کــەکوت ومــت وەك خــۆی وابێــت .بێگومان ئەمە ڕاستە ، بۆنمونە وشــەی **SEHNSUCHT** کەوشــەیەکی بــەناوبانگی ناوشیعری ئەڵمانیە نەبەواتای نوسـتالیژیا دێــت ونەبــەواتای یادکردنــەوە .هەربۆیــە پێویســتە لەسەر وەرگێڕکەبەهەر ڕێگایەك بێــت بگــەڕێت بۆگونجاوترین وشەیەك کەهەمان مانا ببەخشێـت لەزمانی فەرەنسی... یان هەر زمانێکی تــردا . بابپرســین ئــەم ڕێگــا گونجــاوە کامەیــە ؟ ئایــا لەنیشان دانی مانادایە ؟ یان لە لەگوزارشـکردن بەوەســــفێکی زیــــاترەوە ؟یــــان بــــەکارهێنانی وشەیەکی تازە کەپێشتر بەکارنەهێنراوە ؟ دیــارە پاکی وڕاستگۆییی وەرگێڕهــەرگیز بەشـێوەیەکی ئالی دروست نابێت ، ئەمە پێویسـتی بــەتوانای دۆزینەوەو هەستێکی داهێنەرانە هەیە ،چــونکە ئەم پاکی وڕاستگۆییە گرانترین هونەرە .هەربۆیە هێــزی نوســەر لەخەیاڵگەکەیــدا نیــە بەتــەنها ئەوەنــدەی کــە لــە توانانیدایــە بۆداهێنــانی بەهێزترین زمان و وشــە لــەڕوی دەلالەتیــەوە . هەرلــەم ســۆنگەوە دەڵــێین وەرگێڕانــی بروســت ئاسانترو بێگرفت تر نیە لەوەرگێڕانی دیکــارت . ئینگلیـــــزی وئەمریکیـــــەکان ڕۆمانـــــە بەناوبانگەکەیان ناسی بەناوی (( یادی شتەکانی ڕابردوو )) **REMEMRANCE OF THINGS**

**PAST** وەئەمەش ئاماژەیەبۆ سی هەمین سوناتای شکسپیر ، مەحاڵە ناوێك هەڵبژێرین لەمە جوانترو ئەزمونکراوتر بێت لەهەمانکاتدا ،بۆیە ئەو ناوەی بروست هەڵی بژاردوە تەعریفێکی زۆر وردبینانەیە بۆ ڕەوشێکی مرۆیی تایبەت ، وشەکانی ناوەکەیش بەهیچ جۆرێك قابیلی ئاڵو گۆڕنیە . بەم جۆرە بۆم دەرکەوت وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی کتابەکەی ڤیفان دینون **((V.DENON** )) ڕەوشی سبەینێ **POINT DELUDEMIAN** بووە بە (( شەوێکی ترە بەردەوام )) **NUREINE NACNT** ئەم ئاسایی بونە سۆزداریە ساویلکەی کەهەموو هونەر کاریەکانی ناوی فەرەنسی تیا پەرش بلاو بووە تاڕادەیەك ڕوکارێکی تراژیدی بەدەست هێناوە ، لێرە بەدواوە وەك گریمانێکی هیدۆنی لێهاتووە . ڕۆمانەکەیبرۆخ بەناوی (( بێگوناهان )) **((UNSCHULDIGEN** )) کەکرا بەفەرەنسی ناوەکەی بوبە (( نابەرپرسەکان )) **((IRRESPONSABLES))** . ئەو پارادۆکسە فراوانەی لەڕۆمانەکەی برۆخدایە قسە لەگوناهبارکردنی بێگوناهەکان ئەکات ، کەچی ناولێنانە فەرەنسیەکە ی نەیهێشتۆ تەوە. بەم جۆرە دەبینین هەر لەیەکەم عیبارەتەوە کەناوەکەیە مەغزای کتابەکە لەباربرا .

جارێکیان کتابێکم دەست کەوت کەساڵی ١٩٨٩ دەرچووبو .ئەم کتابە بەشێوەیەکی جادوگەرانە سەرنجی ڕاکێشام ،کتابەکە وەرگێڕانێکی پوختەی کارەکانی فرۆیدبوو لەگەڵ پاشکۆیەکدا بەناوی (( کەفرۆید وەردەگێڕرێت )) . وەرگێڕەکان ئەوەیان ڕونکردبوەوە کەکارەکەیان پشتی بەچی بەستووە ، ئاگایشیان لەو هۆکارانە هەیە وای لیّ کردون ئەو زاراوانە هەڵبژێرن بۆوەرگێڕان لەفەرهەنگەکەیانا نەك هی تر ،،بەم جۆرە فەرهەنگێکمان پێشکەش ئەکەن بەناوی (( فەرهەنگی بیرۆکەکان **RAISONNE DICTIONNAIRE** )) کەپێکهاتووە لە شەست وشە ، ئەمەش وەك دەروازەیەکە بۆفرۆید و تایبەتە بەشیکاری دەلالەتی وشەکان بەزمانی ئەڵمانی . هەروەها لەوەرگێڕانەکانی پێشتری وشەکان کۆڵیبونەوەو ئەو هۆکارانەیش کەوای کردووە ئەم وشانە هەڵبژێرن بۆوەرگێڕان ، من ئەو کات بەخۆمم وت : ئەم نمونەی هەوڵ وماندوبونی جدیە ، پێویستە نەك هەر لەگەڵ کارەزانستیە بەنرخەکان بەڵکو لەگەڵ ڕۆمانە مەزنەکانیشدا بخرێتە گەڕ. زۆرجار من نەفرەت لەو وەرگێڕانە خراپانە ئەکەم کەهەستکردن بەبەرپرسیاری تیا ڕەچاو نەکراوە ، مەرجنیە ئەم وەرگێڕانە خراپانەیش هەمو جارێك وەرگێڕەکان لێی بەرپرسبن .

جارێکیــان پیربلانشــۆ **P. BLANCHAUD** نوســیبوی (( هەنــدێك جــار نوســەرەبیانیەکان خۆشــکرد ن و جــوانکردنی ئــەوەی لەســـەر دەقەکانیان ئەوترێت ، یان خۆش کردنی مەغزای دەقەکانیان لەئەنجامدا ئەسەپێننە سەر وەرگێــڕە فەرەنسیەکانیانا . پێویستە ئەو نوسەرانە بزانن ئەم خۆشکردنە بەرهەمی هەوڵی وەرگێڕەکان نیە ، لەزۆربەی حاڵەتاکاندا بلاَوکــەرەوە کــان درێــژە بەم کارە ئەدەن !)) بەم وشانە بلانشۆ واقعێکمان بۆئەگێڕێتەوە کــەزۆر ئاســاییە ، زیــاترە لــەوەی ئەگــەرێکی دوربێــت و هــەر تــەنها پەیوەنــدی بەوەرگێڕانی (( ڤۆن کلایســت **VON KLAIST** ەوە هەبێت (( ئەوەبوو کە بلاَوکەرەوە کــە ڕای گەیاند ئەیەوێت دەستکاریەکی ئەو دەقە بکات کــە زۆر جوانــو ئاســان دانرابــو ، بــەلاَم ئــەو وەرگێڕەی کەبەپاکی و ڕاستگۆییەوە دەقە ئالۆزو سەختەکەی وەرگێڕابوو ڕازی نەبوو بەدەســتکاری کردنــی .دیــارە لــەکاتی ئــەم پرۆســەی ڕوبــەڕو بونەوەدا ئەوەی لەپەیوەندی نێــوان بلاَوکــەرەوەو وەرگێڕدا ئەبینرێت ئەوەیە کەوەرگێڕەکە لایــەنی لاوازە )) ، ئەوەبوو چاپێکی تازەی ڤۆن کلایست دەرچوو ، بەلاَم ئەنجامی کاری کەسێکی تر بــوو ، وەئەم جارەیان هەڵگری قەدەرو قورساییەکی تربــوو کەبــەرەو نائومێــدی ئــەبرد ، بلانشــۆ مەسەلەکەمان نیشان ئــەدات بەپشــت بەســتنی بەچەند دەقێکی وەرگێڕراو دواجار حاڵەتــە کــە کورت ئەکاتەوە بۆئەوەی کە ئەڵێت (( بەجــەخت کردنــەوە لەســـەر زۆربلاَوبونــەوەی دیاردەکــە لەجیهاندا )) کاتێك وەرگێڕێك دەقەکــەی خــۆی ئەنێرێت بۆبلاَوکردنــەوە یەکســەر بلاَوکەرەوەکــە پێی ئەڵێت دەقەکەی تۆ پێویســتی بــەوردبینی هەیەو زۆرخــاڵی ناشارەزایشــی تیایــە ،بەمــەش ئەیانــەوێت بەهــەر جۆرێــك بێــت شــتێك بــەو نوســەارنە بڵــێن کــەکارەکانیان وەرئــەگێڕرێت .گــەرهاتو ڕســتە کانیــان درێــژبوو کــورت ئەکرێــتەوە ، یان گەر کورت بوو درێژئەکرێــتەوە ،ئیتر بەم جۆرە دەست ئەکەن بەبەکار هێنانێکی زۆری (( ئامرازی پەیوەندی )) و لەئــەو شــوێنە تایبەتانــەی نێــو دەقەکەیشــدا دوبــارە بونــەوە پێویستە وەك بەشێك لەســتاتیکای دەق ئــەوان فەرامۆشی ئەکەن .

ئێســـتاکە باپرســـین ئایـــا مـــافی سانســـۆرو بلاَوکەرەوەکانە سەرلەنوێ دەقەکــە داڕێژنــەوە ؟ ئەمە کۆکەرەوەیەکی گشتیە بۆهەمووشــتێك ، نە لەسەر بناغەی دەستنیشانکردن و نە لەســەر شێوزای هەڵژنین بە بەرزاییەکاندا ،بەڵکو ئەمــە نوســـینێکە کەبۆســـۆپەر مارکێتـــەکان بشـــێت ،چـــونکە بلاَوکـــەروەکان بڕوایـــان وایـــە سۆپەرمارکێتەکان تەنها شوێنە زۆرترین کتێبــی تیا ئەفرۆشرێت .

دەقەکەی بلانشۆ گرنگیەکی زۆری هەیە ،بەڵکو بانگەشەیەکە لەپێناو بەرگری کردن لەوەرگێڕان وەك هونەری ڕاستگۆیی ، ئەم هونەرە گرنگی خۆی لەدەست ئەدات گەر دوور بخرێەوە لەو بۆچونەی غیتە دەربارەی ئەدەب بەگشتی هەیەتی ،ئەوەی کارێکی وای کرد دانیشتوانی ئایسلەنداو فەرەنساوەك یەك لەبروست تێبگەن .

*** ئەم وتارە لەژمارە ٦ لۆمۆندی ساڵی ١٩٩٥ بلاوکراوەتەوە / عدنان موبارەك کردویەتیە عەرەبی ولەم سایتەدا بلاوکراوەتەوە **WWW.IRAQSTORY.COM**.

# خوشکە سپیەکانی ناو
## ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا

مەجید عەزیز/ ئەمریکا

لە بری پێشەکی:

" خوشکە سپیەکان.... ئەو خوشکانەی ئەگەرچی بێ ئەندازە جوان بوون، بەلاّم کەسانێك خۆشیان نەدەویستن. هۆیەکانی ئەو کینەیە گەلێك زۆر بوون، خوشکانی سپی دوو کەسی ئاسایی نەبوون، ئەو چیرۆکە سەیرانەی لەسەریان بلاّوبووەوە، لە چیرۆکی هیچ ئافرەتێکی تر نەدەچوو. هەموو ئەو شتانەی لە دوای مردنی محەمەدی دڵ شووشەدا ڕوویاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان وێنەیەکی سەیری لەسەر دروست کردن، ئەو گۆرانیەی جارێك لەسەر گۆڕی محەمەدی دڵ شووشە گوتیان، ڕۆژانی دواتر بە دەنگی بەرزتر دووبارەیان کردەوە، بەلاّم هەر ئەوە نەبوو لەسەر گۆڕی ئەو کوڕە گۆرانی بڵێن، بەڵکو لە هەندێك جیێو کاتی دیکە گۆرانیان گووت کە نەدەبایە گۆرانی بڵێن" دواهەمین هەناری دونیا،ل/٧٣"

ئەو چیرۆکە سەیرانەی لەسەر خوشکە سپیەکان بلاّوبووەوە پەیوەندیەکی گەورەیان بەم چیرۆکەی

منەوە هەیە. ئەو چیرۆکانە بوون ژیانێکی تەنهایان بۆ ئەوان دروست کرد، تەنهاییەکی هێندە قوولّو شکێنەر کارێکی کرد دواجار خولیای برایەکی خەیالّی بکەوێتە سەریانەوە"ل/٧٣" سا دەریای سپی لاولاوی سپی بڕیاریان دا سەریاسی سوبحەم بکەنە براو هاوڕێی هەمیشەیی خۆیان"ل/٨٣" ئەو ئێوارەیە خوشکە سپیەکان لەگەلّ سەریاسدا هاتنە دەرێ، بۆ یەکەمجار، هەردووکیان دەستیان خستە نێو دەستیو پێیان گووت (ئێمە خوشکی تۆین لەمڕۆوە تا هەتایە تۆ برای ئێمەیت، ئیتر خۆت ڕابهێنە... برا کە گیروگرفتی هەبوو دەچێ بۆ کوێ؟ دەچێت بۆ لای خوشکەکانی. تۆیش دەبێت بێیت بۆ لای ئێمە...)"ل/٩٨" ڕێکەوتنێك بوو لەسەر دادو داپەروەری دروست بوو، دوو خوشکی تەنیا کەسێکیان دەکرد بە برا کە کەسی نییە، ئەو شەوە درەنگ وەخت شا دەریای سپیو لاولاو نهێنی گەورەیان بە سەریاس گووت، ئەوان تا هەتا هەتایە شوو ناکەن، قژیان نابڕن، بێی یەکتر گۆرانی نالّێن، لە سپیش بەولاوە ڕەنگی تر ناپۆشن. هەر ئەو شەوە هەرسێکیان پەیمانێکی تریان نووسیو بە خوێنی خۆیان مۆریان کرد، پەیمانی ئەوەی سەریاس بۆ هەتا هەتایە برای ئەوانەو جگە لەو هیچ کەسێکی دی تا مردن نابێتە برایان، ئەو پەیمانە ناسکەی کە شادەریای سپی بە خەتی خۆی نوسیوویەتیو سێ پەنجەی قشتیلەو چکۆلانە لە خوارەوە ڕا مۆریان کردووە، ئێستاکێش لە ژێر هەمان هەنار دایە، تا هەتا هەتایەش لەوێشدا دەمێنێتەوە"ل/٩٩" مرۆڤ چوزانێت کێ بانگی دەکات؟ ئینسان هەمیشە دەبێت ئامادە بێت، دەبێت گوێڕادێری ئەو چرپانە بێت کە لە سروشتەوە دێن. ئینسان جگە لە خزمەتکارێکی مەزنی ئەم گەردوونە زیاتر هیچی تر نییە، ئەوەی سەروە سەری دونیا بێت مانای ئەوەیە گوێبگرێتو تێبگات، ئەم دوو خوشکەیش گوێیان دەگرتو تێدەگەیشتن"ل/١٢٣" شارێکی هەموو شەرەفی خۆی لە قفلەکانی شەودا کۆکردبۆوە، شەرەفی خۆی لە دەرگا داخراوەکاندا دەبینیەوە، سەیر بوو لەم شارەدا کە سیاسی چلّێسو بێ ڕەحم حوکمیان دەکرد، دوو کچ شەوان بە شەقامەکاندا پیاسە بکەن، دوو ئافرەتی سپی پۆش کە چاویان تیشکێکی تیایە، پۆلیس، حەسحەسو پاسەوانی گەرەكوبەرپرسی مۆلیدەکانی شەویان دەترساند"ل/١٢٣" لای من سەیر بوو کە دوو کچ بڕیاریان دابوو هەتا هەتایە شوو نەکەن، پیشەکەیان ئامادەکردنی کراسی بوکێنی بێت بۆ کچانی تر "ل/١٧٢" هەندێ چەو بە قژی تەڕەوە دەهاتنو لای من دادەنیشتن، هەندێجار لە پۆلەکاندا وەك وانە بە منالّ

بلێنەوە، چیرۆکەکانیان بۆ دەگێڕامەوە، لە ڕێگای ئەوانەوە زۆربەی چیرۆکی ئەو بیستو یەك ساڵەم زانی. زۆر ئاگاداری سیاسەتو جەنگو ئەو جۆرە شتانە نەبوون، بەلاّم کەسێکیشم نەبینیوە کە ئەوان وەسفی شەو، مانگ، چیرۆکەکانی عەشق، مردنی گەنجانو خامۆشی شەوە دوورودرێژەکانی شار بکات، من دوا چرکە چوومە شار، هەمیشە هەموو شتەکانم لە چاوی ئەوانەوە دەبینی"ل/١٧٢" مەحەبەتی ئەوان بۆ من لە مەحەبەتی کچێك نەدەچوو بۆ باوکی، بەڵکو لە مەحەبەتی دایکێك دەچوو بۆ منداڵەکەی. مامەڵەکردنی زۆر لەگەڵ منداڵەکاندا کردبوونی بە دایك، لەگەڵ منیشدا ڕەفتاری دایکێکیان هەبوو سەرتاپای میهر بێت"ل/١٧٣" من زۆر بەیانی، تاریكو ڕوون دەمبینین هەردوکیان بەو جلە بوکێنیە سپیانەوە لە پێدەشتەکان دەهاتنەوە"ل/١٧٣" هەرسێکمان سێ بەدبەخت بووین ئافرەتێك چیە لە ژیانمدا نەبوو، عەفوم کە حورمەتی باوكو کوڕە دەخەمە ژێر پێمەوەو دەڵێم کەسمان مەمکێکمان نەگوشیبوو، لێوێکمان نەمژیبوو، ڕانێکمان نەگلۆفیبوو... سەریاسی گەورە ئەوەی ناو دەنا شەرەف، من ناوم دەنا بەدبەختی، دڵشوشە ناوی دەنا بێسەبری... وای لە من وای، کێ لەوم باوەڕەدابوو ئافرەتێك محەمەدی دڵشوشە بکوژێت"ل/١٩٣" موزەفەر باسی ئەو خوشکە سپیانەم بۆ مەکە. من تا دەمخەنە گۆڕەکەوە وەك جنسی شەیتان سەیریان دەکردم، ئەوان دڵشوشەیان کوشت، ئەوان بوونە مایەی تێکچوونی پەیوەندی منو مارشاڵی شەوە تاریکەکانمان. من ڕقم لێیانە... موزەفەری سوبحدەم... ڕقم لەم خوشکە سپیانەیە، ئەوان دڵشوشەیان کوشت"ل/١٩٩" من دەمکێشا بەسەری خۆمداو دەمگوت (چۆن بێتاوانن، ئەگەر ئەوان بێتاوانن ئەی محەمەدی دڵشوشە چی دەکات لەوگۆڕەدا... ئەگەر ئەوان گوناهیان نییە ئەو کوڕە بۆ هەڵناستێتەوەو بێتەوە بە هاوڕێکەی جارانمانو لەگەڵماندا بێت بۆ ژێر دواهەمین هەناری دونیا؟ چ تاوانێك لەوە گەورەترە مرۆڤ لە قولاّیی دڵەوە خۆش بوێتو ئەو خۆشی نەوێت؟ ها چ تاوانێك لەوە گەورەتر هەیە بە خوێنی خۆت عاشق بیتو ئەوەی خۆشت دەوێت، ساردو سڕ سەیرت بکاتو خۆی بابداتو بڵێت من تۆم خۆش ناوێت... من دەڵێم ئەوە لە کوشتنی مرۆڤ بە گوللە خراپترە، لە کوشتنی ئینسانو سەربڕینی بە چەقۆ خراپترە"ل/٢٠٠" دڵشوشە عەشق کوشتویەتی، عەشقو هیچی تر"ل/٢٠٠" با ئەو دوو سۆزانیە بکوژین... با ئەو دوو دەڵە سەگە بکوژین"ل/٢٠٢" من دۆستی دڵشوشەم هاوڕێی منداڵیو ژیانی ئەو

بووم، ئێوە دەمناسن کە چەند حەزم لـە باشـیو دادپەروەریە. وەك ئێوە گەنجمو لە بازاڕدا گـەورە بووم، پێش ئەوەی کەس گوناهبـار کـەین دەبـێ دلْنیابین، دلْنیابین گەر ئەوان(خوشکە سـپـیەکان) تاوانبـار دەرچـوون، مـن بـەر لـە ئێـوە لێیـان نابوورم، گەر بێگوناهیش بن ناهێلْم هیچ کەسێك دەستیان بـۆ بـەرێت... دەبێـت بـاوەڕ بـە مـن بکــــەن" گۆرانیــــەکانیان دەلیلــــی بێگوناهیانــە"ل/٢٠٢" تێگەیشــتم ئــەو دوو خوشکە دوو سحربازی گەورەن، دوو ڕۆحی خراپن دەتــوانن هــەموو پیاوێــك بخەنــە تەلیسـمی خۆیانەوە. سەریاس کە هەمیشە بـە ئـەدەبێکی خراپـەوە باسـی ئـافرەتی دەکـرد، وەك یـەکێك جادووی لێکرابێـت قسـەی لـە دەنـگو ویقـارو نهێنـــی نـــاو نیگـــای خوشـــکە ســـپیەکان دەکـرد"ل/٢٠٣,٢٠٢" مـن دەتکـوژم، تـۆ لـە جیاتی ئەوەی تۆلْەیان لێبکەیتەوە کـردووتن بـە خوشــکی خــۆت"ل/٢٠٣" دەتکــوژم، تــۆ زیادیت... تۆ هیچ نیت... من شـەرم لـە خـۆم دەکەم کە منیش ناوم سەریاسە، ئـەو دوو کچـە سووکو سەلیمیان کردوویت، بویت بە فلیمی ئەو شارە.. بویت بە فلیم... تەواو... یان تۆ بژی یان من... یان تۆ تەقە لە من بکە یان مـن لـەتۆی دەکــەم"ل/٢٠٣" ڕۆژێکیــان بــەو ناوچــەوانە بریندارەوە مەسئولەکەمان کاغەزێکی پێدا ناردم بۆ شار، پێشتر ئەو ئیشانەیان بە مـن نـەدەکرد، ڕۆژگارێکی خراپ بوو، واتە دەنگ هـەبوو شـەڕ دەست پێبکاتەوەو ئەو شـتانە، مەسـئولەکەمان نەیدەتوانی دابەزێت بۆ شار، کەسـێکی لـە مـن بێدەنگتری دەست نەدەکـەوت. سـەرەتا گـووتی( ئـەوە بـۆ خوشـکمە) دوایـی کـەمێك وەسـتاو گــووتی( نــا.... بــۆ خوشــکم نییــە، بــۆ قەحپەیەکـــە... قەحپەیەکەکـــە ئیمـــانی دەرهێناوم... بـە قـەد سـەد مەلایکـەت حـەزم لێکردووە). مـن نامەکـەم بـۆ قەحپەکـە بـرد، کچێکی زۆر جوانو ناسك بـوو، لـە دائیرەیـەکی پاكو تەمیز کاری دەکرد... ئەوەندە جـوان بـوو خەریك بوو حەز لە ژیان بکەمەوە، خـەریك بـوو کرنووشی بۆ بەرمو بلْێم( شووم پێ بکە) بەلاْم کە کاغەزەکەم دایە، بە لالوتیـەوە گـووتی( دیسـان ئـەو قۆنەرەیەیـە... دلْمخـۆش بـوو کاغــەزی ئیحسانە، کەچی هی ئەو پۆتینەی ترە، ئیسـکی تـۆش مرێـت، هـەتیوە سـەر زلـە، بـۆ خـۆتو دەستو دیارییەکەی بۆت هێناوم، ڕەزا گران، دە برۆو سەعاتێکی تر وەرە بۆ جوابەکەی"ل/٢٣٢" من وازم لە چلوورە نەهێنا، کە پێیـان دەگـووت مریەمی کوردستان، کـە کردبوویـان بـە خـوای شـەرەفو ئـەخلاق، پێیـان دەگـووت رابیعـەی عـەدەوی... وازم لێ نـەهێنا تـا بـە کـامیلی حیجابەکەیەوە لەگەلْم خـەوت، ئێسـتا چـۆن واز

لەمە بهێنم"ل/٢٣٦" ئەو نەیدەتوانی کوشتنی مرۆڤو خەوتن لەگەڵ ئافرەتێکدا لەیەك جیا بکاتەوە، خوێن هەمان ئەو لەزەتەی دەدایە کە ماچی ئافرەتێك پێیدەبەخشی"ل/٢٣٦" دەمگووت سەریاس ناوێکی ترە لە ناوەکانی ئادەم... ئادەمێك بێ خودا لەم زەینەدا دەسووتێتو هەڵدەستێتەوەو دەردەکرێتو دەگەڕێتەوە. بەلاّم خوشکە سپیەکان، جۆرە نیگەرانیو پەرێشانیەکیان تیادابوو من تێنەدەگەیشتم"ل/٢٦٦".

ئەم بڕگانەی سەرەوەمان لە بڕی پێشەکی داناوە، هەروەها یەکێك دەتوانێت لە ڕێگایەوە فیگەری کاراکتەری خوشکە سپیەکان چوارچێوە بکاتو ببنێتەوە، بە گرنگمان زانی لەبەر هۆی بیرکەوتنەوە ئەو بڕگانەی بۆ خودی ڕۆمانەکە، هەرچەندە شتی زیاتری تیادایە بۆ دەست راکێشان، کە دەمان توانی بینووسینەوە، بەلاّم رەنگە ئەوانەی سەرەوە بەس بن بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە لە کاتی ئاماژە کردنماندا بۆ کاراکتەری خوشکە سپیەکان لە نێو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا.

لێرەدا کاتێك ئاماژە بە خوشکە سپیەکان دەکەین

مەبەستمان لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلییە، دەمانەوێت لە ڕێگای ئەو ڕومانەوە بە تایبەتی دوو کاراکتەری خوشکە سپیەکان ڕۆبچینە نێو واقیعی کوردیەوە لەبەر هۆی زۆر سەرەکیو جەوهەری بینینو هەڵسەنگاندنی ئەو واقیعە کوردیە چەند کەسایەتی بەم شێوەیەی تیادا نییەو ڕەنگە بڵێین دەگمەنیشە، بەم ئاماژە بۆ کردنەمان بۆ کۆمەڵگای کوردی، ئەوا پۆزەتیڤیەتی کاراکتەرە ئەدەبیەکانی ناو ڕۆمانەکە کارلێکدانەوەیەکی جدیانەیە بۆ لە دایك بوونی ئەو کەسایەتیانە بۆ قووت بوونەوەیان لەبەردەم هەموو دژەکاندا، واتە لەبەردەم هەموو ئەو شتانە وەکو نۆرمو سیاسەتو تەقلیدیەت وەك چەندین دیوار لەبەردەمیاندا بڵند بۆتەوە. هەروەها لە ڕێگەی باسکردن لە خوشکە سپیەکانی ناو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیاوە، بابەتەکانی ناو ئەو کتێبەمانی پێ دەوڵەمەند دەکەین، وەکو تەوەرێك لە ئاماژە کردنماندا بە خودی ناهونەری واقیعی کوردی لە ئاست جیهانبینیە زۆر تەقلیدیو داخراوەکەیدا. ئەگەر خوشکە سپیەکان بۆ خۆیان ئەو دوو کارەکتەرە بن بەرەو ئاماژە کردنێکی ئێمە بۆ کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگایەکی داخراو، ئەوا ئاماژە کردنمانە لە هەستێکی فرەییو گشتیانەدا بەرەو جیاوازیو ڕووبەڕووبوونەوە بەرەو هەبوونو دروستکردنی

کارەکتەربوون لە بووندا. لە ڕێگای ئـەو بابەتـە چەند تیرێك دەهاوێژم.
یـەکێکیان ئەوەیـە بتـوانین بابەتەکـەمانی پـێ دەوڵەمـەنتر بکـەین بـۆ پتـەوکردنی کـۆی بابەتەکانی ناو ئەو کتێبە، وە هەوەرها بتوانین لە پێرسـپێکتڤو بیرکردنـەوەو، وێنـەی ئـەدەبیو هونەریانەوە تەماشای جیهانی نوسـینی کـوردی پـێ بکـەین بـۆ ژنـانو کارەکتـەری ژنانـە لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا لـە ئاسـتێکی گشـتیدا، هەرچەندە نووسەری ڕۆمانی دواهـەمین هـەناری دونیا نوسەرێکی پیاوە، بـەلاّم بەلامانـەوە هـیچ گرنگی خـۆی کـەم ناکاتـەوە لـە باسـکردن لـە کارەکتەری خوشکە سـپیەکان وەکـو ئیسێنسـی بابەتەکەمان، چونکە کاتێـك لـەو کارەکتەرانـە دەنوڕینو تەئەمولیان دەکەین بەهەموو شێوەیەك بەرامبـەر دیسێکسـواڵکردنو دیسـێنتەرکردنی جێندەر دەوەسـتینەوە، هـەر ئەمەیشـە ئـەرکی خوێندنەوەی ئێمە بـۆ خوشـکە سـپیەکان لـەناو ڕۆمانەکەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی نوڕینێکی جەوهەریـەو دوو کارەکتـەری دیـارو گرنگـی ڕۆمانەکەیشن.
یان لە ڕێگای خوشـکە سـپیەکانەوە نـەك هـەر هەڵسـەنگاندنێك بـۆ ژیـانی کۆمەلاّیـەتیو ئـابووریو سـایکۆلۆجیو سیاسـی بکـەین گـەر بۆمـان بکرێـت، هـەروەها کـاریش لەگـەڵ بیرکردنەوەو جیهانبینی ڕۆماننوسیشـدا بکـەین وەك بابەتی فەمینیزم، وە لێکدانـەوەی ئـەو لـە ڕێگای خوشکە سپیەکانەوە بۆ جیهـانێکی تـژی کراو بە نۆرمخواری پیاوسالاری.
لـە پـێش هـەموو شـتێکدا ئەگـەر خوشـکە سپیەکانی ناو ڕۆمانی دواهەمین هـەناری دونیـا دوو کارەکتەری جیـاوازو یـاخیو ئیسـینتریکن، ئـەوا دیـارە ئـەو جیـاوازیو یـاخی بـوونو ئیسینتریکیەتە دەگەڕێتەوە بـۆ خـودی نوسـەرو بۆچوونەکانی لە نێو ڕۆمانەکەدا بە گشـتی، کـە بە کارەکتـەرەکانی دەبەخشێت، بـە مانایـەکی تریش، ڕۆماننوس ئاگاداری واقیعی کوردیـە زۆر بە وردی، لەبەر ئەمەیە دەزانێت تاکو چەند ئـەم واقعـە لـە دەرەوەی بونایـەتیو ئیسـتاتیکای فەنتازیاکانی ئەوەوە دەژی لە بەراوردکردنی ئـەم واقیعە بۆ کارەکتەرەکانی، دیارە ئەم لۆجیکە لە پـرۆژەی هـەموو کارەکتـەرەکانی ڕۆماننوسـدا دەبینینەوە، کە ئەمەیشە ئینترێستەی ڕۆمانوس لە تەماشاکردنو وردبوونەوەی لـە ژانـی ئـەوانی تر.
بەمانایەکی تریش، یاخی بونو ڕادیکاڵێکی ئـەو دوو خوشکە سپیە، بەلای نوسـەرەوە ڕەنگـە بـۆ خۆی ئەو دۆخە بێت کە خوشکەسـپیەکان داوای دەکەن لەکۆمەڵگای  کوردیدا، واتە کچانیش بەو شـــێوەیە ئـــازادبن"""" بیرمـــان نەچـــێت

خوشکەسپیەکان هەڵگری بیرۆکەی جیاوازن‌و دەیانەوێت کەشێك دروست بکەن کە هونەرێتی مرۆڤ لە واتا بونگەراییەکەیدا بەنێو شوێندا گەمەی خۆی بکات‌و جێگەو پێگەی خۆیان هەبێت‌و کاریگەریان هەبێت. ئەمەش گەورەترین ئاماژەیەو ڕەخنەیە بۆ کۆمەڵگای ئێمە کە واقیعێکی سست‌و لاوازە لەڕوی ئەو هونەرێتی بونەوە لەئاستی گەمەکردنێکدا کە بون بەجیاوازی خۆیەوە دەخوازێت. قوتبوونەوەی خوشکەسپیەکان لەدواهەمین هەناری دونیاداو قوتبونەوەیانە لەنێو خودی ئەو زمانەی کە ڕۆمانەکەی پێ نوسراوە، ئەگەر زمان‌و تەکنیك داوای خوێندنەوەی هاوچەرخ دەکات، بەهەمان شێوەو ئەندازەی ئەوە کاراکتەری خوشکەسپیەکان یاخین، یاخی بونی ئەوان هەرچەندە سنوری هەیە، دیارە ئەمەیش بۆ خۆی بارگاویە بەو کەش‌و ئەتمۆسفێرەوەوە کە لەنێو شوێنێکی داخراوادان نەك کراوە. دیارە قوتبونەوەی ئەوان (خوشکەسپیەکان) بەو شێوەیە دروست کراون هەوڵ‌و تەقەلایان دیارو بەرچاوە بۆ کردنەوەی ئەو داخراویە. زمان‌و تەکنیکی نوێ بۆ خۆی داهێناو بانگەوازکردنێکی هونەریە کە ڕەنگە بڵێین زوتر نەکرابێت‌و نەهاتبێت، یان کاریگەری هەژاری پێوە دیاربێ، چیدی ئەگەر کەم‌و زۆر باك گراوندو کاریگەریەکەی لەکوێوەبێت‌و چۆن دەستی پێکردبێت، ئەوەی شایەستەی خوێندنەوەیە بۆ تێڕامان‌و سەرنج بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکە بەهەموو تینوێتیەکەوە داوای لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو هەڵسەنگاندن دەکات.

کاتێك بەو شێوەیە، هەر دەقێکی ئەدەبی دەخوێنینەوەو داوای شتێکمان لێدەکات بۆ گوتن، چیدی ئەوەی کە کارەکە تەواو ناکات خودی دەقەکە نییە، بەڵکو ئەو تێڕامانەیە کە دەبێت بەبێدەنگی نەمێنێتەوەو لەشوکدابێت بۆ قسەکردن، بێ‌گومان بەمەیش مەبەستمانە بڵێین شکاندنی تینوێتی حەسرەت وتێڕامان لەدەق کارێکی ئاسان نییەو بەلاّم ئەمەیە پرۆسێسەی ڕەخنەو دوایی بیرکردنەوە بەئەنجام دەگەیەنێت. ئەم قسەکردنە دەوڵەمەندکردنی ئەو کلتورو فەرهەنگ‌و ڕۆشنبیریەیە کە دوو کاراکتەری وەك خوشکەسپیەکان لەئاست فەمینزم‌و کۆمەڵگای کوردیدا بەزۆر دەمان خەنە قسەکردن.

قسەکردن لەسەرخوشکەسپیەکان تەنها کاراکتەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو خودی نوسەریش دەگرێتەوە لە جیهانێکدا کە وامان لێ دەکات قسە بکەین لە ئاست بۆچوونەکانی‌و بیرکردنەوەکانی کەم یان زۆر، ئەم قسە کردنەی نووسەریش دیارە پێشکەوتن‌و خەونبینین‌و

تەئەمولێکە بۆ کارەکتەرەکانی لە نێو ڕۆمانەکەوە بۆ ناو خودی کۆمەڵگا.

هەرچەندە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە شێوازی ڕۆمانەکە خۆی پێمان دەڵێت کە لە کەش‌وهەوایەکی پۆست مۆدێرندا داڕێژراوەو، پێکهاتەی کاراکتەرەکانیش لەسەر فەنتازیایەکی جیاواز دروست کراون. ئەمەیش ڕاکێشانی خوێنەری جدیە بۆ خوێندنەوەو ئاراستەی قوڵتر لەوەی خودی ڕۆمانەکە خوازیارە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ڕۆمانە تژیە بە بیرۆکەی فەلسەفی/ ئەدەبی، لە هەموو لایەنەکانەوە یارمەتی قوڵبوونەوەی خوێنەر دەدات بۆ جیهانبینیەکی دەوڵەمەندی هونەری‌و ئیستاتیکی لە هەستە پۆست مۆدێرنەکەیدا. بەڵگە بۆ ئەو ڕاستیە هەبوونی خوشکە سپیەکانە وەك دوو کچی (خوشکی) کوردی نێو کۆمەڵگای/ ڕۆمانی کوردی کە جولانەوەو کارەکتەریان هەڵگری جیاوازیەکی زەبەندەیە، بۆ نموونە ئەم خوشکانە هەمیشە (جلی سپی) دەپۆشن،،،،،، بەلاَم با لە خۆمان بپرسین ئایا لەبەرکردنی جلی سپی، یان ئە ڕەنگە وەك میتافۆرێك چۆن وەربگرین لە لایەن ڕۆماننوسەوە. چونکە ڕەنگی سپی‌و دواییش کچ لەبەری بکات، ئەوا کت‌و مت یەکێك بیرۆکەی(شوکردن-زەفاف)ی بیردەکەوێتەوە، بەلاَم بیرمان نەچێت، ئەم دوو خوشکە سپیە نایانەوێت هەرگیز شوو بکەن،،،،،، شونەکردنی ئەم کچانە خۆی مامەڵەکردنێکی ڕادیکالانەیە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیداو دوایش فەمینیزمی کوردی،،،، چونکە شوو نەکردن چەندین واتاو لێکدانەوەو شتمان دەخاتە بەردەم یەکێك لەوانە، بۆ نموونە، ئای قێزبوونەوەیە لە پیاو؟ نەخێر. لەگەڵ ئەو هەموو پەیوەندیە زۆر نزیك‌و ڕۆحیەی نێوان خوشکە سپیەکان لەگەڵ محەمەدی دڵشوشەو دواییش لەگەڵ سەریاس‌و موزەفەردا، تاوانێکی گەورەیە ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەینەوە دەرهەق بە خوشکە سپیەکان بەرامبەر بە ژێدەری پیاو. واتە ئایا چیە؟ پێمان وایە ئەوەی وا دەکات خوشکە سپیەکان جلی سپی بپۆشن‌و دواییش جەنگێکیان هەبێت بەرامبەر بە خودی قەیرانی شوکردن، تەنیا مامەڵە کردن‌و ڕووبەڕوبونەوەیەکی نوێ‌و جیاواز نیە لەبەردەم کارەکتەری کچدا یان فەمینیانە لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەڵکو لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر شتی تریشمان پێ دەڵێت. بۆ نموونە پێمان دەڵێت بە سروشتی کردنی جلی سپی، یان ڕەنگی سپی لە ئاستە ئایدۆلۆجیەکەیدا، بۆ کچ مەرج نیە جلکی سپی خۆش بوێت یان بپۆشێت تەنیا کاتێك کە تیایدا (شودەکات). ئەمە خاڵێکی گرینگە بە لامانەوە بۆ گوتن لە ئاست ئەوەی چۆن ڕۆماننوس مامەڵە

لەگەڵ کارەکتەری خوشکە سپیەکان دەکاتو چۆن دەسکاری شتە تەقلیدیەکان دەکەن. هەروەها شتی سپی پۆشین سروشتی خۆی هەیە لە نێو کولتوری ئێمەدا، بۆ نموونە سەرپۆش، ڕەنگە لەبەرکردنی سەرپۆشو لەچکی سپی کتو مت وەك(حیجاب) نەخوێندرێتەوە، بەلاّم ئەگەر شتێکی تریش هەبێت، ئەوا ڕەنگە هەر هەڵگری شتێکی پۆزەتیڤ نەبێت. بەهەر حاڵ، تەماشاکردنی ڕەنگی سپی بەو شێوە بۆ خۆی ئاوڕدانەوەیەکە لە هەڵوەشاندنەوەی، یان هیچ نەبێت دەستکاری کردنی هەموو ئەو پاشخانە کولتوریەی ناونراوە(شوکردن). هەر لەبەر خاتری بابەتەکە حەز دەکەین ئارگیومێنتێکی دیکە لێرەدا بخەینە ڕوو، ئەویش، هەموو قەیرانی(شوکردن) هەمیشە بەلای ژندا دەکەوێتەوە. هەر چەمکی(شوکردن)کە (ژن هێنان) دەگرێتەوە بەهەموو شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکاتو پیاو لە پاشایەتی خۆی لەنێو نۆرمەکەدا واز لێدەهێنێت. کە دەڵێن، شوکردن، واتە ژن هێنان دەگرێتەوە. کە دەڵێن ژن هێنان واتە شوکردن دەگرێتەوە. لێرەدا ئەوەی کە گەمە ناکات حاڵەتێکی کۆمەلاّیەتی فرە ڕەنگیە بۆ جێندەرەکان، وە ئەوەی گەمە دەکات زیاتر ئاماژەکردنو دەست ڕاکێشانە بۆ ژن نەك پیاو. چونکە سۆبژی ئەو قەیرانە ژن دەکاتە ئابژێکتی خۆی لەنێو نۆرمەکەدا، کە بە هەموو شێوەیەك بالاّترین پلەی پیاو سالاریە. بۆ نموونە ناوترێت شوکردنی پیاو، یان وەك ژن هێنان بوترێت پیاو بردنوپیاو هێنان. چونکە وەك وتمان ستراکتۆری ئەم نۆرمە بە هەموو شێوەیەك نایەوێت لاقەی پاشایەتی (پیاو) بکەوێتو وازی لێدەهێنیت وەك لێکچویی خۆی بمێنێتەوە. بەلاّم خوشکە سپیەکان دێنو دەستکاری ئەم قەزیەیە دەکەن، بە لامانەوە شایستەی ئاماژە بۆ کردنە کە خوشکە سپیەکان ئەگەر دەستکردی ڕۆماننوسێکی پیاون، بەلاّم بە جۆتە دەتوانن کاریگەری خۆیان بەسەر نۆرمە باوەکانە جێبهێڵن. مایەی ئاماژە بۆ کردنە کاتێك ئەم خوشکانە لە( خوشکانی ئێمە- ئەم تەعبیرە بە گشتی وەرگیراوە) ناچن، جگە لەوەی حەزیان لە خۆپۆشینی ڕەنگی سپیە، لە هەمان کاتیشدا نایانەوێت شوبکەن، لێرەدا ئەم خوشکانە بە هەموو شێوەیەك لە بیرکردنەوەی ئەنتی کۆنفلێکتی ئۆدیبی نووسەرەوەن، بە مانایەکی تر نووسەر لە ڕێگای ئەم خوشکانەوە دێت شتی دیکەمان پێ دەڵێت، کە ئارەزووی شوکردن نەکەن، بە تایبەتی لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردیدا، دیارە ئارەزووی سێکسیش ناکەن، یان بەو ڕادەیە نیە کە ئاماژەکردنێکی فرۆیدیانە دەری دەبڕیت بۆ قەیرانی مرۆڤ لە

ئاست سێکس کردندا. لەگەڵ ئەمەیشدا، خوشکە سپیەکان ڕاستە لە دەست کردنی ڕۆماننوسن کە بونەوەرێکی پیاوە، بەلاّم پێمان وایە کاریگەری بیریارەکانی پۆست مۆدێرنەمان بۆ کلێشا دەکاتو لە ئاست قەیرانی سێکسدا. ئاشکرایە کە لە نیتشەوە بۆ فۆکۆو بۆ دولۆزیش، وە دوایی بۆردیار، ئەو قەیرانە باس دەکەنو کۆی ئەم بیریارانە هێرشی خۆیان دەکەنە سەر فرۆیدیزم، وە دیارترینیان ژیل دولوزە. زۆر بە تایبەتی لە ڕاوەستانەوەیەکی دیاردا لە مێژووی فکرو فەلسەفەدا کۆتایی بەو ئیشکالە ئایدۆلۆجیە دەهێنێت کە بە نێوی(گرێی ئۆدێب) ناسراوە، دیاری دولوز لە ئاستێکی بەرزی تریشدا دیارە ئەویش کۆتایی پێهێنانە بە قەیرانی ئیفلاتۆنیزم. کە پێی وابوو ئیفلاتۆنیزم بە تایبەتی لەسەر دەستی خودی (سوکرات) ئەو هەموو ئیشکالە چارەسەر بوو. ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە سوکراتو سۆفیستەکان هەندە جیاوازیان نەبوو لە ئاخافتندا. بەهەر حاڵ کارەکتەری خوشکە سپیەکان لەگەڵ شوکردندا نین، مەبەست ئەوە نیە لەگەڵ هاوڕێیەتی(پیاواندا) نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە نێو ڕۆمانەکەدا هاوڕێکانی خوشکە سپیەکان بریتین لە (پیاوەکان)، وەك موحەمەدی دڵشوشە، سەریاس، موزەفەری سوبحدەم.

بەلاّم ئایا ئەمە بۆ خۆی شتێکی تریشمان پێ ناڵێت لە ڕاستیدا کە پێچەوانەی ئیفلاتۆنیزمە، بۆ نموونە هاوڕێیەتی لە لای ئەفلاتون لەگەڵ پیاواندایە نەك ژنان، کە ئەم هاوڕێیەتیەش لە پێناوی گفتوگۆدایە لە کتیتکی فەلسەفیدایە، وە دەشزانین ئیرۆسی(عەشقو خۆشەویستی) ڕاستەقینە لەلای ئەفلاتون تەنیا لە ڕۆحەوەیە بەرجەستە وەردەگرێت. وە ڕیشەی ئەم ئیرۆسە لەنێو حەزکردنو ئارەزووکردنە بۆ زانینو حیکمەت کە تەنیا پیاوان دەگرێتەوە لە نێو ئەم مەملەکەتەی ئەفلاتون عەقلو سەبەبی ناو لێدەنێت ژنی تیادا کراوەتە دەرەوە، هەرچەندە ئەفلاتون ژن بانگ دەکات بۆ خوێندنو هەروەها کردن بە پاسەوان بونیشی لە نێو شاردا، بەلاّم برێکی باش لە فەمینیستەکان ئاگاداری بیرکردنەوەی ئەفلاتونیانەن کە هۆکارەکەی تەنیا بە بەکارهێنانی لاشەی ژنەوە کە لاشەی پیاو لە پێناو کارکردنیداو جێبەجێکردنی شتەکاندا.
بەلاّم خوشکە سپیەکان نەك هەر پێمان دەڵێن فرۆیدیەت کۆتایی هاتووە، بەڵکو ئیفلاتونیزمیش دەخەنە ژێر گومانو جولاّندنەکەیانەوە، ئەمە وردبینیو زیرەکیەکی بە سەلیقانەیە کە ڕۆماننوس بە کارەکتەرە فەمینیەکانی ڕاسپاردووە. بەلاّم ئەگەر خوشکە سپیەکان بەو هەستەوە پانتایی شوێن داگیر

بکـــەن، واتـــە جولاَندنـــەوەیان وەك ئـــەنتی فرۆیدیـــەت‌و ئیفلاتونیـــەت، ئایـــا چـــۆن‌و لـــەچ ئاستێکدا تەماشایان بکەین لە بەراوردکردنیاندا بۆ کۆمەڵگای کـوردی لـە ئاسـتە فیکریەکەیـدا وەك فەمینیزم؟

دیارە، ئەگەر نوسـەر، وەك ئـەوەی لـە سـەرەوە ئاماژەمـــان بـــۆ کـــردووە، بـــۆ رەفزکردنـــەوەی فرۆیدیـــەت‌و ئەفلاتونیـــەت کارەکتـــەرەکانی لـــە هەوڵـــدابن، ئـــەوا ئـــەو کارەکتەرانـــە هـــەرگیز مارکسیست‌و بە جۆرێك لـە جۆرەکـان هـەڵگری داخراوێتی باوەڕو ئایدۆلۆجیایەکیش نین کە مرۆڤ کورت بکاتەوە بۆ هاوکێشـەو فۆرمولەیـەك کـە مرۆڤ زۆر لەوە بـە گـەورەتر دەبیـنین‌و دەزانـن. خوشـکە سـپیەکان وەك دوو کارەکتـەری دیـارو زەقی نێو ڕۆمانەکەو کە هـەرگیز مارکسیسـتی نین، بێگومان ئەگەر ئەنتی فرۆیدی بـن‌و ئـەنتی ئەفلاتونی تەماشایان بکەین، ئەوا هەرگیز نابنە مارکسیسـتی. وەك لەسـەرەوە وتومانـە، کـۆی نەخشەسازی ئەم ڕۆمانە وەك ڕۆمانێکی کـوردی پۆست مۆدێرن دەبینینەوە، چیدی ئەم دەربڕینەی مانای هەرچیەك بدات لێرە، ئەوەی ئێمە کارمان پێیـــەتی بـــۆ بـــەکارهێنان ئەوەیـــە کـــە لـــە چوارچێوەیەکی تەقلیدیەوە بـۆ (زمـان‌و شـێوەو تەکنیك) تەقلیدی نیەو ناشیەوێت بـەو شـێوەیە مامەڵە لەگـەڵ کارەکتـەرەکانی نـاو ڕۆمانەکـە بکات. لەبەر ئەمەیە گرنگە بۆ ئاماژەکردن کـە دوو خوشکە سپیەکە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچـوونی نووسـەرن بـەلاَم لـە ئاکـامی دوو کارەکتـەری فەمینیانـــەدا کـــە بـــە هـــەموو شـــێوەیەك باکگراونـدێکی پۆسـتمۆدێرنانەی هەیـەو، بـە هـەموو شـێوەیەکیش بـە ڕووی ئایـدۆلۆجیادا دەتەقنەوە. ئـەم دوو کارەکتـەرە زیـاتر لـە دوو کارەکتەری بنچینەیی فۆکـۆیی‌و دولـوزی دەچـن بـەلاَم لـە ڕۆمانـدا. چـونکە ئـەوەی مامەڵـەی لەگەڵدا دەکەن ئاکامێکی تەقلیدی‌و نۆرمـاتیڤ نیە، بەڵکو بـە پێچـەوانەوەیەو ئاکـامێکی زۆر جیاوازتری هەیە لەگەڵ ئـەوەی ئەگـەر بـەراورد بکرێن لەگەڵ کارەکتەری نێو کۆمەڵی کوردیدا.

وەك وتمان شـونەکردنی ئـەوان، وەك بیرۆکەیـەك هێنانیەتی لە لایەن نووسەرەوە بۆ نێـو ڕۆمـانی کوردی کە ئێمەیش لە ڕێگای ئەو بیرۆکەیەوە لە لایەکـەوە فرۆیدیـەت‌و لـە لایـەکی تریشـەوە ئەفلاتونیـەتی پـێ دەبیـنین لـە هێـرش کردنـە سەریاندا.

وەکـو وتمـان ئـەم ڕۆمانـە بانگمـان دەکـات لـە دەرگای فکرو فەلسەفە بدەین، و قسەیەك بکەین شایستەی کارکردن بێت بۆ لیبرالیزم، لە ڕاستیدا ئەمە قسە کردنە لەسەر فەلسـەفەی لیبرالیـزم‌و نەهیلیزم، قسە کردن لەسەر ئازادی بوون‌و هاتنە کایەی ئەو کارەکتەرگەلـەی خوشـکە سـپیەکان

دەبن بە ڕێنمایی کەریان‌و دەست خۆشکەریان لە ئایندەدا. قسەکردن لە کارەکتەرەکان، قسە کردنە لە بۆچوون‌و باوەڕەکانی نووسەر وەك ڕۆماننوسێك کە بەشێك لە داگیرکردنی ئەو پانتاییەی بیرکردنەوە مەشغولێەتی جیهانی خوشکە سپیەکانی گرتۆتەوە، کاریگەری ئەمەیش لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیدا نیە. فەمینی ڕۆماننوسە بانگەوازێکی بالاّو پڕ بە شایستەبوو، خوشکە سپیەکان لە نێو خودی کۆمەڵگای کوردیدا نەك هەر بە تەنیا لەنێو ڕۆمانەکەدا.
خوشکە سپیەکان جگە لەوەی هەڵگری تێڕامان‌و شیعریەتی تایبەتین وەکو ناوەکانیان هەڵگری ئەو جیهانبینیەن، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگی سپی بۆ خۆی ئاماژە کردنە بۆ بونێك لە وەرگرتن‌و قایل بوون‌و ئاشتی خوازانە، تەنانەت بونێکی ترانسێندتالانە-فریشتانە- خوشکە سپیەکان، بەلاّم نوقم‌و داخڵی شەوەکان، وێنەی بیرکردنەوەیان دابین دەکات بۆ خوێنەر. ڕەمزیەتی خوشکە سپیەکان بۆ لێکدانەوەی کولتوری کۆمەڵگەی تەقلیدی ئێمەی کورد، بۆ خۆی جەنگێکی گەورەیە بۆ ئاشتی، ئەمەیش باسکردنێکی دیکەیە لە کۆمەڵگای توندو تیژی‌و توندڕەوی. جەنگێکە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە زاڵەی کە هەرچیەك دەکات‌و بانگەوازی

هەرچیەك دەکات ناتوانێت لەو مۆڕاڵە تەقلیدیە خۆی قورتار بکات‌و بتوانێت ئەوی تری ژن وەك بونەوەرێکی ئازاد تەماشا بکات.
بەلاّم تەماشاکردنی بونەوەرێك بە ئازادی کە لێرەدا مەبەستمان لە بوونی ژنانە، بۆ خۆی ئیشکالیەتی مەزن دروست دەکات، کاتێك ئێمەی بونەوەری نێو ئەو کولتورە نەتوانین تەقەبولی جیاوازی بکەین لە هەستە لیبرالەکەدا. ئێمە پێمان وایە ڕەمزیەتی خوشکە سپیەکان لە شیعریەتی ناوەکەیانەوە تاکو ژیانیشیان لە نێو هەناوی ئەو کۆمەڵگایەدا، لیبرالیزم‌و دیموکراسیەتی ڕۆماننوس بەرجەستە دەکاتەوە لە ئاست غەمی قوڵی کارەکتەرەکانیدا کە دەیانەوێت بەو شێوەیە بژین کە دەیانەوێت.
خوشکە سپیەکان تەنیا ئاماژەیەکی سەتحی نیە بە جیهانی ئاین‌و نۆرمەکانی نێو کولتور، بەڵکو خوێندنەوەیەکە بۆ ئامادە بوون بەرامبەر ئەو سیستەمەی کە ڕێگا بە نەبوونی کارەکتەرگەلی وەك خوشکە سپیەکان دەکات‌و تەنانەت بەندیشیان دەکات.
لە ڕاستیدا دەمانەوێت بڵێین لە کاتێکدا خوشکە سپیەکان زۆر یان کەم لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا جێگاوڕێگایان نەبێت، ئەوا بۆ خۆی وێناکردنی ئەو کۆمەڵگایەیە نەك هەر بە تەقلیدی‌و پەتریارکی، بەڵکو بە کۆمەڵگایەکی نەخۆش‌و

ناتەندروسیش. لە لایەکەوە بۆ چڕترکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان لەسەر مرۆڤی ژن،و دوایی بە هەمان شێوە بۆ وێناکردنی ئەو ئەتمۆسفێرە لە نووسینی کوردیدا بە گشتیو ڕۆماندا بە تایبەتی(مەبەستمان لەم ڕۆمانەیە).

لێرەدا باسکردنی خوشکە سپیەکان بێ گومان بەدەر نییە لە باسکردنێکی توندو تۆڵو گرێدراو بە کەسایەتیەکانی تری نێو دواهەمین هەناری دونیاوە. بەڵام ڕەنگە ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت باسی لێوە بکەین، وەك چۆن لە پێشدا باسمان لە شەرمو نامۆیی مرۆڤی کورد کردووە لە بەرامبەر دیاردەیەکی وەك (تەلاّق)دان لە کتێبەکەدا، بە هەمان شێوە شکاندنی سنووری ئەو کۆیلایەتی شەرم کردنە بە یاخی بوون دەست پێ دەکات، هەرچەندە ئەو دیاردەیە بە مەجازیش لێکمان دابووەوە، واتە هەوڵدانی تەلاّقێك لە هەموو جۆرە ستمکاریەكو ئیستیبدادیەکیدا کە پیاو هەیەتیو دروستی دەکات بۆ سەر مرۆڤی ژن لە کۆمەڵگای داخراودا. واتە دەمانەوێت بڵێین لە ڕاستیدا خوشکە سپیەکان وەك دوو کچ تەنیا ئەوەمان پیشان نادەن کە بۆ نموونە کارەکتەرەکەیان لە جولاّندنو جۆرێك لە ئازادیدا کورت بکەینەوە بە تەنیا، بەڵکو فێری جیاوازیمان دەکەنو ئەمەیش وەرگرتنی بونو ژیانە وەك ئەوەی هەیەو ئەوەی لە نێویدایەو دەبێت لە ئیستاتیکادا بۆ ژیان لەزەت بەخشی ببەخشێت. خوشکە سپیەکان هانمان دەدات بتوانین تەلاقی تەقلیدیەت بدەین. دواجار وەك پیاوی نێو ئەو کۆمەڵگایە ئامادەیی ئەوەمان تیا بێت باس لە داخراوی هەمان کۆمەڵگا بکەینو هەرگیز چاوپۆشی لێنەکەین. و زۆر بە تایبەتی لە کاتێکا لە نێو شوێنەکانی ئەو کۆمەڵگایەکدا کارەکتەرگەلی وەك خوشکە سپیەکان بە دەگمەن بەدی دەکرێت. بوونی خوشکە سپیەکان تەنها هاندانێك نییە بۆ ژنان بەرامبەر ژنان لە ئاستی ئازایەتیو بوونی کۆی فەزیلەتەکاندا بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ تەواوی ئەو شتانەدا پابەند دەبن بە ژیانەوە وەك ژن، بەڵکو هاندەرو ڕێگاخۆشکەریشە بۆ پیاوان کە توندڕەوو گرژو تەقلیدیو فاشیست نەبن.

واتە ئەگەر ئەوە بکرێت بۆ خۆی تەلاّق دانێکە لە کولتوری ستەمکاری، کولتوری پیاو، کولتورێك تەنیا تاکو هەتا هەتایە پیاو بە خودا دەبینێت. کولتورێك بە تەلاقدانی هەموو لایەنو ئاسپێکتە ئایدۆلۆجیەکانی کۆتایی پێبهێنرێت، بۆ ئەوەی بتوانیت خۆی بکاتەوەو لەسەر پرۆژەیەکی کراوەو خۆی بەرەو کەشو هەوایەکی دیموکراسیو پلورالیستانە ئامادە بکات. ڕاستە کارێکی بەم شێوەیە هێندە ئاسان نیە، بەڵام باسکردنیشی هێندە گران نیە، وە بوونی کارەکتەری

خوشکەسپیەکان هانمان دەدەن چەند ئامادە بین بۆ خودی پرۆسەکە. واتە ئەو گۆڕینو دەرەنجامەی کە زەمینەیەکی وا دەیەوێت بەرامبەر کراوەییو مافی مرۆڤو دیموکراسی هەندە ئاسان نابێتو بگرە چەندین بەربەستو ڕێگای سەختو نالەباری دێتە پێش، بەلاّم بانگگردنو ناونەهێنانی بۆخۆی مانەوەی کولتوری قەتیس ماوو خەسیوە لە نێو خۆیدا،،،،،.

واتە بەبێ باسکردنو ئاماژە پێکردنمان بۆ ئەو جیهانبینیەی دەیەوێت هەموو ئاستەکانی ستەمکاری بخاتە ژێر ڕووناکیەوە باسمان لە هیوابینی خۆمان نەکردووە بۆ ئایندەو، باسمان لە هیوا بینیەك نەکردووە هەموو کەسەکان لە نێو سنوری مافی مرۆڤو یەکسانیدا بژیو هەڵسوکەوت بکەن. کۆمەڵگای کوردی وەك هەموو ئەو شتانەی لە نێو یادەوەری کۆکراوەیی جەماعی خۆیدا هەیەتی، لە نێوماندا خۆی هێشتۆتەوەو گەمەی خۆی دەکا بە ناشرینیو جوانیەکانیەوە، دەبێت ببنە جێگای خوێندنەوەو جێگای هەڵوەشاندنەوەو هەڵسەنگاندنو ڕەخنە گرتنیان، وەك مرۆڤی پیاو، هەروەها وەك مرۆڤی ژنیش. واتە ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بیڵێینو بە کەسایەتی خوشکە سپیەکانەوە ببەستینەوەو ئاشکرایە، بۆ نموونە گەورەبوونی ئێمە لە نێو خێزانداو هەبوونی خوشك لەو نێوەندەدا هەروەها زاڵبوونی وێنەی پیاو لە سروشتی خێزاندا بە ئاستێکی میکانیکیدا ڕووبەڕی هەموو پەیوەندیەکانی داگیرکردوە، ئەمەش سروشتی تەقلیدیەتی پیاو سالاریە کە سروشت بەو شێوەیە وێنە دەکاتو دەبینێتەوە. هەرچەندە ئێمە ئەمە دەڵێین، دیارە وتنێکی گشتیەو ناچێتە نێو زۆر لە تایبەتمەندیوخاسیەت گەلێکەوە، بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان خێزانێکی کراوەو داخراودا بکات. چونکە هیچ گومانێك لەوە نابینرێتەوە، کۆمەڵی کوردی هەڵگری جیاوازیەکانی خۆیەتی، بە ئەندازەی ئەم جیاوازیانەش خێزانێك لە خێزانێکی تر جیاوازەو، پیاوێك لە پیاوێکی تر جیاوازەو هەڵسوکەوتو ژیانی کەسێك لە هەڵسوکەوتو ژیانی کەسێکیتر جیاوازەو بەلاّم بێ گومان تژیشە لە لێکچوییو هەست کردن بە تێکڕایەتی جۆری ژیانیش تیایدا. واتە دەست ڕاکێشانە بۆ بونیادەکان لە نۆرمو عادەتو هەروەها دروستکردنی وێنەی ئەو سروشتەی کە ژنو پیاو وەکو دوو مرۆڤ بە نایەکسان دەبینرێنەوە. دەڵێین نایەکسان، دیارە مەبەستمان کولتوری یەکسانیە لە ئاستە زۆر مرۆڤانەکەیدا، نەك جیاوازی بایۆلۆژی شتەو شێوەیە. هەرچەندە ژنبونو پیاوبونیش کاریگەری خۆی هەیە لە ژێر فشارو کاریگەری هێزەکانی نێو کۆمەڵگادا.

بەلاّم ئەوەی زۆر جیاوازی پێوە دیار نابێت شوێنێکە بۆ مومارەسەکردنو ژیانی ژنان. ئەمە لێرەدا دەتوانێت ببێت بە سەنتەری باسکردنەکەمان لە ڕاستیدا. لەبەر ئەو هۆ زۆر سەرەکیەیە ئێمە دێین (خوشکە سپیەکان) وەك مۆدێلێك وەردەگرینو باسیان لێوە دەکەین، دیارە ئەمەیش یەکەم لە پێناوی هاندانی مرۆڤەکانە بە ژنو پیاوانەوە کە خوشکە سپیەکان وەك کارەکتەرێکی —مۆدێل- تەماشا بکەن بۆ گرنگی پێناسەکردنی شوێن، وەك جوگرافیا. و بە هەمان تۆنیش دەزانین ژیانی خوشکە سپیەکان ژیانێکە لە نێو ئەو چیرۆکەدا، واتە ئەو کەسایەتیانە لە نێو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا لەسەر خەیاڵو بیرکردنەوە دروست کراون-فەنتازیا-. بەلاّم تاکو ئەو ساتە وەختەی خەیاڵو بیرکرنەوەی مرۆڤ بتوانێت چیرۆكو ڕۆمان بنوسێت، دیارە تاکو ئەو ساتە وەختەیش کاریگەری ژیانی خۆی لەسەرەو شوێنەوارو ئەسەری خۆی لەسەر جێدێلێت، و گرنگی ڕۆمانەکە لەوەدایە کە واقیع نمایش ناکات وەکو خۆی، بەڵکو شتێکی ترە.

چیدی ئەم وتنەمان تەنیا لەوەدا ناگیرسێتەوە، بمانەوێت تەنیا هەڵگری وتارێکی ریالیزم ببینەوە، واتە وەك ئەو بیرکردنەوەو میکانیزمە تەقلیدیەی نایەوێت لە سنووری خودی ریالیزم بچینە دەرەوە، تەنیا لە نێو ئەو شتانەدا نقومان بکات کە هەنو دەیزانینو ڕەنگدانەوەی لەسەرمان هەیە،، بەلاّم بێگومان وەکو وتمان تاکو خەیاڵو بیرکردنەوە بتوانن کەسایەتی وەك (خوشکە سپیەکان) دابهێننو دروست بکەن، ئایا ئەمە بۆ خۆی باسکردنێکی زۆر گەورەیش لەو ڕیالیستیە نیە کە لە نێو واقیعی کوردیدا کەسایەتی بەو شێوەیەی تیادا نەبێت وەك ئەوان، نەتوانن وەك کەسایەتی ئازاد لە نێو شوێندا مومارەسەی خودی ژیان بکەن لەو لایەنە گرنگەوە کە شوێن تەنیا بۆ سیاسەتی پیاو بەکاردەهێنرێتو قۆرخ کراوە. لە ڕاستیدا بە هاتنی خوشکە سپیەکان ئەو جیهانبینیەی پیاو دەخرێتە ژێر گومانو پرسیارەوە، شتەکان دەگۆڕێن، شتەکان داوای ڕامانو بیرکردنەوە دەکەن. بێگومان کاتێك ئەوەمان زانی خەیاڵو بیرکردنەوە بۆ ژیان بەرهەم دێت لە پێناوی خودی ژیاندا، چیدی زۆر گرنگە بتوانین ئاستەکانی کاتو سەردەمی خەیاڵو بیرکردنەوەکانیش دیاری بکەین وەك زەمەن، وەك ئاوڕدانەوەو بیرەوەریو ڕووداوەکانو ئاستی ئەو شتانەی ڕوویانداوەو کارەکتەرەکان هەراسان دەکەن. چونکە ئەو خەیاڵو بیرکردنەوەیەی لە پشت (بەختیار عەلی)ەوە ئامادەیە، بۆ خۆی ئامادەییەکی فیکریو فەلسەفیانەیە بۆ هێنانە

کایەی خوشکە سپیەکان وەك دوو کارەکتەری یاخی بوو، وەك لە سەرەوە وتومانە، باسکردنە لەسەر کایەکانی وەك بیرکرنەوەو کایەی ئازادیو لیبرالیزمو زۆر شتی تریش، لە هەمان کاتیشدا جیاوازی. واتە لێرەدا ئەگەر خوشکە سپیەکان لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا نەبن هیچ جارێك مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بە هیچ جۆرێك بونیان نیە لە ڕاستیدا،،،، یان نابێت خەیاڵیان لێبکرێتەوەو دروست بکرێن،،، بەڵکو بە پێچەوانەوە... بونی خوشکە سپیەکان لە ئاستە لیبرالیەکیدا لە نێو هەناوی هەموو کچێکدا وەك مرۆڤ، بەڵکە لە خوشکە سپیەکان زیاتریش... ئەگەر ئەم قسەیەمان تۆزێك زیادەڕۆییو سەیر نەبێت.

چونکە ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا بڵێین ئەوەیە کە ژنان کەمو زۆر جگە لەوەی دەیانەوێت خودی ژیانی خۆیان بگۆڕنو لە کێشەو شتەکان بە دەنگ بێنو بوونیان هەبێت، بە هەمان شێوەش دەیانەوێت کاریگەریان هەبێت لەسەر واقیعێك کە بریتیە لە واقیعێکی پیاوانەی خایس. دەیانەوێت کاریگەریان هەبێت لەسەر گۆڕینی کەسایەتی پیاویش ئەویش کاریگەریبوونە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانیش. ئەمەی لێرەدا جیاوازیەکە دروست دەکاتو شوناسێکی ڕادیکاڵ هەڵدەگرێتو لە خۆی ناکات.

بەڵام دواجار بیرمان نەچێت هەندێکجار، یان هەموو جارێك کاتێك واقیعێکی ڕادیکاڵمان هەبێت، کەمو زۆر دەبێت هەڵوێستێکی ڕادیکالانەی بەرامبەر وەربگرین بۆ ئەوەی گومانو پرسیارەکان بە ئاشکراو زەقتر خۆیان ئاراستەی ئەو شوێنە بکەن. چیدی ئەو هەڵوێست وەرگرتنە بە ئاقارێکدا ناڕواتو بە شێوازێکیش پێشکەش ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵە هەڵوێستو یاخی بوونێکە لە نێو جەنگو شۆرشی جیاوازدا. لە ڕاستیدا ئێمە لێرەدا چەند ئەو خوشکە سپیانە دەشوبهێنین بە بەراوردکردنی واقیعێکی سستو لاوازو نەخۆش کەپێویستی بە فەحس کردنێکی تێکڕاییو سەرتاپای هەیە بە هەمان شێوەش بانگمان دەکات بۆ دامەزراندنی دەزگای سەربەخۆو دیموکراتیەکان، بانگمان دەکات بۆ لای کتێبو نوسراوو وتارەکان دەربارەی زوعفی کۆمەڵگایەکی بەو شێوەیە کە تاکو ئێستاکەش خێزانی کوردی لە نێو هاوکێشەکانی ڕەگەزپەرستیو فاشیزمی پراکتیکدا نقوم بووە، ئەو پراکتیکیە بە هەموو شێوازێك پێچەوانەی مەتریاڵە (واتە پێچەوانەی جیهانبینی دایکە). ئەمە لێرەدا بانگمان دەکات بۆ فاسیلەیەکی زۆر جدیو ڕەخنەگرانە لەسەر ئاستێکی گشتی، چیدی ئەو ئاستە بێ گومان هەموو کێڵگەکانی هونەریو ئەکادیمیو کارکردنەکانیش

دەگرێتەوە.واتە کێڵگەکانی وەك کۆمەڵناسیو زانستی سیاسیو زانستی دەروونناسیو زانستی ئەنترۆپۆلۆجی....تاد. بانگ کردنی خوشکە سپیەکان بۆ نێو ئەو هەموو فێڵدانەی مرۆڤایەتی ناسین بۆخۆی بانگێکی زۆر ڕەخنەگرانەیە بۆ ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی، چونکە بەلای ئێمەوە دوو کارەکتەرن دەیانەوێت گوێ نەدەنە ئەو نۆرمو هەڵوێستانەی کە بونێکی ستەمکارانەیان هەیە لە هەمان کاتیشدا بەرهەمی ستەمکاری زیاد دەکەن. دیارە لەبەر ئەم هۆیە زۆر سەرەکیە بە جۆرێك لە جۆرەکان نیتشەییو فۆکۆیی ناومان هێناون چونکە دواجار لە کاتێکدا ئێمەو ئەو دوو خوشکە سپیە وەکو دوو کارەکتەری گرنگی سەربەخۆو وریاو فەمینیستو زیرەكو ئارتیستیك، تەنانەت –ئێکشێنتریك- لە بەراوردکرنیاندا بە کۆمەڵگەی کوردی وەربگرین، گومانی تێدا نیە کە تەواوی ڕۆمانەکەش بە هەمان ئاقاردا دەبێت بیخوێنینەوەو بە پێچەوانە کردنەوەو خۆمان (پیاو) کە لەسەر قەمعو ستەمکاریو بێ عەقڵیو پیاوانخوازی نەبێت. واتە لێرەدا تەماشاکردنی کارەکتەرگەلێکی وەك خوشکە سپیەکان، تەنیا لایەنێکی هەموو شتەکمان نیە، بەڵکو لایەنێکی گرنگی تری شتەکانە. واتە جێندەری بەرامبەری خودی خوشکە سپیەکان.

تاکو کاتێك خوشکە سپیەکان (لەچاو بە وێناکردنی کۆمەڵگای کوردیدا) ڕادیکالانە هەڵسوکەوت دەکەنو دەجولێنەوەو دەژین، تاکو ئەو کاتەی دەبێت زۆر بە وردیو ڕادیکالیەتی واقیعی کوردی ببینینو تەماشا بکەین کە واقیعێکی ڕووتی پەتریارکیو پیاوانە خوازیە. چونکە قەست مەبەستی ڕۆماننوس کە بە کارەکتەرەکانیەوە، واقیعی کوردی لە ئاستە خاوو لاوازو ستەمکارەکەیدا وێنا بکات.

لێرەدا ئەوەی لە ڕۆمانەوە فێردەبین لە ڕاستیدا زۆر شتی گەلێك گرنگ بۆ ئاماژە پێدانو قولبوونەوە. ڕادیکالی بوونی خوشکە سپیەکان بۆ کۆمەڵگای کوردی، وێنەی پێچەوانەی ئەو ڕادیکالیزمەیە کە کۆمەڵگای تیادا داخراوەو تیایدا نۆرمەکانو بونێکی تەقلیدیو ناشایستەی بە ژیانی تەواوی مرۆڤەکان لە کایەدایە. بۆ نموونە بێجگە لەوەی خودی ڕۆمانەکە بە هەناسەو بە ستایلو بە زمانێکی جیاواز نووسراوە، لە هەمان کاتیشدا هەمان ئەو واقیعەی مرۆڤی کوردی تێدا ژیاوەو تیادا دەژی بەرجەستەکراوانە ترو لە هونەرێکی سەرکەوتوودا. بەرجەستەکردنەوەی ژنو پیاو لە نێو خێزانی ئوسولیانە-ئاینیانە-دا-خوداییانەدا- مۆنۆسیزم-دا لێکچوودا، بەرجەستەکردنی پیاوی کوردیە کە دەبێت بەخۆدا

بچێتەوە لـە ئەیـەوە تـاکو زێـت، لـە ئەوەلـەوە تاوەکو ئاخیر. بەرجەستەکردنی فەرهەنگو نۆرمو بیرەوەری کۆکراوەی هەست نەستەکانمانە لـە نێـو کۆنتێکستێکی کوردانەدا بـەلاّم لـەناو خـەیاڵو ئسلوبێکی دیاردەناسی درێژدا(من وای دەبینم). ڕۆمانەکە بێ گومان بانگکردنی زۆر شـتمان لێ دەکات، بەلاّم ئەوەی لێرەدا ئێمـە بـە پێویسـتی دەزانین بـۆ کـاتی ئێسـتاکەمان ئاماژە کردنـە بە(خوشکە سپیەکان)، ئەگەر لە ئاینـدە بۆمـان بکرێـت بـەو ڕۆمانـەدا دەچینەوە، چـونکە لـە ڕۆمانێکی وەها هیچ گومانێکمـان نیـە کـە بـە شـێوەیەکی زۆر حەماسـانە داوای خوێندنـەوەو ئەنـەلایزکردنو رەخنــە دەکـات. ئــەو جــۆرە تێکسـتانە کەلـە حەماسـەتیان کـەم دەبێتـەوە ئەگەر بە جدی تەماشایان نەکـەینو بـە جـدیش نـەیان خوێنینـەوە، بـێ گومـان حەماسـیەتی تێکست لێرەدا مەبەستمان شکاندنی جۆرێکە لە تینوێتی قوڵ بەرامبەر سحری ئەو دەقـە خـۆی. ڕۆمانێکی وا لە دەرگـای شـیعر دەدات تـاوەکو دەرگاکـانی فەلسـەفەو فکـر، ڕۆمـانێکی لـە دەرگاکانی ڕەخنەی ئەدەبیو شیکاری دەدات کە بـە شـێوەو ئاسـتێکی گشـتیدا(سیاسـی، کۆمەلاّیەتی، فیکری، دەروونی،...تاد) باس لـە مرۆڤی کورد وەکو تاکـە کـەسو وەکـو کۆمـەڵ بکـات ڕۆمـانێکی وا داوا لـە وزەو تێڕامـانو تەئەمولەکان دەکات بۆ مرۆڤی کـوردی لـە نێـو ئەزموونەکانیـدا، لێـرەدا داوامـان لێدەکـەنو باسیان بکەین ئاماژەیان پێ بدەین، ئەمەیش بۆ خۆیان وەکو سەرچاوەو فەهرەسـتێك لەبـەردەممان دان بۆ باس کردن لە خودی مرۆڤی کـورد وەکـو تاکە کەس هـەروەها وەکـو کۆمـەڵ پڕبایەخـە. بەلاّم لێرەدا ئایا بـەو شـێوەیە بێـت کـە باسـی ڕۆمان دەکەین، بۆ خۆی بانگکردنێکی وا نیە بۆ باسکردن لە کورد بوون هەڵو مەرجێکە مرۆڤـی کوردی تیادا ژیاوەو دەژیێ، زۆربەی تایبەتی لـە وەق کردنـــــەوەی کـــــاتو ســـــەردەمی دوای(ڕاپەڕینەوە).

بێ گومان وایە، هەرچەندە کورد بوون وەکو مرۆڤ بـوون لـە نێـو ڕەگـەزە بـە خاسیەتکراوەکانیدا ببینرێتـەوە، بـەلاّم هـیچ کـاتێکیش نایـەوێتو ناکرێت لە پـرۆژە جیهانیەکـەی دابـبڕین، وەکـو مـــرۆڤ لـــە نێـــو گەردوونـــدا لـــە هەســـتە فەلسەفیەکەیدا. لەبـەر ئـەم هۆیـە گرنگانەیـە ڕۆمانەکـە بـە گشـتی مامەڵـەکردنێکی وردو درشتیشە لەگـەڵ چـەمك گـەلێکی وەك(ژیـان-مردن-نامۆبوون-جەنگ-براکوژی-گەردوون-ئەم دونیا-ئـەو دونیـا-خـودا-بەهەشـت-جێنـدەر-تۆتالیتـــاریزم-ئارتیســـتێك-یـــاخی بـــوون-خودگەرایی-ناخودگـەرایی-مرۆڤایـەتی-بـاوك-دایك-خودا-شوێن-چیا-لم-...تـاد، شـوناس-

پلوراليم-مەلتيپلیسیتی-...تاد) واتە ڕۆمانەکە لە ئەزموونێکی کوردیانەدا نووسراوە، بەلاّم هیچ جارێك نەیویستووەو نایەوێت لە نێو هەناسەکانی تەقلیدیـــەتو ســـتایلێکی تەقلیدیـــدا خـــۆی بنوسێتەوە. بە هیچ جۆرێك لە پەناگەی کـەمپی تەقلیدیەتـدا کارەکتـــەرەکان دروسـت ناکـات، چونکە لە ڕاستیدا دەیەوێت پێمان بڵێـت، کـاتێ بتوانم کارەکتەرگەلێك وەکو خوشکە سـپیەکانو سەریاسـەکانو موزەفـەری سـوبحەمو محەمـەدی دلشوشـە،دروسـت بکـەم، چـیدی بـە هـەموو شـێوەیەك تـاکو قـولاّیی قێـز لـە کارەکتـەری تەقلیدی نەکەمەوە. واتە بۆ ئەوەی کوردی بێـت مـــەرج نیـــە تـــەنیا وێنەیـــەکی کـــۆپیکراوی شتەزانراوەکانو بینراوەکـان نـەقل بکاتـەوە لـە تەقلیدیەتی کوردی خۆیـدا بـە پێچـەوانەوە بـۆ ئەوەی ببێتە ڕۆمانێکی کوردی، دەبێت تەجاوزی هـــەموو تەقلیدیـــەتو کۆنـــەپارێزی بیرۆکـــە سواوەکان بکا، ئەگەر بتوانیـت. بـەم مانایـەش بێـت واتـە هـیچ جارێـك دابـڕاو نابێـت لـە ئـەزموونێکی بـەرفراوانتر لـە چوارچـێوەیەکی کوردیانەدا، بەلاّم هەڵسان بـەم کـارە لـە پێنـاو دەوڵەمەندکردنی ڕۆمانی کوردیدا نـەك شـتێکی تر. واتە تەجاوزکردنی سنوورەکانی تەقلیدیـەت، لە پێناوی ناکوردی بـوونی کارەکتـەرەکان نیـە، بەڵکو لە هەستە لیبراڵەکانـدا دەیـەوێتو هـانی

مرۆڤی کورد دەدات، کارەکتەرکانی نێو جیهانو واقیعی کوردی بەو شێوەیە دروست دەبنو بتوانن لە ژێر دەسـەلاّتو سـتەمکاریو نـۆرمو ئـاینو حیزبو تەنانـەت دەوڵەمەندیشـدا بەنـد نـەبن، بونیان بۆگەن ناکات دواهـەمین هـەناری دونیـا، پەلکێش کردنی خوێنەری کوردە بەرەو جیاوازی. بێگومـــان کارەکتـــەری خوشـــکە ســـپیەکان ڕووبەڕووبونەوەیەك بە تەنیا لەگەڵ نۆرمەکاندا یا کولتورێکی باودا: کە لـە کولتـورێکی دانـراوی ئاوا ژنان تەقلیدیەت باڵی بەسەردا کێشاوە، لـە هـەمان کاتیشـدا ڕووبەڕووبونەوەیـە لەگـەڵ زۆر شتی تردا.

بەڵکو پێشبینیەکیشـە لەگـەڵ ئـەوەی پێشـمان دەڵێـت ئایـا ئـەوەی ئەتمۆسـفیرە کوردیـەی کـە هونەریەتی مرۆڤی تیادا کەم بێت، بۆ خـۆی بـە شێوەیەکی درك پێکراو نەخۆشو خەساو نیە؟

نـەبوونی کارەکتـەری وەکـو خوشـکە سـپیەکان ڕاستی ئەو حەقیقەتەن بـۆ کۆمـەڵگای کـوردی، حەقیقەتێکی نەك هەر ئەدەبی لە ئاست هێنـانی دوو کارەکتەرەوە بەڵکو حەقیقەتێکی ناو خـودی کۆمەڵگاکـە خـۆی، کـە بـە هـەموو شـێوەیەك پێویستیان بەو جۆرە کارەکتەرانە هەیە، دواجـار ئامـانجی نووسـەر بـۆ ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە مەبەسـتیەتی، ئـەو ئامانجەییـە کـە دەیـەوێت کۆمـــەڵگا لـــە ئاســـت لیبرالیزمەکەیـــەوە

دیسێکسواڵ(بە ناسێکس کردن) بکات،،،، بەڵام ئێمە لێرەدا نایهێنینو نامانەوێت بچینە ناو بابەتی فەمینیزمەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە فەمینیزمێك کە ڕۆمانەکەی خۆی پێشکەش دەکاتو هەروەها ئەو بەو ڕیتمەی خۆی ڕێنماییمان دەکات بۆ خوێندنەوەمان بۆ کۆمەڵگای کوردی، هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە کۆمەڵگای کوردی لە ئاستی زەقو ئیستاتیکیدا بۆ شتەکان لاوازە، گۆرانی وتنی خوشکە سپیەکان بەرزترین ئاستی پێناساندنی کارەکتەری هونەریە وەکو مرۆڤو ئەو چواردەورەی تیادا دەژی. ڕەنگە ئەوە دیسێکسواڵ کردنە ئامانجی خەیاڵی نوسەر بێت لە ئاستە فراوانەکەیدا. بە واتایەکی تریش فەمینیزمەکان نووسەر کاری تیادا دەکات، لەهەمان کاتیشدا بەشێکە لە پرۆژە جیهانبینیەکەی کە بۆ کۆمەڵگای کوردیو ئەو چواردەورەی تیادا کاری بۆ دەکاتو بۆ دەنوسێت لە فۆرمێکی گشتیدا، کە ڕەنگە ئەو ئەتمۆسفێرە لیبراڵە بێت لە هەستە زۆر قوڵەکەیدا بۆ کۆمەڵگای کوردی، بەبێ ئەو پرۆژەیە کۆمەڵگای کوردی هەمیشە لە چەقی سیاسەتی پەتریارکی سێکسواڵێتیدا دەمێنێتەوەو ئیستاتیکای خۆی ون دەکات.

دواهەمین هەناری دونیا نەك هەر باسکردنو پیشاندانی وێنەیەکی کۆمەڵگای کوردیە لە نێو چوارچێوەیەکی هونەریو شیعریانەدا، بە فانتازیایەکی زۆر جیاوازەوە لە ژانرێکی ئەدەبیدا، لە هەمان کاتدا هانمان دەدات بۆ خوێندنەوەی خۆمانو تەنانەت گۆڕانی خۆشمان لە چەندین بواری جیاوازی فیکریو فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو بونگەراییشەوە، مامەڵە کردن لەگەڵ بواری ئیتیكو تەنانەت جۆرە هەڵسو کەوتو سایکۆلۆجیشمان. ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێت ئاماژەی بۆ بکەین،،، چونکە گەمەیەك بە هەموو شێوازێك جیاوازە لە دەرەوەی نێو ڕۆمانەکەدا، واتە نێو خودی ئەو کۆمەڵگایەی بتوانێت کارەکتەری وەکو خوشکە سپیەکان دروست بکات یان تیادابێت بە گشتی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئێمە پۆزەتیڤیەتی کارەکتەر یان بەهێزی کارەکتەری خوشکە سپیەکان تەوزیف نەکەین لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کارەکتەرانە جارێك لە دایك نەبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا؟ بەڵکو بە پێچەوانەوە، شەیدابوونی خوشکە سپیەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا شەیدابوونێکی تەواو تەواو واقیعیە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی، شەیدابوونێکە کە دەیانەوێت لە ڕۆمانەکە بێنە دەرەوەو خۆیانمان پێ بناسێنن،،،

تاوەکو چەند خوشکە سپیەکان دەیانەوێت وەکو کچ-ژن- هەڵس‌وکەوت بکەن‌و بژین لە هەستە زۆر لیبرالەکەیدا، بە هەمان شێوە ئەو هیوا بینیەی خوشکە سپیەکان وا دەکات لە نێو خودی کۆمەڵگادا بتوانن هەبن‌و بژین، ئەم کێشەیە هەندێك جار بەلای ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەی تەقلیدیەو تەحەمول ناکرێت، ناتوانن خەیاڵی ئەو جۆرە کارەکتەرانە بکەنو چیدی تووشی ڕەشبینیەکی زۆر نیگەتڤ دێن‌و تەنانەت تەواوی ڕۆمانێکی وەك دواهەمین هەناری دونیا بە ڕۆمانی کوردیش ناخوێننەوەو، لە یەکەم لاپەڕەوە کتێبەکە دادەخەن‌و بێزار دەبن. سەرەنجامی نەخوێندنەوەو کارنەکردنەش تیایدا هێرش دەکەنە سەری‌و بە ئەدەبی ناخۆماڵی پێناسەی دەکەن‌و ناو ناتۆرەی تریشی بۆ دەدۆزنەوە، کە بەڕاستی بۆ لای ئێمە بۆ خۆپیشاندانی هەژاری ئەو ڕۆشنبیریەیە بە گشتی. نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت لەبەر ئەوەی لە نێو دونیادا کەسەکان چیدی بە (ژن‌و پیاوەوە یان کوڕوکچەوە) هەن، چیدی شایستەی ئەوەن بەو شێوەیە بژین کە دەخوازن‌و دەیانەوێت، وە بەشێکی گرنگی جەوهەریش لە کارەکتەرەکاندا( بە تایبەتی خوشکە سپیەکان) کارەکتەری یاخی‌و شۆڕشگێڕانەن‌و لیبرالیانەن تاوەکو قولایی خۆی لە بەراوردکردندا بە کەسایەتی کوردی ژنەوە لە نێو کۆمەڵگای خۆیدا. پێشمان دەڵێت کارەکتەرێکی جیاوازیشم ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ژنی نێو کۆمەڵگای کوردی‌دا بە شێوەیەکی گشتی، ئەم جیاوازیە دەبێتە شتێکی زۆر جەوهەری بۆ ئەو رەفزکردنەوەیەی کە بۆ کۆمەڵگاو سیستەمی پەتریارکی ناسراوەو، کۆمەڵگایەکی پیاو سالارو تەقلیدیە.

چونکە ئەوەی نووسەر پێی گەیشتووە بۆ دروستکردنی کارەکتەرە ژنەکانی- فەمینیەکانی- جەنگێکی گەورەیە لەگەڵ نۆرمەکان‌و عاداتو یاساو ڕێساکانی نێو کۆمەڵگا ڕێگا بەبوونی خوشکە سپیەکانی نێو کۆمەڵگایەك نادات بەو شێوەیە هەڵس‌وکەوت بکەن، واتە تاوەکو ئەم چرکە ساتە خوشکە سپیەکان لە نێو ماڵی ئەو دەقە نەهاتوونەتە دەرەوە، ئەگەر بتوانین وا بڵێین. بە مانایەکی تریش، خوشکە سپیەکان نە هەر یاخین‌و دەیانەوێت جیهانبینیەکی نوێمان پێ نیشان بدەن، لە هەمان کاتش هەندێك قەزایەی فکری‌و فەلسەفی لە پشت ئەو کارەکتەرانەوە ئامادەیە، لە ڕاستیدا شایستەی ئاماژە پێدان‌و لێکدانەوەن. بۆ نموونە خوشکە سپیەکان (بیر لە شووکردن ناکەنەوە) جارێکی تر ئەمە دووبارە بکەنینەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕۆماننوس وێنای

کارەکتەرەکانی خۆی بە شێوازێکی ئیکسێنتریک-کردووەو، وا دێنە پێش چاو(واتە تۆزێك سەیرو غەریب- بەلاَم ئەم لێکدانەوەیە لە ئاستە هونەریەکەیدایە کە لێکدانەوەیەکی هونەریانەی پۆزەتیڤە نەك بە پێچەوانەوە کەسایەتی نائاسایی) ئەو دیاردەیە بۆ پیاوی کورد وێنا بکاتو پێشکەشی بکات، بۆ خۆی بە هێماکردنی جۆرێکە لە لیبرالیزم کە لە نێوەندی کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نیە، وجیگای حەپەسانو واق وڕمانە کە ئەمەیش بە هەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەو نائاساییەی کە ئەوان هەیانە وەك کەسایەتی. کاتێك ئەو ئەتمۆسفیرە بوونی نابێت واتە خەیاڵ کردن بۆی حەتمیە نەك موستەحیل. ئەمەیە وا دەکات پەنجە بخەینە سەر ئەو کارەکتەرانەو باسیان لێوە بکەین،،، بەلاَم لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی وا بوونی نیە، چیدی ئەوەیش ناگەیەنێت ئێمە نەیەیەن باسی لێوە نەکەین، یان بۆمان نەبێت خەیاڵێکی هونەریو فەنتازیایەك لە چیرۆكو ڕۆماندا بەکار نەهێنین لەو پێناوەدا، کە ڕەنگدانەوەو دەرەنجامی ئەو کارلێکە بێت کە دواجار دژایەتی لە نێو کۆمەڵگادا دروست دەکات بەرامبەر دەقەکە. ڕەنگە خوێنەری ئاساییو تەقلیدی ئەو نائاساییەی خوشکە سپیەکانی بە دڵ نەبێت ئەگەرچی بەرگریشی لێبکات. چونکە ڕازی بوون بەو نائاسایی بوونە مامەڵەکردنێکی وردو درشتە لەگەڵ دیسێکسوالێزەیشنیشدا، ئەمەیش بە هەموو مانایەك قسەکردنە لەسەر کردنەوەی پانتایی شوێن نەك کات، یان کارکردنە لەسەر جوگرافیای مرۆڤەکان نەك مێژوو، کارکردنە لەسەر لاشە نەك ڕۆحو جەوهەر کارکردنە لە نێو ئێستادا نەك ڕابردوو، کارکردنە لە نێو ژیاندا نەك یۆتۆپیاو ئایدۆلۆجیا، کارکردنە بەرەو دیموکراسیو سیکیولار بوونی سیستەم نەك خەساندنی لەنێو عەقیدەو دۆگماکانی ئاینو ترادیشینالێزمو کۆنە پارێزی.

ئەمە بۆ خۆی ئاماژە کردنە بە شوێنی ئیندیڤیدوالێش لە کۆمەڵگادا، کە دەبێت بتوانێت بەو شێوەیە بژیت کە دەیەوێتو خۆی ئارەزووی دەکات، و لە ژێر فشاری هێزە کۆنەپارێزو تەقلیدیەکاندا نەرزێن. ئەو(شو)نەکردنە، دیارە پابەندە بە هەموو ئەو بونیادانەی وا لە ژنی کورد دەکەن کە وەك پیاوێك سەربەستو سەرکەش نەبن کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو پەیوەندیانەی سیستەمی باوك-پیاو-سالاری هێناونی لەگەڵ خۆیداو هەموو جولاَنەوەیەکی پەتریارکی نۆرمالی کردووە. ئەمەیش بۆ خۆی بەگژاچوونەوەی نۆرمو کولتورو ئاینو هەموو ئەو پاشخانە تەقلیدیەیە کە ژن نەتوانێت وەك پیاوێك ئازاد بێتو تیادیدا

بژیت. ئەم (شو)نەکردنە شتێکی تریشمان پێ دەڵێت، بۆ نموونە یەکێك گەر بتوانێت شو نەکاتو بڕیارێکی ئاوا بەهێزبێت(کەسایەتی بەهێز)، ڕەنگە بشتوانێت بە لایەوە ئاسایی بێت، ئەگەر شووی کردبێت، بەلاّم بە ئاساییو سەربەخۆییانە تەلاّق بدات. تەلاق دان وەك کۆدێکی سیکیولار مەبەستمانە کە دەتوانێت ڕویەکی تری (پێکەوە بوون)مان پێبناسێنێتو لە ئاستێکی پۆزەتیڤەوە بڕوانێتە شتەکان. پێمان وایە ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕانەیە لە ئاست تێکشکاندنی کۆمەڵگای داخراوو تەقلیدیەوە، دواجار ئەگەر پێکەوەیی بوونو هارمۆنیا ئەو یەکبوونە جەستەییە ئاینیە نەگرێتەوە، ئەوا بە هەموو شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ تەلاّقدا دەکات لە ئاستە پۆزەتیڤو ئاساییەکەیدا. لە کۆمەڵگای کوردیدا شەرم کردن لە کۆدە یاساییەکان بە زەقی دیارو سەپێنراوە. ئەمەیش وای لێدەکات نەتوانێت لە دوکەڵی کۆدەکانی ئاینو نۆرمە کۆنەپارێزەکان قورتاری بێت. گومانمان لەوە نیە کە خوشکە سپیەکان بە کۆشێك ڕەخنەوە لە ڕۆمانەکەدا دێن بۆ کردنەوەی دەرگا بەسەر شوێنداو کۆمەککردنی کەسایەتی کوردی نەك هەر ژن بەڵکو پیاوانیش.

بۆ نموونە ژن نەتوانێت شوو بکاتو نەتوانێت تەلاّقیش بدات، لە کاتێکا ئەو کردارانە بۆ پیاو ئاسانترین کردارن بۆ جێبەجێکردن لە کۆمەڵگای داخراوو کراوەیشدا، بەڵکو خاسیەتێکی ئاساییان وەرگرتوە بۆ بونەوەری پیاو لە نێو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی دونیادا. مەبەستمانە بڵێین دیاردەیەکی بەو شێوەیە کە بەختیار عەلی داویەتی بە کارەکتەرکانی خوشکە سپیەکان، تەنیا لە ئاستێکی ناوەکیدا-جەوهەریدا- بەرجەستە نابێتەوە، بەڵکو دەشتوانێ لایەنێکی تری ئەم دیاردەیە بە ئامانجێکی کۆمەلاّیەتیەوە گرێ بدەینەوە، وەکو وتمان ئەگەر خوشکە سپیەکان بتوانن شونەکەن ئایا(ژن بۆ نەتوانێت تەلاّقیش بدات) بە مانایەکی تریش شونەکردنی خوشکە سپیەکان، ئامادەکردنی کەسایەتی ژنی کوردە بۆ تەلاّقدانیش. بەلاّم تەلاّقدانی ستەمکاریو فاشیزم، تەلاّق دانی پەیوەندیەك کە تیایدا ژن بەرهەمهێنو چالاك نابینرێتو ناژی. واتە بەرهەمهێنانی ئەو فەزیلەتەیە کە ئازایەتیەك لە نێو کۆی پەیوەندیەکاندا لە دایك بێت کە بگەرێتەوە بۆ خودی کەسایەتی ژن ئەویش بتوانێت تەلاّق بدات. چیدی بتوانێت لە ئایدۆلۆجیاوە، لە ستەمکاریەوە، لە نۆرمو تەقلیدیەتو چەوساندنەوە، لە دامو دەزگا حیزبیەکانەوە تاوەکو (پیاوێك) تەلاّق بدات، و

وەك مرۆڤێك خۆی ببینێتەوەو بتوانێت بەرهەمهێن بێت وەك کەسێکی نێو خێزانو کۆمەڵگاکەی خۆی. دووبارە، باسکردنی دیاردەیەکی بەم شێوەیە (شونەکردن) ئایا بۆچی ژنی(کورد ) نەتوانێت تەلاقیش بدات لە هەستە زۆر لیبرالیەکەیدا (واتە لێرەدا مامەڵەکردنە بۆ یاساو مافی مرۆڤ)، لێرەدا مرۆڤ دەکارێت خوێندنەوەیەکی کۆمەلایەتی بکات لەسەر ئەو یاخی‌بوونەی خوشکە سپیەکان ڕێنمایی دەکەن لە نێو ڕۆمانەکەدا بۆ ئەو چواردەورەی تیایدا دەژین، کە کۆمەڵگای کوردی دەکات بە شوێنێکی داخراو. چونکە بڕیاری(شونەکردن) لەبۆ کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمە نەك هەر شتێکی سەیرە، تەنانەت شوێنیش ناتوانێت یارمەتیدەری ئەو بیرۆکەیە بێت ئەگەر موبالەغەمان نەکردبێت لێرەدا. بەلام نووسەر زۆر بە باشی ئاگاداری هەموو فاکتەرو بەربەستەکانە لە ئاست دیاردەیەکی وەهادا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بوێرانە کارەکتەرەکانی بەو شێوەیە دروست کردووە کە شوێنێکی وەك لە کۆمەڵی کوردەواری پێویستی پێیانە کاردانەوە بکەن لە دژی ئەو بەربەستو سنورو دابو نەریتانەی لە ئازادیو لە مرۆڤبوونیان دەخاتو کەم دەکاتەوە، ژیانو خۆبینینەوە لە نێو جیهانو کۆمەڵگادا لە ڕاستیدا بریتیە لە کاردانەوەکان، ئەمەیە کە دەبێت بە ناسینو هەست پێکردنو هەروەها خۆسەلماندنیش. نووسەر کاتێك کارەکتەرەکانمان پێ دەناسێنێت(خوشکە سپیەکان) بێ پێچو پەنا، بیرۆکەی پیاوانەیی‌و یەك جەمسەری بۆشیکارکردنی دەروونی مرۆڤ وەك عوسابو نەخۆش(کۆنفلێکتی ئۆدیب) تەنانەت فرۆیدیەتیشمان پێ دەناسێنێت، کە خوشکە سپیەکان دژی وەستاونەتەوە. چونکە ئەگەر تەماشا بکەین، لە رەفزکردنەوەی (سێکسوالێتی) بانگەواز دەکات(یان ئێمە وامان خوێندۆتەوە کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی کردنە لەگەڵ فرۆیدیەتدا وەك ئایدۆلۆجی‌و تەنانەت پەتریارکی). ڕاستە شوکردن یان پرۆژەی خێزان بۆ خۆی سێکس گەمەیەکی تیادا دەکات، بەلام کۆی هەموو پرۆسەکە نیە، ئەمەیە فرۆید بە هەڵەدا دەچێتو سێکس وەك مۆتیڤی هەموو شتەکان دەبینێت لە نێو ژیانو دونیادا، و مرۆڤ بە بونەوەرێکی ڕووتی سێکسواڵ دەبینێتەوە، هەروەك چۆن ارکس چینو خەباتی چینایەتی دەکات بە مۆتیڤی هەموو شتەکان بۆ مرۆڤ. هەڵکەندنی ئەو بیرۆکانەیە کە بونەوەری مرۆڤ (ژنو پیاو) تەنیا بە سێکسەوە گرێ دەداتو بچووکیان دەکاتەوە بۆ ئەو ئاستە. بە دژایەتی کردنی ئەو فرۆیدیەتە، بۆ خۆی لیبرالیزمێکی فراوانتر پەیدا دەبێت بۆ ئازادیەکانی مرۆڤو

ئەتمۆسفێرێك بەرەو پلورالیزم، رەنگە بڵێین لە هەستە خودگەریەکەشیدا بەلاّم نەك خودپەرستیو ئیگۆییزم. و ئەگەر لە ڕوانگە کۆمەڵناسیەکەیەوە تەماشای ئەم دیاردەی(شوکردنەیش) بکەین، ئەوا پێمان دەڵێت کە ژن دەبێت بۆ خۆی بتوانێت یان هیچ نەبێت هەوڵی ئەوە بدات وەك کەسێكو مرۆڤێك سەربەخۆ بێت لەوەی تەنیا بەسترابێتەوە بە ئەتمۆسفێرێکی(ژنو پیاوانە)داو تەنانەت بگرە بە عەقیدەی زەواجیشەوە وەك کۆنتراکتێك، یان پەیمانێکی موتەعالیو ئاسمانیانە کە ڕیشەکە لە نێوانیاندایە. کاتێك سەربەخۆیی کەس بوون — کەسایەتی دادەمەزرێت، بێ گومان ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی بڵندتر دەبێتو نرخو بەهاکانی کەس وەك مرۆڤ دەچێتە ئاراستەیەکی ترەوە.

ناسینی خوشکە سپیەکان وەك دوو خوشکی سەربەخۆ لە بوونی پیاودا(بە هیچ شێوەیەك دڵ رەقێتیو خەتاو تاوان) ناگرێتەوە. وەك یەکێك لە سەریاسەکان بانگەوازی بۆ دەکات لە پێناوی بەرگریکردن لە مەرگە عەجیبەکەی محەمەدی دڵشوشە، بەڵکو نووسەر لە ڕێگای ئەو سەریاسەوە تەواوی ئەو بونیادەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە پیاوی کورد چۆن لە کچ یان ژنێك دەڕوانێتو بە عەقڵێکی زۆر جەمێنتالانەوە بیری بۆ دەکاتەوەو بڕیاریشی بۆ دەردەکات کە بە هیچ شێوەیەکیش نایناسێت، ئەمەیش ڕۆحیانەتی پەتریاکیزمە کە کۆمەڵگای داخراو پێوەی دەلێتەوە. بیرکردنەوەی جەمێنتالانەو بڕیاردان بۆ ئەوانی تر، مانایەك لە ماناکان دەرکردنی ئەوانی ترە لە نێو شوێندا وەك بونەوەر، گوێ نەگرتنی سیاسیەکانمانو حیزبە دەسەلاّتدارەکانمان هەمان کارەکتەری پەتریارکیان هەیە بەرامبەر نەك هەر ژنان بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا، واتە لێرەدا ئەرکێکی زۆر وردی ڕۆشنبیریو مەعریفی لە بەردەم پیاوی کورددا قیت دەبێتەوە شان بە شانی ژنان، ئەویش ئەوەیە کەژنان بتوانن شەرم لە دیاردەی تەلاّق نەکەن ئەوا پیاوانیش دەبێت زیاتر بکرێنەوە لە نێو ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین بەرامبەر سیاسەتو حکومەتەکەیان، واتە ئەرکی سەرشانیانە چیدی بتوانن چەمکی حیزبو حکومەت لە هەستە کوردیەکەیدا تەلاّق بدەن.

تەلاّقدانی سەریاس لە ڕووە فاشیەکەیدا. تەلاّقدانی پیاوی کوردە بۆ حیزبو حکومەتیش لە ئاستە دیموکراسیەکەیدا. لێرەدا شایانی باسیشە کاتێك باس لەو(سەریاسەیان) دەکەین، بێگومان وێنەی یەکێکە لە سەریاسەکان لە نێو دەرەوەدا، واتە ئەو جیهانە ڕۆژانەیەی کۆنتڕۆڵ کراوە بە بیرۆکەکانی نێو ئەو کولتورەی بەو شێوەیە دەستەمۆی دەکاتو ناتوانێت بە شێوەی

جیاوازو مرۆڤانەتر لە مرۆڤی ژن بڕوانێت. ئەوەیش بۆ خۆی ئەو عەقڵیەتەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە پیاوان نەك پابەندی نۆرمو عاداتو تەقلیدیەتن، بەڵکو عەقڵیشیان بە هەموو شێوەیەك شووی کردووە بە شتێکی تر لە ژیانو شتێکی گەورەتر لە بوونو دونیا. ڕەنگە لێرەدا بڵێین پیاوی کورد شوی بە حیزب کردووە، وەك چۆن سەربازێك کە تەنیا وەکو مەشینێك پەروەردە دەکرێتو بکرێت بە سەرباز لەبۆ ڕاهاتنی بۆ جەنگو چوونە نێو جەنگەوە، چیدی شوو دەکات بە خودی مەشینی ئەو جەنگەوە، پیاوی کوردیش بە هەمان شێوە. ئەوەی زیاتر لێرەدا بوترێتو جەختی لەسەر بکرێتەوە، نووسەر دەیەوێت سنوورەکانی بیرۆکەی تەماشاکردنو مامەڵەکردن لەگەڵ ژندا فرێ بدەینو خوێندنەوەی ترمان هەبێت بۆ مرۆڤایەتی، بەمەیش شەقام لێدانی بۆ لیبرالیزم دەست پێ دەکات. بۆ نموونە کاتێك باس لە خوشکە سپیەکان دەکەین لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، تەنیا لیبرالیزمان بیرناکەوێتەوە کە دەبێت تێکرشا بریتی بێت لە کارەکتەری ئازادو سەربەخۆ، بەڵکو حەماسەتێکیشە بۆ بوون کە دەبێت بتوانین جۆرێك لەو خودگەراییەی خۆمان بە دەستی خۆمان بیدۆزینەوە لە نێو خۆماندا، ئەوەیش لە دەرەوەی ئەزموونەکانەوە نیە بە دونیاوە.

کارەکتەرێکی وەك خوشکە سپیەکان بە هەموو شێوەیەك پابەند نەبوونە بەو مۆدێلەی(ئاین) پێمان دەڵێتو کولتورو نۆرم بۆمان دیاری دەکات. بەم لێکدانەوەیە (خوشکە سپیەکان)چیدی حەواکانی دوای(ئادەمەکان)نین. بەڵکو لەگەڵیاندان، لە پشتیانەوە نارۆن وەك شت گەل بەڵکو لە ئاستیاندا ڕۆخساریان دەبینن نەك پشتیان. چونکە نەبینینی ڕوخساری مرۆڤ وەك نەبینینی مرۆڤەکە وایە، بەندکردنی ڕوخسارێتی لە نێو نادیاردا. لێرەدایە کە گرنگی ئەو کارەکتەرانە شۆرشگێری خۆیان ئیمزا دەکەن، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێمان دەڵێن(ئێمەی ژن) دەتوانین بەبێ (شوکردن)یش بژین، و تۆی پیاو ببە بە هاوڕێمانو بوئمان زەوت مەکە وەك ئەوەی سیاسەتی پیاوانەی تۆ دەخوازێت، بەڵکو لەگەڵماندا بژی، لەگەڵدا ژیان مانای ئەوە نییە یەکێك هەرچیەك بخوازێتو بیکات ئەوی تر بکات بە خۆی وەك کۆپیەك، لەگەڵدا ژیان بۆ خۆی ژیانو هەڵکردنە لەگەڵ یەکێکدا لەخۆت نەچێت، ئەگینا لەخۆچوونو لێکچوون وەك کۆتایی شتەکانو حالەتەکان وایە. ئەمەیش مامەڵە کردنە لەگەڵ بووندا بە شێوەیەکی جیاوازە نەك لێکچوو وەك خۆی، بەلام

ئەمانەیش پابەندن بە لایەنە کۆمەڵاتی‌و سیاسی‌و ئابووریەکانیشەوە. باشترین بەڵگەش کە لێرەدا ڕامان دەکێشێت بۆ ئابووری‌و سەربەخۆیی ژنان کە دەتوانن‌و دەبێت بەو شێوەیە بژین، خودی خێزانی خوشکە سپیەکان‌و دایکیانە، کە بەبێ پیاو دەژین‌و تەنانەت دەشتوانن زۆر سەربەخۆییانە خۆیان بسەلمێنن‌و هەبن‌و دەستیش لە کەس پان نەکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا پیشاندانی خوشکە سپیەکان (وەك مامۆستا) لەو گوندانە کە کەسی تیادا ناناسن، بۆ خۆی ئەو سەربەخۆیی‌و ئەو بە مرڤکردنەیە کە ژنان نەك دەتوانن هەموو شتێك بکەن وەك پیاوان، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە نابێت جیاوازیشیان هەبێت وەك نەوعیەت‌و مامەڵە کردنیان لە ئاستی مرۆڤایەتیداوتەماشاکردنیان وەکو (غەریب) لەنێو کۆمەڵگادا. بەلاَم هاوڕێیەتی(محەمەدی دڵشوشەو سەریاس‌و دوایش موزەفەری سوبحەم) شوێنێکی زۆر تایبەتی‌و نرخێکی زۆر تایبەتی هەیە لە لای ئەوان. هاوڕێیەتی ئەوان وەك —جێندەری پیاو- چونکە مامەڵە کردنێکە لەگەڵ جیاوازیداو ڕێزگرتنی مرۆڤیش وەك مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەیشدا بە گژاچوونی هەموو ئوسوڵیەتی قوتابخانەی شیکاردەرووني فرۆیدیزمیشە.

لێرەدایە باس لە سیکیولاربوونی (ژن‌و پیاو) دەکەین لە ڕاستیداو مامەڵە لەگەڵ لاشەکاندا ناکەین وەك ڕەعیەتی سێکسواڵێتی‌و، یان هەر جۆرە ئایدۆلۆجیایەکی تریش‌و خوێندنەوەیەکی دیاریکراو، ئەمە بۆخۆی هەوڵدانی کارەکتەرەکانە لاشەکان لە دەرەوەی جێندەردا ببیننەوەو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی بگەڕێنینەوە بۆ جۆرێك لە فەمینیزمی دولوزیانە کە باس لە نۆمادۆلۆجی لاشەکان دەکات بەبێ هەبوونی پارچەیی‌و ئۆرگانیزمی نێو لەش( **BODY WITH OUT ORGANS**) کە ئەم بیرۆکەیەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئارتۆد. دەمانەوێت بڵێین خوشکە سپیەکان درێژکراوەی هەمان ئەو(حەوایە) نین کە لە کتێبی کۆنی تەوراتدا هاتووە. و پرۆتۆتایپیك-مۆدێلێك- بۆ ژنێکی گەردوونیانە لە ئاست تاق‌و تەنیایی خوداوە. چونکە بە گەردوونی کردنی ئەو بونەوەرە ژنەی نێو تێکستە ئاینیەکان بە هەموو شێوەیەك(پەندۆرا)کەی هیسۆید بەرهەم دێنن‌و دواییش کۆی فۆرمەکانی کۆنە پارێزی‌و ستەمکاری دەژیێنینەوە. بە ناگەردوونی کردنی ئەو بونەوەرە ئەوە ناگەیەنێت کوشتنی بێت لە نێو تایبەتێتی‌و دیارکراوێتی فکرەو ئایدیاو ئایۆلۆجیادا. بە پێچەوانەوە، بە ناگەردوونیەتی لە ڕوانگە تاق‌و

تەنیا ئاینیەکەیەتی کە دوای ئەوە دەتوانێت بە هەموو شێوەیەك لە نێو سیکولاریزمو لیبرالیزمی خۆیدا هاوئاهەنگیو هاوکاری ئەو گەردوونە بێتەوە کە ژنەکانی هاوڕێو لە شوێنێکو لۆکالێکی تردا ڕووبەڕووی شتەکان دەبنەوە.

واتە خوشکە سپیەکان لە دوای پیاوەکانەوە نارۆن (پیاو لێرەدا دووبارە خەیاڵمان ئەو ڕەگەزەیە کە بە تاقو تەنیا ناومان هێناوە)و، تەنانەت بە ئەوامری نۆرمو کۆمەڵگایش ناجوڵێنەوە کە بریتیە لە ئەمرو کۆمەڵگای پاتێرناڵ-باوك- و براو مێردەکانو بەڵکو شتێکی ترمان پێشان دەدەن کە کارەکتەری خۆیانە بە جیاوازی.

تەنانەت مۆدێلێکیش نین وەك (حەوا)ی دووەم تەماشایان بکەین( حەزرەتی مریەم)و مۆدێلێکی دیاریکراویش نین بۆ کۆمەڵگایەکی داخراوی ئیسلامی وەك(فاتیمەی زەهرا) بۆ نموونە، خوشکە سپیەکان دەیانەوێت ئازاد بن لە ئایدۆلۆجیاو سیاسەتی ستەمکاریو بژینو لەنێو پەنجەرەکانەوە بە دونیادا ڕابمێنینو هەست بە غەریبیو خۆیان بکەن. بەڵکو ئازادن لە بونێکی دیاریکراو،و جیهانبینیەکی ڕادیکاڵی مەسیحیانە کە وەك ژن( هەڵگری دیاردەی خراپەو تاوانن)وە نەك وەك ڕادیکاڵیەتی فرۆیدیش کە بونەوەرێکی سێکسواڵن بە تەنیا، بە هەمان تۆنیش درێژکراوەی بیرۆکەی نووسەری -کریکیش-هیسۆید- نین (پاندۆرا) کە سەرچاوەی خراپەو مردنو ئاژاوەو شەیتانیەتە بۆ نێو دونیا لە لایەن ژنانەوە بۆ پیاوانو بۆ نێو هەموو بونو سروشت. خوشکە سپیەکان بونێکی دیاریکراو نین، ئەمەیش چرکەساتی بانگەوازکردنی وتاری فەمینیزمە لە نێو کۆمەڵی ئێمەدا کە بەو شێوەیە پێویست دەکات کارەکتەری وەك ئەوان لە نێو ڕۆمانو نووسینەوە بێنە دەرەوەو بن بە ڕاستی. دەڵێین بونێکی دیاریکراو نین، دیارە ئەمە باشترین پێناسەیە، یان گوتنە بۆ خوشکە سپیەکان وەك دوو کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەو کە بێنە دەرەوەو داخلی نێو کۆمەڵگای کوردی بن،ڕەنگە ئەمە گرنگترین گەمە بێت لەئاست مامەڵە کردندا یا ریسکێك(موجازەفە) بێت بۆهاتنە نێو کۆمەڵگاوە لە ئاستە ڕووبەڕووبونەوەکەیو پێکدادانەدا لەگەڵ کۆی بەربەستو نۆرمو ئیعتیقادانەی دەبنە بەربەست. هاتنە دەرەوەی ئەو دوو خوشکە سپیە لە نێو ڕۆمانەکەدا، بێ گومان ئاکامەکەی هێندە ئاسان نابێتو ئەنجامێکی دەبێت کە دەبێت نرخێکی بدرێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا زاڵەو گەمە دەکات بونێکی نیتشەییانەیەو ئیرادەگەریانەیە بەسەر سەرو ژیانەوە، و پێمان وایە ئەو کارەکتەرانە قایلن بە گەمەکانیان چونکە هەڵگری ئیرادەی مرۆڤێکی

گرنگن‌و بچووك نین، بەڵکو هەڵگری ئیرادەی مرۆڤێکی بەهێزن. ئیرادەیان هەیە کە دەیانەوێ ببن بە کێ؟ و ببن بە چی؟ هەر ئەم ڕۆحیانەتەیشە بە ڕاستی خوشکە سپیەکان‌و موزەفەری سوبحدەم لەخۆ دەگرێت‌و لە خۆ کۆدەکاتەوەو بەلای ئێمەیشەوە گرنگی تەواوی ڕۆمانەکەیش دروست دەکات وەك ئەو لایەنەی وەك فەمینیزمی نووسەری ڕۆمانەکە تەماشای بکەین‌و بیخوێنینەوە، بە مانایەکی تر کارەکتەرە گرنگەکانی نێو رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا، ئەو کەساتیەیانە نین کە (فیکس-سابت- نەگۆڕ- تەقلیدی) کرابن، بەڵکو لەو کەسایەتیانەن کە کراوەن‌و ئامادەی کەم‌و زیاد کردنن لە خۆیاندا، واتە بە هەموو شێوەیەك جەنگی گۆڕان دەکەن‌و شەرم لە فڕێدان وەرگرتنی شتی نوێ ناکەن، ئەمەیش بە هەموو شێوەیەك جەنگ کردنێکی زەق‌و ئاشکرایە لەگەڵ کۆمەڵگای تەقلیدی‌و داخراودا.ئەویش لۆجیکی مۆراڵیتی نیە، بەڵکو لۆجیکێکە بۆ ئیمۆراڵیتی، هیوابینی نیە لە خودی باوەڕدا بەڵکو باوەڕکردنە بە خودی مرۆڤایەتی‌و هەستەکانی. واتە لۆجیك نیە بۆ دەستەمۆیی‌و ریزبوون لە نێو مرۆڤە بێدەسەڵات‌و لاوازەکاندا. ئەوانە رەعیەتن بۆ ئاین‌و چارەی خۆنوسینیشیان لە ڕێگای شتێکی نازەمینیەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك بە پێچەوانەوە، واتە ئیمۆرالیێتیە. بەچرکە ساتی یاخیبوون‌و تێکشکانی هەموو یاسایەك کە بتوانێت مرۆڤ بکات بە بابەتی دەستەمۆیی‌و بچووکێتی‌و ئیهانەکردن‌و بێنرخکردنی. جهانبینیەکی جیاوازە کە مۆراڵێتی نیە. بەڵکو دەبێتە ئیتیك، هەڵس‌و کەوتێك‌و جولانەوەیەك پابەند نیە بە ئسولیەتێکی موتەعالیەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك بە پێچەوانەوەیەو پابەندە بە ژیانی رۆژانەوە، پابەندە بە هەست کردن‌و ئەزموونەکانەوە، بە هەستەکانمانەوە. لە کۆتاییدا کەسایەتی خوشکە سپیەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە بونێکی(نائاسایی) بونێکە دەبێت هەڵگری رەگەزی بیرکردنەوەو یاخیبوونیش بێت. و بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو هەستکردنە نائاساییەش بین، ئەوا دەبێت هەست بەوە بکەین بون بۆ خۆی بونێکی جیاوازە. لەبەر ئەمەیە لە نێو کۆمەڵگایەکی داخراوو تەقلیدیدا ئەو بوونە جیاوازە لە چەندین لاوە هێرشی دەکرێتە سەر. تاوانبارکردنی خوشکە سپیەکان بۆ مردنی (عەشقی) محەمەدی دڵشوشە بەزەقی ئەوەمان پێ دەڵێت لە ڕاستیدا. تاوانبارکردنی خوشکە سپیەکان ڕەنگە بتوانین بە سیمبولێزمێکی قوڵتری مێژوویيانە تەماشای بکەین کە مامەڵەکردنی بونەوەری پیاوە بەرامبەر بونەوەری ژن. کە ستراکتۆری ئەمەیش ڕیشەکەی لەنێو

ئاین دایە. مەبەستمانە بڵێین، کاتێك خوشکە سپیەکان تاوانبارن لە ئاست مردنی دڵشوشەدا، دیارە ئەوە دەبینینەوە وەك پرۆتۆتاییپێك کە بونەوەری ژنی یەکەمی سەر زەمین(حەوا) تاوانبارە لە ئاست فێرکردنو هاندانی یەکەم بونەوەری مرۆڤدا کە (ئادەم)ە. هەروەها شایستەی گوتنە بڵێین ئەگەر وشەی(ئادەم) بگەڕێتەوە بۆ(ئادەمیزاد) ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەو ئادەمەیە کەو پیاوە، نەك شتێکی تر. بەهەر حاڵ ئەوەی ئارەزووی ئەو بیرۆکەیە دەکات بە بیرۆکەی تاقانەییو لێکچوانەیە، کە ئەم ئیمیجە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی خواوەند کە تاقانەیەو هیچ شتێکیش لەو ناچێت. خوشکە سپیەکان تاوانبارن، چونکە مردنی محەمەدی دڵشوشە لەسەر رەفتارو ستایلی ژیانی ئەوان بەرپرسیارە، چونکە ئەوە خوشکەکانن کە بڕیاری(شونەکردنیان) داوە. بەڵام ئایا ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادیو ئیندیڤیوالیەتی خوشکە سپیەکان بکەین لە بەراوردکردنیاندا بۆ مردنی محەمەدی دڵشوشە. ئەو دڵشوشەیەی کە عەشقێکی (ئیفلاتونیانە) یەکێکی لە خوشکەکان خۆش دەوێت. تەنانەت ئەگەر شوی پیٚ نەکەن یان خۆشیان نەوێت دەزانێت کە (دەمرێت). هەرچەندە ئەم عەشقە ئیفلاتونیە بۆ خۆی تۆزێك هەڵگری ئیشکالی خۆیەتی. کە لێرەدا کاتی ئەوەمان نیە کە باسی لێوە بکەین، تەنیا ئەگەر ئەوە نەبێت کە ئەگەر ئیفلاتون بۆ هەموو شتێك(فۆرمێك) بدۆزێتەوە کە ئەمەیش باسکردنە لە تیۆری مەعریفەی ئەفلاتون، ئەوا دۆزینەوەی فۆرمی خۆشەویستیو عەشقیش کارێکی ئاسان نیەو تەنانەت ناشێت،،،، دیارە ئێمە وای دەبینینەوە، لەبەر ئەوەیە کە محەمەدی دڵشوشە دەمرێت، وەك نوسەر دەڵێت(عەشقی ئیفلاتونی)،،،، لە ڕاستیدا ئایا ڕۆماننوس دەیەوێت پێمان بڵێت لەم جیهانەدا عەشق مەحاڵە؟ چونکە ئەوەی ئەفلاتوزن وەك مۆدێل باسی دەکات نەك هەر هەڵگری ئیشکالە، بەڵکو مۆدێلێکە لە دەرەوەی زەوی. دیارە مەحاڵ لە ئاستی ئەوەی کە ناکرێتو نابێت، باشترین بەڵگە بۆ ئەفلاتون لەم ئاستەوە جەنگ کردنێکی سەرسەختی بو لە دژی دیموکراتیەتو هونەر بەگشتیو شیعریش زۆر بە تایبەتی. دیارە ئەو باسە کورتە بە ئەفلاتونەوە دوو لایەنی هەیە لە ڕاستیدا. لایەنێکیان بەندە بە فەلسەفەی ئیفلاتونیزمەوە کە سوکرات بۆ خۆی باوەڕی بە خۆشەویستی هەر نیە وەك ڕاوێژکاری سەرەکی ناو دایەلۆگەکان کە نووسەرەکەی ئەفلاتونە، و هەروەها ئەفلاتون هەموو شتێك بە لاسایی کردنەوە دەزانێت، و گەیشتن بە حەقیقەتیش وەك مەحاڵ وایە، چونکە هەمیشە وەك کۆپیەکەو

هیچی تر، بۆ حەقیقەتەی داوا دەکات، تەنانەت پێچەوانەی دونیایە کە بە هەستە زیندووەکانیەوە هەستیاریەکانیەوە، لە ڕاستیدا گۆتە لە شوێنێك وتویەتی کە ئەفلاتون دونیایەکی دەوێت کە ئابجێکتی تیادا نەبێت.

هەموو ئابجێکتێك بە کۆپی دەبینێت، لەبەر ئەوە کۆپین. دیارە لەبەر ئەمەیە لە کۆمارەکەیدا هێرشی زەبەند دەکاتە سەر هونەرو شیعر، چونکە کۆپی واقیع دەکەنو تەنیا لاسایی دەکەنەوە. هەموو شاعیرەکان لە کۆمارە ئۆتۆپیاییەکەدا دەکاتە دەرەوە، ئەوان درۆزننو ئەوەی هانی دەدەن تراژیدیاو هەست کردنەکانی مرۆڤەو هیچی تر. لە ڕاستیدا ئەفلاتون دژایەتی هەست کردنو ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکات، بۆ ئەوەی بە تەنیا لە ڕێی فەزیلەتی عەقڵەوە بگەین بە تەنیا حەقیقەت، کە مرۆڤ کورت دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە ساتەوەختێك کە لە ڕاستیدا لەم دونیایەدا پێی ناگات. بەهەر حاڵ، تەنیا ئەو هەستەی محەمەدی دڵشوشە لە هەستە(ڕەشبینیەکەیدا) سەرنجی ڕاکێشاینو هەروەها وەك(سۆفیەك)بەرەبەرە دەمرێت، محەمەدی دڵشوشە نەزیفی بەردەبێت، چونکە ژین نەزیف بونێکە بۆ ئەو بە جۆرێك لە جۆرەکان، وەك چۆن لە بونێکی شوشەییانە دەژی وەك(ماڵە شوشەییەکەی) وردو خاش دەبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کارەکتەرێکی هەستیارو زۆر سۆزاوی وەك ئەو ئایا بۆ نەتوانێت کچێکی تر بدۆزێتەوە؟ وەڵامەکەی ئاسانە چونکە دڵشوشە نەزیفی بەردەبیت،،، دڵی کون دەبێت، بەڵام ئایا و بڵێی دڵشوشە هەر زووتر نەیفی بەربووە، پێش ئەوەی خوشکە سپیەکان ببینیتەوە حەز لە یەکێکیان بکات. تەنانەت وەك کارەکتەرێکی شوپنهاوەرانەش دێتە پێش چاو کەناتوانێت لە نێو دونیادا بمێنێتەوە، داوجار فرەیی کارەکتەرەکانیش بۆخۆی ڕەنگە ئەو شەرعیەتەمان پێ بدات بۆ ڕەشبینیو تراژیدی محەمەدی دڵشوشە. ڕەنگە لە شوێنێکی تردا باس لە ڕۆمانەکە بکەین ئەگەر بتوانین، چونکە ڕۆمانەکە گرنگی هەیە نەك هەر لە بەردەم ئەدەبو ڕۆشنیری کوردیدا، بەڵکو لە ئاست مامەڵەکردن لەگەڵ فیکرو فەلسەفەدا. وێناکردنێکی فەلسەفیانەیە، و دوایی هەزم کردنی واقیعی کوردیە لەناوەوەی خۆیدا. بەڵام نوسینو شێوازی ڕۆمانەکە وەك تەکنیك دەعوەتمان دەکات بۆ بیرکردنەوەی ژیارو خەیاڵاندنی دونیاو بون.

چونکە واقیعی کوردی بەو شێوەیە تەوزیف ناکات کە هەیە، بەڵکو شتێکی ترو جیاوازتر دەڵێت، ئەمەیش مەیلەکانی نوسینە لە وتنی شتێکی نائاساییو جیاواز، وەك کارەکتەری

خوشـكه سـپیه‌كان. پێشـمان وایـه ئـه‌م جـۆره كاركردنـه هه‌نـده ئاسـانیش نییـه، چـونكه بـۆ نووسـینی ڕۆمـانێكی بـه‌و شـێوه‌یه لـه ئاسـت(شـوێنه‌وه) بـۆ جیهـانی كـوردی زۆر مه‌حدودو تایبه‌ته. له‌به‌ر ئه‌مه‌یه ڕۆماننوس یان چـیرۆك نـوس هه‌میشـه له‌بـه‌رده‌م خـه‌یاڵو فه‌نتازیاكانیـدا بێـتو هـه‌موو كاره‌كتـه‌ره‌كانی بهێنێته ناو ڕۆمانه‌كه‌وه.

به‌هه‌ر حاڵ تاوانباركردنی خوشكه سپیه‌كان لـه ئاست مردنی محه‌مه‌دی دڵشوشه‌دا وێناكردنێكـه بـۆ كۆمه‌ڵگایـه‌ك هه‌رچیـه‌ك ڕوبداتو بكرێـت ئه‌گه‌ر خراپ بنو زه‌ره‌مه‌ند بن ئه‌وا ده‌بێت ڕووی كچـانو ژنـان بگرێتـه‌وه، و هـه‌ر شـتێكیش پێچـه‌وانه‌ی ئه‌مـه بێـت ئـه‌وا قوتبوونـه‌وه‌ی پـه‌ترياركيه‌تی سیاسه‌تی پیاوانه. زۆر به كـورتی خوشكه سپیه‌كان وه‌ك دوو كاره‌كتـه‌ری كچـانه- فه‌مینیانه- نایه‌ن بۆ داگیركردنی شوێن به ته‌نیا له ئاسته هونه‌ریه —ئیگۆییومه‌كه‌یدا له پێناوی خۆیانداو به‌ڵكو دێن له پێنـاوی ئینـدیڤیواڵیزمو ئـه‌وانی تریشـدا، بـه‌ڵكو لـه ڕیگـای ئه‌وانـه‌وه كوڕان-پیاوان- ئاستی ترو جیاوازی ژیـانو بـون ده‌بینینـه‌وه‌و هه‌سـتكردنیان بـۆ جیهـان ده‌وڵه‌مه‌نـدتر ده‌بێـت لـه هه‌سـته زۆر لیبراڵیزمه‌كه‌یـدا. خوشـكه سـپیه‌كان دێـن بـۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌وانی تردا بـژین، چـیدی ئه‌گـه‌ر حه‌ز بكـه‌ن شـوبكه‌ن یـان نـا،،،، بـه‌ڵام ئه‌مـه ئه‌وه‌یش ناگه‌یه‌نێت چیدی له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی له‌گـه‌ڵ ئه‌وانی تردا ده‌ژین، ده‌بێت وه‌ك ئه‌وانی دیكه بن، وه‌ك ئه‌وان بكه‌ن كه داوایان لێده‌كه‌ن. یاخیبوونو لیبراڵیزمی خوشكه سپیه‌كان ئه‌و دوو كاره‌كته‌ره زۆر نائاسایىو جیـاوازن كـه نووسـه‌ر دروسـتی كـردوون، لێره‌یشـه‌وه ده‌تـوانین هه‌نـدێك لـه بیروبۆچوونه‌كانی نووسه‌ر ئاگـادار بـین، وه‌ك لـه سه‌ره‌وه ئاماژه‌مان بـۆ كـردووه. بـۆ نموونـه بـه نافرۆیدیه‌تی كاره‌كته‌ره‌كان شتێكی زه‌قو دیـاره، پێشكه‌شكردنی بیرۆكـه‌ی جیـاوازی بـه پێنـاوی فراوانكردنی كۆمه‌ڵگایه‌كی جیاواز ئه‌گـه‌ر نـاوی مرۆڤه‌كان هه‌ر هه‌موو (سه‌ریاس)یش ده‌بوو.

تێبینـی: ئـه‌م نووسـینه تـه‌وه‌ری كتێبێكـی بـرای نووسه‌رمان مه‌جید عه‌زیزه كـه بڕیـار وایـه بـه‌م زووانـه بدرێته چاپ.

### شوێنپێگەلێك لە سەردانننامەی کوردستان

# پێکگەیشتنی ڕەوتەکانی نیگای پاییزیی تاراوگەو یادەوەریی لاوێتی



هەندرێن

بەشی یەکەم

١

پێککگەیشتنەوەو نمایشکردنی هێڵی نیگایەکانی ئەوێو ئێرە، نیگای رابردوویەك کە لەتەمەنێکی زۆر لاوییەوە کوردستانم بەجێهێشتو نیگای تەمەنە پاییزییەکانی ئێستای تاراوگەییەك کە ئاوێزانە بەدوای وردەکاری یادەوەریو شوێنکاتی رابردوو، سەرتاپای ئەوانەش، دوای سەردانو گەڕانەوەی کوردستان، لەدیمەنگەلێکی فرە حوزنبار، شاگەشکەو ڕامان وروژێن، بەئاوێنە دەبنەوە.

لێرەدا ئاراستەی نیگایەکانی من بە نمایشکردنو دەربڕینی ئەو دیمەنو ڕووداوانە، لەسەرەتایەکەوە بۆ کۆتاییەك، یان بە پێچەوانەوە، دەستپێناکاو بەڵکو من، وەك کۆچەرێك، لەناخی ئەو دیمەنو ڕاڕەوە تووناوتوونەکانی یادەروەرییو شوێنکاتی رابردووو ئێستادا رادەمێنم، ئەو تیرێژانەی کەنیگایە مەرانگازەکانم دڵکێش دەکەن، دەچنمەوە. هاوکاتیش، لەئێستاوە دوای گەڕانەوەم لەکوردستان، تاراوگە چیتر بەبانگو چرپەکانی سەرگەرمتر لەجاران بۆ ناوەوەی خۆیو خودی بوونم پەلکێشم ناکەن: بوون، شوێنکات، رابردوو، ئێستا، ئەوێو ئێرە هەر هەموویان وێنایەکن لەتاراوگە. بەڵێ، لەئێستاوە، چیتر تاراوگەبوون، وەك ژیان، مانای ژیانێکی ناچارکراو نییە لەشوێنێکی دیاریکراودا، کە دابڕانو پەرێشانی گەڕانەوەی بەخۆیەوە خەریکم بکات، بەڵکو مانای تاراوگە بریتییە لەنیشتەجێبوون لەجیهان، خودی بوونایەتی تاراوگەیە. لێرەوە ئیتر جەستەی من رامانگەل، دیمەنگەل، ڕووداوگەلو یاداشتگەلێکە لەکۆچی

ئاگایی تاراوگە. لەو دەرفەتانەی، کە شەپۆلی تاراوگە لەناخدا سەرگەردان دەبیّ و بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بوونایەتی، چەمکێك لەئاراستەی نیگایەکانی کۆچ دەردەبڕم، تاکوو جیاوازییەك لەئاوازو کارایی بوونی تاراوگەییم جەغتبکەمەوە.

وەلیّ دەبا لەئاستێکی بوونگەراییانەوە لەرەهەندی کۆچ، هاتو چوونی باڵندەو چۆلەکەکان رامێنین. رەنگە باڵندەو چۆلەکەکان دیاردەیەك بن لە سەرنجکێشترین جیهانی کۆچگەرایی. دیاردەی سەفەری گەرمیانو کوێستانی بوونەوەرە باڵدارەکان، دیمەنگەلێكو رامانگەلێکن لەگرینگایەتی شوێنکات. رەنگە بۆ باڵندەکانیش تەنیا پێداویستی سروشتیو کەژو هەوا، هاندەرێك نەبن بۆ پەرێشانیو گەڕانەوەی شوێنەکان، بەڵکو شوێن پێی یادەوەرییەکان وەك تەونێك خودی بوونایەتیان دەچننەوە.

لێرەوە دەکریّ سەردانی من بۆ کوردستان، وەك سەفەری ئەو حاجی لەقە لەقەی سەر "منارەی چۆلی"، کە گوللەی چەکدارێکی شەڕی براکوژی جەستەو ماڵی یادەوەرییەکەی تالانکرد، دیدارێك بێت لەگەڵ رەنگو نیگای ئەو شوێن پێیانەی یادەوەری لاوێتی. سەفەری منیش رەنگە، لەسەفەری ئەو پەڕەسیلکەیە بچێت، کە ئاوێزانە بەسروتی ئەو هێلانەیەی کە شوێن پێی بوونایەتییەکەی تیادا جێنشینە. ئاراستەی نیگایەکانی سەفەری من، ئاراستەی فڕینی ئەو قەتێیانەیە کە دوای وەرزێك لەدابڕان، دەست لەملی هەتاوی دەشتی هەولێر دەکەنو شەبەنگێك لەرەنگی لامڵو سەرباڵی نەخشینییان لەسەر شوێن جێدێڵن...

بەمجۆرە ئەم نووسینەش دیمەنگەلێکی چڕی لێکترازاو، نەك لێکگرێدراوی ئەو دیمەنە دڵڕەق، گومانو وروژێنو ژیکەڵانەی کوردستانی تاراوگەیە. دەکریّ بەدەستەوایی کردنی بیرۆکەی ژیل دۆلۆز، وەك کۆلاژێك لەدیمەنی جیا جیای شانۆیەك، پێشەنگایەکی تابلۆوفیلمێك، یان ئاوازگەلی جودای مۆسیقایەك، بخوێنرێتەوە.

لێرەوە گوزارەکردنی نیگایەکانی تاراوگە رووەو ئاسۆیەکانی نووسینەوە، یان چنینەوە، دەبێتە نمایشی زنجیرەیەك ئاواز، وێنەو پەیڤگەلێکی بەرهەڵدراو.

رەنگە لێرەدا تاراوگەو نۆستالژیا، وەك جمکێك، دوو دیدەی بەڵگەنەویست، زیادکردنی بیرۆکەیەکی نویّ نەبێت. ئەوەتا شاعیری پۆلۆنی یوسف برۆدسکی، کە شاعیرێکی ناسراوی تاراوگەیە، لە کۆوتارێکدا "هەڵومەرجێك کە بە تاراوگە ناویدەبەین"، باس لە ئاستەنگەکانی نووسەری تاراوگە دەکات.

لەروانگەی برۆدسکییەوە، ئاستەنگی یەکەم ئەوەیە کە نووسەری تاراوگە پاشخانە سروشتییەکەی تالاّندەکرێت. چونکە ئەگەر پێشی لەولاّتی خۆیدا وەك نووسەر ناسراو بێت، کەچی ئێستا لە تاراوگەدا فڕێدەدرێتە ناو ئاپۆڕەی خەلّکە زۆرەکەوە. بەجۆرە نووسەر وەك هەر کەسێکی تر دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی. دواجاریش ئەوە بۆ ناسنامەی نووسەر دەبێتە کێشەیەك. لەبەرئەوەی هەر نووسەرێك دەخوازێت بە بەرهەمەکانی خۆیەوە بناسرێتەوە، نەك لەگەلّ نووسەرانی تری تاراوگە بەراورد بکرێت. لەنێوان ئەو نووسەرانەدا شتە هاوبەشەکان گرینگ نین، بەلّکو تەنیا شتە سادەکان گرینگن کە ئەوانەش لەولاّتەکەیدا تالاّنکراون.

ئاستەنگی دووەم، کەدرێژەدەری ئەوەی یەکەمە، نووسەر لەتاراوگەدا "بەنیگایەکانی ئاوڕ لە رابردوو وەردەگێڕێتو خۆشی بوونەوەرێکی گەڕاوەیە بەدوای کاتەکاندا". بەواتای برۆدسکی نووسەر "بەفرمێسکە رژاوەکانی بەناو دەفەی شانییەوە بۆ خوارەوە"، سەری بەرەوە دواوەو پێشەوە خوارکردۆتەوە. واتا ئاوڕ بۆ ئەو کاتە زێڕینانە دەداتەوە کە بەرلەوەی ڕوو لەتاراوگە بکات روویانداوە.(١)

لێرەوە کاتێك بۆ نووسەرێك ولاّتەکەی دەبێتە تاراوگەیەكو رابردووەکەی "تالاّن" دەکرێت، ئیتر تاراوگەبوون وەك شوێن، چیتر بارێکی چاوەڕوانکراو نییەو ئاماژە بۆ کاتێکی دیاریکراو ناکات، بەلّکو چارەنووسێکە لەو بوونایەتییە. ئەم بوونەش لەنێوان ئاراستە پێچەوانەکانی کات، واتا ئێستاو ئەو "کاتە زێڕینانەی کە لەرابردوودا ڕوویانداوە"، دەکەوێتە گفتوگۆیەکی بێکۆتایی. دواجاریش نووسەری تاراوگە دەتوانێ تەنیا لەجیهانی نووسینەکانیدا ئەو رابردووە زیندوو بکاتەوەو لەئێستادا ئامادەی بکات.

٢

ئێستا کاتێ دەمەوێ بەزمانی تاراوگە لەمالّو شوێنکاتی رابردوو بپەیڤم، تاراوگەش لەژێر تەڕی ئاسمانو بێمالّی خودی مندا خەوتووە. مانگی تاراوگەش، وەك کەشتیوانێك، بەدەم کۆچەکەی لەرۆژهەلاّتەوەو بەنیگایە پاییزییەکانی لە هەنیەی زەوی دەڕوانێت.

هەر چۆنێك بێت، دوای مشتومڕو دوودلّییەکی فرەی ناوەکی، هاوینی ئەمسالّو دوای زیاتر لەبیست سالّ پەراگەندەبوون لەمالّێك، هەشت سالّ لەژیانی پێشمەرگایەتی، سێ سالّ بەسەربردن لەعاسێبوونو سەرگەردانی لەئۆردوگا داخراوەکانی ئێرانو سۆڤیەتی رەحمەتی، چواردەسالّ لەژیانی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەییو زانکۆو جەڕباندنی ئاقارەکانی ژیان، سەردانی کوردستانم کرد.

هەرچەندە لەهاوینی ١٩٩٦دا، تەنیا بۆ دە رۆژو سەردانی کوردستانم کردبوو. بەلاّم ئەو ساڵەو دوای ئەنفالەکان، یەکێك بوو لە کارەساتترین ساڵ لەمێژووی ئێمەدا. بەڵێ، ٣١ی ئابی ١٩٩٦، شەڕی بەناو "براکوژی"، بەهێنانەوەی سەربازو تانکەکانی رژێمی سەددام لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بۆ هەولێر، هەم سەرەنجامی شەڕی نێوان ئەو دوو حیزبە حوکمڕانەی یەکلاکردەوەو هەمیش خەونو یان هەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی کوردی لەبوونی ئیرادەگەراییەکی سیاسی پوچەڵکردەوە. هەرچەندە بیانۆو هۆکارەکانی بەئاکام گەیشتنی ئەو دۆخە خەمهێنەرەی ئەو مێژووەی کوردو تەنیا بەدەست تێکەڵکردنو راکێشانی پاسدارانی رژێمی ئێران لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ سنووری کۆیە، وێڕای رۆڵی ئەو هۆکارە لەملکەچی بوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ بڕیاردانی ئەوهەرەسەو دامالینی رۆحی بەکۆمەڵی کورد، ناتوانن وەلاّمدانەوەیەکی بڕواهێنەر بن بۆ رازیکردنی یادەوەری کورد. لێرەوە لەو رووداوەدا بانگەشەکانی وەك کوردایەتیی شۆڕشگێڕیی، خەونی کورد، پرۆژەی جیاوازی حیزبەکانو....هتد دەبنە دێوجامەی جادوویی‌یەکی گاڵتەجاڕانە. بەهەمە حاڵ و لەکاتێکدا کەئەمڕۆ لەم رۆژانەدا یادەوەرییمان لەهاتنی ئەو رووداوە ساتمە دەکاو کەچی توێژی رۆناکبیریی‌و سیاسەتکاری کورد لەفەرامۆشکردنی ئەزموونەکانی مێژوو سەرمەستن. بۆیە، ئەم نووسینەو پەیڤن لەسەر ئەو دابڕانە ناقۆلاّیە مێژووییە بەئەرکی خۆی نازانێت.

لەنیوەشەوێکی لاوداو کە چۆلەکەکانی سەر درەختەکەی ئەودیوی پەنجەرەی ژوورەکەم لەژێر نمەی بارانی هاویندا بەدەم چڕینی ئاوازەکانیانەوە لەئەشقی یەکتردا مەست ببوون. لەگەڵ بەرێکەوتنم بەرەو فرۆکەخانەی "ئارلەندە"، ئیلۆنۆرەی هاوڕێ‌و خۆشەویستی روحیم بەگەرمی فرمێسکەکانی روومەتو نیگایە تاراوگەییەکانی هێور کردەوە. شوێنکاتو شەپۆلی یادەکان، وەك دەنگێکی لێکئالاو، لە هەنگاوە پەرتەوازەکانمدا دەئالاّن.

لێرەوە ئەو شوێنەو سەرچاوەی ئەو یادەوەرییەی کە من لەئاستێکی خەیالاّندنو نموونەییەوە، دوای هەموو ئەوساڵە وێنام دەکرد، دەکەوێتە بەردەم پێوانەکانی ژیانی راستییەوە. بەمجۆرە گەر مرۆڤ لەتاراوگەدا بەتیۆریو فەنتازییەکانەوە لەگفتوگۆیەکی نەبڕاوەی ناوەکیدا لەگەڵ ئامادەیی یادگارییەکانی شوێنکات لەگفتوگۆو وێناکردندا بێت، کەچی لەگەڵ گەیشتن بەکوردستان، دۆخو ئاراستەیەکی تر

دەستپێدەکات لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی دیمانەوشوێن، ئاراستەی نیگایەکان بەرەو رابردوو، ئێستاوئایندە رێدەکەن. لەگەڵ بینینەوەی شوێنەکان، لەئێستایەکی تەژی لەئاپۆرەی بیرهاتنەوەکانداو هەروەك ئاگایی ئاوێنەیەکی دوو دیو بێت، ئاراستەی نیگایەکان بەرەو رابردووو داهاتوو ئاوێتەی یەکتر دەکەن. لێرەوە رۆح سەرابێكو بەناو بیرهاتنەوەکانی شوێنەدا شەپۆڵدەدات.

٣

لەگەڵ گەیشتن بەدەروازەی کوردستان ئیبراهیم خەلیلو خوێندنەوەی ئەودیوو نەك رستەی رووکەشی "بەخێربێن بۆ کوردستان"، زەینم لەگەڵ لوتکەی ئەو ریزە شاخانەی کە لەبەر هەتاوی هاویندا گنگڵیان دەدا کەوتە سەفەر. دەمویست فامکردنێك لەنێوان رۆژگاری رژێمی سەددامو ئێستای کوردستاندا بدۆزمەوە. بەڵام ئاگاییەك لەئەزموون، تیۆریو کێشەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کورد، وەك چاودێرێك بەدوای هەنگاوی سەفەری خەیاڵاندنە خێراییەکانمەوە بوو. دیمەنە خەمهێنەرەکانی شانۆی دەستوورو مافی کوردم هاتەوە بەرچاو، کە وێنای دووبارە بوونەوەی مێژووی کورد بە یاد دێننەوە.

لەهیکرا گەیشتینە دەرەوەی خاڵی کۆنترۆڵی ئیبراهیم خەلیل. کۆمەڵێ خەڵك کە لەدەرەوە هاتبوونەوە، بە خزمەکانیان گەیشتنو بەرەو ماڵ بەڕێکەوتن. تەنیا من بووم کە چاوەڕێی کەسم نەدەکرد. بەڵام بوومە هاوسەفەری یەکێك لەو هاوسەفەرانەی کە ئۆتۆمبیلی‌خزمەکەی، یان برادەرەکەی بە دوایدا هاتبوو. ئۆتۆمبێلەکە بە رێگا پێچاوپێچەکاندا بەرەو دهۆك کەوتە گەڕو ئەوانیش کەوتنە قسەکردن. منیش لەگەڵ دیمەنی شاخەکان، کوردستان، ژیانی پێشمەرگایەتیو ئاوێنەکانی تاراوگە، وەك زەریایەك لەهەڵم بە بەرچاومدا تێدەپەڕین.

شوفێرەکە لەگەڵ گۆڕینی کاسێتی گۆرانییە تورکییەکان مەستتر دەبووو ماشێنەکەشی لەنشێوەکان خێراتر غلۆر دەبۆوە. لێرەوە تێگەیشتم کە چۆن کولتووری داگیرکردن لەرێگای یارییە جیاوازەکانەوە چێژو ئاگایی کوردی قووتداوە. من لەتورکی زانینی ئەو هاوڵاتیەی کوردستان دڵنیا نەبووم، بەڵام لەلایەك، لەبەر کۆمەکی هاوسەفەرەکەم کە وەك چاکەیەك منی هەڵگرتبوو، لەلایەکی تریشەوە، سەرمەست بوونو رۆچوونە ناو خەیاڵی ئەڤیندارانەی شوفێرەکە بەدەم ئاوازی ئەو گۆرانییە تورکییانەوە، دڵم نەدەهات بەسەرنجەکانم کەشو هەوایەکەیان شێلو بکەم. دواجار تێگەیشتم کە ئەو شوفێرە تورکی نازانێ، بەڵام گوێگرتن لە گۆرانی تورکی لەلای بەشێك

لەو نەوەیەی کوردی دوای راپەڕین‌و بالادەستی تورکمانەکان، وەك جۆرێك لەنیشانەی هاوسەردەمی بوون وێنادەکرێت.
رەنگی کالّی ئێوارە بەناو دڵو دامێنی کێوەکاندا هەڵدەزناو ئێمەش لەدەروازەی دهۆکدا لەیەکتر جیابووینەوە.

٤

بەرەڤان، هاوڕێی دێرینەم، کە دوای چوار ساڵ زیاتر چاوەڕوانی‌کردن بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە سوێدو ئەمساڵ ناچار بوو، بەخۆی، بۆ ئامێدی بگەڕێتەوە، لەدهۆك چەندان سەعات چاوەڕوانی کردبووم. بۆیە وەك چۆن لەسوێد لەسەر کێشەی دواکەوتن لەگەیشتن بەدیدارەکانمان لێم توورە دەبووو لێرەش، وەك جاران، یەکەم دیدارمان بەشەڕ دەستپێکرد، دوای پێکەنینێك کەوتینە کێشەی چاوەڕوانی. دهۆك لەناو ماشێنە زۆرەکان شەپۆلی دەداو دەمنادەمیّ چاوەکانم لەزمانی عارەبی سەر کۆگاو دوکانەکان هەڵوەستەیان دەکرد. دەمویست بەهانەیەك بۆ ئامادەیی ئەو زمانە بدۆزمەوە، بەلام هیچێك لە بەهانەکان رازییان نەدەکردم. رووم لە بەرەڤانی هاوڕێم کردو کە وەلامێکی باشترم بۆ بدۆزێتەوە، کەچی بەدەم خەندەیەکی چیا ئاسای خۆیەوە بە گالتەیەك لەکێشەی زمانی عەرەبی دەربازی کردم‌و سەفەرەکەمان بەرەو ئامێدی، مالّی ئەو بەردەوامبوو. لەپەنجەرەی ماشێنەکەوە شنە بایەکی فێنك کە لەرۆحی شاخ‌و گەلییەکانی ناو بوولێلّی ئێوارەوە هەڵیدەکرد، گەرمی یادەکانی ئێمەی دەلاواندەوە.
سەربازەکە هاتە پێشەوەو بەدەم تەماشاکردنی ئێمەوە بەپرسیاری "لەکویّ دێن‌و دەچن بۆ کویّ" ئەرکی کۆنترۆلکردنەکەی خۆی بەجێگەیاند، کە دوای تێگەیشتم ئەو پرسیارە سادانە لەهەموو خالّی کۆنترۆلکردنەکانی کوردستان دووبارە دەکرێنەوە، وەلامی خەلکیش هەمیشە دووبارەو کۆمیدی بوون. چونکە تۆ بەگوێرەی حەوسەلەو پێویستی خۆتەوە دەتوانی پرسیاری سەربازەکانی کۆنترۆلکردن بدەیتەوە. ئێستاش، بێجگە لەمەزەندەی ئەوەی کە ئەو شێوازە بۆ دابینکردنی ئاسایشی کوردستان، تەنیا جۆرێکە لە ئاستی سادەیی ئەو دامەزراوەی کە ئەرکی رێگەگرتنە لەو تیرۆرەی کە دونیای ئەمڕۆی بەخۆیەوە سەقالکردووە، نەمتوانی بەلگەیەکی تر بدۆزمەوە.
لەگەڵ بەجێهێشتنی خالّی کۆنترۆلەکەو لەهیکرا ئەو ئێوارەیەم بەیاد هاتەوە، کە لەسالّی ١٩٨٦دا وەك مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە لەدەڤەری لای هەولێر هاتبووین بۆ دەڤەری ئامێدی‌و لەگەڵ "لقی ٥"ی حیزبی شیوعی

بۆسەیەکمان بۆ مەفرەزەی رژێمی بەعسی دانایەوە کە کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایەی دەکرد، کە ئێستا، بەسەردان دوای ئەو هەموو ماوەیە، سەربازی کۆنترۆڵەکە لە سیمای "نامۆ"ییم دەکۆڵێتەوە. بەڵێ، لەئێوارەیەکی زوودا، بەناو درەختەکاندا کەوتینە دەستڕێژی ئەو تانكو سەربازانەی ڕژێم، کە رۆژ هێشتا لەوبەر لەسەر لووتکەی زنجیرەکانی چیای گاراوە تیلەی چاوی ئاوێزانی جەستەی ئێمەو هەڵەتەکانی شاخی مەتینی بەر ریژنەی تۆپو گوللە ببوو.
بەرەڤان، تاو نا تاوێك بەدەم باسکردنی ناوی شوێنو ئاقارەکانی ئەو دەڤەرەوە لەسەرگەرمی شریتی سەفەری بیرهاتنەوەکانم رایدەپسکاندم. شەوی کوردستانیش تا دەهات دیانەی ئەو شاخانەی کە لەقوولایی چاوی یادەوەرییمدا هەڵدەچنیەوە، بە جەغتکردنەوەی ئامادەیی بوونە سوورمەییە تۆخەکەی خۆیەوە، وندەکرد.
بەدەم لاوکی چەلەکەوە لەسەربانی ماڵی بەرەڤان لەخەو بێدار بوومەوە، نیگایەکانم لە کێوی مەتین ئالاّنوئامێدیش لەناو شەبەنگی کازیوەدا، دەتگوت میرێکە لەگەڵ سوارچاكو ئەسپە کەحێڵەکانییەوە لەسەر "دەرگای بادینان"دا بەری خۆی داوەتە بێدەنگیّ چیای مەتینو بۆ ئەم مێژوویەی کە سەرقاڵە بە کەڵەکەکردنی ئاگاییە رووکەشو ساختەکانی، لەئەزموونەکانی خۆی دەپەیڤیّ.
ئامێدی هەر تەنیا شارێك نییە بەشوێنە دلڕفێنەکانی بەهادار بێت، بەڵکو شارێکە دەکرێت وەك لانکەی یەکێك لە سەرچاوەکانی دەسەلاّتی سیاسیو شوێنەوارێکی مێژوویی سەیر بکرێت. بەلاّم ئەگەر ئامێدی، وەك شارێکی بچووك لەدەڤەری باهدینان، لە شەستو حەفتایەکانی سەدەی بیستدا سەرچاوەی بەرهەمهێنەری دیاردەی رۆشنبیریو فراژانی شارستانی بێت، کەچی ئێستا لەو رەوتە دەستەبەردار بووە. شارێك هیچ سیمایەکی شارێکی مێژوویی‌و جیاوازی تێدا بەدیناکرێت. دەسەلاّتی پارتی لەپێناوی مۆنۆپۆلکردنی ئەو شارەدا، هەموو ژیانێکی جیاوازی لەناو پێکهاتەی ئەو شارەدا سڕیوەتەوە. هەردوو دەرگای کۆنینەی شاری ئامێدی، لەجیاتی کردنیان بە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی سیاسیو هونەری تەلارسازی کوردی کەچی بەپشتگوێ خستنو بەپەراوێزکردنی ئەو پاشماوە کۆنینە، لە مۆڵگەی زبڵو کاولگەیەك دەچێت. لێرەوە ناوەرۆکی پرۆژە کولتووریو سیاسییەکانی ئەو دەسەلاّتە خۆی ئاشکرا دەکات. دەسەلاّتێك کە لەم شارەدا سەرقاڵە بە ڕازاندنەوەی بارەگای حیزبیو بە پەراوێزکردنی

دەنگە جیاوازەکان، ناتوانێ خاوەنی پرۆژەیەکی فرە رەهەندی کولتووریی بێت. ئەو جۆرە دەسەڵاتە ناتوانێت بیر لە کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی نەتەوایەتی بکاتەوە، بەڵکو پرۆژەی ئەو دەسەڵاتەو بە حیزبیکردنی ژیانو مێژووی کۆمەڵگایە. بۆیە لەم شارەدا، وەك تەواوی شارەکانی تر، هێمای حیزبایەتی بەهەموو کردەوەکانی ئەو دەسەڵاتە دوو رەنگەی کوردییەوە دیارن.

ئامێدی دوای ١٥ساڵ لەئەزموونی دەسەڵاتی کوردی، لە شارەگوندێکی شێواو دەچێت. کاتێك بەکۆڵانە تەنگەبەرەکەی ئامێدی تێدەپەڕی، لەنیگای چاوەکانەوە تۆ خۆت وەك بێگانەیەك دەبینییەوە.

هەر بۆیە ئامێدی لەشاری خێزانێك دەچێت، نەك شارێکی کۆنینەی خاوەن ئەزموونی میرنشینی باهدینان. ئەمەش نەك هەر دەرگای گۆڕانکاریو ئاوەڵایی بەڕووی ڕەنگە جیاوازەکانی دیکەوە دادەخات، بەڵکو لەمێژووی خۆشی نامۆ دەبێت. بەڵام ئاستەنگی دیاردەی فراژانی خێڵگەراییو ناوچەگەرایی هەر تەنیا لەدیمەنی پێکهاتەی ئامێدی لەئارادا نییە، بەڵکو لەسەرتاپای جڤاکی کوردستاندا لەبرەودایە. دەسەڵات ئەمڕۆ بەهاندانی کەناڵەکانی خێڵو خێزانەوە کۆمەڵگای کوردستان بەڕێوە دەبات.

لەوێستگەکانی داهاتوودا ئاوەزی سەرۆکی زانکۆی سۆران، ئەلوەند دزەیی دەخوێنینەوەو کە ڕۆڵێکی گرینگ لەشانۆی پەروەردەی نەوەی داهاتووو ژیانی کۆمەڵگایەکی "مەدەنی" دەنوێنێت، لەنیازی پاکی ئەو خەمە پەروەدەییەی خۆیەوە، وەك وێنای مامۆستایەکی کارامەو ئەگەر وەك ئەو بۆینباخێك لە چەشنی پەروەردە ئامێزی خۆی لەملم بکەم، ئەوە قەولی پێدام، گەر بگەڕێمەوەو لەوێ ببمە مامۆستایەکی هاوکاری بۆ پڕۆژەی پەروەردەی ئەو نەوە داهاتووەی کورد، ژنێکیشم بۆ بێنێت.

٥

ماشێنەکە بەڕێگای پێچاو پێچی ئامێدییەوە بەرەو ئۆردوگایەکانی شیلەدزێو ئۆردووگایەکانی دەوروبەریو گەلی باڵندە وڕێنەی دەکردو بەڕەڤانی هاوڕێشم لەگەڵ گۆڕینی سترانبێژەکاندا، ئاماژەی بەو شوێنە دەکرد کە کاتی خۆی شەوانە خاڵی پەڕینەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بوو بەرەو گوندی سگێڕو بەری چیای گارا.

لێرەوە شوێن، هەر تەنیا بیرهاتنەوەی رووداوێك نییە، بەڵکو کایەی مێژووو کات نمایشدەکا. دەمنادەم بۆنی نانو ئەستوورکی سەرساجی ماڵەکانی گوندی سگێڕو سەر گەلی، کە دوای ڕێگا دوورەکانمان بەتامەزرۆوە بەچای دەستی

کیژە شەرمنەکانەوە دەمانخوارد، یادەوەری بۆنرێژ دەکردم.
زنجیرە شاخی مەتین، وەك دیمەنی مەفرەزەیەکی دوورو درێژ لە مێژوو، لەژێر گەرمای عەسرێکی وروژاو بەناو روحی تاراوگەی مندا رۆدەچوو.
ئەو شوێنانە هەموو دەقی مێژوویەکی نەخوێنراوەن. بەڵام ئەوە مێژوون‌و تەواو. مێژوو لەئێستادا دەستپێدەکا، یان ئەوەی کە دەژین مێژووە، ئەوەی رابردوو، مێژووەکی ترە. بەرەڤان، بەدەم ئاژوانی ماشێنەکەیەوە، بێ سڵەمینەوەو بەو وەڵامە ویستی جەغت لەسەر ئەزموونی ئێستای سیاسی بکاتەوە.
گەلی باڵندە، ئەو دۆڵە عاسێ‌و دوورو درێژەی کە رووبارێکی سارد قووڵایی ناخی دەبڕی‌و لەکاتی "ئەنفال"ەکاندا بوو بە داڵدەو گۆڕستانی هەزاران کوردی ئەو دەڤەرە. گێڕانەوەی سەرگوزشتەکانی بەرەڤان سەبارەت بە "ئەنفال"، وەك راڕەوەکانی ئەو گەلییەو کۆتایی نەدەهات. هەردوو ریزە شاخەکانی ئەمبەرو ئەوبەری گەلی باڵندە لەقەڵایەکی مێژوویی گەمارۆدراو دەچوو. بەڵام بینینی رێگایە دوورو درێژەکانی ئەو گەلییە بەکاتە شپرزەکانی ئێمە خەتم نەدەبوو.
ئێوارەکەمان لەسەیرانگای سوڵاڤ بەسەر برد. پەلیکانە بەردینەکانی سوڵاڤ تا سەر مەتین

بەلەدی کردین. شنەبایەکی فێنکی ئەو جۆگەلەی، کە لەسەرەوە لەسەرچاوەی کانییەکەوە بەتەنیشت پلیکانەکە دەهاتە خوارێ، یادەوەری ئاوپڕژێن دەکردم. بیرم لە چەشەی هونەری ئەو پلیکانە دەکردەوە، کە هەمەئاهەنگییەکی جوانی لەگەڵ سروشتی شاخ‌و سۆلاڤ هەبوو. دەمویست لەو ڕاستییە دڵنیابم کە لەدوای رژێمی بەعسەوە کورد دروستی کردبێت، کەچی بەرەڤان لەوە دڵنیای کردمەوە، کە کاتی خۆی بە بڕیاری سەددام وایان دروستکرد. لەراستورانێك دانیشتنین، کە وەك زۆرینەی راستورانەکانی تر، خاڵی بوو لەخەڵك. دوا تاوێك لەبەر ساردیخوڕەی ئەو جۆگەلەی کە بەناو رەستورانەکەدا گنگلی دەدا، بەرەو ماڵی بەرەڤان رۆیشتین.
ئەوەی کە لەمێژبوو بەدوای تێگەیشتنی دەگەڕام، باری رۆشنبیریی شاری ئامێدی‌و دەڤەری باهدینان بوو، بەڵام وەك تێگەیشتم، لەم شارەدا تەنیا ناوو خانووی رێکخراوی پارتین کە ژیانی رۆشنبیریی دەنوێنن. بەرەڤانی هاوڕێم، دەکۆشا لەهۆکارەکانی نەبوونی رەوتێکی چالاکی کولتووری لەشارەکەی، ئامێدی، ئاسۆیەکم بۆ بدۆزێتەوە، کەچی گشت ئەو هۆکارانەی کە ئەو باسیدەکردن، نەیاندەتوانی گومانەکانی من لەنەبوونی ژیانی وشە لەم شارە مێژووییە بنەبڕ

بکەن. بەهەمەحاڵ، ئەمەش ئاستەنگێکە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو رەفتاری سیاسی بەرهەم هێنەریەتیو ئاخاوتن لەسەریان بێنێکی درێژی گەرەکە.

دوای سێ رۆژ بەسەربردن لەمیوانداری گەرمی ماڵی بەرەڤانو گەران بەشوێنەکانی ئەو دەڤەرە، بەرەو هەولێر بەرێکەوتم.

٦

ئێستا ستۆکهۆلم وەك کەشتییەك بەدەم سەفەرێکی دوورەوە، لەبەر نمەبارانی هاوینێکی لەهەتاوتۆراودا وێل بووە. پۆلە چۆلەکەیەکیش، کە رەنگە تازە کۆچەکەیان کۆتایی هاتبێت، تاو نا تاوێك، کۆپلە کۆپلە، بە چرینی سەرگوزشتەی یادەوەرییەکانیان، شەوەکەو نیگایە بزاوو سێرەگرتووەکانی من تەنگەتاو دەکەن، دەنگی ئۆتۆمبێلێك هانك هانك مەودای بیستنم جێدەهێڵێ، چۆلەکەکانیش بێدەنگ دەبنو بواری هۆنینەوەی شوێنپێیەکانی سەفەر بۆ من دەرەخسێنن: لەئێوارەیەکی خۆڵباران دیواری دەرەکی قەلای هەولێر، کە بەدەستنووسێکی ئالۆزو گەچراوی دەستی مێژوویەکی تالانکراوە دەچووو، گەمارۆ درابوو. ناو هەولێریش لە قۆمەتە خۆڵی ئەو جورجانە دەچوو، کە کاتی خۆی مەراقم بوو، کە بزانم چۆن ئەو جورجانە لەژێر زەوییەوە بەهەڵدانەوەی خۆڵ ئەو دیمەنە زیکزاكو ئەندازەییانە لەسەر خۆیاندا ساز دەکەن. بەلام ئەگەر دیمەنی قۆمەتە خۆڵەکانی جورجە کوێرەکانی ژێر ئاخ، یارییەك بن لەغەریزەی ژیان، یان هێمایەك بن لەمانای شوێنی گیانەوەرانەی ئەو جورجانە، کەچی دیمەنی ناشیرینی خانووە نیوەچڵو خۆڵە هەڵدراوەکانی ناو شاری هەولێر، رەنگدانەوەیەکن لەپاشخانی ئەقڵو ناوهاوئاهەنگییەی ئەو سیستەمە بالادەستە. ئەو دیمەنەش گەمەیەکە لەگەمەکانی پەیوەندی بازرگانو لێپرسراوەکانی ئەو دەسەلاتە. بەلام ئەوەی کە وایدەکرد ئەو دیمەنانەم لەزەین فەرامۆشبکات، دیداری چەند هاورێ، خزمو شوێنگەلێکی یادەوەری لاویەتی بوون.

چەند رۆژێك بەر لەگەرانەوەم بۆ کوردستان، جەمال پیرە، بەرێوەبەری نووسینی گۆڤاری "نما"و ناوەندە رۆشنبیرییەکەی، هەواڵی دەرچوونی ئەو کتێبەی کە وەرمگێرابوو، "فەلسەفەی کۆچەری" پێراگەیاندم. سامانی منیش، ئەو سامانە مادییە نەبوو، کە زۆرینەی خەڵکی ئەوروپانشین لەگەڵ خۆیان بۆ کوردستانی دەبەنەوە، بەڵکو تەنیا ئەو کتێبەو دوو کتێبی تر بوون کە بۆ چاپ لەگەڵ خۆم بردبوون. ئاخۆ

منـی ئـاوێزان بەنووسـینو سـەرقاڵ بەخوێنـدنی زانکۆ، بێجگە لەبردنەوەی بیرۆکەو زانیاریی ئەو ئەوروپایە، چیتری هەیە بکاتە دیاری ئەو شوێن، یادەوەریی‌و هاوڕێیە هاوڵاتیانەی، کـە بەبـەهاو گرینگـی وشـە سـەرەتاگەکانی ژیـانی منییـان خەملاند؟ هەرچۆنێك بێت، کۆمەکییەکی شێروان خـدری روح قـەرەجی‌و هـاوڕێ، عەبدولموتـەلیب عەبدولای شـاعیرو هـاوڕێی بێـدەنگی، جـەمال پـیرەی سـەبورتر لـەئاوو ئیسـماعیل کـوردەی لاتەریك‌و ئامادە لە دیدارە دۆستانەکانمان. وێڕای حەمـە عـەباسـی شـاعیرو هـاوڕێی دێرینـەم، لەجوانکردنی شوێن، لەدیـدارو چـاپکردنی ئـەو کتێبەو نووسینەکانم، لەخۆم دڵسۆزتر بوون. ئەو کاتە ناسکانەی، کە لەو سـەردانەدا لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانە، بەسەرم بردن، تەنیا جوانییەك بوو کە هانمبدات لەگەڵ شوێن دردۆنگی ژیانی ئـەمرۆی کوردستان‌و یادەکانی رابردوو ئاشتم بکاتەوە.

بـەلێ، "فەلسـەفەی کۆچـەری" و دیمانـەی ئـەو هاوڕێیانـە تاکـە شـوێنێکی درەوشـاوەیە کـە لەیادەوەری ئەو سـەردانە دەمێنێتـەوە. رووداوو دیمەنـەکانی تـری کوردسـتان، بێجگـە لـەو شـوێنانەی، کـە ئەمەکدارانـە بـۆن‌و رەنگـی یادەوەری رابـردووی منییـان کـاڵ نەکردۆتـەوە، مایەی پەرێشانی نیگـای تاراوگـەیی مـن نـین. مەزەندەشم خەریك ناکەن، چونکە لەئاگایی من، کـەم‌و زۆر، کتـوپڕ بـەئاکارو رەفتارەکانیـان شاگەشکەیان نەکردم.

لێـرەوە، ئەگـەر لـەو پانتاییـە رۆشـنبیرییە بـازاڕێنراوەی ئـەمرۆی کوردیـدا، ئـەو کتێبـە بکەوێتە نـاو قـوورگی فەرامۆشییشـەوە، بـەلام ئەوەندە بەسە کە ئەو هاوڕێیانە وەك دیارییـەکی من وەربیگرن. دەبـا وەك رۆناکییـەك لـە وشـە، کتێب بکەینە دیاری ماڵ.

### ٧

حەوسـەڵەی وەلامـە خەمهێنـەرەکانی ماڵـەوەم نـامێنێ‌و تەلەفۆنەکـە دادەنێمـەوە. دەچـمە باڵکۆنی ماڵەکەم، جیرانەکەمان بە سـوێدییەکی داگیرکراو بـە ئـاوازی زمـانی ئیسـپانییەوە لـە کێشەی تیرۆریزم‌و هەواڵی ژیانی تاراوگەبوونم لـە ماڵـەوە لێ دەپرسـێت. وێنـەو رووداوەکـانی کوردسـتان، وەك رەوە باڵندەیـەك لـە زمانمـەوە هەڵدەفڕن‌و ئەویش بە دیـوی دەرەوەی جاخانـەی کتێبخانەکـەی ژوورەکەمـەوە نوسـابوو هەڵوەسـتەیەك دەکـەم. لەسـەر رووی قـەلاتی هەولێر، کەرێکی جـوان، کـە دەمخستۆتە سـەر شەکرۆکەیەکی دڕکاوییـە. نیگایـەکانم بـە سـەر پشتی ئەو کەرەوە سەرهەڵدەگرێ.

لەوکاتانەی کە ماڵەوە بێهوودە لەسەر ئەوەی، کە من دوای ئەو هەموو ساڵە پێشمەرگە بوومە، کەچی نە مەعاشم وەرگرتووەو نە خاوەنی "پارچە" عەردێکم، بەرۆکیان دەگرتم، دەهاتمە دەرەوە. لەبەر سێبەرێك، یان هەوارێك کە ئەوان دەستنیشیانییان دەکرد هاوڕێیەکانم دەبینی. گەرمای وشکی هەولێر هەنگاوەکانی شپرزە دەکردین. لەناو تێکقژانی خەڵك‌و ماشێنەکانەوە عارەبانچییەکان بەدەم سرینەوەی شریتەی دڵۆپە ئارەقەکانیانەوە، وەك مێژووی شەکەتی کورد، عارەبانە بارکراوەکانییان قورس قورس بەدوایاندا دەخولایەوە.

دەمویست مانایەك لەنێوان ئەو دیمەنە خەمینەو بانگەشە گەرمەکانی ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییەی کوردستان بدۆزمەوە، کە گۆڤارە قەبەکانی کوردییان داگیر کردووە. لەهەولێری پایتەختی کۆمەڵگای مەدەنییدا تەنیا کتێبخانەیەك هەیە، کە بە میرات لەسەددامەوە بەجێماوە. بەڵێ، هەرچەندە من لەولاتی سوێد هەموو تیۆرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و شێوازەکانیم خوێندبوو، کەچی نەمتوانی لەزۆر لایەنی تیۆری کردەوەیی ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییەی کوردستان تێبگەم. من لەهیچ کۆمەڵگایەکی مەدەنی رۆژئاوا، نەمبیستبوو کە ئەگەر خزمەتگوزارێك، یان مامۆستایەك دوای کار بکات، دەبێ تەزکییەی حیزبی بالادەستی هەبێت! بەهەمە حاڵ، من زۆر شتم لەو کۆمەڵگایە مەدەنییەم بینی‌و بیست، کە ڕەنگە جۆرێك بن لە پێشقەچوونی تیۆرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێشتر نەمبیستبوون‌و نەمبینیبوون. لێرەش حەوسەڵەم نییە ئەو هەموو تیۆرییە بژمێرم.

بەدەم ئەو تێفکرینانەوە دەکەوتمە دوای هاوڕێیەکانم. کە شەقامە تەنگەبەرەکان تەنگەتاوییان دەکردین، دواجار سەرمان بۆ یەکێك لەو نادیانە هەڵدەگرت کە مۆڵگەی نووسەران‌و مەیخۆران بوون. شەوانە حەوشەی ئەو نادیانە، کە تەنیا پیاو بوون، بەکێڵگەی قەلەڕەشەکان دەچوون. لەهیکرا بارە ئاپۆرە لەژنە رەنگاوڕەنگەکانی سوێدم بەبیر دەهاتنەوە. بەهەمە حاڵ، ڕەنگە بەئاسایکردنی ئامادەیی ژن لەو نادیانەو شوێنە وێکچووەکانی، کەمێك لەباری گرژو ئاڵۆزی پیاو خاوترو ناسکتر بکاتەوە. هاوکاتیش ئەو بەگرێبوونە لەوێنای ژن کەمێك بەرەو سروشتی بوون بڕوات.

هەریەکێك لەو هاوڕێیانەم بەچەندان شێوە لەیەکتر جودا دەبوونەوە، بەلام ڕەنگە میهرەبانی‌و لاتەریکی ئەوان لەو واقیعە شێواوەی نووسەرگەلە مشەخۆرەکانی ئەوێ‌و کە دەرهێنەرو ئەکتەری هەموو شانۆیەکانی خۆ خۆری‌و پاڵەوانی وەرزشی زارەکی، یان بەواتای

مەسعود موحەمەد، زار قەڵەباڵغن، لەبەکارهێنانی دەستەواژە فەلسەفییەکان، هۆکارێك بن بۆ زەمینە خۆشکردنی پەیوەندییەکانمان. دەکرێ شتگەلێکی چکۆلانەش بن لە بۆ لەیەکتر نزیکردنەوەی یەکتر. چوزانم. ئەگینە من گەلێك لەو نووسەرە خاوەن دەسەلاتانەی هەولێر لەمێژە دەناسمو بەشێکیش لەوانە، بەرلەوەی وا دەست درێژ بن بەسەر پانتایی نووسینی کوردیو لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەیەك ژوور خەوتینە، پاشان رۆژگارێك نامە گۆڕینەوەمان لەگەڵ یەکتر هەبووە. لەوەش زیاتر، رۆژگارێك کە تا وا بەپوڵداری، نەك ژیانداری، لووتبەرز نەبوون، یان وەك خۆم ئاسا خاکی بوون، کۆمەکی ماددیو مەعنەویم کردوون. کەچی کە هاتمەوە، بێ ئەوەی من پێویستم بە منەتبار کردنی ئەوانە بێت، رەنگە لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو بن، وەك ئەوەی کە ئەمرۆ باوە، سرە بۆ زیارەتکردنییان بگرم. گەلۆ چما بەرژەوەندیو پول، زۆر جار، مرۆڤ دەعەجان دەکات؟

ئاپۆرەی خەڵكو سەرابی ماشێنەکان، نەك هەر گەرمای هەولێری زیاتر دەجۆشاندو بەڵکو بێدەنگی موتەلیبیشی شێلو دەکرد.

بیرکردنەوەکانی موتەلیبی هاوڕێم لەژیانی ئەمرۆو زمانی نووسیندا، بێدەنگییەکەی ئەوی خەستتر کردبوو. بۆیە موتەلیب وەك شاعیرێك، شیعرەکانی نمایشێکن لەجولەی بێدەنگییەکانی. کەچی کەریم کاکە هاوڕێی دەورانی پێشمەرگایەتیم، وەك سێبەرێك کە پێناچێت بڕەوێتەوە، هەندێك جار، وەك لەرینەوەیەك لەبێدەنگییەکانی، بۆئەوەی ئامادەیی خۆی لەهاوڕێیاتی دیدارەکان جەغتبکاتەوە، بە دەربڕینێکی گاڵتەئامێزو هەمیشەش کورت، تیشکێکی دەخستە سەر ژیانی ئەمرۆی کوردستان. لەو قسانەی کە ئەو لە ڕێگای قسەی نەستەقی کوردییەوە پێناسەی ژیانی کۆمەڵگای کوردی دەکرد: "ئاشی نەزانان خوا دەیگێڕێ" بوو.. ئیتر دوای ئەوە لە بێدەنگییەکەی پشتی لێدەکردەوە. هەروا شیعر نووسینی کەریم کاکە، بەهەمان مجگێزی بێدەنگییەکەی لەدایك دەبێت.

لەوکاتانە برێك جار، بەدەم خەیالاندنی خۆمەوە زۆر بیرم لەخەسڵەتی بێدەنگیی ئەو هاوڕێیانە دەکردەوە. لەوانە گێڕانەوەی ئەو بێدەنگییە بۆ سروشتو کەژو هەوای هەولێرو پێکهاتە کۆمەلایەتییە لێکناکۆکییو مێژوویەکانیو.....، کەچی ئەوانە هەموویان بۆ بیرکردنەوەکانم نەبوونە بیانۆیەکی بنەبڕ. رۆژێکیان بەدەم گفتوگۆی باسێکی نێوانو منو موتەلیببەوە، موتەلیب باسی ئاستەنگی شێوە ئاخاوتنی هەولێری دەکرد: مرۆڤ کە لەنێوان مەرجی ئەو

ئاخاوتنەو مەرجی ئاخاوتنی رۆشنبیریدا، تووشی ئاستەنگێك دەبێت، كە وادەكات مرۆڤی هەولێریی كەمدوو قورس بئاخڤێ، یان گرفتێك لەبەردەم دەربڕین دروست بێت. موتەلیب دەیویست بەهێنانەوەی ئەو هۆكارە وەلامێكی قوولّ بۆ ئەو بێدەنگییەی خۆی بدۆزێتەوە، بەلاّم شەپۆلێك لە دەربڕینی گومان رووخساری لێڵدەكرد.

هەرچەندە بەئاكار حەمە عەباسی هاوڕێی شاخو ئەمەكدارم، كۆمەلاّیەتیتر دیارە، بەلاّم ئەویش لەو بێدەنگییە پشكدارە. حەمە هەمیشە بەرەو سادەیی دیدارە مەحشەر خۆشەكاندا دەشكێتەوە. حەمە عەباس، بەزۆری، لەگفتوگۆیە رۆشنبیرییەكاندا گوێگری هەڵدەبژارد، بەلاّم كە دەبووە ئاهەنگو بەزم، دەبوو بەتەپلّ لێدەرو گۆرانیبێژێكی بزێوو سەمای گەرم دەكرد. لەشیعرو نووسینەكانی حەمە عەباسدا، جۆرێك لەنەوای گۆرانیو گەڕانەوە بۆ سادەیی، یان مجگێزی خۆش ئامادەییان هەیە.

شێروان خدری بێماڵیش، كە دووەم جار بوو بینیبمو لەدوورەوەش وەك برایەكی هاوڕێ لەرێگای ئیمەیلو چاتەوە چەندان شەڕو گفتوگۆی فرە رەنگمان هەبوو. شێروان وەك چۆن بەسەركێشی خۆی بووە پسپۆڕی تەكنیكی كۆمپیوتەر، بەهەمان شێوەش، ماوە ماوە، مەیلە سەرەڕۆییەكانی خۆی لەناو شیعرو نووسینەكانی دەتەقێنێتەوە، جەمال پیرە جەستەیەكە لە مەیلی چالاكیی، بەلاّم ئاراستەكانی هێشتا نادیارن. هاوڕێیەك كە جێگەی بڕوایە لەساتە سەختەكاندا ئامادەیی هەبێت. وەك نووسەرێكی نوێ، بەشێوەیەكی ئیدیالی حەز دەكا هاوڕەوتی ئاسۆیە نوێیەكانی ژیانی رۆشنبیریی بێت.

٨

لەگەلّ هەنگاوەنانی ئێمە بەناو شاری هەولێردا، زەردەواڵەی تیشكەكانی هەتاوی هاوین ئەو هاوڕێیانەی بەهاوار دەهێناو تووشی سواربوونی ئۆتۆمبێلیان دەكردم، بۆیە زوو لەبزێویو رەنگی تەڵخی منداڵە بۆیاخچییەكان وندەبووین. هەرچەندە ئەو منداڵە بێنازانەی كوردستانی سەروەتو سامان خوراوی دەسەلاتو دەوروبەرەكەی، دەیانبینی پێلاوەكانی من هی بۆیاخكردن نین بەلاّم، هەروەك جەغتكردنەوەیەك لەمانای خۆیان، هەر ڕستەی "مامۆستا پێلاوەكەت بۆ سبوغ بكەم"یان دەگۆتەوە. هەموو جارێ موتەلیب، كەریم كاكەو حەمە عەباس، یان جەمال پیرە، بە هەراسانبوونیان لەدەست گەرمای شەقام، دیواری بۆن كرۆزی هەولێر نەیاندەهێشت تێربم لەتەماشاكردنی ئەو

کتێبانەی کە ناونیشانو وێنەی کیژە مەمكو لنگ مەیلەو رووتەکانی سەر بەرگو دوای لاپەڕەی رۆژنامەکان، کە بە گوێرەی بیرکردنەوەی من، نە ئەو ناونیشانو نە وێنەی هەوەس بزێنی ئەو کیژانەش، هارمۆنییەکی هەیە لەگەڵ ژیانی شەقامی پڕ لەپیاوی بچم تووڕەو شەکەتی ئەو شارەدا. ئەو ژنانەی کە بەمنداڵە ساوایەکانی کۆشیانەوە لەناو کۆڵانە تەنگەبەرو عاجباتییەکانی شێخەلاَ دەرۆزەیان دەکرد، ئاوازی پاڕانەوەکانیان بۆ خێر پێکردن هێندە خەمهێنەر بوو، ئیتر نەمتوانی ئەو بازاڕە سیخناخکراوە لەو هەموو شتە بێ پەیوەندییانە لەگەڵ یەکتردا، ببینمەوە. لەوەش ناخۆشتر، قەڵس بوونی ئەو هاوڕێیانە بە خۆ نمایشکردنی هەتاو لەبەهایەکی گەرمی خۆی بوو، کە تاوێك هێور نەدەبوونەوە تاکوو گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکی سەنگسار کەمێك گوڵەبەڕۆژەم بۆ لەناو ئەو رۆژنامانە بکات، کە لەبەر هەواڵو راپۆرتە پفکراوو لێکچوونیان لەیەکتریو روویان زەرد ببوو. تێپەڕین بەخاڵی کۆنترۆڵەکانی ناوشاریش بەفێربوونی سلاوێکی شێوازی بەرپرسیارانە، یان سواربوونی قەمەرەی "مۆنیکا"، لە سەر ئێشەی شریتەی راوەستانی ئۆتۆمبێلەکانو گومانی تیرۆریست بوونت رزگارتدەکات. لەو رۆژانەی کە دەهاتینە ناو شار، دەمویست ژمارەی ئەو ژنانە بزانم، کە دەمنادەمێ، وەك باڵندەی راونراو تێدەپەڕینو ئاپۆڕەی چاوی پیاوە راوچییەکان بەدوای سمتیان دەکەوتن.

هەروەك پۆلە چۆلەکەیەك لەسەر درەختی خەیالاَندنەکانم بەناو تاراوگەی بەر باران هەڵبفڕن، نیگام بە دیمەنەکانی سەر کەنار دەریاچەکانی سوێد لەنگەری دەگرت. جەستەگەلێکی رووت لەژنو پیاو لەبەر هەتاوێکی مەیلەو گەرمدا بەسەر ئەو گیایە سەوزانەدا دەبریقانەوە. تیشکەکانی هەتاویش لەسەر مەمکە سرکو رانە سفتو لووسەکانی ژنەکان خپ دەبوون، بێ ئەوەی نە ئەو پیاوانەی کە لە تەکییان راکشا بوونو، نە ژنەکانیش ئاوڕێکی هەوەسییانە لەیەکتر بدەنەوە.

هۆڕنی ماشێنە کوێرەکان مەیلی وردبوونەوە لەشتە فڕێدراوەکانی سەر شەقامە بێ شۆستەکانی سستدەکردمەوە. بەلاَم مخابن دەرفەت نەبوو لەدەمی ئەو رۆناکبیرانەی کە دێن بۆ "چایخانەی مەچکۆ"، گوێ لەدەستکەوتو هەنگاوەکانی ئەو "کۆمەڵگایە مەدەنی"ەی کوردستان بگرین. کاتی ئەوە نەبوو کە لەدوای تەواو بوونی قسەکانیان لەمەڕ سەرکەوتنەکانی ئەو "مەدەنی"یەتە، پرسیاری ئەوەیان لێ بکەم، کە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنییدا، ئایا رەوایە ئەو هەموو مندالاَنە لەبەر دەرگای "مەچکۆ"و

دەرووبەرەکەی کاری حەماڵی‌و سبوغی بکەن؟ ئاخۆ ئەو "مەدەنی"یەتە تەنیا بۆ منداڵی لێپرسراوەکانی حیزب‌و ئێوەیە؟ ئاخر لەکۆمەڵگای مەدەنییدا منداڵ نابێ ناچاری کار بکرێت. ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییەی کە بیر لەو منداڵانە ناکاتەوە، کە لە باوەشی ئەو دایکە بەدبەختە سواڵکەرانە گەورە دەبن، چۆن نەوەیەکی مەدەنی پەروەردە دەکا؟ بەڵێ، حەزمان دەکرد، ئەوجارە لە "کۆنفرانس"ی داهاتوو، یان لە "دیمانەو چاوپێکەوتن"ەکانی راوێژکاری "کێشەی ئافرەت‌و ژنانی کوردستان" ئەوەمان بۆ روونبکەنەوە: بۆ لە کۆبوونەوەو قسەکانی سەر تەلەڤزیۆن‌و رۆژنامەکاندا، مافەکانی ژن‌و ئازادییەکانی هێندە بوژاوەیە، کەچی ئەمڕۆ ئەو هەموو کیژە لەدوای پۆلی شەشی سەرەتایی‌و دووی ناوەندی ناچار دەکرێن واز لەخوێندن بێنن؟ بۆ ژنێکی تەنیای "مەدەنی"، نەك سەرتاپا داپۆشراو بە جلی گەرم، زۆر بەدەگمەنی لەناو شاری هەولێردا دەبینرێت؟ بەڵام دەترسم ئێوەش بەوەڵامێکی سۆسیۆ_مەدەنیی‌و شارییەوە بڵێن ئەوە مێژوویەکی کۆنی کولتووری هەولێرە؟! دەبا ئەو فێمینیستانەی ناو تەلەفزیۆن‌و راوێژکاری "ئافرەتانی رێکخراوە حیزبی"ەکان راڤەیەکی ژنگەرایانەمان لەسەر ئەو دیاردەیە بۆ بکەن: ئاخۆ مەلا ژنەکانی کوردستان بە هونەری نووشتەو بەخت هەڵهێنانەوە کاریگەرییان بەسەر ژنانی کوردستان زیاترە، یان ژنە فێمێنستەکانی پشت مێزو نوێنەرەکانی ناو پەرلەمان‌و رێکخراوەکانییان؟

بەڵێ، هەولێری ئەمجارە، وەك هەولێری رابردوو نەبوو، بەڵکو ئێستا، بە گەڕەلاوژەی ئۆتۆمبێل، رەنگی خەمۆکی خانووە نیوەچڵە بە بلۆك دروستکراوەکانییەوەو لەیادەوەرییەکی تاڵانکراو دەچوو.

ئەو شارە لەچەندان گەڕەکی تازە، کە پێکهاتەیەکن لەتیرەو خێڵەکان، چەند تەلاری بەرزی لە نموونەی شیراتۆن، کە لە ناوەڕاستی شاردا قووتکراونەتەوە، وێنای هەرارکی دێهاتی ئاغایەك، یان پێکهاتەی خێزانێك کە باوکێکی دەمڕاست‌و ئەندامەکانی ژێرەوە، دەنوێنێت.

هەر لەدیمانەی یەکەمی ئەو شارەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکا، کە میکانیزمی دەسەڵات، لەسەر شێوازی هەرارکی سیستەمی باوکسالاری حوکمدەکا. بۆیە هاوڵاتییەکانی کوردستان کە لەمەڕ ئەو حوکمەتە دەدوێن، باسی قانون‌و دام‌و دەزگایەکان ناکەن، بەڵکو ئاماژە بەچەند ناوی ناسراو دەکەن. چونکە ئەو ناوانە وەك هێمایەك لەو دەسەڵاتە، هەم خۆیان قانونن‌و، هەمیش پیادەکەری قانون. بۆ نموونە، کە هاوڵاتییەك

بەدوای کارو بارێکو ئەرکێك، کێشەیەك‌و...هتد دەچێت، ناڵێت دەچمە دائیرەی پەروەردە،شەهیدان، زیندان‌و.....هتد، بەڵکو باس لەناوی لێپرسراوێکی دیاریکراو دەکات، کە ئەو کارەکەی بۆ دەکات‌و بڕیاردەری دوای کارەکەشە.
لێرەوە بانگەشەی "کۆمەڵگای مەدەنی" کوردستان دەبێتە قسەیەکی کۆمیدی. چونکە لەسەرتاپای کوردستاندا، تاکەکەسەکان وەك ئەندامێکی جەستەی دەوڵەت خۆی پێناسە ناکەن، بەڵکو وەك وابەستەی پیاوێکی بالآدەست خۆیان ناس دەکەن، کە ئەمەش نموونەی هەرارکی ئەقلی کۆمەڵگای خێڵە. میکانیزمی ئەو هەرارکییەش لەسەرتاپای توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی، لەنووسەرانەوە بگرە تا دەگاتە توێژی کاسبکاران، کارایە. نووسەر لەڕێگای قانون‌و مەرجەکانی لەمافەکانی خۆی نادوێت، بەڵکو لەڕێگای ناوی کەسێکی بالآدەست، کە رەنگە زۆر جار ئەو کەسە هەر پەیوەندی نییە بەو بوارەوە. لێرەدا نموونەی دکتۆری کشتوکاڵ، ئەڵوەند دزەیی، کە سەرۆکی کۆلیژی پەروەردەیە لە زانکۆی سۆران، ناوەڕۆکی گاڵتەجاڕانەی "پەروەردە"ی ئەو دەسەڵاتە روونده‌کاتەوە.
دەکرێ بپرسین: ئەلوەند دزەیی کە ئاغایەکەو بەمەنهەجی سەردەمی بەعس کشتوکاڵی خوێندووەو باشە، چۆن دەتوانێ بە "زانیاری کشتوکاڵی" نەوەیەکی نوێ لە ژیانی پەنابەری ولاتێکی ئیسلامی وەك ئێران‌و پاشماوەی ئەنفالی سەدام لە دایك بووە، پەروەردە بکات؟ دواتر، لەو بەشەی، کەچووم بۆ لای ئەڵوەند دزەیی، تا وەك مامۆستایەك لەمەڕ وانە وتنەوە لە کۆلیژی سۆران، لەگەڵیدا تووشی شەڕ، نەك گفتوگۆ بکەم، دێمەوە سەر نمایشکردنی "شانۆ"ی ئەڵوەند دزەیی‌و بۆینباغە کشتوکاڵیەکەی.
بۆیە ئەمڕۆ لە کوردستان زۆرن ئەوانەی کەلە دائیرەکان بەڕێوەبەرو کارمەندن، کەچی نە لەو پیشە خوێندویانەو نە ئەزموونیشیان هەیە.
هەردوو دەسەلآتی کوردی، بە ئاگاو بێ ئاگا، بەهۆی هەر بەهانەیەك بێت، بەرپرسیارن لە ئاراستەکردنی ئەو کۆمەڵگایە بە هەرارکیکراوە. هەر بۆیە ناونیشانی زۆرینەی شوێنەکانی ناو شارەکانی کوردستان، بەناوی مزگەوت‌و، خانووی لێپرسراوێك‌و گەڕەکی فلآن خێڵ‌و.... دەناسرێتەوە. لێرەدا دیاردەکانی شارو کۆمەڵگای مەدەنی‌و دەوڵەتی قانوون، لە ژیانی کۆمەڵگا نابینرێن، بەڵکو تەنیا لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبیسرێن.
لەوێ لە کوردستاندا، ئامانجی تاکەکەسەکان،وەك هێگڵ باسی دەکات، لە دواجاردا لە بونیادنانی دەوڵەتدا بەرجەستە

نابێتەوە، بەڵکو ئامانجی ئەو دەسەڵاتەی کوردی، بەرهەمهێنانەوەی ڕوانگەی هەرارکی خێڵە لە بۆتەی دەسەڵاتێکی بە ناو هەڵبژێردراوو مەدەنییدا.

دەکرێ دیمەنی بانگەشەکانی نووسەرانی ئەو حکومەتەی کوردستان لەگەڵ شوانێك، کە مۆبایلو تەلەفۆن بەکاردێنێت، یان لە کەناڵەکانی سەتەلایتەوە دیمەنەکانی سەرتاپای جیهان دەبینێت، بەراورد بکەین. بەو مانایەی ئەوە بە جیهانیبوونی بازاڕی سەرمایەداریە کە شوانێکی کوردستانی ناچار کردووە مۆبایلو سەتەلایت بەکار بێنێت، نەك بونیادو مەرجی ژیانی ئەو. بەهەمان تەرز نووسەرو سیاسەتکاری کورد، وەك ڕەنگدانەوەیەك لە کۆمەڵگاو بونیاتی خۆیان قسە لەو دەستەواژانە ناکات، بەڵکو مۆدەیەکی دەرەکی ناچاری دەکات گوزارە لەوە بکات. بۆیە نە بەبەکارهێنانی مۆبایل دەتوانێت بونیاتو ژیانی شوانێك بگۆڕێتو نە قسەکردن لەو دەستەواژانەش مانای گۆڕانی ئاوەزی نووسەرو دەسەڵاتدارو بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگایە.

مخابن ئەمڕۆ لە کوردستاندا پرۆسەیەك لە ڕۆخانی ئەخلاقیو کەلتوریو بەهای جوانیەکان لە ئارادایە. لەو پرۆسەیەدا مرۆڤ بۆ ئەوە هاندەدرێت ببێت بە مەکینەیەك کە هەوەسی ماددیو خەونی رووکەش. خەڵکی بۆ ئاکاری دەستەبەرکردنی پارە وابەستەیی لێپرسراو لە شێوەی وابەستەیی بە سەرۆك خێڵ ئامادە دەکرێت. نەك گەڕان بە دوای خوێندنو فێربوونی پیشەو زانیاری نوێ. لەو پرۆسەیەدا خەڵك بە جۆرێك پەروەردە دەکرێت، کە گرنگ نیە کەسێك لە کوردستانو ئەوروپاو چۆن دەژیت. بەڵکو گرینگ ئەوەیە، وەك مەکینەیەك، پارە خڕ بکاتەوە. بە کورتی وەك ڕۆبۆتێك کراوە بە دیلی پارەو بەرخۆری شتەکان.

لێرەوە هاواری" عەدەم"ی نیتشەییانەمان بە یاد دێتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەدا پێشبینی روخانی بەهایە ئەخلاقیەکانی ڕۆژاوای کردو جاڕی لە دایکبوونی ئەو مرۆڤە نوێیەدا. ئەمڕۆ لە کوردستانیش، وێڕای ڕەهەندە جیاوازەکانی دیاردەی کوردستانو ڕۆژئاوا، تەنگەژەی ڕوخانی ئەخلاقو بەرخۆرکردنی بەهایەکانی مرۆڤ لە قوڵبوونەوەدایە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی، لە بری دروست کردنی ئاگایی نەتەوەیی، بەهای فێربوون، هاندانو پەروەردەکردنی دۆخی کولتوری، برەو بەگیانی بە کاڵابوونی دەدرێت. ئەو دیاردەیە نووسەرگەلو توێژێکی فرەی بەرهەم هێناوە. بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین، کە ئەمڕۆ سەرتاپای دەزگاو بلاوکراوە ڕۆشنبیریەکان وەك بازاڕێك سەیر دەکرێن، ئەمەش کایەو ڕۆڵە

کولتوریەکانی چەمکی ڕۆشنبیری‌و نوسینی سووك کردوە. لەم دیدەوە، مەیلی خەیاڵاندنی دەست لە ملانێی تاراوگەکراو لەگەڵ شوێن‌و یادە دڵگیرەکان دەکەوێتە کێشە.

٩

ئەو ئێوارەیەی کە لەگەڵ برادەرە ئەزیزەکان، موتەلیب عەبدولا، ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە، رزگار، حەمە عەباس‌و دوو هاوڕێی تریش، کە مخابن ناوەکانیان لە یادم نەماوە، لە سێنتەری ڕۆشنبیری نما دانیشتین، یەکێك بوو لەو دیدارانەی کە شوێن پێی لە یادەوەریم ناچێتەوە. تازە دانیشتنەکەمان بە دەم گفتوگۆو خواردن‌و خواردنەوەکانەوە گەرم کردبوو، فەرهاد پیربال لەگەڵ مناڵە ژیکەڵەکەی ڕۆدان سەردانی کردین. دەمێك بوو، دوورو نزیك لەگەڵ فەرهاد پیربال یەکترمان دەناسی. فەرهاد دەیزانی مەیلی گەڕانەوەم بۆ کاری وانە گوتنەوە لە زانکۆ هەیە. بەلاّم ئەو، وەك مامۆستایەکی ناسراو لە بەشی ئەدەب لە زانکۆی سەلاحەدین، وێڕای دەربڕینی هەستی پێخۆشبوون لە هاندانی ئەو مەیلەی من، بەلاّم لە ڕاڕەوی قسەکانیدا حەزێکی هی دڵیانەی ئەمم بەدی نەکرد.

هەرچۆنێك بێت، من ئێستا لێرە شوێن پێی نیگایەکان لەسەر هەنینەی تاراوگە دەنووسمەوەو لەوێش ژیان بەسەر قەداری خۆڵبارلندا ئاوالآیە.

بۆیە مرۆ دەبێ مانەوەی مانایەکی بەهایە ئەخلاقییەکان نەکات، کە کۆمەڵگای کوردی جاران هەڵگری بوو.

لێرەدا دەبێ بە جەختکردنەوە بڵێم، کە کێشەو مەرگی ئەو بەهایە ئەخلاقیەی ئەمڕۆ جڤاکی کوردستان، هەر تەنیا لە ئاستی دەسەلاّتدا لە ئارادا نیە، بەڵکو کۆی بونیادو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی تەنیوەتەوە.

ئیسماعل کوردەو جەمال پیرە بە میواندارییە دۆستانەکەیانەوە دیدارەکەیان خۆشتر دەکرد. ئیسماعیل وەکو نووسەر کتێب گەلێکی لە بواری هزرو کۆمەڵناسی وەرگێڕاوەو نوسیوە. وەك بەڕێوەبەرێکی گۆڤاری نماو ناوەندی ڕۆشنبیری نما، لە دەرەوەی مەرجە سیاسیەکان، کە ئەمڕۆ ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی پۆشیوە، لەگەڵ هاوڕێیەکانی هەوڵ دەدەن ڕەوتێکی ڕۆشنبیری چالاك بخولقێنن، ئیسماعیل کوردە لە دیداری یەکەمدا، وەك دیمەنە سەوزاییەو دەوەنی رواندز دێتە بەرچاوان، لێ بەدەم گفتوگۆوە بەرەو هونەری سەرکەوتن بە ڕێچکەی نادیاری شاخی هەندرێن میواندارێت دەکات. هاوکاتیش وەکو نووسەرێك، لەبری قسەکردن، بە کردەی نووسین لە ئامادەبوونی خۆی دڵنیات دەکاتەوە.

لەم ئێوارە هۆگرەدا موتەلیب پێشنیازی کرد لە ڕێگای بنکەی ڕۆشنبیری گەلاوێژی نوێ، کوڕێك

پێشکەش بکەم.منیش ڕازی بـووم کـە لـە ژێـر ناوی (گـەڕان بـە دوای خـودێکی ڕەسـەن لـەناو مێگەلاندنی ئاپۆرەدا) ئـەو کـۆڕە ئـەنجام بـدەم. بەمـەش هـەوڵ بـدەم لـە ڕوانگـەی مـارتن هایدگەرەوە تیشك بخەمە سـەر خـودی ڕەسـەن‌و ناڕەسـەن‌و دواجـاریش، وەك ڕوانگەیـەك، ئـەو خودی بەرخۆرکراوو بـە حیزبیکـراوەی کـوردی، بکەم بە ئاکامگیری ئەو کۆڕە.

ئـەو ئێوارەیـەی بـەر لـەوەی کۆڕەکـە دەسـت پێ‌بکات، لە ژوورێك لەگەڵ برادەرانـی ناوەنـدی ڕۆشنبیری نما دانیشتبووین. لەگەڵ کاتی دەسـت پێکردنی کۆڕەکەدا، دوو کچی خوێندکاری زانکۆ هاتنە ئەو ژوورە، کە یەکێکیان خوێندکار بوو لە پۆلی دووەمی ئەدەبیات، بە لەچەکێك رووخسارە ئەسمەرو چاوە ڕەشـەکانی گـەمارو دابـوو، رازی نـەبوو تەوقـە بکـات، ئـەویتریش وا بـزانم خوێندکاری ئابووری بوو، بەلاّم ئـاوەلاّو بزێوانـە ئامادەیی خۆی جەختـدەکردەوە. ئـەو دوو کیـژە خوێندکارە پڕبوون لە حەزی گفتوگـۆو ژیـانێکی کۆمەلاّیەتیانە. بـەلاّم ئـەو بـارە کۆمەلاّیـەتی‌و ڕۆشـــنبیریەی کـــە ئـــەمڕۆ ڕوونـــاکبیرە دەسەلاّتدارەکانی کوردستان درووستیان کـردووە، نە هەر بواری ئاسانکردنەوەو هاندانیان لەبەردەم ئـەو نـەوە لاوە، بـە تایبـەتی کیـژە لاوەکـان داخستووە، بەڵکو بچـمی ڕوونـاکبیرو جەسـتەی ڕۆشنبیریشیان خوێن تاڵو دزێو کـردووە. ئـەوەی کە بۆمن خەمهێنەر بوو، تەنیا نەوێرانی ئەو دوو کیژە نەبوو لە ئامادەبوونی کۆڕەکەی من، بەڵکو پرســیارە ســادەکەی کیــژە خوێندکارەکــەی ئەدەبیات بوو، کە حـەزی لێبـوو تێگەیشـتنێك لەسـەر چـۆنیەتی شـیعر نووسـین بزانـێ، بـەلاّم وێدەچـوو لـە کـەش‌و هەوایـەکی نائومێدانـەدا دەژی. بۆیە بە دەربڕینێکی سادە گـووتی((حـەز دەکەم شیعر بنووسم‌و نـازانم کـو فێـربم)). مـن شتێکم بە زەیندا نـەهات کـە بـەم دەم‌و دەسـتە بتوانێت ئارەزووی ئەو کیژە خوێندکارەی کۆلیژی ئەدەبیات بەدی بێنێـت. جـەمال پـیرە، وەك بـە پیلەوە هاتنی من، خوێندنەوەی کتێب‌و شـیعری بۆ پێشنیاز کرد. بەهەمەحاڵ، وابـزانم زۆرینـەی مامۆسـتایەکانی کۆلیـژی ئـەدەبیاتی زانکـۆی سەلاحەدین، نووسەرو شـاعیری بـەناوبانگ‌و زار قەرەباڵغی کوردن، کەچی کیـژێکی خوێنـدکاری ئەو بەشە، بەدوای پرسیارێکی سەرەتاییدا وێڵە.

هـەر بۆیـە گـەر زانکۆیـەکانی کـوردی شـوێنی مەعریفەو ژیانی تازە دەبـوون، خوێنـدکارەکانی نەدەبوون بە پیاو کوژی(شێخ زانا). لەو دەمـەی کـەبیر لـە زانکـۆی کـوردی دەکەمـەوە، کەلـە ڕۆژگـاری ڕابـردوودا، مزگـەوت‌و خانەقایـەکانی کوردستان، چەندان نووسـەری بەرهـەم زینـدووی کوردیان بەرهەم هێنا، کە ئەوانـە بناغـە ڕێـژی

ڕۆشنبیری کولتوری کوردین. ئەمڕۆ زانکۆی کوردی، کە گوایە سەرچاوەی زانستو ئاسۆیە نوێیەکانی ڕۆشنبیرین، کەچی، نەك هەر بوونەتە شوێنێك بۆ بێئومێدکردنو دەمکوتکردنی لاوان، بەڵکو ئەو زانکۆیانە بونەتە سەرچاوەیەکی چالاك بۆ پەروەردەکردنی ساختەچیو پیاوکوژان.
کۆڕەکە بە کارە جوانەکانی کاك ڕزگار بۆرە رەخسا. چونکە لەو دۆخە دڕدۆنەگەی ژیانی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردستاندا، ئەگەر ئەو نەبوایە رەنگە کۆڕەکەمان ئەو تامەی نەدەبوو. هەروا ناوی برادەرە کۆڕگێڕەکەم لە زەین چۆتەوە، کە کۆڕەکەی بە پوختی بەڕێوە دەبرد. بەڵام پرسیاری میوانەکان، وەك ئەو خودە رووکەشێنراوەی مرۆڤی ئەمڕۆی کورد، کۆڕەکەیان بەرەو کێشەیەکی سیاسی برد. رەنگە کەمتەرخەمی من بوبێت، کە سەرەتا بیرم لە شیانی ئەو مەیلەی گوێگر لە بە ڕووکەشکردنی ئەو باسە نەکردەوە.
لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەمڕۆ لە کوردستان بەهای نووسین چالاکیەك نیە لە دەربڕینی مانایەکی جیاواز لە بوونی نووسەردا، بەڵکو نووسین وەك کالآیەك لە بازاڕی گۆڤارو چاپخانە باڵدەستەکاندا دەفرۆشرێت. نووسەر کارمەندێکە هێزی خۆی لەو بازاڕەدا نمایش دەکات. کێبەرکێی نووسەر لەو بازاڕەدا، ئاسۆیەکانی ئەفراندنی ئاسۆیە تازەکانی هزراندنو جێلەقکردنی ڕوانینە باوەکان نیە لە ژیانی کۆمەڵگادا، بەڵکو دەستەبەر کردنی دەسکەوتە مادیو سەرکەوتنە ڕووکەشەکەکانە. ئەو دیاردەیەش یەکێکە لە بەرهەمی یاریەکانی حزبو دەسەڵات. لێرەدا نووسەری کورد وازی لەوە هێناوە، کە وەك بەرهەڵستکاریەك لە دژی قەتیسمانی بەهای ژیان کردەی نووسین بناسێت. بەڵکو نووسەر لە پێناوی فراوانکردنی ئەو بازاڕە مادديیەدا ڕۆڵی دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەگێڕێت. لێرەوە نووسەری کورد لە بری ئەوەی فشارێك بێت لەسەر دەسەڵاتو ڕەفتارە ترسناکەکانی، دەبێتە وێنەیەك لە وێنەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەمجۆرە لای مرۆڤی کورد وێنای نووسەرو دیاردەی ڕۆشنبیری دەبێتە کۆمەڵگایەکی دووبارە بێ ناوەڕۆك. لەوەش زیاتر، لە دۆخێکی وادا، ئاسۆیە جیاوازەکانی نووسین دەکەوێتە بەر هەڕەشەی فەرامۆشکردنو گۆشەگیرکردن. ئەگەر دەنگو ڕەنگی نوسینو نووسەرێك کەوتە دەرەوەی ئەو دیاردە گشتگیریە، ئەوا بە پەراوێزکردن گەمارۆ دەدرێتو ریسوا دەکرێت. دواجاریش لەم دۆخەدا ئەرکی نووسین، نەك هەر ڕۆڵی هێزێکی مەعنەوی نیە بۆ داکۆکی کردن لەو ڕەهەندە بەهادارەکانی ئەخلاقو جۆشدانی بەرهەمهێنانی

بوارەکانی ئاگایی مەعریفیو هەستی جوانناسی، بەڵکو لە سانسۆرکردنی ڕەفتارە ناعەدالەتەکانی ئـەو دەسـەڵاتەو ئاسـتەنگە مەترسـیدارەکانی کۆمەڵگای کوردیش چۆکی داوە.
بۆیـە لـەو کاتـە کـە چارەنووسـی کـورد لـەناو ئەفســانەی بــە دیموکراســیکردنی عێــراقو داڕشـتنەوەی دەسـتووره نوێیەکـەی ئـاخنراوە، کەچی کایەکانی ڕۆشنبیری کوردی لە ئاستی ئەو چارەنووسەدا تەواو پـەراوێزکراوە. لـەم دۆخـەدا کایەکانی ئەو ڕۆشنبیریە کوردیە، وەك ئـەرکێك، تـەنیا ڕاپەڕانـدنی بانگـەوازو فەرمانـەکانی دەسەڵاتە. هاوکاتیش لەو دۆخـە سـەر گێـژەدا، نووسەری کـورد، ژمارەیـەکی دەگمـەن نـەبێت، دەسـته وەسـتاوە لـە پێشکەشـکردنی خوێندنەوەیەکی قوڵی ئەو دۆخـە چارەنووسـازەی کورد، کـە بتوانێـت، وەك چـالاکیو کردەیـەکی کاریگـەر جڵـەوی دەسـەڵاتی کـوردی بـەرەو ئاراستەیەکی ڕزگار کار ڕابکێشێت.

١٠

کچـە هاوڕێکـەم، ئیلینـۆڕە، دەیزانـی ئامـانجی سـەرەکی مـن لـەو سـەردانەدا، وانەگوتنەوە بوو لە زانکۆکانی کوردستان. بۆیـە بـەر لـەوەی دوای گێڕانـەوەی سەرگوزەشتەکان تری ئەو سەردانە بکـات، تامـەزرۆ بیسـتن ئاکامـەکانی وەڵامـی زانکۆکـانی کوردسـتانی دەکـرد. ئـەو لـە روانگـەی ئـەو زامیارییانـەی کـە لەسـەر ژیـانی پێشـمەرگایەتیو ژیـانی خوێنـدنی زانکۆی من هەیبوو، چاوەڕێی ئەوە بوو کە دەسەڵاتو بەرپرسانی زانکۆی کوردسـتان، بەپەرۆشەوە پێشواز لە هاتنەوەم دەکەن.
ئاستەنگی ژیـان لـە تاراوگـە، هەمیشـە، وەك برۆدسکی باسـی دەکـا، سـەیرکردنی نووسـەر نییـە وەك هـەر کەسـێکی تـری تاراوگەنشــین، بــەڵکو ئــەو وێنایــە ڕۆمانتیکی، یان ئیدیالییەشە، کە خەڵکی وڵاتی تاراوگە لەسەر مێـژووی نوسـەرێك، یان هەر کەسێکی تر، دروستیدەکەن. لـە روانگـەی ئیلینـۆرای هـاوڕێم، کەسـێکی نووســەری وەك مــن ٨ ســاڵ زیــاتر پێشمەرگایەتی کردبێتو لێرەش لەگەڵ ئەو زانکۆی خوێندبێت، دوای ئەو هەموو ساڵە لە دەربەدەریی، ئەو دەسـەڵاتە کوردییـەی ئـەمڕۆ، هـەرنا زانکۆکـانی، کـە مـن لـە ڕۆژگـاری شـاخدا، یـەکێك بوومـە لـە هاوخـەباتی، دەبێـت ئێسـتا بـە ڕێزگـرتن پاداشـتم بکـات، لێـرەوە بوونێـك لـە نـامۆبوونو عـەدەم دەسـتپێدەکا. ئـیتر کاتـەکانی ژیـان دەبێتـە حیکایـەتێکی کۆتایی نەهاتوو. دوای هێنانەوەی هـەموو بەڵگــەو بیانۆیــەکان لەســەر سەرگوزەشتەکانی هەرزان بـوونو نـەمانی ئەو مێژووە رابـردووە"تـالانکراو"ەی تـۆ،

دەرفەتێك بۆ فەرامۆشكردن بەدیناكات. هەر بۆیە رۆماننوسی چیكیی تاراوگەنشین میلان كۆندێرا، لەدوای لێوانرێژبوونی رۆحی لە ئەزموونەكانی تاراوگە، گوتبووی: ئەگەر فەرامۆشیی نەبێت مرۆڤ دەتەقێت. لە رۆمانەكەی" پێكەنین‌و فەرامۆشیی"دا كۆندێرا سەرگەردانە بە دوای هەلاتن لەو یادەوەرییانەی رابردووو فەرامۆشكردنیان. لە بەشی كۆتایی ئەو رۆمانەدا مەرگ پالەوانە سەرەكییەكەی تامنی نا ناو رۆمانەكەی تاكوو دوورگەیەكی مندالنشین راو دەنێ‌و لەوێش مندالەكان گەمارۆی دەدەن. بەهەمەحال، گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی زانكۆی كوردستان بۆ كچە هاورێكەم كارێكی سادە نەبوو. ئەو گرفتەش لەبەر كولانەوەی برینەكان‌و گەڕانەوە بۆ ئەو دیمەن‌و رووداوە كۆمیدی‌و تراژیدیانە نەبوو، بەلكو لەبەر روخانی ئەو روانگە ئیدیالەی ئەو بوو، كە رەنگە لە بیركردنەوەی ئەو تەرزە ئاسۆیەك بێت لە جوداوازی ژیان‌و جیهانبینی كولتورێك وەك كورد، كە ئەمەش ئومێدەوارییەك بێت لە ژیانی ئەودا. لێرەوە كاتێك بوون بەو مركێش مركێشە ناوەكیی‌و مەحالگیرە گەمارۆ دەدرێت، ئەوە تاراوگەیە چالاكانە بەدەم شۆڕبوونەوە بەرەو ناخ ژیانت دەتەنێتەوە. دواجاریش سەرتاپای پەیوەندیی‌و ئاسۆیەكانی مانەوە دەبن بە حیكایەتەكانی تاراوگە.

بەم جۆرە بۆ ئەوەی نیگای تاراوگەی من بە جوانییەك نمایشێك لە سەرگوزەشتە زانكۆ بۆ ئیلینۆرا بگێڕێتەوە، شێوازێك لە پێكەنین‌و فەرامۆشكردنی یادەوەریی دەگرێتەبەر.

پێكگەیشتنی ڕەوتی نیگا پاییزیەكانی تاراوگەو یادەوەری لاویەتی، گەڕانێك نیە بە دوای شوێنێك لە دەرەوەی تاراوگەو كۆتایی نیگایەكانی، بەلكو چنینەوەی ئەو شوێنپێیانەی یادەوەرییە لە ئەزموونەكانی تاراوگەبووندا. بەمجۆرە لە دەرەوەی جوگرافیا عاسێیەكانی تاراوگەو ژانەكانیانیدا، لە مالی خوددا جێنشین دەبم.

ئەم نووسینەش، لە ئاراستەی نیگایەكانی تاراوگەدا، شوێن پێیەكانی یادەوەری سەفەر، وەك نمایشێك لە تابلۆ، لە كۆپلە ستران‌و لە لەرینەوەی پەیڤگەل، دەچنێتەوە.

ماویەتی

٢٠٠٥/٨/٢٠

ستكهۆلم/ سوێد

## .................................... نسێی‌نما ....................................








